زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار لە گوتارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "مەسعوود بارزانی"
# (ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بە نموونە)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر  لە زمانی کوردیدا.


لەلایەن

**فوئاد جاسم ئیبراهیم**

بەکالۆریۆس لە زانکۆی سەلاحەددین ـ 201٦


بە سەرپەرشتیی

**پ. ی. د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**


هەولێر ـ کوردستان
کانوونی دووەم– ٢٠٢٠

**بەڵێننامە**

مـن بەڵـێن دەدەم ئەم ماسـتەرنامەیە، کە ناونیشـانەکەی بـریتییە لە: (شـیکردنەوەی سـتراتیژیەتی گوتـار لە گوتارەکـانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان (مەسـعوود بـارزانی) ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بە نموونە)یە، هەمووی کاری تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمن و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردوونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوون، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: فوئاد جاسم ئیبراهیم

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٠

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی زمان (زمانەوانیی کارەکی). من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

ڕێکەوت: / /٢٠٢٠

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت، من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: د. بەدرخان سلێمان عەلی

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٠

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێکراون، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. سینا ئەحمەد عەلی

بەرپرسی خوێندنی باڵا و کاروباری زانستی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: / /٢٠٢٠

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن**

ئێمە لیژنەی گفتوگۆکردن، ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانی بریتییە لە: (شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار لە گوتارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی) ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بە نموونە) خوێندەوە، قوتابییەکەمان کە ناوی (فوئاد جاسم ئیبراهیم)ە، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمان (زمانەوانیی کارەکی) تێدایە.

واژوو:
ناو : پ.ی.د. کاروان عومەر قادر
ئەندام:
ڕێکەوت: / /2020

واژوو:
ناو: د. بەدرخان سلێمان عەلی
ئەندام:
ڕێکەوت: / /2020

واژوو:
ناو: پ.ی.د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: / /2020

واژوو:
ناو: پ.د. صەباح ڕەشید قادر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / /2020

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سیروان عارەب سادق
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت: / /2020

## پێشکەش

- پێشکەشـە بەو ڕابەرەی کە جلەوی ئیرادەی پۆلاینی میللەتی کوردی گەیانـدە لـووتکە، دۆزڤانی دۆزی کورد "مەسعوود بارزانی"
- پێشکەشـــە بەو مـرۆڤە مەزنـانەی پـێش مەرگ کەوتـوون، (پێشـمەرگە قارەمانەکـانی کوردستان)
- بە ڕۆحی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و ئاشتی لە جیهاندا.
- پێشکەشـــە بە دایـک و بـاوکی ئـازیزم، خەمخـۆری و دڵسـۆزی ئەوان هەرگیـز لە یـاد ناکرێت، تا ماوم قەرزاری ماندووبوون و شەونخونی ئەوانم.
- پێشکەشـــە بە ڕۆحـــی دوو مامۆســـتا و ڕێنیشـــاندەرانی ژیـــانم، هەردوو بـــاپیری کۆچکردووم: (ئەحمەد مەلاسوار، مەلا ئیبراهیم مەلا محەمەدئەمین شێخانەیی).
- پێشکەشە بە خوشک و براکانم.
- پێشکەشە بە هەموو فێرخوازێکی کورد.

توێژەر

**سوپاس و پێزانین**

سوپاس بۆ:

- پەروەردگاری میهرەبان، ئەو تەمەنی پێبەخشیم، بۆ ئەوەی لە ڕەوتی خوێندن بەردەوام بم.
- مامۆستای سەرپەرشت، بەڕێز (پ.ی.د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو). کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ.
- مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بە گشتی و مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی بەتایبەتی، هەروەها مامۆستایان (پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پەروەر عەبدولڕەحمان).
- بەڕێزان (جودی سیهاد بارزانی، غەفور ئەحمەد سوار، خالید ئەحمەد سوار، شێروان سادق). سوپاس بۆ هاوکارییان.
- بارەگای بارزانی، بەڕێزان (زکری موسا، ئاسۆ عەلی فەرەج، سەفەر خدر، قەهرەمان عوسمان، خاریج ئەحمەد سوار، حەمەد حاتەم).
- برای بەڕێزم (بەهمەن محەمەد مەولود). هاوکارێکی گەورەم بوو لە نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوەکە.
- برای بەڕێزم (بابەکر حاجی مستەفا هەرنی). یارمەتیدەرم بوو لە وەرگێڕانی دەقەکان لە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی).
- هاوڕێکانم هەردەم پاڵنەری سەرکەوتنم بوون (سیروان مینە خان، گەیلان ڕێبوار، شێروان جاف، سامان مام عبدوڵڵا، دڵبرین نەجیم، زێرەڤان فارس، سدیق حەمەد، لوقمان نەعمان، دێوالی ئەحمەد، ئیبراهیم شەوکەت، فاخر موحسین، جێگر عەزیز).
- کتێبخانەی ناوەندی لە زانکۆکانی (سەلاحەددین، سلێمانی، دهۆک).

توێژەر

## پوختە

ئەم تـــوێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (شـــیکردنەوەی ســـتراتیژییەتی گوتـــار لە گوتارەکـانی ســـەرۆکی هەرێمــی کوردســـتان (مەســـعوود بـارزانی)، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بە نموونە). هەوڵێکە بۆ برەودان بۆ شیکردنەوەی ستراتیژیەتیی گوتار وەک بـابەتێکی نـوێ و گرنـگ، نموونەکـانیش لە گوتارەکـانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردستان (مەسعوود بارزانی) لە پرۆسەی بانگەشەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی وەرگیراون، شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە، جگە لە ناساندنی شیکردنەوە و ستراتیژییەت و گوتار و چەند چەمکێکی تر، بایەخ بە شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار دراوە، بەمەش ئەو ستراتیژییەتانەی کە پێویستە لە گوتاردا هەبن شیکراونەتەوە، هەروەها گوتارە جەماوەرییەکانی (مەسعوود بارزانی) بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان: (ئاکرێ، زاخۆ، ئامێدی، دهۆک، سۆران، سلێمانی، هەولێـر). شـیکراونەتەوە. سـتراتیژییەت وەک پلانێکـی بەرنـامە بـۆ داڕێـژراو ڕوونکراوەتەوە، هەروەها لە میانەی گوتارەکانیدا گرنگی بە دەرخستنی نیشانە پراگماتیکییەکان دراوە، وەک یارمەتیدەرێک بۆ زیاتر دەرخستنی ستراتیژییەت لە گوتارەکاندا، جگە لە بایەخدان بە چەمکە پەیوەندیدارەکان.

**توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

بەشی یەکەم: چوارچێوەی پلانی باسەکەی تێدا تاوتوێکراوە.

بەشی دووەم: چەمک و پێناسەی گوتار و جۆرەکانی، ستراتیژییەت و جۆرەکانی، شـــیکردنەوە و دەوروبەر و جـــۆر و ڕەگەزەکـــانی، هۆکارەکـــانی دیـــاریکردنی ستراتیژییەتی گوتار و نیشانە پراگماتیکییەکان لەخۆ دەگرێت.

بەشی سێیەم: شیکردنەوەی زاراوەکانی (سەربەخۆیی، ڕیفراندۆم، نەتەوە، دەوڵەت). ڕەگەزەکـــانی ســـتراتیژییەتی گوتـــار و شـــیکردنەوەی ســـتراتیژییەتی گوتـــار لە چەمکەکانی (دیاریکردنی سنوور، بەڵگە، دراوسێی، متمانەبەخۆبوون، پێکەوەژیان). نیشـانە پراگماتیکییەکـان لەگوتارەکـانی (مەسـعوود بـارزانی) دەگرێتەخـۆ، دواتـر ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان دانراون.

# پێرست


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | بەڵێننامە | I |
| 2 | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت | II |
| 3 | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | III |
| 4 | پێشکەش | IV |
| 5 | سوپاس و پێزانین | V |
| 6 | پوختە | VI |
| 7 | پێرست | IX -VII |
| 8 | لیستی زاراوە | X |
| 9 | پێشەکی | ١ |
| 10 | بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە | ٣.٢ |
| 11 | ١-ڕەهەندەکانی توێژینەوە | ٢ |
| 12 | ١-١: کێشەی توێژینەوە | ٢ |
| 13 | ١-٢: گرنگی توێژینەوە | ٢ |
| 14 | ١-٣: ئامانجی توێژینەوە | ٣ |
| 15 | ١-٤: پرسیاری توێژینەوە | ٣ |
| 16 | ١-٥: ڕێبازی توێژینەوە | ٣ |
| 17 | ١-٦: سنووری توێژینەوە | ٣ |
| 18 | بەشی دووەم: گوتار و شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار | ٤٥.٤ |
| 19 | ٢.١: چەمک و پێناسەی گوتار | ٧.٤ |
| 20 | ٢.٢: چەمک و پێناسەی شیکردنەوەی گوتار | 9.7 |
| 21 | ٢.٣: چەمک و پێناسەی ستراتیژییەت | 10.9 |
| 22 | ٢.٤: ستراتیژییەتی گوتار | ١١ |
| 23 | ٢.٥: جۆرەکانی گوتار | 16.11 |
| 24 | ٢.٦: هۆکارەکانی دیاریکردنی ستراتیژییەتی گوتار | 21.17 |
| 25 | ٢-٦-١: چەمکی مەبەست و مەبەستی گوتار | ١٧ |
| 26 | ٢-٦-٢: دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات | 18.17 |
| 27 | ٢-٦-٣: ڕەهەندەکانی دەسەڵات | 21.18 |

| | | |
|---|---|---|
| 28 | ٢-٧: دەوروبەر | 2٦.21 |
| 29 | ٢-٧-١: مێژووی دەوروبەر | 22.21 |
| 30 | ٢-٧-٢: جۆرەکانی دەوروبەر | 26.22 |
| 31 | ٢-٧-٣: ڕەگەزەکانی پەیوەندی | 29.26 |
| 32 | ٢-٨: نیشانە پراگماتیکیەکان | ٤٥.29 |
| 33 | ٢-٨-١: نیشانە کەسییەکان | 37.30 |
| 34 | ٢-٨-٢: نیشانەکانی کات | 4١.37 |
| 35 | ٢-٨-٣: نیشانەکانی شوێن | 43.42 |
| 36 | ٢-٨-٤: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان | 44.43 |
| 37 | ٢-٨-٥: نیشانەکانی دەق | ٤٥ |
| 38 | بەشی سێیەم: شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) | ١٠٣.46 |
| 39 | ٣-١: شیکردنەوەی چەند زاراوەیەک پەیوەست بە توێژینەوەکە | 52.46 |
| 40 | ٣-١-١: سەربەخۆیی | 47.46 |
| 41 | ٣-١-٢: ڕیفڕاندۆم | 49.47 |
| 42 | ٣-١-٣: دەوڵەت | 52.49 |
| 43 | ٣-٢: جۆرەکانی ستراتیژییەتی گوتار لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) | ٦٠.5٠ |
| 44 | ٣-٢-١: ستراتیژییەتی هاوسۆزی | 55.52 |
| 45 | ٣-٢-٢ ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردن | 57.5٥ |
| 46 | ٣-٢-٣: ستراتیژییەتی ڕازیکردن | 59.5٧ |
| 47 | ٣-٣: ستراتیژییەتە کارەکیەکان لە گوتارەکانی مەسعوود بارزانی | 71.60 |
| 48 | ٣-٣-١: دیاریکردنی سنوور | 61.٥٩ |
| 49 | ٣-٣-٢: بەڵگە | 64.6١ |
| 50 | ٣-٣-٣: دراوسێ | 6٥.64 |
| 51 | ٣-٣-٤: متمانەبەخۆبوون | 6٨.6٥ |
| 52 | ٣-٣-٥: پێکەوەژیان | 71.69 |
| 53 | ٣-٤: نیشانە پراگماتیکیەکان لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)دا | 105.72 |
| 54 | ٣-٤-١: نیشانە کەسییەکان | 8٤.7١ |

| | | |
|---|---|---|
| 55 | ٣-٤-٢: نیشانەکانی کات | ٨٩-8٥ |
| 56 | ٣-٤-٣: نیشانەکانی شوێن | 9٤-9٠ |
| 57 | ٣-٤-٤: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان | ٩٩-9٤ |
| 58 | ٣-٤-٥: نیشانەکانی دەق | 10٣-٩٩ |
| 59 | ئەنجام | 10٤- 10٥ |
| 60 | لیستی سەرچاوەکان | R٧-R١ |
| 61 | پاشکۆ | A٣٠-A١ |
| 62 | پوختە بە زمانی عەرەبی | |
| ٦٣ | پوختە بە زمانی ئینگلیزی | |

# لیستی زاراوەکان

| ژ | کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| ١ | گوتار | الخطاب | Discoursus |
| ٢ | وتار | المقالة | Article |
| ٣ | ستراتیژیەت | الاستراتیجیة | strategy |
| ٤ | شیکردنەوە | التحلیل | Analysis |
| ٥ | دەسەڵات | السلطة | authority |
| ٦ | دەوروبەر | السیاق | context |
| ٧ | نیشانە | الاشارات | Deixis |
| ٨ | نیشانە پراگماتیکیەکان | الاشارات التداولیة | pragmatic Deixis |
| ٩ | نیشانە کەسیەکان | الاشارات الشخصیة | person Deixis |
| ١٠ | نیشانەکانی کات | الاشارات الزمانیة | Time Deixis |
| ١١ | نیشانەکانی شوێن | الاشارات المکانیة | Spatial Deixis |
| ١٢ | نیشانەکانی کۆمەلایەتی | الاشارات الاجتماعیة | Social Deixis |
| ١٣ | نیشانەکانی دەق | الاشارات النص | Text Deixis |
| ١٤ | سەربەخۆیی | الاستقلالیة | independence |
| ١٥ | ڕیفراندۆم | الاستفتاء | Referendum |
| ١٦ | دەوڵەت | الدولة | Country |

**پێشەکی**

ڕیفڕاندۆم وەک ئامرازێکی دیموکراسی و یاسایی، لە ڕێگەیدا گوزارشت لە بۆچوونی تاکی کۆمەڵگەیەک دەکات، سەبارەت بە پرسێک، لە ئەنجامی وروژاندنی ئەو پرسە لە ڕێگەی گوتارەوە، بۆ زیاتر کۆکردنەوەی کۆدەنگی و یەکهەلوێستی لایەنەکان و جەماوەر بۆ سەرخستنی هەر پرسێک یان شکستپێهێنانی.

ستراتیژییەت وەک پلانێکی تۆکمە و بەرنامە بۆ داڕێژراو بە ئامانجی سەرخستنی ئەو پرۆسەیە، لەڕێگەی گوتارەوە بەرنامە دادەڕێژرێت، بۆ زیاتر کاریگەری خستنە سەر وەرگر و قەناعەتپێکردنی، لەگەڵ ئەوەی خاڵە لاوازەکان دەخاتەڕوو، بەڵام لە بەرانبەردا لایەنە باش و خاڵە بەهێزەکانی بەسەردا سەردەخات، ئەو ستراتیژییەتە لە گوتاردا، ئەگەر بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و تۆکمە کاری لەسەربکرێت و پیادەبکرێت، ئەنجامەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەون.

سەردەمی ئێستا سەردەمی گەیاندنی پەیام و خۆسەلماندنە، بەشێوەیەکی یاسایی و دیموکراسی، زۆرترین کاریگەری خستنە سەر بەرانبەر و قەناعەتپێکردنی، بەمەش هەم سەلماندنی ئەمری واقیعە و هەمیش بەدەستخستنی ئەو ئەنجامانەیە، کە هەوڵی بۆ دەدرێت، سەردەمی سەپاندنی ئەمری واقیع لە ڕێگەی چەکەوە بەسەرچووە، زمانی گفتوگۆ جێگای گرتۆتەوە، گوتاریش وەک ڕەگەزێکی گرنگ دەچێتە ناو ئەو چوارچێوەیە، گوتاری بەهێزیش، کە هەڵگری ستراتیژییەتی بەهێز بێت، ئەنجامی بەهێزی دەبێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار و چۆنیەتی و چەندایەتی بەرجەستەبوونی لە گوتاردا، گوتارە جەماوەرییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی). لە میانەی بانگەشەی سەرخستنی پرۆسەی ڕیفڕاندۆم لە شارەکانی (ئاکرێ، زاخۆ، ئامێدی، دهۆک، سۆران، سلێمانی، هەولێر) وەک نموونەی پراکتیکی هەلبژێردراون، نیشانە پراگماتیکیەکانیش وەک بابەتێکی پراگماتیکی و یارمەتیدەرێک بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و پیشاندانی ستراتیژییەتی ئەو گوتارانەی توێژەر کاری لەسەر کردوون، ئاماژەپێدراون.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار، لە گوتارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "مەسعوود بارزانی"ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی بە نموونە). لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا ڕەهەندەکانی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. لەبەشی دووەمدا هەریەک لە گوتار و جۆرەکانی، ستراتیژییەت و جۆرەکانی، دەوروبەر و جۆرو ڕەگەزەکانی، ستراتیژییەتی گوتار و نیشانە پراگماتیکییەکان لەخۆدەگرێت. لە بەشی سێیەمدا هەریەک شیکردنەوەی زاراوەکانی (سەربەخۆیی، ڕیفڕاندۆم، نەتەوە، دەوڵەت). هەروەها ڕەگەزەکانی ستراتیژییەتی گوتار و شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار لە چەمکەکانی (دیاریکردنی سنوور، بەلگە، دراوسێ، متمانەبەخۆبوون، پێکەوەژیان). هەروەها شیکردنەوەی نیشانە پراگماتیکییەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە خۆ دەگرێت. لە کۆتاییدا ئاماژە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان کراوە، دواتر پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە

## ١. ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### ١.١: کێشەی توێژینەوە

مرۆڤەکان لە کردەی پەیوەندیکردندا، بۆچونەکانیان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەریەکەیان کاریگەری لەسەری ئەویتر دەبێت، کاریگەری لە کەسێک بۆ کەسێکی تر بەپێی توانست و شێوازی دەربڕین جیاوازە، گوتار وەک دەروازەیەک بۆ گەیاندنی پەیام بیروبۆچوونی قسەکەر و کاریگەریدانان لەسەر بەرانبەر، تا ڕادەی باوەڕپێهێنان و دروستکردنی متمانە لە لایەن وەرگرەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ستراتیژییەتی گوتار وەک پلانێکی درێژخایەنی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەناو گوتاردا کار لەسەر چەند بیرۆکە و پەیامێکی بەیەکەوەبەستراو دەکات، بەمەش لەگەڵ ئەوەی پەیامەکە بە شێوازێکی سەرکەوتوو دوور لە لێڵی و ئاڵۆزی دەگاتە وەرگر، هەمیش لەڕێگەی ستراتیژەوە قسەکەر ئامانجی خۆی دەپێکێ و دەتوانێت لەڕێگەی ئەو ستراتیژییەتەوە بەبێ دووبارەکردنەوەی وەڕزکەر و جەختکردنەوەی لە ڕادەبەدەر، بە شێوازێکی زنجیرەیی پەیامەکەی بگەیەنێت.

لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە، جەخت لەسەر ستراتیژییەتی گوتار دەکرێتەوە، بە ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگی و ڕادەی سوودمەندی بۆ وەرگر، ئەم ڕێگەیە سەرکەوتوانەتر و پڕ بایەخترە بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە کەسی بەرانبەر، هەروەها وەک نموونەی پراکتیکی گوتارە جەماوەرییەکانی (مەسعوود بارزانی) بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم وەرگیراون، بە ئامانجی زانینی ڕادەی پشت پێبەستن و چەندایەتی و چۆنیەتی ناوبراو بە ستراتیژییەت لە گوتارەکانیدا، هەروەها لەم ڕێگەیەوە ئەنجامەکانی ئەم پشت پێبەستنە چین و چۆن بوون؟ دەکرێت ستراتیژیەتەکان باشتر بکرێن و سوودی لێووەربگیرێت، بۆ داڕشتنی ستراتیژییەتی سەرکەوتووتر لە داهاتوودا.

### ٢.١: گرنگی توێژینەوە

ئەوەی زیاتر گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات، ڕیفراندۆمە، وەک یەکەم دەرفەتی زێڕین لە مێژووی نەتەوەیی گەلی کورددا، لە هەوڵی سەرخستنی ئەو پرۆسەیە، گوتار و گوتاری کورد ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەو پرۆسەیەدا، ئەمیش لەڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیژییەت، کە لە گوتارەکاندا بەرجەستە کران و شیکردنەوەی گوتارەکان لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە لەڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو نیشانە پراگماتیکیانەی لەلایەن نێرەوە بەکارهێنراون، ئەو ستراتیژیەتانە کامانەن، کە پشتی پێبەسترا، کە هەم جەماوەری ورەبەرزتر کرد و هەم دڕندەیی و زوڵمداری وڵاتانی ناوچەکە بەرانبەر بە میللەتی کورد دەرخست، هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت، بۆتە هۆی دەرخستنی ئەو ستراتیژیەتانەی کە خودی (مەسعوود بارزانی) کۆمەڵێک ستراتیژییەتی لە گوتارەکانیدا بەکارهێناون، بە ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەر و پڕ بایەخ بوون لە زیاتر سەرخستنی ئەو پرۆسەیە.

**٣.١: ئامانجی توێژینەوە**

١-خستنەڕووی گوتار و ستراتیژییەتی گوتار و جۆر و ڕۆڵ و ئەرکیان.

٢-دەرخستنی ڕۆڵی ستراتیژییەت لە گوتاردا، دەستکەوت و سوود و ئامانجەکانی.

٣- بەکارهێنانی نیشانە پراگماتیکیەکان و ڕۆڵ و بایەخیان لە گەیاندنی پەیام بۆ وەرگر.

٤- ڕوونکردنەوەی چەمکی پەیوەندیدار بە کۆی بابەتەکە.

٥- گرنگی پرۆسەی ریفراندۆم و دەرچەی یاسایی بۆ داواکردنی داوا ڕەواکانی گەلی کورد.

٦- ڕادەی سەرکەوتنی (مەسعوود بارزانی) لە پیادەکردنی ستراتیژییەتی بەکارهاتوو لە گوتارەکاندا.

٧- ڕادەی متمانە و قایلبوونی جەماوەر بەو ستراتیژییەتانە و چۆنیەتی دروستکردنی متمانە لەلایان.

**٤.١: پرسیاری توێژینەوە**

١-گوتار و ستراتیژییەت چین؟ ڕۆڵ جۆر و ئەرکیان چییە؟

٢- ستراتیژیەت لە گوتاردا وەک چەمکێک، چ بایەخێکی هەیە لە باشتر گەیاندنی پەیام بۆ وەرگر؟

٣- بەرزی مۆرالی گەلی کورد بۆچی دەگەڕێتەوە؟ چی وایکرد ئەم مۆراڵە بگاتە لووتکە؟

٤- نیشانە پراگماتیکییەکان، تا چەند گرنگ و ئابووریین بۆ گەیاندنی پەیام و کاریگەریدانان لەسەر وەرگر؟

٥- تا چەند ئەو ستراتیژییەتانەی گیراونەتە بەر سەرکەووتوو بوون؟

٦- (مەسعوود بارزانی). تا چەند سەرکەووتوو بووە لە پیادەکردنی ئەو ستراتیژییەتانەی هەڵبژێردراون لە گوتارەکانیدا؟

**٥.١: ڕێبازی توێژینەوە**

ڕێبازی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی گوتار لە لایەک و لێکدانەوەی نیشانە پراگماتیکیەکان لە لایەکی ترەوە وەستاوە، کە ئەمەش ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە.

**٦.١: سنووری توێژینەوە**

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی ڕستەسازی و پراگماتیکدایە لە چوارچێوەی زاری کرمانجی ناوەڕاستە و زاری کرمانجی سەرووی لە زمانی کوردیدان، لەسەر گوتارە جەماوەرییەکانی (مەسعوود بارزانی) بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧.

## بەشی دووەم: گوتـار و شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتـار

### ١.٢: چەمک و پێناسەی گوتار

گوتار وەک زۆر چەمکی تـری زمـانەوانی ئـاڵۆزە و فـرە پێناسـەیە، لەبـەر ئەوەی لە هـەر یەک لە بوارەکانی فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆجی، زۆر بـواری تـری زانسـتە مرۆڤایەتییەکاندا بەکاردێت، لە ڕووی چەمـکەوە گوتـار (زاراوەیەکـی لاتینییە لە (Discoursus یـان Discourere) وەرگیـراوە، کە بە واتـای گفتوگـۆ دێـت) (عەبدولواحیـد موشـیر دزەیـی، ٢٠١٤، ٧٧). زاراوەی گوتـار (بەردەوامـی هەمان دەربڕینە کە لە شوێنی تر لەبری وشـەی (Lodos)ی یۆنانی بەکارهـاتووە (شێرکۆ حەمە ئەمـین، ٢٠٠٩، ٢٠). لە زمـانی کوردیـدا زاراوەی گوتـار لە چـاوگی (گـوتن)ەوە وەرگیـراوە، ئەم زاراوەیە وشـەیەکی لێکدراوە، لە کـاری ڕابـردووی (گـوت). هەروەهـا پاشـگری (ار) پێکهـاتووە، (ژڤان نەعمان، ٢٠٠٨، ٥٢). مەبەستیش لێی شتێک هاتبێتە گوتن.

لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الخطاب) بەکاردێت، کە دەسـتەواژەیەکە لە ڕەگـی (خ، ط، ب)ەوە هـاتووە (حمـادی صـمود، ٢٠٠٨، ٢٤). لە زمـانی ئینگلیـزی بە دوو زاراوە ئامـاژەی پێکـراوە ئەوانیش (Essay, Article) زارەوەی (Essay) بە واتای (گوتار ـ داڕشتن ـ لێکۆڵین ـ أختبار) دێت، زاراوەی (Article) بە واتای گوتاریی ڕۆژنامەگەریی دێت (قاموس العصری الجدید(E ـ عربي). ٢١٦).

سـەبارەت بە مێژووی گوتار گەلێک بیروبۆچوون هەن، بۆ سـەرهەڵدان و گەشـەکردن و بەکارهێنانی، وەک ڕوونە بۆ یەکەمجار زانای فەڕەنسی (ڕێنیە دیکارت ١٥٩٦ ـ ١٦٥٠) زاراوەی (گوتار)ی لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی بە نـاوی (گوتـاری ڕێباز) بەکارهێنا و گرنگییەکی زۆری داوەتە گوتاری فەلسـەفە (ازاد عبدول رشید، ٢٠١٤، ١٣). گەشـەکردن و بەرەوپێشبردنی گوتـار بۆ یەکەمینجار لە پەرتووکی (کۆرسێ لە زمانەوانیی گشـتی) لەلایەن دامەزرێنەری قوتابخـانەی بونیادگەریدا زمانەوانی سویسری (فردیناند دی سوسێر) دەبینرێت. (احمد بن علی، ٢٠١٤، ٢٥). بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی گوتار.

سـەبارەت بە پێناسـەیەکی یەکگرتـوو بـۆ گوتـار، کـارێکی قورسـە، لەبـەر ئەوەی زۆربەی ئەو کەسـانەی لێکۆڵینەوەیان لەم بـوارە کـردووە و لەسـەری دواون، هەر یەکەیان لە ڕوانگەی تێڕوانینی خۆی و ئاڕاستەی تایبەت بە گوتار لێی دواون، لەلایەکی تریشەوە گوتـار زاراوەیەکی جێگیـر نییە و لەگەڵ کـۆمەڵە زاراوەیەکـی تـر تـێکەڵ دەبێـت، وەک (تیـۆری ڕەخـنە، زانسـتی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، فەلسەفی، دەروونناسی، ...).

لەبارەی گوتارەوە گەلێ پێناسە کراون لێرەدا بەشێکیان دەخەینەڕوو:

گوتـار پـارچەیەک داڕشـتنی پەخشـانییە، هەوڵـی چارەسـەرکردنی کێشـەیەک دەدات، یـان دەربڕینی بۆچوونێکە یان ڕازیکردنی (گوێگران ـ خوێنەران)ە، بۆ پەسـەندکردنی بابەتێک یـان بیرێکی دیاریکراو (ژڤان نەعمان، ٢٠٠٨، ٥٣). ئەوەی لەم پێناسـەیە جێگای ئاماژەیە، تایبەتمەندی ڕازیکـردن و هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتێـک یـان بیـر و بابەتێـک لە تایبەتمەندییەکانی گوتار.

گوتـار ئەو هـونەرەیە قسـەکەر ئاڕاسـتەی جەمـاوەری دەکـات، کە قسـەکە نە بە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی، بەڵکـو بە گـوێرەی بـۆنە و هەولکەوتـی تـایبەت و دەوروبەر، کە گوتـارەکەی تێدا پێشکەش دەکرێت ڕێکدەخرێت. (شێرزاد سـەبری، ٢٠١٢، ٥٩). ئەو پەیـامە ئاڕاسـتەی جەمـاوەر دەکات، بە مەبەستی پیشاندانی ئامانجەکانی و ڕاکێشانی ڕای جەماوەر بۆ لای خۆی.

گوتار کەرەستەیەکی زمـانییە، کە لە زنجیرەیەک ڕستەی هاوپەیوەند پێکهاتووە، لە کردەی پەیوەندیکردنـدا بەکاردێت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە گوتـار لە چەنـد پەڕەگرافێک پێکدێت، هەر پەڕەگرافێک لە کـۆمەڵە ڕسـتەیەک پێکـدێت و دەبێـت ئەم کـۆمەڵە ڕسـتانە پەیوەنـدییەکی واتـایی تەواویـان بەیەکەوە هەبێـت و واتـای یەکتـر تەواوبـکەن، ئەمەش بە مەبەسـتی ئاسـان تێگەیشـتنی گـوێگر، بەمەش کردەیەکـی پەیوەنـدی تەندروسـت دێـتە ئـاراوە. هەروەهـا گوتـار ڕوانگەیەکی زمانەوانییە، بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسەیەک، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێک. (دەشتی بەهـــجەت، ٢٠١٦، ٥٤). واتە بەکارهێنـــانی کەرەســـتەی زمانەوانییەکـــان بـــۆ دروســـتکردنی پێکهاتەیەکی زمانی، بەمەش واتایەک دروست دەبێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، ئینجا ئەو واتایە ناوەڕۆکەکەی سیاسی بێت یان دەرخستنی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی.

گوتار لە زمانەوانیدا وەک زاراوەیەک بۆ بەردەوامبوونی بابەتێک دیاریکراوە، بە تـایبەت بـۆ زمـانی ئاخـاوتن بەکاردێت، لە فۆڕمیشـدا لە ڕسـتە گەورەتـرە، لە نـاوەڕۆکی خۆشـیدا هەڵگـری چەندین هزر و بیری هەمەجۆرە. (Crystal, 2003, 141)

(هاریس): گوتار دەربڕینێکی درێژە یان زنجیرە ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتووی داخراوە.

(بنفیست): هەموو دەربڕینێک گریمـانە بکە، قسـەکەر و گـوێگر هەیە و بە شـێوەیەک قسـەکەر کاریگەری هەبێ لەسەر گوێگر.

(میشێل فۆکۆ): بریتییە لەو دەق و دەربڕینانەی، کە کۆی واتای وشە و سیستەمی بوونیاد و بوونیاد لۆجیکی و ڕێکخستنە ڕۆنانییەکان لەخۆدەگرێت. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ٧٧).

(دیبۆرا شیفرن) لەبارەی وتارەوە سێ پێناسەی کردووە:

١. گوتار دانەیەکی سەرووی ڕستەیە.

٢. گوتار بەکارهێنانی هەر دانەیەکی زمانە.

٣. گوتار بریتییە لە دەربڕاوێک (بەشدار عەبدولڕەحمان، ٢٠١٧، ٩).

لە داڕشتنەوەی ئەم سێ خاڵەدا، دەتوانین بڵێین:-

گوتار دەربڕاوێکە، گەورەترە لە ڕستە، ئەویش بە بەکارهێنانی دانەکانی زمان.

(هاراتمـان و سـتروک). گوتـار دەقـێکە، خـاوەن یەکەیەکـی ئاشـکرایە، لە کۆمەڵێک دەربـڕین پێکهاتووە(شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٩، ٢١).

گوتـار بـریتییە لە کۆمەڵێک تـوخم و ئـامراز و مەرج، ئەگەر بێتـو یەکبگـرن، دەق دروسـت دەبێت. بەو واتـایەی گوتـار پرۆسـەیە و دەق بەرهەمەکەیەتـی، گوتـار ڕوو لە گەشـەیە و دەق وەستاوە (عەلی سەلحجوو، ١٣٨١، ٢١). دەکرێ بڵێین دەق و گوتار جیاوازن، بەڵام ئەم

جیاوازیـانەش مانـای ئەوە نییە هەریەکەیـان بە مەرجێک بێت و دژ بە یەکتـر بوەسـتن، یـان هەردووکیان بەیەک پێوەر پێوانە بکرێن.

بەمەش دەکرێت جیاوازی و پەیوەندی نێوان دەق و گوتار وا ڕوونبکرێتەوە:-

گوتـار (زمـان لە بەکارهێنانـدایە). (ڕەحیم قـادر سـورخی، ٢٠١١، ٨). واتـا بەکارهێنـانی زمـان وەک بـابەتێکی کـۆمەڵایەتی، هەر لەبەر ئەمەشـە، (گوتـار گرێـدانی دەقە بە دەوروبەرەکەیەوە) (شـێرزاد سـەبری، ٢٠٠٨، ٤٨). بەمەش بەرهەمهێنـان و دروسـتکردن و ڕاڤەکردنـی گوتـارە بە ڕێگای ڕەگەزەکانی دەوروبەرەوە.

کەچـی دەق پـارچەیەکی زمـانییە لە هەر بارسـتایی و ڕادەیەکدا بێت، ئەو سـیما وشـەیی و واتاییانەی هاوبەشی قسەکەر و نووسەر و گوێگر و خوێنەر پێکدەهێنن، دەق دەکەنە یەکەیەکی تۆکمە و چەسپاو، دەقەکان بەپێی بابەتی گوتارەکان یان ئەرکەکانیان دەکرێ دەقی (ڕۆژنامەیی، زانستی، ئایینی، ...)بێت. (ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١١، ٨).

بەڵام گوتار بەرهەمی زمانی زارەکییە (وتراوە)

دەق بەرهەمی زمانی نووسراوە (بینراوە). (تەلان محەممەد، ٢٠١٧، ١١).

بەم پێیە دەق و گوتار یەکدەگرنەوە، لەبەر ئەوەی تۆمارکردنی گوتاریش دەگرێتەوە، دەقیش زارەکی دەگرێتەوە، واتا ناکرێ جیاوازی (دەق و گوتار) بکرێت، لەبەر ئەوەی گوتار زارەکییە و دەقـیش نووسـراوە، چـونکە دەقـی نووسـراو و گوتراومـان هەیە، بە هەمـان شـێوە گوتـاری نووسراو و گوتاری زارەکیشمان هەیە.

(کارتەر)، جەخت دەکەنە سەر ئەم هاوکێشەیە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ٨٠).

گوتار = دەق + دەوروبەر

دەق= گوتار + دەوروبەر

بەمەش دەتـوانین بڵێین دەق نووسـراوێکی دامـاڵراوە لە دەوروبەر، ئەوکـاتە دەبێـتە گوتـار، ئەگەر ڕەچـاوی دەوروبەر و بـارودۆخی بەرهەمهێنـانەکەی کـرا، ئەمەش دیسـان لەگەڵ دەق هاوشێوە دەبێت، لەبەر ئەوەی دەکرێ کەمتر لە ڕستەیەک بەهـۆی بەندکردن بە دەوروبەرەوە بە دەق دابنـرێ (شـێرکۆ حەمەئەمـین، ٢٠٠٩، ٤٣). هەروەهـا ئەگەر ئـێمە دەق و گوتـار وەک پرۆسەیەک دابنێین، ئەوکات دەتوانین گوتار گشتگیرتر و گەورەتر دابنێین لە دەق، بەمەش دەق بەرهەمێکە لە گوتار و بەشێکە لە پرۆسەی گوتار (ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١٣، ٢٣٥).

شــــیکردنەوەی گوتــــار ســــنووری دەق دەبەزێنێــــت. بەوەی شــــیکردنەوەی دەق لە شـیکردنەوەی نـاوەوە و چوارچێـوەکەی تێپەڕناکـات، بەڵام شـیکردنەوەی گوتـار، بـاس لەو بـارودۆخە دەکـات، کە گوتـارەکەی تێـدا ئەنجامـدراوە. (عەدنـان مەهـدی، ٢٠١٧، ٢٢). بەمەش دەکرێت بڵێین دەق گرنگی بە بابەتی زمـان و شـێوە بنەڕەتییەکەی دەدات، گوتاریش گرنگی بە ناوەڕۆک و ئەرک و واتای کۆمەڵایەتی زمان دەدات. بەمەش (گوتـار بەرجەسـتەبوونە لە دەقدا) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ٨٢)

لەگەڵ لە یەکتر نزیکی (دەق و گوتار). کۆمەڵە دەستەواژەیەکی ترمان هەیە، زۆرجار بە هەڵە لەجیاتی یەکتر بەکاردەهێنرێت، وەک، (گوتار، وتار، گوتاربێژی). بەم شێوەیە:-

١. گوتار: گوتار ئاستێکی گەورەتر لە ڕستە دەگرێتەوە، بە ڕێگەی گوتن ئاڕاستە دەکرێ.

٢. وتار: بە هەمان شێوەی گوتارە، بەڵام بە ڕێگەی نووسین دەخرێتە ڕوو.

٣. گوتاربێژی: زۆربەی جار خۆئامادەکردنە بەڕێگەی نووسین، یان خۆئامادەکردنی پێشوەختە، جەماوەر لە گوتاربێژیدا بە پلەی یەکەم لەبەر چاو دەگیرێت، بەڵام لە وتار و وتاربێژیدا بابەتی گوتار شوێنی خۆی دەکاتەوە. (عەدنان مەهدی، ٢٠١٧، ٨). بەڵام لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات (ئایا لە گوتاردا تەنیا زمان لە گەیاندندا بەشدار دەبێت؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەوەی گوتار بەشێوەیەکی ئاخاوتن و نووسین دەردەکەوێت، هەروەها لە ڕێگای بینینەوە گوتار دەگاتە وەرگر، وەک بینینی (فیلم یان لە ڕێگەی ئەندامانی جەستەی ئاماژە) ئاڕاستەی کەسانی تر بکات. (محمد شومان، ٢٠١٢، ٢٥).

### ٢.٢: چەمک و پێناسەی شیکردنەوەی گوتار

شیکار یان شیکردنەوە (Analysis). بریتییە لە کردەی هەڵاوێرکردن و دەستنیشانکردنی پێکهاتە و پێویستییەکانی زانستێک، یان دیاردەیەک، یان بابەتێکی دیاریکراو (دارا حمید محمد، ٢٠١٢، ٣٢). بە واتای دیاریکردن و پیشاندانی پێکهاتە (Ingredents)ی زانستێک یان بابەتێک، یان شتێک، سەبارەت بە چەمکی شیکار، کە خەسڵەتێکی گشتی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و لە بوارە جیاجیاکان و زانستە جۆراوجۆرەکان دەکرێت پەیڕەوبکرێت و کەڵکی لێوەربگرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی شتێک یان کەرەستەیەک بۆ ئەو بەشانەی، کە لێیەوە پێکهاتوون. لەلایەکی ترەوە کردەی شیکار کردەیەکی سیستماتیکی یاسابەندە، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی گرفت و کێشەکانی بوارێکی دیاریکراو، دواتر دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەکردنی کێشە و گرفتەکانی بوارەکە بەکاردێت، بەمەش شیکار جیاکردنەوە و دابەشکردنی گشتە بەسەر بەشەکاندا، یان تاقیکردنەوەیەکی وردە بۆ بەشە جیاجیاکان و وردەکانی دیاردەیەک یان شتێک (دارا حمید محمد، ٢٠١٢، ٤).

هەرچی چەمکی شیکردنەوەی گوتارە، بوارێکی تایبەت و گرنگیدانە بە گوتار و شیکردنەوەی پێکهاتەکانی، مێژووی شیکردنەوەی گوتار دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی شەستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێک لە ساڵی (١٩٦٤) گۆڤاری (پەیوەندیکردن — Communication)ی فەڕەنسی ژمارەیەکی تایبەتی دەرکرد و ژمارەیەک لە توێژەران بنچینە و بنەمای سەرەتای پڕۆژەی شیکردنەوەی گوتاریان دانا، سەرەڕای ئەمە لەم ماوەیەدا و لەهەمان ساڵدا پەرتووکێک بەناوی (زمان لە کەلتوور و کۆمەڵگە)ی (هایمز) لە ئەمریکا دەرچوو، هەرچەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ گوتار نەکرد، بەڵام بە ئاڕاستەی گوتار و گەیاندن هەنگاوی دەنا (عبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ١٠٧- ١٠٨).

شیكردنەوەی گوتار لێكۆڵینەوەیەكی فرەڕەهەندە، بە شێوەیەكی سەرەكی لە بوارەكانی زمانەوانیی و مرۆڤناسی و فەلسەفەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا شیكردنەوەی زاراوەی شیكردنەوەی گوتار، كە یەكەمین جار لەلایەن (زەلیل هاریس) لە ساڵی (١٩٥٢) بەكارهات (ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠٠٥، ٥٢). وەک لە پێشتردا ئاماژەی بۆ كرا (شیكردنەوە) بابەتێكی فرەلایەنی و گشتگیرە، بەڵام لێرەدا مەبەستی ئێمە تیشک خستنەسەر شیكردنەوەی گوتارە، بۆیە هەوڵدەدەین روونی بكەینەوە. شیكردنەوەی گوتار شیكردنەوەی زمانە لە بەكارهێناندا، بە جۆرێک ناتوانێت تەنیا لایەنی فۆڕم و پەسنكردن و شێوە بگرێتە خۆ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەركی فۆڕمە زمانییەكان لە ژیانی مرۆڤدا (شێركۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٩، ٤٣). بەشێوەیەک بەبێ بەكارهێنانی زمان ناتوانرێت گوتار شیبكرێتەوە، ئەمەش دەبێتە مەرجی شیكردنەوەی گوتار، هەروەها شیكردنەوەی گوتار لێكۆڵینەوەیە لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنی زنجیرەی وابەستەیەكی زمان لە دەوروبەردا، وەک یەكەیەكی مانابەخش و چۆنیەتی پەكخستنیان لەلایەن قسەكەرەوە (Cook-Guy, 2003, 50). بە واتای بەكارهێنانی زمان لە دەوروبەردا و بەكارهێنانی زنجیرەیەک وشە لە سنووری ڕستە و زماندا، بە مەرجێک لەلایەن گوێگر واتادار و مانا بەخشبن.

(ڤان دایک) لەبارەی شیكردنەوەی گوتار دەڵێت: لێكۆڵینەوەیەكی كارەكی زمانە لە بارودۆخێكی ڕاستەقینەدا، لەلایەن ئاخێوەرانی ڕاستەقینە. كەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، بەبێ ئاخاوتن كرداری شیكردنەوەی گوتار ئەنجام نادرێت، بەجۆرێک قسەكەر سەرچاوەی سەرەكی شیكردنەوەیە.

دەكرێت لە مێشكی زۆربەماندا ئەو پرسیارە دروست ببێت، ئایا ئامانجی شیكردنەوەی گوتار چییە؟ دەتوانین بڵێین ئامانج لێی بریتییە لە پێدانی وەسفێكی ڕاستەقینە و ڕێكوپێک بە یەكە زمانییەكان، بەمەش دەبێت ئاماژە بە دوو ڕەهەند بكرێت، ئەوانیش، (دەق Text و دەوروبەر Context). بەمەش دەق لە ڕێگەی زانیارییەكانەوە زۆر ئاست وەسف دەكات، دەوروبەریش زانیارییەكان بە سیما دەوروبەرە دركپێكراوەكان و كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەكانەوە گرێ دەدات. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ١٠٨).

لەم پێناسانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە شیكردنەوەی گوتار لێكۆڵینەوەیەكی زمانییە، بە دوو ئاڕاستە كار دەكات:-

١-قسەكەر/ نووسەر (بیر شكاندن).

٢-گوێگر/ خوێنەر (كۆكردنەوەی بیر).

گوتار وەک دانەیەكی زمان، كە هەڵگری پەیامێكە بۆ بەرانبەر، لە كۆی ڕستەكان بیرێک دەگەیەنێت، (قسەكەر/ نووسەر) بیرەكە دەشكێنێت و دابەشی سەر ڕستەكانی دەكات، ئەوەی بە (زانیاری نوێ و كۆن) دادەنرێت، ئینجا ئەركی گوێگر/ خوێنەر دووبارە بەشەكان كۆبكەنەوە و گشتیان لێ بنیات بنرێتەوە، بۆ ئەوەی پەیامەكە بە تەواوی وەک خۆی وەربگرن. (شێركۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٩، ٢٣). كەواتە هەموو كەرەستەی زانستەكان دەكرێ شیكار بكرێت بۆ كەرەستە پێكهێنەرەكانی، زۆرجاریش ئەو شیكاركردنە بە مەبەستی زانینی وردەكارییەكانی ئەو

کەرەستە پێکهێنەرانەیە، یان بۆ دەستنیشانکردنی هەر گیروگرفتێکە، کە لە پێکهاتەی ئەو کەرەستە پێکهێنەرانەدا هەبن و لە پێکهاتەی سەرەکی شتەکەدا ڕەنگی دابێتەوە، دواتریش گەڕان بۆ چارەسەکردنی ئەو گرفتانەی لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەکەدا.

### ٢.٣: چەمک و پێناسەی ستراتیژییەت

یەکێک لەو زاراوانەی مشتومڕی زۆری لەسەرە، زاراوەی ستراتیژە، ئەویش بە هۆکاری بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە زۆربەی کایەکانی ژیانی مرۆڤەکانە، زاراوەی ستراتیجی یاخود ستراتیژی (Strategy). لە بنچینەدا وشەیەکی گریکییە( Strato). بە واتای سوپا یان کۆکردنەوە دێت، زاراوەی (Stratego)ی لێوەرگیراوە، کە بە واتای هونەری (سەرکردایەتیکردن یان ڕابەریکردن) دێت (عبدالقادر محمد فهمی، ٢٠٠٥، ١٢). بەو واتایە بێت ئەم زاراوەیە ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە لە بەکارهێنانی ئێستادا جیاوازە، ئەم کات زیاتر لە چوارچێوە و بواری لەشکری و سەربازی بەکاردەهات، بەو پێیە لەو کاتەدا هونەرێک بووە لە دەستی سەرکردە لەشکرییە گەورەکان. بە تێپەڕبوونی کات زاراوەی ستراتیژی لێکدانەوەی فراوانتر و واتا و مەبەستی فراوانتری وەرگرت، (لیدل هارت) ئاماژەی بە لایەنی (سیاسی) کرد، کە کاریگەری لەسەر ستراتیژ هەیە، پێی وابووە (ستراتیژ بریتییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی لەشکری لە پێناو هێنانەدی کۆمەڵێ ئامانجی سیاسی). (ژیلیا شێرزاد اسماعیل، ٢٠١٧، ١٠). ئەمەش دەرگای زیاترە بەسەر فرەواتایی زیاتری زاراوەی ستراتیژی، کە لقی زیاتری لێ دەبێتەوە و پەل بۆ ناو هەموو بوارەکانی وەک (مێژوو، سیاسەت، ڕۆشنبیری، فەلسەفە، ئابووری) دەکێشێت.

لە فەرهەنگە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا، ستراتیژ بە واتای پلانێکی درێژخایەن دێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی بەستراوەکان بە ڕەهەندی هێز بۆ ئیرادەدانی بەرنامەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکان بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان واتای ستراتیژ فراوانتر بوو، بەجۆرێک زۆربەی لایەنی ژیانی خەڵکی گرتەوە، ئەمەش بووە جێگەی بایەخدانی زۆری سەرکردەکان و بڕیار بەدەستانی وڵاتان، بەمەش پێناسەی تر و تێڕوانینی تر بۆ ستراتیژ پەیدا بوو، بەوەی (بریتییە لە زانست و هونەری بەکارهێنانی لەشکری و سیاسی و ئابووری وڵاتێک یان زیاتر، لە پێناو بەدیهێنانی توانا و پشتگیریکردن لەو سیاسەتانەی، کە دەگرێنەبەر لەکاتی جەنگ و ئاشتی) (ژیلیا شێرزاد اسماعیل، ٢٠١٧، ١١) دەتوانین بڵێین ستراتیژیەت بریتییە لەم زانست و هونەری گەشەپێدان و بەکارهێنانی توانست دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک، لەکاتی جەنگ و ئاشتی، کە هۆکارن بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییەکان. وەک لەپێشتر ئاماژەمان پێکرد بە بڵاوی و پەلهاویشتنی چەمکی زاراوەی ستراتیژییەت بۆ زۆربەی کایەکانی ژیان، هەوڵدەدەین چەمکی ستراتیژییەت لە چەند لایەنێکدا بخەینەڕوو:-

### ١-ستراتیژیەتی نیشتمانی

زۆرجار بە ستراتیژییەتی باڵا، نەتەوەیی یان ستراتیژیەتی دەوڵەت دەناسرێت، بۆ خستنەڕووی بیرۆکە سیاسییەکان بەکاردێت، لە ڕێگەی جێبەجێکردن و پڕاکتیزەکردن و پێکەوە

بەستنی هەموو تواناکانی نەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە گشتییەکانی وڵات، دەکرێت بگوترێت (ستراتیژییەتی نیشتمانی پێکەوە گرێدان و ئاڕاستەکردنی هەموو سامانەکانی دەوڵەتە، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی وڵات). (کاظم هاشم نعمة، ١٩٨٨، ٦٠).

**٢-ستراتیژییەتی سیاسی**

ئەو پرەنسیپ و پلانانەیە، کە دەوڵەت پشتی پێدەبەستێت، بۆ مامەڵەی ناخۆیی و دەرەکی، یان بریتییە لە زانست و هونەری خستنەگەڕ و بەکارهێنانی دەوڵەت، کە دەرفەتی ئازادی کارکردن بۆ دەوڵەت دەڕەخسێنێت، لەپێناو هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکان. (ژیلیا شێرزاد اسماعیل،٢٠١٠، ٢٧).

**٣-ستراتیژییەتی ئابووری**

ئابووری وەک زانستێک و بنەمای گەشەکردنی هەر وڵاتێک بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی دادەنرێت، (ستراتیژییەتی ئابووری ئەو چالاکیەیە، کە پەیوەندی بە ئیرادە و گەشەپێدان و دابەشکردنی توانست ئابوورییەکانی دەوڵەتەوە هەیە، بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەرک و ئامانجە نیشتمانییە باڵاکان و هەڵدەستێت بە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و دابەشکردنی هێزی کار و ڕێکخستنی بازرگانی و خەرجی سوپا و پیشەسازییە سەربازییەکان. ستراتیژییەتی ئابووری گرێدراوە بە سەرکەوتنەکانی هەر دەزگایەکی ئابووری لە وڵات، هەندێک لە توێژەران پێیان وایە ستراتیژییەتی ئابووری، واتە شیکردنەوەی بارودۆخی وڵات و خستنەڕووی سامانە بەردەستەکان، بە مەبەستی بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، کە ببێتە هۆی هێنانەدی ئامانجەکان. (کاظم هاشم نعمة، ١٩٨٨، ١٠٨)

**٤-ستراتیژییەتی فێربوون (پەروەردەیی)**

فێربوون پرۆسەیەکی سیستماتیک و هەنگاو لە دوای هەنگاوە، ڕێگای وانەبێژی لە جێبەجێکردندا پشت بە چەند کارامەییەک دەبەستێت، کە پێویستە لە مامۆستادا هەبێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش ئامانجەکان بهێنێتەدی، هەر ستراتیژییەتێک لە ستراتیژییەتەکانی خوێندن لە ژمارەیەک ڕێگای وانەوتنەوە پێکدێت و شارەزایی مامۆستا لە بەشەکانی هەر ڕێگایەک و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە کارامەیی و لە تەکنیکەکانی تێبگات، چونکە ئەمانە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن، لە هەر ستراتیژییەکی هەڵبژێردراو لە پرۆسەی فێرکردندا. ستراتیژییەتی فێربوون (بریتییە لە کردار یان ڕێگای دەستنیشانکراوە بۆ جێبەجێکردنی لێوەشاوەییەکی تایبەت و فێربوونی ڕێکار، بەو لێوەشاوەیی و ڕێکارە تایبەتانە دەڵێن، کە فێرخوازان لە فێربووندا بەکاردەهێنن و دەست بەسەر هەوڵەکاندا دەگرن بۆ بەکارهێنانی). (ڕووپاک شازادە ڕەفیق، ٢٠٠٨، ١١).

### ٤.٢: ستراتیژییەتی گوتار

ستراتیژییەتی گوتار قسەکردنە لەسەر ئەو بنەمایانەی گوتاری لەسەر بنیاتنراوە. لە ستراتیژییەتی گوتاردا توێژەران گرنگیان بەو ستراتیژییەتە داوە، کە نێرەر دەیگرێتە بەر، بۆئەوەی گوتارەکەی دابڕێژێت و ئاراستەی بکات، نێرەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ئامراز و میکانیزمە زمانییانەوە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و وەرگر بە پەیامەکەی ڕازی بێت. (بەهار زایر، ٢٠١٦، ١٣٢). لێرەدا نێرەر لە ڕێگەی ڕێکخستنی بیرۆکەکانی بە شێوەیەک بتوانێت کاریگەری لەسەر وەرگردا بکات و بتوانێت پەیامێکی ڕازیکەر بێت بۆ گوێگر. بەشێوەیەکی سەرەکی ستراتیژییەت کارێکی زەینییە، واتا ئامرازە بەکارهاتووەکان پشت بە بەکارهێنانی عەقڵ دەبەستن. (جمعان کەریم، ٢٠٠٦، ٧). نێرەر کۆمەڵێک وشە و زاراوەی گونجاو، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەژیت، ڕێکدەخات، ئەمەش گونجاو بێت لەگەڵ چۆنیەتی گەیاندنی واتاکەی بۆ وەرگر، ئەوەی پێویستە ئاگاداری بیت، کە دەبێت نێرەر زۆر ئاگاداری بەکارهێنانی زمانەکەی بێت، کە لەگەڵ دەوروبەردا گونجاو بێت، ئەمەش دەبێت توانایەکی تەواو لە توانستی زمانی و توانستی پراگماتیکی هەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە ستراتیژییەتی گوتار بە ڕێگایەکی گونجاو دادەنرێت، بۆ ئەوەی نێرەری پەیام لەو ڕێگەیەوە گوتارەکەی بدرکێنێت، بەمەش نێرەر دەتوانێت ویستی خۆی بچەسپێنێت و مەبەست و ئامانجەکانی لە ڕێگەی میکانیزم و کەرەستە زمانییەکانەوە لەگەڵ دەوروبەردا بگەیەنێت.

### ٥.٢: جۆرەکانی گوتار

ئاڵۆزی و تێکەڵاوی گوتار، وایکردووە کە گەلێک جۆری هەبێت، هەر دەستە و کۆمەڵێک بە شێوەی جیاجیا و جیاواز دابەشکردنی بۆ جۆرەکانی گوتار دەکەن، بۆیە ناچارین لە هەریەکەیان بدوێین و زانیاری و تایبەتمەندیی و پەیوەندی و جیاوازی هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی تریان بخەینەڕوو:-

#### ١.٥.٢: گوتاری سیاسی

ئەم جۆرە گوتارە بە (گوتاری دەسەڵات دەناسرێت، چونکە نێرەر گوتار ئاراستەی وەرگر دەکات، بە مەبەستی کاریگەری لەسەر دانان و ڕازیکردنی وەرگر بە ناوەڕۆکی گوتارەکە، کە ناوەڕۆکەکە هزرێکی سیاسی لە خۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە (هزر، بیر) بنەمایە لە گوتاری سیاسیدا) (محمد عكاشة، ٢٠١٦، ٤٥-٤٦). بە شێوەیەک ئەم گوتارە هەڵگری بیری سیاسییە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر ئاراستە دەکرێت، بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و لە کۆتاییدا قەناعەتپێهێنانی، ئەم گوتارە (لە کۆمەڵگەوە دەستپێدەکات، بە زۆری سەرچاوەی ئەم گوتارە، چینی حکومەت و وەزیرانە) (بسام عبدالرحمان المشاقبة، ٢٠٠٦، ١١٦). زمان لەم جۆرە گوتارەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە ڕێگەی زمانەوە زۆرێک لە دیوە شاراوەکانی پشت گوتار دەردەکەون، هەروەک زمان لە (بانگەوازی ئاشتی و ڕاگەیاندنی شەڕ جیاوازە، هەروەها زمانی

گوتــاری ڕامیــاری ئاشــکرا و نهێنــی وەکــیەک نــین) (شــێرزاد ســەبری، ٢٠١٢، ٣٨). هەر لەبەر ئەمەشە زمانی دەربڕینی گوتارێک لە دەربڕینی جۆرێکی تری گوتاردا جیاوازە، بەمەش:

١-زمان لە گوتاری پڕوپاگەندەی سیاسی (هەڵبژاردن). بەتایبەتی زمانێکی هەڵبژێردراوە، واتا وشە و پەیڤ و زاراوەکان بە جوانترین شێوە و کاریگەرترین شێوە هەڵبژێردراون.

٢-لە گوتــاری ڕاگەیانــدنی سیاســی دەبێــت بە شــێوازێکی شــارەزایی بەکاربهێنرێــت، چــونکە لەوانەیە بچووکترین هەڵە کارەسات یان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.

٣-زۆرجار زمان وەک چەکێکی کاریگەر و بەرگریکار و هێرشبەر بەکاردێت، بە تایبەتی لە گوتارەکانی جەنگدا.

٤-پێچەوانەی گوتــاری جەنگی، لە گوتــاری ئاشــتیدا زمــانێکی نەرم و نیــان، پــڕ لە ســۆز و پێکەوەژیان بەکاردێت، بە ئامانجی کاریگەر خستنەسەر بەرانبەر و پیشاندانی نیازپاکی ئاشتیانە (شــێرزاد ســەبری، ٢٠١٢، ٣٨). دەتــوانین بڵێــین بەکارهێنــانی زمــان بە هەمــوو جۆرەکــانییەوە پەیوەستە بەو بارودۆخەی گوتاری تێدا دەدرێت، بە شێوەیەک زمان لە خزمەتی ئەو بارودۆخە بەکاردەهێنرێت، بە ئامانجی ڕازیکردنی بەرانبەر (وەرگر).

**٢-گوتاری کۆمەڵایەتی**

کێشە و گرفت و دیاردەکانی نــاو کۆمەڵگە، دەبنە نــاوەڕۆکی ئەم جــۆرە گوتــارە، ئامــانج لێــی چارەسەرکردن و باشــکردن و زینــدووڕاگرتنی کلتــوور و داب و نەریتــی هەر کۆمەڵگەیەکە. ئەم جۆرە گوتارە لەلایەن نێرەرەوە بۆ جەماوەر (کۆمەڵگە) دەنێردرێت، ئینجا ئەم جــۆرە گوتــارە، چ لە نــاوەڕۆکەکەی لەســەر ڕووخســاری گوتــارێکی نووســراو بێــت، یــان بە هەر دەربڕینێکــی تــری شێوەی بابەتی گوتاری ئاڕاستەی جەمــاوەر بکرێــت (عەدنــان مەهــدی، ٢٠١٧، ٧٤). ئامــانجی ئەم جــۆرە گوتــارە هەوڵــدانە بــۆ گــۆڕینی هەنــدێک دیــاردەی نەشــاز و بەربــڵاوی نــاو کــۆمەڵگە و ڕوونکردنەوەی ئەنجــام و لــێکەوتە خراپەکــانی، وەک دیــاردەی(ژن بە ژنــی، گەورە بە بچــووک) لەنــاو کــۆمەڵگەی کوردیدا، لێرەدا نێرەر دەتوانێــت ڕای خــۆی دەرببڕێــت، چارەســەری کێشــەکە بخـــاتە ڕوو.(دەشـــتی بەهـــجەت، ٢٠١٦، ٥٧). گوتــــاری کــــۆمەڵایەتی دەرخەر و پیشـــاندەری ئەو بارودۆخە کەلتورییەی هەر نەتەوەیەکە، مەرج نییە تەنیا لایەنە خراپەکانی بێت، ڕەنگە پیشاندانی هەندێک دیاردەی بــاوی بەســوود و جوانی کۆمەڵگە بێت، هەروەهــا مەرج نییە تەنیــا لە ڕێگەی ئاخاوتن بێت، دەکرێت کۆمەڵە چالاکییەک لە خۆبگرێت، کە تــاکەکەس بە ئەنجامی بگەیەنێت، بە زۆر فــۆڕمی جیــاواز و نــاوەڕۆکی گوتــارێکی کــۆمەڵایەتی دەربخرێــت، وەک، (شــانۆ، میوزیــک، حیکایەت، ...).

**٣-گوتاری ئایینی**

گوتاری ئــاینی وەک هەر جــۆرە گوتــارێکی تــر، تایبەتمەنــدی و ســیفەتی تــایبەت بە خــۆی هەیە، گوتاری ئایینی (هەموو ئەو دەق و فەرموودە و بیروڕا ئایینییەکان و شیکردنەوەی بــابەتە ئایینییەکــانی وەک (چــۆنیەتی نــوێژکردن، زەکــات، حەج، ...). دەچــنە چوارچێــوەی ئەم جــۆرە گوتارە). (دەشتی بەهجەت، ٢٠١٦، ٥٨). بە شێوەیەک هەر بابەتێک پەیوەندی بە لایەنی ڕۆحی و پیرۆزییەکــانی تــاکەوە هەبێــت، دەچێــتە چوارچێــوەی ئەم جــۆرە گوتــارە، هەروەهــا گوتــارە

ئایینییەکانی ڕۆژانی هەینی و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی وەک (سوڵح، قەتل و سزادان، ...). لەم جـۆرە گوتـارەن. گوتـاری ئـایینی وا دەناسـرێت، کە گوتـارێکی دەسـەڵاتدارییە، داخـوازیکردنی خـۆ بە دەسـتەوەدانی مـرۆڤە، داوا لە وەرگـر دەکـات بـاوەڕ بە غەیـب و شـتە شـاراوەکان بهێنێت، بەڵگەش لەم جۆرەدا زیاتر ئەو وێنە هـونەری و هەژانـدن و وروژانـدن و خەیاڵ و ژیـانی کۆتـایی مـرۆڤە، بەوەی گەیشـتنی مـرۆڤە بە کۆتاییهێنـانی کێشـەکان لە ژیانـدا. (بسـام عبـدالرحمان المشـاقبة، ٢٠١٤، ١١٣). بە شـێوەیەک تـاک وشـیار دەکـرێتەوە لە کـار و کردەوە و ئەو هەڵە بـاوانەی ڕۆژانە لە کۆمەڵگەکەیدا دەکرێت، بەوەی وەرگـر ئاڕاسـتە بکرێت بەرەو کـاری چـاکە، بە ئامـانجی وەدەسـتهێنانی سـەربەرزی لە دونیـا و ڕۆژی دوایـی لەسـەر خـودی دەقە ئـایینی و بیروبۆچوونەکـان، کە بەڵـگە و ئەرگـومێنتی نـاو گوتـارە ئایینییەکـان چوارچێوە و واتای ئەم جۆرە گوتارەیان بێ بەش نەکردووە لە ڕاسـتی و ناڕاسـتی ئەم جـۆرە گوتـارانە. بۆ نمـوونە پیـاوانی ئـایینی لە گوتـاری ئایینییدا هەسـتی خەڵـک دەوروژێنن و هانیـان دەدەن بـۆ ئەوەی لە کـاری خـراپە دووركەونەوە و لە کـاری چاکەکـاری نزیـک ببنەوە(نەریمـان خۆشناو، ٢٠١٦، ٢٠-٢١) لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ئەم جۆرە گوتـارانە ئاڕاسـتەکردنی وەرگرانە بە ئاڕاسـتەی خوداپەرسـتی و دروسـتکردنی تـاکێکی لەخـوا تـرس، بەڵام زۆرجـار لەم ڕێچـکەیە ئامانجە حیزبی و سیاسییەکان و کۆکردنەوەی هاوڵاتیانە لە دەوری کۆمەڵێکی سیاسی ئـایینی (دەشتی بەهجەت، ٢٠١٦، ٥٨). زۆرجـار وا دەبێت بە کـاریگەری بەشـێک لە گوتـارە ئایینییەکـان، تاک هانی توندوتیژی و تیرۆر دەدرێت، کە تاکێکی توندڕەو دروست دەکات پێچەوانەی ئامانجی گوتاری ئایینییە.

**٤-گوتاری ئەدەبی (هونەریی)**

سـەرچاوەی دروسـتبوونی ئەم جۆرە گوتـارە، پرسـە ئەدەبیەکـانن، پرسـە ئەدەبیەکـان و تێکستی ئەدەبی لە ئەنجامی گەیاندنی پەیامێکی ئەدەبی سـەرهەڵدەدات، لە ناویشـیاندا جـۆرێکی گوتار لە خۆیان هەڵدەگرن، کە پێی دەڵێن گوتاری ئەدەبی، گوتـاری ئەدەبـیش (کۆمەڵێـک بنیـاتی گوتن و دەربڕینن، کە لەناو بەرهەمـی ئەدەبی ڕۆڵێکی چـاک دەگێڕن) (عەدنـان مەهـدی، ٢٠١٧، ٦٢). لە گوتـاری ئەدەبیـدا گوتـاربێژ هەوڵـدەدات لە زمـانی ئاسـایی لابـدات و بگـات بە ئاسـتێکی بەرزتـر لە زمـانی ئاسـاییدا، بیروبۆچـوونی خـۆی لەبـارەی بـابەتە ئەدەبییەکە بخـاتەڕوو، هەر بۆیەش ڕەنگبێت تێگەیشتن لە زمانی گوتاری ئەدەبی، بە بەراورد بە جۆرەکانی تـری گوتـار، بـۆ کەسێکی ئاسایی قورس بێت، چونکە کۆمەڵێک وشـە و دەسـتەواژەی ئەدەبی تـایبەت بەو بـوارە بەکاردێت، تێگەیشتن لە چەمک و مانای قورسە. لەگەڵ ئەوەی گوتاری ئەدەبی بە زمانێکی بەرز دەنووسـرێت، هەروەهـا هەڵدەسـتێت بە شـرۆڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبـی و هونەرییەکـان، بـۆ دیاریکردنی لایەنە جوانکارییەکان، وەک، (وشە، شێواز، ...). ئەوانەی کـاریگەری لەسـەر خەیـاڵی وەرگـردا دروسـت دەکەن، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم لایەنـانە، پێـوەری داهێنـانن لەلایەن نووسـەر و هونەرمەندەوە (بسام عبدالرحمان المشاقبة، ٢٠١٤، ١١٦). لە گوتاری ئەدەبیدا دوو لایەن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن (دەشتی بەهجەت، ٢٠١٦، ٦١). ئەمانیش بریتین لە:-

١-گوتـاری داڕشـتنی ئەدەبـی: بـایەخ بە جـوانی ڕووخسـار و زاراوەکـانی زمـان و پـتەوی داڕشتن دەدات، بەو واتایەی کارکردنە لە لایەنی ڕووخساری شیعر.

٢-گوتـاری وەسـفی ئەدەبـی: وەسـفکردنی لایەنـی دیـمەن، کەس، حـاڵەت، هەروەک چـۆن شاعیرێک وەسفی شـوێنێک دەکات، ئەم وەسفانە سەرنجڕاکێشـن و خەیاڵبەری خوێنەرن، بەو واتایەی مامەڵەکردن لەگەڵ کایەکانی ناوەوەی دەق.

**٥-گوتاری مێژوویی**

ڕووداوەکـانی سـەردەم و بەسـەرهاتە مێژووییەکـان، سـەرچاوەی سـەرەکی ئەم گوتـارانەن، بـاس لە بـابەت و ڕووداوەکـانی سـەردەمانی ڕابـردوو دەکـات، (ئەم جـۆرە گوتـارە پێویسـتی بە بەڵگە و ئەوپەڕی بێلایەنـی و وردبینـی گێڕانەوەی ڕووداوەکـانی ڕابـردووە) (دەشـتی بەهـجەت، ٢٠١٦، ٦١). ئەمەش لەپێنـــاو بـــابەتیبوونی گوتـــارەکە، بەڵام زۆرێـــک لە شـــارەزایان لەســـەر بـــابەتیبوونی گوتـــاری مێژوویـــی ڕای جیاوازییـــان هەیە، هەروەک (ئـــارۆن) پێـــی وایە (مێـــژوو هەرگیز ناتوانێت بابەتی بێت) (عەدنان مەهدی، ٢٠١٧، ٧٠). ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گێڕەرەوەی ڕووداوە مێژووییەکـان، دەشـێت بێلایەنـی خـۆی لەدەسـت بـدات، بەهـۆی بـوونی لایەنگری بـۆ لایەنێک و دژی لایەنێکی تر، هەر لەبەر ئەمەشە دوو جۆرە گوتاری مێژوویی هەن:

١-گوتـاری مێژوویی لایەنگر: زۆربەی جـاران ئەم گوتـارانە بە گوتـاری مێژوویـی نازانسـتی دادەنرێت، کە لە ڕێڕەوی ڕاسـتی خۆیـان لایانداوە، لەبەر ئەوەی نووسـەر زۆرجـار نووسـەری مێژوویی بەهۆی هەبوونی لایەنگیری بۆ کەس و حیزبەکان ڕووداوە مێژووییەکان و حاڵەتەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆی و کەسایەتی حیزبەکەی یان بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی دادەڕێژێت.

٢-گوتاری مێژوویی بێلایەن: ئەم جۆرەیان بە گوتاری مێژوویی زانسـتی دەناسرێت، چـونکە گوتـــارنووس نەکەوتـــۆتە ژێـــر کـــاریگەری کەس و حیزبەکـــان و بەرژەوەنـــدییەکانیان، بەڵکـــو بەشـێوەیەکی دەسـتپاک و گواسـتنەوەی ڕووداوەکـان وەکخـۆی دەقـاودەق بە هەردوو لایەنـی خراپ و باشەوە، پێوەری جیاکردنەوەی ئەم جۆرەیان بە زۆری نووسەری بیانییە، نەک خـودی نەتەوە، ســەبارەت بە گەلــی کــورد (زۆربەی گوتــاری مێژوویــی کــورد لەلایەن خەڵکــی بیــانی نووسـراوەتەوە، ئەمەش نـاچێتە نـاو گوتـاری مێژوویـی کـوردییەوە). (دەشـتی بەهـجەت، ٢٠١٦، ٦١). واتە ئەگەر گوتارەکان بە چ زمانێک نووسرابن، دەچنە خانەی ڕۆشنبیری ئەو زمانە.

هەر بـۆیەش گوتـاری مێژوویـی لەگەڵ زۆربەی گوتارەکـانی تـر یەکـدەگرێتەوە، چـونکە هەر بابەتێک بە چەند قۆنـاغێکی تـایبەت و سـەخت تێدەپەڕێت، ئەمـانەش بە تێپەڕبوونی کـات دەبنە بابەتی مێژوویی.

### ٦-گوتاری زانستی

ئەم جۆرە گوتارە زۆرجار بە گوتاری وشک دەناسرێت، بابەتە زانستییەکانی وەک (پزیشکی، ئەندازیاری، ...) هەوێنی نووسینی ئەم جۆرە گوتارەن (گوتارێکی هەمەجۆرە بەپێی زۆری بابەتە زانستییەکان، بابەتەکەی ناوەڕۆکێکی زانستی بەخۆوە دەگرێت. لەبەر ئەوەی هەڵگری ناوەڕۆکێکی زمانییە، لە ڕووی ڕێکخستن و دروستکردنی یان شرۆڤەکردن و گریمانە و تاقیکردنەوە، لە گوتاری زانستیدا (هێما ـ هێمابۆکراو) لەگەڵ یەکتری بەرانبەر دادەنرێت، یان ئەوەتا لە ئاستی ڕاگەیاندن و شرۆڤەکردن و پیشاندان دەرناچن) (بسام عبدالرحمان المشاقبة، ٢٠١٤، ١١٧-١١٨). گوتارنووسیی زانستی هەوڵدەدات لە ڕێگەی بیردۆز و زانیاری و دۆزینەوە زانستییەکان باس لە بابەتێکی زانستی بکات، بە مەبەستی خستنەڕووی ئەنجامی دۆزراوە، ئەم جۆرە گوتارە بۆ هەموو کەسێک نانووسرێت، هەروەک چۆن هەموو کەس ناینووسێت، لەبەر ئەوەی ژمارەی خوێنەری ئەو بابەتە زانستییانە سنووردارن و وشە و دەستەواژەی زانستی لە هەر جۆرێکی تایبەت بە خۆی بەکاردێت، بە شێوەیەک ئەو زاراوانەی لە فیزیادا بەکاردێت، جیاوازن لە زاراوەکانی پزیشکی یان زمان. سەبارەت بە ڕۆڵی زمان لەم جۆرەدا، خاڵییە لە سۆز و ئەندێشە، زیاتر ڕاستی و ئەنجامە زانستییەکان دەخاتەڕوو. (دەشتی بەهجەت، ٢٠١٦، ٥٩). چونکە سنووری ئەم جۆرە گوتارانە سنووردارە، بواری سۆز و ئەندێشە و زمانی نازانستی جێگەی نابێتەوە، یان لەگەڵ خودی ناوەڕۆکی بابەتەکە ناگونجێت، هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجار خوێندنەوەی ئەم جۆرانە بێزارکەر و چێژبەخش نییە.

### ٧-گوتاری ئابووری

ئابووری وەک بابەتێکی گرنگی ناو کۆمەڵگە خوێندنەوە و نووسین و گەنگەشەی زۆری لەبارەیەوە دەکرێت، بەجۆرێک وابەستەی کاری ڕۆژانە و بژێوی ژیانی هەر تاکێکە، ئەم جۆرە گوتارە لەچاو جۆرەکانی تر سەردەمیانەتر و هاوچەرخترە، نزیکە لە بابەتی زانستی، نووسەری ئەم گوتارە هەوڵی خستنەڕووی کێشە و بابەتە ئابوورییەکان دەدات، بە بەکارهێنانی زۆرترین زمانی ژمارە، وەک بەڵگە و پەیداکردنی پشتگیری زیاتری باوەڕپێکردن و دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی و بابەتەکە و باوەڕپێهێنانی (دەشتی بەهجەت، ٢٠١٦، ٦٠). کەرەستەی سەرەکی ئەم جۆرە گوتارانە بوژانەوە و گەشەی ئابووری و داشکان و بەرزبوونەوە و جێگیری نرخی دراوەکان و هەڵاوسان و نرخی قەواڵە و سوودی بانکی و قەیران و نرخی سوتەمەنی و بەها کانزاییەکانن، لەم جۆرە گوتارانەدا زۆرجار شاشەی میدیاکان دەروازەی پیشکەشکردنی گوتاری ئابوورین، چونکە بواری فراوانتر دەدات بە نێرەر، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی بە کەمترین ماوە و بەکارهێنانی بەڵگەی زیاتر و پشتبەست بە کۆمەڵێک هێڵکاری هەڵکشان و دابەزینی ئابوورییانە لە گوتارەکەیدا. زمانی ئەم جۆرە گوتارە وەک گوتاری زانستی زیاتر زمانێکی وشکە و درێژدادڕی و پێداهەڵدان و سۆز و ئەندێشە کەمتر بەکاردێت، زیاتر ئەو وشە و دەستەواژانە بەکاردێت، کە کەرەسەی سەرەکی ئەو بوارەن و پێناسە و ڕوونکردنەوەی زیاتر بە ناوەڕۆکی گوتارەکە دەدەن، وەک، (ڕێژەی بێکاری، نرخی دراو، هەڵاوسان، قەیران، ...).

### ٨-گوتاری ڕەخنەیی

لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرجار گوتاری ڕەخنەیی بە دیدێکی نەرێنی و نەساز تەماشا دەکرێت، بەوەی کەمکردنەوەی بەهای سەرجەم و لەکەدارکردنی بابەت و خودی کەسەکەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا چەمکی ڕەخنەیی جیاوازە لەو بۆچوونەی سەرەوە، بەوەی (هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و تێگەیشتنە). تەوەری ئەم جۆرە گوتارە کێشەکە بۆ وەرگر دەنێردرێت، بە مەبەستی تێگەیشتن، بە هەمان شێوە بۆ نێرەریش دەنێردرێت، بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێت، هەروەها بەهەمان شێوەی وەرگر و نێرەر بۆ تێکستیش دەنێردرێت، بە مەبەستی دەرخستنی بەهای جوانکاری ناوەڕۆکی تێکستەکە (عەدنان مەهدی، ٢٠١٧، ٦٤). بە شێوەیەک ئەم گوتارە لەسەر گوتارێکی تر پیادە دەکرێت، واتا بۆ ئەم جۆرە گوتارە، گوتارێکی تر سەرچاوەیە و تەوەرەی سەرەکی کارکردنی لەسەر ئەم جۆرەیە. گوتاری ڕەخنەیی لە چەند ڕستەیەک پێکدێت، کە لەگەڵ گوتاری ئەدەبی دێن و بەشێوەیەک بەسەرت زاڵ دەبێت، هەروەها ئەم جۆرە بۆ وەرگر و نێرەری گوتاری پێشوو ئاڕاستە دەکرێت، بە ئامانجی گەیشتنی پەیامەکە بە جوانترین شێوە. دەتوانین بڵێین گوتاری ڕەخنەیی لەسەر گوتاری ئەدەبی بینا دەکرێت، بۆ ئەوەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی گوتاری ئەدەبی دەربخات.

### ٩-گوتاری ڕاستەوخۆ

ئەم جۆرە گوتارە بە بەرزترین پلەی بابەتیبوونی گوتار دادەنرێت، لەبەر ئەوەی وەک خۆی دەگوازرێتەوە، بەبێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕێت. (صلاح فضل، ١٩٩٢، ٩١). لەم جۆرەیاندا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دوور لە لێڵی واتا و مەبەست بابەتەکە دەردەخرێت، نێرەر دەیەوێت مەبەستی خۆی بەڕوونی و ئاشکرایی بە وەرگر بدات، بۆ ئەوەی ڕاستگۆ و ڕوون و ڕەوان بێت لەگەڵی، ئەم جۆرە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا بەکارهێنانی بەڕادەیەکی گەلێک زۆرە، هەروەها هەندێکجار لە گوتارە سیاسیەکانیشدا دەبینرێت.

### ١٠-گوتاری ناڕاستەوخۆ

دەربڕینی مەبەست و پەیامێکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر، ئەم جۆرە گوتارە لە میانەی گوتارێکی تردا دەردەکەوێت، بە شێوەیەک گەلێک (کۆد) یان مژاری تێدا بەرجەستە دەبێت.(صلاح فضل، ١٩٩٢، ٩٢). بەو واتایەی ئەم جۆرە گوتارە بە دوو ئامانج بەکاردێت، یان ئەوەتا نێرەر و وەرگر پاشخانێکی زانیارییان هەیە سەبارەت بەو بابەتە، یانیش نێرەر نایەوێت تەواوی زانیارییەکان بە وەرگر بدات، تەنیا بە سەرەداوێک یان بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەدات.

## ٦.٢: هۆکارەکانی دیاریکردنی ستراتیژییەتی گوتار

### ٢-٦-١:چەمکی مەبەست و مەبەستی گوتار

هەندێکجار زاراوەی (مەبەست) وەک هاوواتای (واتا) بەکاردێت، بەتایبەتی کاتێک مەبەستی ڕاستەوخۆ وەربگرێت، بەڵام هەر کاتێک مەبەستی شاراوە لە ئاخاوتن یان گوتن وەربگرین، لەوکاتەدا جیاوازی نێوان هەردوو زاراوە دێتە ئاراوە (شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، ٨٩). لە نموونەی وەک (کوڕەکە هات.). ڕستەکە کاتێک ڕستەی هەواڵگەیاندن بێت، واتا و مەبەست یەکدەگرن، بەمەش مەبەستەکە دەبێتە مەبەستێکی ڕاستەوخۆ، بەهەمان شێوە کاتێک هەمان ڕستەی سەرەوە بەگوێرەی دەوروبەر و بەکارهێنانی بە مەبەستی جیاواز، واتا و مەبەست جیاواز دەبن، واتا (هاوواتا) نابن، ئەمیش لەکاتێکدا ئەگەر مەبەستی ڕستەکە ئاگادارکردنەوە، ئامۆژگاری یان هەڕەشە بێت. بەشێوەیەکی گشتی مەبەست گرنگی بە ناوەڕۆک و ناواخنی واتایی دەدات، بەشێوەیەک نێرەر پێداگریی لەسەر چۆنیەتی ڕەچاوکردنی دەربڕین لە مەبەستی خۆی دەکات، هەڵبژاردنی ئەو ستراتیژییەتەی، کە بۆ گواستنەوە و ڕەچاوکردنی لەگەڵ دەوروبەرەکانی تر بەکاردەهێندرێت، هەروەها دەستنیشانی ئەرکی زمانی لە مەبەستدا دەکات، ئەویش بەڕێگەی کارلێکردن لەنێوان هەردوو لایەنی گوتاردا (مەبەست و واتا) بەشێوەیەک گونجاو بێت بۆ دەوروبەر و زانینی ڕەگەزەکانی تر (عبدالهادی بن ضافر الشهری، ٢٠١٥، ٢٤٠-٢٤١). لێکۆڵەران لە گرنگی مەبەست لە گوتاردا کۆکن لەسەر ئەوەی، کە مەبەست ناوەڕۆک و کرۆکی کردەی پەیوەندیکردنە.

لەبەر ئەوەی هیچ گوتنێک بۆ هیچ گەیاندنێک نییە لە ڕێگەی هێماکان، هێماکان بە تەنیا هیچ واتایەک نادەن، بەبێ هەبوونی مەبەست لەپشت کرداری پەیوەندیکردندا، پیتەکان چەند هێمایەکی بێگیانن و لە ڕێگەی مەبەستەوە گرنگی و پایە پەیدا دەکەن (عەدنان مەهدی، ٢٠١٧، ٥٠). مەبەست لە ناخ و ژیری نێرەردا هەیە و پەیوەندییەکی بەتین هەیە لەنێوان فەلسەفەی زمان و مێشکدا، کە زمان دەربڕییەتی، بەمەش نێرەر باشترین شێواز هەڵدەبژێرێت بە ڕێگەی ڕەچاوکردنی یاسا پێکهاتیەکانی زمان و دەوروبەر، سەرەڕای ڕەچاوکردنی ئەو بابەتانەی، کە گوتاری پێ ڕێکدەخرێت، بە ئامانجی کاریگەری زیاتر خستنەسەر بەرانبەر و کارلێککردنی، وەرگرتنی مەبەستەکە بەشێوەیەکی تەواو لەلایەن وەرگرەوە.

### ٢-٦-٢: دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات

دەسەڵات یەکێکە لەو چەمکانەی پێناسەکردنی کارێکی قورسە و بە ئاسانی ناپێکرێت، هەروەها دەسەڵات یەکێکە لەو چەمکە قورسانەی لە گوتاردا شێوازێکی ئاڵۆزی هەیە و دەستنیشانکردنی کارێکی ئاسان نییە. (دەسەڵات بە واتای دەستڕاگەیشتنی تایبەتە بە سەرچاوە کۆمەڵایەتییە بەهادارەکانی وەک (دارایی، پیشە، پێگەی کۆمەڵایەتی، ...) (ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١١، ١٢). لەلایەکی ترەوە دەسەڵات ئەو مافەیە لە فەرمانکردندا پێویستی بە فەرمان و فەرماندەر و فەرمان وەرگر هەیە، بەمەش فەرماندەر مافی بەسەر فەرمانی وەرگردا هەیە، لێرەدا لەسەر فەرمان وەرگر پێویستە ڕێز لە فەرماندەر بگرێت و فەرمانەکەی جێبەجێ بکات

(عبدالهادی بن ضافر الشهری، ٢٠١٥، ٢٧٨). ئەم پێناسەیە بۆ دەسەڵات بە پێناسەیەکی لاواز دادەنرێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی قوچەکی و ڕیزبەند ڕیز نەکراوە، کە لەسەرەوە بەرەو خوار فەرمان بکات و ئەوانی دی جێبەجێی بکەن. تێڕوانینی (میشێل فۆکۆ) بۆ دەسەڵات بە شێوەیەکە بە پەیوندیەکی هێزی دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی پێی وانییە دەسەڵات کۆمەڵێک ڕێکخراو و دەزگا بن، کە هاولاتی بکەوێتە ژێر فەرمانی ئەوان، لەلایەکی ترەوە هاوکێشەیەک نییە بۆ ولات و حکومەت، کە توندوتیژی بەکاربێنێت، بەڵکو پێیوایە دەسەلات کۆمەڵەیەکە لە پەیوەندی هێزی لەناو ستراتیژییەتە دەستنیشانکراوەکاندا، کە دەچێتە ناو دامەزراوەکانی ولات و ڕاستکردنەوەی یاسایی و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە (عەدنان مەهدی، ٢٠١٧، ٥٢). بەمەش دەسەلات لەلای (فۆکۆ) گرێدراوە بە هێزەوە و هەر پەیوەندییەکی هێزی بە بڕوای ئەو دەبێتە پەیوەندی دەسەلات. زۆرجار لێکۆڵەران گوتار بە دەسەلات دادەنێن، لەبەر ئەوەی دەسەلات ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕاڤەکردن و بەرهەمهێنانی گوتاردا دەگێڕێت، هێزی پێکهاتن و تەواوکردن دەدات بە گوتار (بسام عبدالرحمان المساقبة، ٢٠١٤، ١٣٩). مەترسی ئەو ئامڕازنەی کە دەسەلات بەکاریان دەهێنێت لە ڕێگەی گوتارەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئامڕازەکانی حکومکردنی دەرەوەی ئەو وشەیەی، کە لە گوتاردا دەربڕاوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کرداری ڕێکخراوی ناوەوەی گوتار (عذة شبل محمد، ٢٠١٧، ٧٧). هەموو ئەو واتایانەی، کە لە خودی دەرەوەی وشەکە لە گوتاردا هەڵیگرتوون، هەمان ئەو واتایە نییە، کە ناوەڕۆکی پەیامەکە لە ڕێگەی چەمک و ناوەڕۆکی گوتارەکە لەخۆی گرتوون، واتا لە ئاستی دەرەوەدا هەموو مانا و مەبەستەکانی گوتار دەرناکەون کە نێرەر دەیەوێت بینێرێت، بەلام لە ئاستی ژێرەوەدا کۆمەڵێک مەبەست و مانا و پەیامی جیاواز لەخۆ دەگرێت لە ڕووی ئامانج و ویستی نێرەر بۆ وەرگر. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا گوتار ئامڕازە بە دەست دەسەلاتەوە؟ لە بایەخدانی گوتار (فۆکۆ) بە دەسەلاتی گوتار هێڵی یەکلاکەرەوەی نێوان گوتار و دەسەلات دیاری دەکات، کە گوتار ڕەنگدانەوەی دەسەلات نییە، ئامڕازیش نییە بە دەست دەسەلاتەوە، بەڵکو لەنێو خودی گوتاردا دەسەلات پێکدەهێنێت، هەروەها گوتار ناکەوێتە بەردەم دووڕیانی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە، بەڵکو گوتار دابەشی سەر مەعریفە و دەسەلات دەبێت (غازی حسن، ٢٠١٦، ٦٦).

### ٢-٦-٣: ڕەهەندەکانی دەسەلات

#### أ. دەسەلاتی زمان

سەبارەت بە دەسەلاتی زمان، دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک یاسا و سیستەمی دیاریکراوی پێکەوە گرێدراون، ئەوەی لەسەر نێرەر پێویستە دەبێت ڕەچاوی ئەو سیستەم و یاسایانە بکات، بە تایبەتی لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگسازیدا (عبدالهادی بن ضافر الشهری، ٢٠١٥، ٢٨٢). بە ئامانجی تۆکمەیی گوتار و پڕاوپڕی لە واتا و مەبەست بۆ کەسی بەرانبەر، بۆ ئەوەی زمانەکە هەڵگری چەمکی دەسەلات و توانست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرەکانی دەوروبەر دەسەلاتیان لەسەر نێرەر هەیە، نێرەریش دەسەلاتی بەسەر دەوروبەری خۆیدا هەیە، بەلام دەسەلاتەکە بە شێوەیەکی ڕەهایی نییە، چ کاتێک نێرەر بیەوێت ئەنجامی بدات، بەمەش

دەسەڵاتی زمانی بەسەر دیار دەبێت، سەرەڕای ئەمەش نێرەر دەتوانێت هەندێک ڕەگەز بەبێ زمان بەکاربهێنێت، بەڵام ناتوانێت تەواوی ئامانجەکان بە دەستەوە بهێنێت، بەبێ بەکارهێنانی زمان، وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی و گرنگ لە کارلێککردنـدا لەگەڵ وەرگـردا (بسـام عبدالرحمان المساقبە، ٢٠١٤، ١٣٩). ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر دەسەڵاتی نێرەر و ئەو دەستکەوتانەی لەڕێگەی هەندێک کردەی زمانی بەدەستدەهێنێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە دەسەڵات و پێکهاتەی دەسەڵات واتا ڕاستەقینەکەی لە دەرەوەی زمان و گوتار و پەیوەندیکردندا دەرناکەوێت (غازی حسن، ٢٠١٦، ٧٠). ئەمەش ئەوە دەردەخات هیچ دەسەڵاتێک بەبێ زمان نابێتە توانستێکی کاریگەر، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە زمانی گوتن و نێرەر و وەرگر و دەوروبەر، بەکارهێنانی زمانی جەستە و یەکەکانی پەیوەندی ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە دەرخستنی دەسەڵاتی زمان لەلای نێرەر، ئەمەش کاریگەری زیاتر و باوەڕی زیاتر لەلای وەرگر دروست دەکات، بۆ باوەڕهێنان و ڕازیبوون بەو مەبەستەی، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێتە بەرانبەر.

**ب . دەسەڵاتی نێرەر**

نێرەر وەک لایەنی یەکەم و سەرەکی لە پەیڕەوی گەیاندندا، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە یەکەی پەیوەندیکردندا، سەرچاوەی ئاخاوتنە، بەبێ نێرەر گوتار بوونی نابێت، لەوەوە کردەی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت، لێرەدا لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی زمان، وەک ئاماژەمان پێکرد، کە کارەکتەرێکی سەرەکییە لە گوتاردا و توانست هەیە بۆ پەیڕەوکردنی یاساکانی زمان و پێکەوە گرێدانیان، ئەمەش بە توانای پەیوەندیکردن دادەنرێت، کە ئامانجی نێرەر لە بەکارهێنانی توانای پەیوەندیکردن بۆ ئەوەیە کاریگەری لەسەر ڕەوشتی ئەوانیتر و ناساندنی خود بە نێرەر و بە کۆمەڵگە بەرزکردنەوەی توانای خۆی دەربخات (عبدالهای بن ضافر الشهری، ٢٠١٥، ٢٨٣). دەسەڵاتی نێرەر بە ئاستێکی بەرزتر لە کەسانی دەوروبەری خۆی دادەنرێت، بەوەی توانای فەرماندانی، یان ئاڕاستەکردنی بۆ کەسی بەرانبەر هەبێت، یان بەنجامدانی کارێک، بۆ ئەوەی نێرەر بتوانێت کارامەیی زیاتر بنوێنێت لە گوتاردا، پێویستە وەبەرهێنان بکات لە تواناکانیدا بەو ئامرازانەی، کە بۆی فەراهەمکراون، هەروەها قابیلی ڕاگۆڕینەوەبن، لەوانەش گۆڕانکاری لە ئاستی دەنگ، ئاستی ڕێکخستن، گۆڕینەوە و پەیوەندییە فەرهەنگییەکان، بەم کارەی نێرەر دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەرانبەر دروست بکات. پێویستە نێرەر بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرکەوتوو هێزی گوتارەکەی کار لە وەرگر بکات و دەبێت شارەزایی لە پەیام و چۆنیەتی گەیاندنی مەبەستەکەی و گۆڕینی ئاڕاستەی وەرگر بەرەو ئەرێنی بێت، ئاگاداری چۆنیەتی دەستپێکردن و ناوەڕۆک و کۆتایی پەیامەکە و هەڵبژاردنی کات و شوێنی گونجاو بێت (غازی حسن، ٢٠١٦، ١٢). ئەمانە وا دەکات دەسەڵاتی زیاتر لە نێرەردا ڕەنگبداتەوە و بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ئامانج و مەبەستی گوتارەکەی بگەیەنێتە وەرگر، بۆیە ناکرێت نێرەر دەستەواژەیەک یان دەربڕینێک لەناو گوتاردا بێ، کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت یان بێ واتا بێت.

**ج . دەسەڵاتی وەرگر**

وەک لەپێشتر ئاماژەمان بە دەسەڵاتی زمان و نێرەردا، وە نەبێت وەرگر بەرانبەر بە زمان و نێرەر دەستەوەستان بێت، تەنیا جێبەجێکاری فەرمانەکانیان بێت، لە خزمەتیاندا بێت، وەرگریش بە هەمان شێوە دەسەڵاتی خۆی هەیە، لەوانەیە ئەو چەندە تێگەیشتنی لەگەڵ دەسەڵاتی کلاسیک و کۆن نەگونجێت، بەڵام دەرکەوتنی دەسەڵاتی وەرگر، کە پلەی لە نێرەر بەرزترە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان تەمەن، کاتێک نێرەر ستراتیژییەتی گونجاو بۆ گوتار هەڵدەبژێرێت بە بەکارهێنانی نازناو و ڕێزگرتن و وەسفکردن و پیاهەڵدان، دەسەڵاتی وەرگر دەردەکەوێت (عبدالهادی بن ضافر الشهری، ٢٠١٥، ٢٧٦). وەرگر دەسەڵاتی بەسەر نێرەر زیاتر دەبێت، ئەگەر پلە و پایەی گەورەتر بێت، بەمەش نێرەر هەوڵدەدات کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژە و نازناوی بەڕێز بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی مەبەستی دەربڕین و ئامانجەکانی بپێکێت، هەریەک لەم دەربڕاوانەش ڕێز و بەرزڕاگرتنی کەسی بەرانبەرە، سەرەڕای ئەوەی مافی بەدەستهێنراوی وەرگرە. وەرگر بەشداری سەرەکی پێکهاتەی گوتارە، دەبێت نێرەر پێش ئەوەی گوتارەکەی بدات بیر لە پێگە و بوون و کاردانەوەی وەرگر بکات، لەبەر ئەوەی لەلای هەر نێرەرێک وەرگرێک بوونی هەیە، نێرەر لەکاتی گوتاردا تایبەتمەندی و پێگەی وەرگر لەبەرچاو دەگرێت، بەشێوەیەک لە هەڵبژاردنی وشەکانی زمان و توانای بەکارهێنانی زمان، کە بە دەسەڵاتێکی زیاترەوە دەربکەوێت. وەرگر بە هەمان شێوەی نێرەر ڕۆڵ دەبینێت، چونکە وەرگری کارا و سەرکەوتوو لە ڕێگەی کردنەوەی کۆدی مەبەستەکانی نێرەر کاردانەوەیەکی گونجاو پیشانبدات، هەروەها پێشینەی لەبارەی بابەتەکە هەبێت و خوێنەر و گوێگرێکی باش بێت (غازی حسن، ٢٠١٦، ١٣). لە سەرەتای زۆرێک لە گوتارەکاندا نێرەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەستەواژە و دەربڕاوەوە دەسەڵات و پێگەی وەرگر دەردەخات، بەوەی وەرگر خاوەن پلەیەکی بەرز بێت و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە کار و کاردانەوەدا، ئەویش بۆ نموونە، بەرپرسان هەمیشە ئەم دەستەواژانە بەکاردەهێنن: (ئامادەبووانی هێژا). (میوانانی قەدر گران). (پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان). (کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان). بەکارهێنانی جۆرێک لەم دەستەواژە و دەربڕاوانەی سەرەوە لە گوتاردا دەرخەری دەسەڵاتی وەرگرە، نێرەر ناچارە لە وەرگر وەریان بگرێت، کاتێک گوتارەکەی پێشکەشدەکات هەر لەبەر ئەمەشە بەم شێوەیە گوتارەکەی ئاراستەی وەرگر دەکات.

**د. دەسەڵاتی کۆمەڵگە**

دەسەڵاتی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی دەسەڵات بۆ هەریەکە لە (زمان، نێرەر، وەرگر). ڕێگە نادات ئەو ڕستە و گوتنانەی لە کۆمەڵگەیەکدا گونجاو نین، هەروەها لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵگە نەگونجێن یان تابۆن بدرکێندرێن، هەروەها ڕێگە بە دەربڕین و بڕیار و بەڵێنێک نادات، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی نێرەر و وەرگردا بێت، بەڵام زۆرجار زۆرێک لە مەبەستەکان ناچارن دەرببڕێن، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی (سێکسی، تەندروستی، سۆزداری) هەیە، (ئەمە دیاردەیەکی ڕەوشتییە، ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی پێگە و کەسایەتی وەرگر و کۆمەڵگەیە لە بارودۆخی خۆشەویستی

یان تێکچوونی بارودۆخی تەندروستی و نەخۆشی...) (بسام عبدالرحمان الساقبة، ٢٠١٤، ١٤٣). لە کلتووری کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرجار زۆرێک لە دەربڕاوەکان، کە تابۆن، بە دەربڕینێکی جوانتر و ڕەوشتیانەتر دەردەبڕدرێن، کە هەڵگری هەمان پەیام و مەبەستن، بەڵام بۆ کەسی بەرانبەر و خودی کەسەکەش جێگای دڵگرانی نین، وەک، (مرد - کۆچی دوایی کرد) (نەخۆشی پیس - شێرپەنجە) شوێن وەک ڕەگەزێکی گرنگی کۆمەڵگە دەسەڵاتی خۆی هەیە و ڕەگەزێکی گرنگی دەوروبەرە، کە ئازادی دەداتە نێرەر لە بەرهەمهێنانی گوتارەکەیدا (عبدالهادی بن ضافر الشهری، ٢٠١٥، ٢٨٦-٢٨٧). دەسەڵاتی کۆمەڵگە ڕێگە بە هەموو گوتارێک و پەیڤ و دەربڕاوێک نادات، بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرببڕین و ئاڕاستەی وەرگری بکات، بەمەش دەبێت ڕێز لە وەرگر و پیرۆزیی و دابونەریت و ئەو شوێنەی گوتارەکەی تێدا دەدرێت بگرێت و ڕەچاوی بارودۆخ و پێگەی ئەو کەسانە بکات کە گوتارەکەی ئاڕاستە دەکات.

### ٧.٢: دەوروبەر

#### ١.٧.٢: مێژووی دەوروبەر

داهێنەری زاراوەی دەوروبەر (مالینۆفیسکی)یە، لە سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی گرنگیدان بە کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەرەیسەند، بەڵام ئەم زاراوەیە لەسەر دەستی (فێرس) پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، ڕەگ و ڕیشاڵی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی زمانەوانیی ئینگلیزی، کە لەو سەردەمەدا گەلێک لێکۆڵینەوەی باش و ڕێکوپێک لە بواری بابەتی زمانەوانی ئەنجامدراون. (فەهمی حسن، ٢٠١٣، ٤٥). ئەمەش تەنیا وەنەبێت بەرهەمی کاری چەند کەسێک بێت، زۆرێکی تر لە زمانەوانانی وەکو (هالیدەی، ڕۆبنز، بازل، کاتز، فودر، ...) ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە بەشداریکردن و بەرەوپێشبردنی ئەم بابەتە، لە ڕووی لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان. (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠٠٨، ٢٧).

لە زمانەوانیی نوێدا ڕۆڵی دەوروبەر لە دەستنیشانکردنی واتادا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەوەی دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی واتادا، سۆسێر ئاماژە بەوە دەکات کاتێک پەیڤێک لە دەوروبەرێکدا دێت، بەها و نرخی دیار نابێت، بەبێ هاوکاری ئەو پەیڤانەی لە پێشوودا کراون یان لە دوایدا دەکرێت، یان پێکەوە. (فردینان دی سوسێر، ١٩٩٨، ١٨٦). دەوروبەر بە یەکێک لە بنەما کاریگەر و گرنگەکانی سیستەمی گەیاندن دادەنرێت، بەهۆیەوە کردەی گەیاندن ئەنجام دەدرێت، دەوروبەر چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زماندا هەیە لە ئێستا و لە ڕابردوودا (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٢٨). بەمەش بواری دەوروبەر فراوانە، وەک دەوروبەری بەرهەمهێنانی دەق، دەوروبەری دەق، دەوروبەری وەرگر و دەوروبەری ئاخاوتن. (باوەڕ بوون بەوەی کە واتا تەنها لە چوارچێوەی ئاخاوتندا بێت، تێگەیشتنێکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئاخاوتن و دەوروبەر دوو ڕەگەزی هاوتەریبن و هیچ دابڕانێک و جیاکارییەک لەنێوانییاندا نییە). (ئالان محەمەد، ٢٠١٥، ٥٢). هەر لەم بارەیەوە (ولیام ئوهیندریک) دەڵێت: (ناتوانرێت ڕستەیەک تەنیا خۆی ڕاڤەبکرێت، بە ڕاڤەکردنێکی واتادار، ئەگەر لە چوارچێوەی بونیاتی هەموویدا نەبێت) (هۆگر

مەحمــود فەرەج، ٢٠٠٥، ١٢٧). لەبەر ئەوەی واتـــای شـــاراوەی وشـــە و ڕســـتەکان لە کـــاتی بەکارهێناندا دەردەکەون. (فندرس) لە بارەی گرنگی دەوروبەر دەڵێت: (بریتییە لە دیاریکردنی بەهای پەیڤ، هەروەها سەپاندنی بەهای ئەو پەیڤەیە بەسەر پەیڤەکەدا، زێدەباری ئەو واتا جۆراوجۆر و ئەو واتایانەی لە توانای پەیڤەکەدا هەن، کە واتا بدەن، بەمەش دەوروبەر پەیڤەکە لە دەلالەتی ڕابردوو ڕزگار دەکات، کە ئەو دەلالەتە کاریگەری لە بیرۆکەی وەرگر دەکەن) (فەهمی حسـن، ٢٠١٣، ٤٨). بەمەش دەوروبەر گرنگی دەداتە پەیڤەکە و ئەو گرنگیدانەش لە دیاریکردنی واتای ئەو پەیڤە دەردەکەوێت، جگە لە دیاریکردنی واتای دەوروبەر، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی هەیە لە شرۆڤەکردنی واتا، هەروەها هیچ ئاڵۆزی و تەمومژییەک لەو پەیڤەی گوتراوە ناهێڵێت و دایدەماڵێت لە واتای لاوەکی جۆربەجۆر. (لاینز) دەڵێت: (ئەو دەوروبەرەم بدێ، کە وشەیەکی تێدا بەکارهاتووە، واتاکەت دەدەمێ) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٤، ٢٤). بەمەش دەوروبەر خاوەن پێگەیەکی بەرفراوانە لە چوارچێوەی ئەو شتانەی لە زماندا بەکاردێت، هەر کەرەستەیەک لە زماندا بەکاربێت و لە هەر دەوروبەرێکدا بێت، جۆرە واتایەکی هەیە، بەمەش گرنگی دەوروبەر دەردەکەوێت، کە (تاکە ڕێگایە، واتای فەرهەنگی، واتای مەبەستمان بۆ ڕوون دەکاتەوە) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٤، ٢٤). دەتوانین بڵێین دەوروبەر تەنیا ڕێگایە مرۆڤ بتوانێت واتای گوتنی دەربڕاو ئاشکرا بکات، مەبەستی کەسی بەرانبەر (نێرەر) بە ڕوونی بە گوێی (وەرگر)دا بگات.

**٢.٧.٢: جۆرەکانی دەوروبەر**

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر دەوروبەر هەن:

**١-دەوروبەری زمانی**

دەوروبەری زمانی بە یەکێک لە جۆرە سەرەکییەکان دادەنرێت، ئەم جۆرە وەک پێوەرێک لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی زۆرێک لە پەیوەندییە واتاییەکان وەک هاوواتا و گرتنەوە و هاوبێژ دادەنرێت، بەمەش دەوروبەری زمانی بریتییە لەپاڵیەکهاتنی یەکەکانی زمان و دەرکەوتنیان بە یەکەوە، واتا کاتێ دەکەونە پاڵ یەکتر، ناتوانین وەسفیان بکەین، تەنیا بەهۆی سەرنجدانی ئەو یەکانە نەبێت، کە دەکەونە پاڵ یەکەوە (فەهمی حەسەن، ٢٠١٣، ٥٣). ئەم جۆرەیان پشت بەوە دەبەستێت ئەو یەکانەی دەکەونە پاڵ یەکتر، ناتوانن وەسفیان بکەن، تەنیا ئەگەر بە ڕێگای سەرنجدانی ئەو یەکانە نەبێت، ئەوانەی دەکەونە پاڵ یەکتر، بەمەش دەوروبەری زمانی (وشە، واتاکەی لە ڕەگەزە زمانییەکان وەردەگرێ) (تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١١، ٤٥). چونکە کاتێک وشەکان دەچنە ناو ڕستەکانەوە، چینێکی زمانی دروست دەکەن، کە هەریەکەیان پشت بەوی تریان دەبەستێت، لێرەدا دەوروبەری زمانی کۆی بەکارهاتووی ڕەگەزە جیاوازەکانی زمانە، کە دەقی لێ بەرهەم دێت، لە ڕێگەی وشەکانەوە پەیوەندی دروست دەبێت، لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو واتا (واتای فەرهەنگی، واتای دەوروبەری زمانی). (ئەو واتایەی فەرهەنگ دەیخاتە ڕوو واتایەکی گشتییە، بەڵام ئەو واتایەی دەوروبەری زمانی دەیخاتەڕوو، بۆ وشەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە و شایەنی هەمەجۆری و گشتگیری

نییە). (ئالان محەمەد، ٢٠١٥، ٥٤). ئەمەش نێرەر ناچار دەکات پەنا بباتە بەر دەوروبەری زمانی، بۆ لێکدانەوەی مەبەستی دەربڕاوەکان.

**٢-دەوروبەری نازمانی**

بە تەنیا پشتبەستن بە دەوروبەری زمانی، کە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە ڕوونکردنەوەی واتادا بەس نییە، چونکە ناتوانێت بە تەنیا تێگەیشتنی گشتگیر بۆ تەواوی هەموو دەربڕاوە زمانییەکان بەدەستەوە بدات، بۆیە لەتەک دەوروبەری زمانی، دەوروبەری نازمانی دەتوانێت تەواوکەری تێگەیشتنی گشتگیری تەواوی هەموو دەربڕاوە زمانییەکان بدات. مەبەست لە دەوروبەری نازمانی، ئەو دەوروبەرەیە، کە پڕۆسەی تێگەیشتنی تێدا ئەنجام دەدرێت، کات و شوێنی ئاخاوتن و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران و نەریتی هاوبەشی نێوانیان لەگەڵ ئەو دەربڕینانەی پێش ئاخاوتنەکە دەگرێتەوە. (شوان نجم الدین، ٢٠١٣، ٩٢). (فێرس) ئەم دەوروبەرەی ناو ناوە دەوروبەری هەڵوێست، بەوەی ئەو کۆمەڵە توخمەی، کە هەڵوێستێکی زمانی پێکدەهێنن، ئەو توخمانەش کەسایەتی قسەکەر و گوێگر، هەروەها باری کلتوری و کەسانی تری ئامادەبوو لە ئاخاوتنەکە ئەگەر هەبوو، هۆکار و دیاردەی کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندییان بە ڕەفتاری زمانی ئەو کەسانەوە هەیە، کە بەشداری لە ئاخاوتنێکدا دەکەن، وەک باری کات و کەش و هەوا و باری سیاسی و شوێنی ئاخاوتنەکە دیاری دەکات (بەدرخان سلێمان، ٢٠١٥، ٢٤). ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە (دەوروبەری نازمانی یان هەڵوێست یا بار). چەند دەوروبەرێک لە خۆ دەگرێت، وەک: (دەوروبەری سۆزداری، دەروونی، فیزیکی، کلتووری).

**أ.دەوروبەری سۆزداری**

ئەم جۆرە دەوروبەرە پابەندە بە پلەی ڕادەی هەڵچوونی کەسەکەوە، لەبەر ئەوەی هیچ یەکێک لە هێمای زمانی بوونی بۆ دانانرێ و دیاری ناکرێت، ئەگەر بێتو لایەنێکی دەروونی لە پشت ئەم جۆرە هێما زمانییە نەبێ، هەر ئەمەشە دەستنیشانی پێش گوتن و پاش گوتنەکە دەکات. (سازان رضا معین، ٢٠٠٥، ٦٦). کەواتە ئەم جۆرە دەوروبەرە ئەرکی دەرخستنی ئەو وشانەی هەڵگری بیر و چەمکی سۆزدارین دەگرێتە ئەستۆ، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بەهۆی ئەم دەوروبەرەوە (دەتوانرێت مەبەستی قسەکەر لەناو دەربڕینێکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت، بە گوێرەی پلەی بەهێزی و لاوازی هەڵچوونەکە) (شوان نجم الدین، ٢٠١٣، ١٠). ئەمەش ئاماژەیە، کە هەموو ئەو دەربڕینە زمانی و نازمانیانەی قسەکەر دەریدەبڕێت، ئاماژە و هەڵگر و ڕەنگدانەوەی دەروونی ناوەوەی قسەکەرە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە لەڕێگەی ئەو دەوروبەرە دەتوانرێت سروشتی بەکارهێنانی وشەکان لەنێوان واتا بابەتییەکەی (واتای گشتی) و واتا سۆزدارییەکەی (واتای تایبەتی) جیابکرێتەوە. (ئالان محەمەد، ٢٠١٥، ٥٧). ئەمەش بەهەمان شێوەی ڕێژەی هەڵچوونی کەسەکە و کاردانەوەکانی، بە گوێرەی دەوروبەری سۆزداری واتای وشەی (ڕق لێبوونەوە) جیاوازە لەگەڵ واتای وشەی (خۆشنەویستن، حەز پێنەکردن).

**ب. دەوروبەری هەڵوێست (فیزیکی)**

مەبەست لە دەوروبەری هەڵوێست ئەو بارودۆخە دەرەکیانە دەگرێتەوە، کە وشەی تیادا بەکاردەهێنرێت، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کلتووری و دەروونی قسەکەرانەوە پەیوەستن (سازان رضا معین، ۲۰۰۵، ٦٧). مەبەست لە بارودۆخە دەرەکییەکان ئەو کات و شوێن و هەڵوێستانە دەگرێتەوە، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ڕوودەدات. لەم جۆرە دەوروبەرەدا نێرەر ناچار دەکرێت لە میانەی بەکارهێنانی ئەو وشانە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، چەمکی ڕێز یان ترس، لە واتای ڕاستی خۆیان بۆ واتای خواستراو لادەدەن، یان بە شێوەیەکی ئاماژەیی دەردەبڕدرێت (ئالان محمد، ۲۰۱۵، ٦١). پەیامێک ئاڕاستەی کەسی وەرگر دەکرێت، کە هەڵگری جۆرێک لە فەرماندانە. جگە لە بەکارهێنانی ئەو ئاماژە و هێمایانەی ڕۆڵیان لە لێکدانەوەی واتا و مەبەستی دەربڕاوەکەدا هەیە، پێویستی بە زانیاری هاوبەشی نێوان بەشداربووانە (شوان نجم الدین، ۲۰۱۳، ۹). لەبەر ئەوەی واتای وشە دەربڕاوەکان بە زۆری پشت بە زانیاری و شارەزایی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر دەبەستێت، بە ئامانجی تێگەیشتنی وەرگر لە پەیامی نێرەر، بۆنموونە (جگەرە کێشان قەدەغەیە). ئەم دەربڕینە سەرەوە جۆرێک لە ڕووقایمی و ڕووشکێنی تێدایە، بەڵام ئەگەر بەپێی دەوروبەری هەڵوێست لێی بڕوانین، ئەگەر لەسەر شوێنێکی وەک، (بەنزینخانە، خواردنگە، کتێبخانە) نووسرابێ، ئەوا بە جۆرێک لە نەرم و ئاسایی دێتە پێش چاو. (ئارام عەبدولواحید، ۲۰۱۳، ۲۱۹).

**ج. دەوروبەری کەلتووری**

دەوروبەری کەلتووری بە ژیانی کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە، یان پەیوەندی بە کەلتووری کۆمەڵگە، ئایین یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیەوە هەیە (شێرزاد سەبری، ۲۰۱۱، ۱۰۷). لەلایەکی ترەوە مەبەست لەم دەوروبەرە (بریتییە لە دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و وەرگر، ئایا (هاوەڵن، نەناسن، برا، ...) (سازان رضا معین، ۲۰۰۵، ۷). واتا دەرخستنی جۆری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان نێرەر و وەرگردا هەیە، چ جۆرێکە لە ئاستی ڕۆشنبیری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن. دەوروبەری کەلتووری تەنیا زانیاری و توخمە هەنوکەییەکانی نین، کە لە ساتی ئاخاوتندا ئامادەییان هەیە، بەڵکو ئەو زانیاری و توخمە هزریانەش دەگرێتەوە، کە لە یادگەی نێرەر و وەرگردا هەن. (دیار عەلی کەمال، ۲۰۰۹، ۱۳). بەو واتایەی دەرخەری پاشخانی بیر و دەروونی نێرەر و وەرگرن، نەک تەنیا دەرخەری ئەو ئاخاوتنە بن، کە لە کاتی دەربڕیندا دەریان بڕیون، لەگەڵ ئەوەشدا (ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەو دەربڕینانەی دەربڕاون دیاری دەکرێن. (فەهمی حسن، ۲۰۱۳، ٥٨)

**د.دەوروبەری کۆمەڵایەتی**

ئەگەر سەیری زمان و هەڵوێست و ڕەوشت و سۆز و ڕۆشنبیری بکەین، بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەک دەستنیشان بکرێت، مەبەست لەم دەوروبەرەش (دەستنیشانی جۆری پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگردا دەکات، کە ئایا (هاوەڵن، نەناسن، بران، ئامۆزان، ژن و مێرد، ...هتد) (سازان رضا معین، ۲۰۰۵، ۷۲). هەریەک لەمانەی سەرەوە شێوەی ئاخاوتنیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازە، ئەمیش لەبەر ئەوەی کۆمەڵ دەوری دەبێت لە گۆڕانی واتای وشە بەپێی دەوروبەری

کۆمەڵایەتی، کە لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەربڕاوەکان دەکات و واتاکەی دەگۆڕێت. بۆ ئەوەی گفتوگۆکان وەک کردەوەیەکی ئاخاوتن لە چوارچێوەیەکدا بەهای خۆرسک وەربگرن، کۆمەڵێک یاسا و پێوەر هەن، دەبێت ملکەچ بن بۆیان، کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، لێرەدا دەوروبەری کۆمەڵایەتی (هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانە لە خۆ دەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە لە کردەیەکی گەیاندندا دەبەستێتەوە) (ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٩، ١٤٢). ئەمەش بەپێی ڕەچاوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر ڕێگا بە بەکارهێنانی هەندێک دەربڕاو دەدرێت، وەک:

**چاییکم بۆ بهێنە.**

**بەڕێوەبەر ڕاستگۆ بە.**

لە ڕستەی یەکەمدا ئاست و پێگەی دەسەڵاتی نێرەر زیاترە لە وەرگر، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بە پێچەوانەی ڕستەی یەکەمەکە، پلە و ئاست و دەسەڵاتی وەرگر زیاترە لە نێرەر، ئەمەش بە گوێرەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی پەسەند نییە، ڕەچاوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەکراوە، هەر چەندە ڕستەکە لە ڕووی فۆرمی ڕێزمانی ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە تەواوە.

**هـ.دەوروبەری بابەتی**

بەکارهێنانی وشەیەک، کە یەک فۆرمی جیاوازی هەیە، بەڵام بەپێی دەوروبەری ڕۆشنبیری جیاواز واتاکەی دەگۆڕێت، ئەمەش زیاتر لەناو ئەو گروپ و کۆمەڵە و خەڵکی سەر بە پسپۆڕی جیاواز دەردەکەوێت (سازان رضا معین، ٢٠٠٥، ٦٧). لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشەمان هەیە. کە یەک فۆرمیان هەیە ، بەڵام لە ژینگەی جیاوازی پسپۆڕ و بواری تایبەت بەکاردێت.

وشەی (ڕەگ) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بە واتای ئەو بەشەی دەوەنەی ڕووەک دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە ژێر خاک و ئەرکی مژینی ئاو و خۆراکە، بەڵام لە زۆر بواری جیاواز بەهۆی بەکارهێنانی جیاواز واتاکەی دەگۆڕێت، وەک: (ڕەگی کار، لە بواری زمان، بۆ نموونە: ڕەگێکی شێتی تێدایە، دەمارێکی شێتی تێدایە. ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەی ئێمە، ئەسل و ئەساسی بنەماڵەی ئێمە).

**و.دەوروبەری دەروونی**

لەکاتی هەر کردەیەکی ئاخاوتندا، کۆمەڵێک هۆکاری دەروونی لەپاڵ ئەو دەربڕاوە هەن کە دەربڕاوە، بەشێوەیەک ئەو کردەیە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری دەروونی قسەکەر دێتە ئەنجامدان، مەبەست و ئارەزووەکانی پشت کردەی زمانی دەبنە دۆخی زەینی بەرپرس، لە پرۆسەی گەیاندنی واتادا، ئەم کردەیەش بەشێوەیەکی گشتی جۆرێک لە دەوروبەر بۆ گوتار دروست دەکات و بە دەوروبەری دەروونی دەناسرێتەوە (دیار عەلی کەمال، ٢٠٠٩، ١٦). واتا لەم دەوروبەردا هەر ئاخاوتنێک دەربڕینی وێنەیەکی ناوەیە و دەرخەری دەلالەتی دەروونی شاراوەی ناخی قسەکەر (نێرەر)ە. لە دەوروبەری دەروونیدا جگە لەو مەبەستەی پشت دەربڕینەکە، کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە هاوکاری لە یارمەتیدانی پرۆسەی گەیاندندا دەکەن (بەرزی و نزمی و لاوازی دەنگی ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی پەیامەکەدا دەگێڕن) (فەهمی حەسەن، ٢٠١٣، ٥٥). سەرەڕای ئەمەش بەکارهێنانی ئەندامانی لەش لەکاتی گوتاردا، ڕۆڵێکی

کاریگەر بۆ واتای دەربڕینی ناخی قسەکەر و زیاتر هاندانی وەرگر لە وەرگرتنی واتای بیری ئاخێوەر و تێگەیشتنی لایەنی دەروونی نێرەر دەبینێت.

**ی.دەوربەری زانیاری**

ئاماژە بەو دەوروبەرە زانیارییانە دەکات، کە قسەکەر لەبارەی دونیاوە دەیزانێ (سازان رضا معین، ٢٠٠٥، ٧). زانیارییە دونیاییەکان لەلایەن نێرەرەوە هەڵدەگوێزرێنەوە و بۆ وەرگر لەمەشدا وەرگر دەنێردرێت، بەپێی ئەو پاشخان و بنەمایانەی لەگەڵ نێرەردا هەیەتی، پەیامەکە شیدەکاتەوە، وەک:

**چویە قوتابخانە؟**

**ئەمرۆ هەینی بوو.**

نێرەر پرسیارێکی لەبەرانبەرەکەی کردووە، کە (چۆتە قوتابخانە). بەڵام وەرگر لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەمرۆ هەینی بوو). هەر چەندە وەڵامەکە وەک فۆرم وەڵامی پەیامەکەی نێرەر نەبوو، کە دەکرا وەرگر لە وەڵامدا وتبای (ئەمرۆ دەوام نەبووە). بەڵام بە پشتبەستن بەو زانیارییە دونیایی و زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە نێوان وەرگر و نێرەردا هاوبەشن، نێرەر بە وەڵامەکە ڕازی دەکات و پێی دەڵێت: (ئەمرۆهەینی بوو). واتا (هەینی) لە دام و دەزگاکان دەوام نییە. ئەمەش لە ڕوانگەی ئەو پێشبینی و زانیارییە ڕۆشنبیریانەی، کە لە یادگا و دەروونی نێرەر و وەرگردا هەن.

**٣.٧.٢: ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن**

لە ڕووکەش و ئاستی سەرەوەدا وا دەردەکەوێت کردەی پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی دوولایەن و ئاڵوگۆڕ بێت لە نێوان نێرەر و وەرگردا، بەمەش پەیوەندیکردن تەنیا پەیوەست نییە بە لایەنێکەوە، بەڵکو کردەیەکی فرەڕەهەندە و هەر پەیوەندیکردنێک بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی لە دەوروبەرێکدا بە ئەنجام بگەیەندرێت، دەبێت لە چەند ڕەگەزێک پێکبێت، ئەم ڕەگەزانەش بریتین لە:

**١-نێرەر**

ئەو کەسەیە پەیامێک بە مەبەستێک و لە بارودۆخ و کات و شوێنێکدا بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکان دەنێرێت (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٥٠). بەو مانایەی سەرچاوەی هەڵگری پەیامە و بە لایەنێکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە دەوروبەردا دادەنرێت، بەبێ بوونی نێرەر ئاخاوتن گرنگی نابێت، یاخود هەر دروست نابێت(بیان ملا حمدامین، ٢٠١٣، ٩). لەبەر ئەوەی لایەنی یەکەمی ئاخاوتنە و پەیامەکان ئاراستەی بەرانبەر (وەرگر) دەکات. کەسایەتی نێرەر بە سەرچاوەی پەیام دادەنرێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هزر و بیر و بۆچوون و زانیارییەکانە، یان بە واتایەکی تر ئەو کەسەی لە ڕێگەی پەیامەکەی خۆیەوە دەست بە پرۆسەی گەیاندن دەکات.

هەر لەبەر ئەمەشە نێرەر دەبێ (شارەزایی پەیامەکەی و چۆنیەتی گەیاندنی مەبەست و

پێویستییەکانی بێت، کاریگەری لەسەر وەرگر دروست بکات، ئاراستەی وەرگر بەرەو تێڕوانینێکی ئەرێنی بگۆڕێت، شارەزایی ڕێگا جیاوازەکانی گواستنەوە و بەکارهێنانی شێواز و ڕێگای پەیوەندی پەیامەکەی بێت، لە دەستپێکردن و کۆتایی پێهێنانی پەیام و ڕەچاوی کات و شوێن بکات. (غازی حسن، ٢٠١٦، ١٢). ئەمەش گرنگی ڕۆڵی نێرەر دیاری دەکات لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بەهۆی ئەوەی خاڵی سەرەتا و دەستپێکی ناردنی پەیامە بۆ وەرگر، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕەچاوی یاسا ڕێزمانی و پەیوەندییە واتاییەکان بکات، بۆ ئەوەی پەیامەکە وەک خۆی و بەبێ گرفت و کەموکووڕی بگات. لەگەڵ ڕەچاوکردنی باردۆخ و کات و شوێندا دەبێت نێرەر ئاگاداری هەڵبژاردنی وشە و ڕستە و دەستەواژەکان بێت، پێشبینی چۆنیەتی وەرگرتن لەلایەن وەرگر بکات، وەرگر چۆن لێی تێدەگات؟ لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوکردنی پلە و پایەی وەرگر و تەمەن و ڕەگەزی لە کردارەکەدا پێویستە. (شەرمین ڕەسول، ٢٠١٧، ٦). ئەوەی جێگای سەرنجە مەرج نییە نێرەر تاکە کەسێک بێت، بەڵکو لەوانەیە کۆمەڵە کەسێک بن، هەروەها دەگونجێ نێرەر دەزگا تەکنیکیەکانی وەکو (ڕادیۆ، کۆمپانیا، وەزارەت، ...هتد) بێت. (ناز ئەکرەم، ٢٠١٣، ١٦). بەمەش جگە لە مرۆڤ، دەزگاکانیش دەتوانن ببنە نێرەر و وەرگر. نێرەر لە ئەنجامی کارلێکراوێکەوە ڕەنگە (ئایدۆلۆژیا، سیاسەت، بیربۆچوون، ...هتد) کار لە دەربڕینەکانی بکات (محمود عکاشە، ٢٠١٦، ٢٦). و ئاراستەی نێرەر بە دەربڕینی بیرۆکەی، کە هەڵگری زانیاری و بیر و ڕۆشنبیری و لایەنی دەروونی نێرەرە دەردەبڕێت.

**٢-وەرگر**

ئەگەر نێرەر بڕبڕەی پشت و خاڵی سەرەکی دەستپێیکی کردەی پەیوەندیکردن بێت، ژێدەری پەیام و زانیاری و بیر و هزرەکان بێت، ئەوا ڕۆڵی وەرگریش هیچی کەمتر نییە لە ڕۆڵی وەرگر، بەوەی دەبێت بەرانبەر نێرەرێک وەرگرێک هەبێت، بۆ ئەوەی ئامانجەکە بپێکێ و کردەی گەیاندن بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەندرێت، ئەگەرنا ئەم کردەیە بەبێ وەرگر هیچ ئەرزشێکی نابێت، وەرگر ئاراستەکراوە، ئەو کەسەیە، کە پەیامەکە وەردەگرێت، لە مێشیکدا شییدەکاتەوە، کاتێکیش سەرکەوتوو دەبێت، کە ئاگاداری بارودۆخەکە بێت و لە مەبەستی نێرەر بگات (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ٢٨). پەیامەکە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، کە توانای تێگەیشتنی هەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵە پرۆسەیەکە، کە لە مێشکدا ئەنجام دەدرێت، مەبەستی نێرەر دەگات بە وەرگر. مەرج نییە وەرگر تاکەکەسێک بێت، دەشێت دامەزراوە یا دەستە یان جەماوەر بێت، یان جەماوەرێکی فراوان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاراستەکردنەکە بە شێوەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر توانای وەرگر لە لێکدانەوە و تێگەشتنی پەیامەکەدا گرنگی پەیامەکە زیاتر لەلایەن وەرگرەوە دەردەکەوێت، نەک لەلایەن نێرەر، چونکە زۆربەی کردەکانی لێکدانەوەی واتا دەکەونە لای وەرگر بەم جۆرە وەرگر لێکدانەوە دەکات بۆ بەدیهێنانی کردەی زمانی، کە دەکەونە لای وەرگر(دیار عەلی کەمال، ٢٠٠٩، ١٢). وەرگر ڕاستەوخۆ پەیامەکە وەرناگرێت، بەڵکو هەڵدەستێت بە کۆمەڵێک پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵێنجان بە گوێرەی

بارودۆخی دەروونی و چڤاکی و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری (عەدنان مەهدی، ٢٠١٧، ٤٧). بە ئامانجی تێگەیشتنی پەیام و مەبەستی نێرەر، بۆ ئەوەی پەیامەکە بەڕوونی بگات، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیکردنەوەدا کۆدەکان، کە هەڵگری پەیامەکەن، وەرگر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا ئامانجی پەیامەکە ناپێکێ و پێویست بە دووبارەکردنەوەی پرۆسەکە دەکات لەلایەن نێرەرەوە. (ڕێبین خالد خضر، ٢٠١٥، ٤٧). بەمەش وەرگر دەستدەکات بە شیکردنەوەی ئەو کۆدانەی، کە هەڵگری پەیامی نێرەرن، بە ڕەچاوکردنی ئەو دەوروبەرەی پەیامەکەی تێدا ئاراستە کراوە. ڕۆڵی وەرگر لە پێکهاتەی گوتار گرنگی زۆری هەیە، چونکە پێش ئەوەی نێرەر گوتارەکە بدات، بیر لە پێگە و بوون و کاردانەوەی وەرگر دەکاتەوە، چونکە وەرگر بەردەوام لە مێشکی نێرەر بوونی هەیە، جا ئامادە بوونەکە چ بەشێوەیەکی سەرچاوەیی بێت یان هزری (غازی حسن، ٢٠١٦، ١٣). بەمەش گرنگی و پێگەی وەرگر لە لێکدانەوە و تێگەیشتن و وەرگرتنی مەبەستی نێرەر لە شیکردنەوەی پەیامەکەدا دەردەکەوێت.

### ٣-پەیام

بەشێکی هەستپێکراوی پرۆسەی گەیاندنە، کرۆک و ناواخنی بیری نێرەرە ( ئەو نامەیەیە، کە (نێرەر) بۆ (وەرگر) دەینێرێت، ئەم نامەیەش هەڵگری واتا و مەبەستێکە) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٤، ٢٨). واتە پەیام ئەو زانیاری و بیرو بۆچوونانەی نێرەرە، کە مەبەستیەتی بیگەیەنێتە وەرگر. مەبەستی نێرەر، کە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، دەشێت لە ڕێگەی هێما دەنگییەکانەوە بێت، کە قسەکردن یان نووسین یان نیشانە و جووڵەیی بن (شەرمین ڕەسوڵ، ٢٠١٧، ٦). ئەم پەیامە لە ڕێگەی هێما و کۆدەکانەوە بۆ وەرگر دەنێردرێت، دەبێت ئاشنا بن و لەلایەن وەرگرەوە ناسراوبن، نەوەک کێشە لە تێگەیشتن دروست بکات و پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام نەگات، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، دەوەستێتە سەر پرۆسەی دوای خۆی، هەر گرفتێک لە یەکێکیان ڕوویدا، گرفت بۆ تەواوی یەکەکانی تر دروست دەکات. چۆن پێگەی نێرەر و وەرگر کاریگەری لەسەر جۆری پەیام هەیە، بەهەمان شێوە پەیامیش لە دیاریکردنی ئاستی نێرەر و وەرگر، کە زانیاریان لەبارەیەوە ڕووندەکاتەوە هەیە. هەر لە ئەنجامی ئەمەشدا زانیاری لە بارەی جۆری پەیوەندی و تەمەن و ڕەگەز و بیر و پێگە و شوێن دەزانرێت لەلایەن نێرەر و وەرگرەوە. پرۆسەکە کاتێک سەرکەتوو دەبێت، کە لە پەیامەکە بگات، بەڵام دەبێت زانیاریەکانیش بەپێی پێویستی بابەتەکە بێت، تاوەکو گوێگر بتوانێ بە ئاسانی لە مەبەستی نێرەر بگات (بیان ملا حمدامین، ٢٠١٣، ١٢). زۆری خستنەڕووی زانیارییەکان لەلایەن نێرەرەوە، بە هەمان شێوەی کەمی خستنەڕووی زانیاری، کێشە بۆ وەرگر دروست دەکات، چونکە وەرگر ناتوانێت شیانبکاتەوە و بگاتە مەبەستی ڕاستەقینەی نێرەر.

### ٤-ئامراز (کۆد)

مەبەست لێی ئەو هۆکارەیە یان ئەو ئامرازەیە، کە مەبەست و واتا و هەواڵەکان لە نێرەوە بۆ وەرگر دەنێرێت (دیار عەلی کەمال، ٢٠١٠، ١٦). واتا ئەو ئامرازانەن، کە هەڵگری پەیامی نێرەرن

بۆ وەرگر. نێرەر بیرۆکە و زانیاریەکانی خۆی وەردەگێڕێتە سەر کۆمەڵە هێمایەیەکی واتادار، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەوەیە ئەو کۆد و ئامرازانە لەلای وەرگردا ئاشنابن. (بیان ملا حمدامین، ٢٠١٣، ١٢). بەو واتایەی ئەو کۆد و دەربڕاوانەی یان نووسراوانە چ بە وشە یان ڕستە دەردەبڕدرێن لەلایەن وەرگرەوە، ئاشنا و ناسراو بن.

## ٨.٢: نیشانە پراگماتیکیەکان

نیشانە وەک زاراوەیەکی گرنگی ناو زانستی پراگماتیک، بەکارهێنانێکی زۆری هەیە لە تاوتوێکردنی ئەو بابەتەدا، لە زمانی کوردی (نیشانە) و لە زمانی عەرەبی (علامة) و لە زمانی ئینگلیزی (deixis)ی پێدەگوترێت.

مەبەست لە نیشانە پراگماتیکیەکان (ئەو نیشانانەن، یان ئەو بەشە ئاخاوتنانەن، کە لە هەندێک باردا بەهۆی دەوروبەرەوە، کات و شوێن و کەس و وتن دیاری دەکەن)(هۆگر محموود فەرەج، 2000، 6). ئەو وشانە یان ئەو بەشەئاخاوتنانە، لە دەقێک یان لە گوتنێکدا بەهۆی ئەو نیشانانە ئاماژە بەهەریەک لە کات و شوێن و کەس دەکات (ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژیانەن، کە ئاماژە بۆ کەس و کات و شوێن و پلەوپایە دەکات، کە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە)(عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2014، 125). ئەو نیشانانە یارمەتی دیاریکردنی واتای زمان لە دەوروبەرێکدا دەدەن، لەلایەکی ترەوە ئەو هێما زمانیانەن، کە بە تەنیا ناتوانن ئاماژە بە ڕۆڵ و ئەرکیان بکرێت، ئەگەر لە دەوروبەرێکدا بەکارنەهاتبن، لەبەر ئەوەی ئەو نیشانانە، بە تەنیا هیچ واتایەک نادەن، بەڵام لەناو فەرهەنگی هزری قسەکەری زماندا هەن (عبدالهادی بن ضافر الشهري، 2015، 121). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە نیشانەکان لەناو دەوروبەردا ڕامان و واتا وەردەگرن و ڕۆڵیان دەردەکەوێت، هەروەها بە گۆڕینی ئەو دەوروبەرەی، کە تیایدا بەکارهاتوون، ڕۆڵیان دەگۆڕێت، ئەمەش لە جێناوە لکاوەکاندا بەوردی دیاردەبێت، بۆ نموونە، (من – تۆ) هەریەک لەو جێناوانە دەلالەت لە دوو کەسی جیادەکەن، بەکارهێنانی هەریەکەیان لە شوێنی یەکتر بارودۆخ و واتا دەگۆڕێت. لەلایەکی ترەوە گرنگی ئەو زانیاریانەی ئەم نیشانانە دەیدەن، لە لێکدانەوەی گوتندا، کاتێک دەردەکەون، کە خۆیان لە گوتنەکەدا نەبن (محمد معروف فتاح، 2011، 195). بۆ نموونە:

**بۆ قەرز سبەینێ وەرەوە.**

لەم دەربڕاوەدا نازانرێت مەبەست کامە سبەینێیە، چونکە خاڵێک بۆ کاتی دیاریکردنی سبەی دانەنراوە، کە خاڵی دەستنیشانکراوبێت، بۆیە بۆ هەر سبەینێیەک، سبەینێیەکی تر و بۆ هەر ئەمڕۆیەک، سبەینێیەکی تر هەیە. پێکەوە گرێدانی زمان و دەوروبەر ئەرکی نیشانە پراگماتیکیەکانە، بە ئامانجی نەهێشتنی تەمومژی و پێدانی واتایەکی دیاریکراو، چونکە ئەم نیشانانە لە دەوروبەری تر و بارودۆخی تردا، واتایەکی فراوان و هەمەجۆریان هەیە(شێرزاد سەبری، 2012، 77) لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی نیشانە پراگماتیکیەکانەوە، دەتوانرێت ڕوونکردنەوەی کردەی لێکتێگەیشتن و گەیاندنی مەبەستی دەربڕاوەکان، لە نێوان نێرەر و وەرگردا بێتە ئاراوە، لەبەرئەوەی (زمان تێکهەلکێشی نیشانە پراگماتیکیەکان و دەوروبەرە)

(ئاڤێستا کەمال، 2009، 21).

ئەرکی نیشانە پراگماتیکیەکانە، بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژی و ڕوونکردنەوەی واتایە لە ڕێگەی ئەو واتا و بیر و ئاماژەکردن بە دەوروبەر. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2004، 128-129) لە نموونەی:

بەمەش دەتوانین بڵێین نیشانە پراگماتیکیەکان دەلالەت لە واتای شوێن و کات و کەس و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، لە دەربڕینەکاندا بەپێی دەوروبەر.

نیشانە پراگماتیکیەکان، بەگوێرەی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەکانی بەردەست، پێنج جۆری سەرەکین:-

یەکەم: نیشانە کەسییەکان

دووەم: نیشانەکانی کات

سێیەم: نیشانەکانی شوێن

چوارەم: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان

پێنجەم: نیشانەکانی دەق

### ١.٨.٢: نیشانە کەسییەکان

ئەو نیشانانە ئاماژە بەو کەسانە دەدەن، کە بەشداری لە ئاخاوتندا دەکەن، نیشانە کەسییەکان (بەپێی دەوروبەر هەر جارێک بۆ کەسێک یان ڕووداوێک یان شتێک دەگەڕێنەوە) (هۆگر محموود فەرەج، 2000، 7). ئەم نیشانانە بە هاوبەشی لەگەڵ وشەکانی تر دەلالەت لە کەس دەکەن و ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکەن، کە بەشداری لە ئاخاوتندا دەکەن و ڕۆڵی ئەو کەسە نیشان دەدەن، کە هاوبەشن لە قسەکردندا(عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2004، 132). ئەو نیشانانە ئاماژە بە قسەکەری زمان دەدەن لەناو پرۆسەی ئاخاوتندا، بەگوێرەی دەوروبەر، هەرجارەی بۆ کەسێک یان شتێک دەگەڕێتەوە بەگوێرەی (کات، کەس، شوێن). لە ئاخاوتندا واتایان دەگۆڕێت و بەبێ دەوروبەر، واتایەکی ئاشکرا بەدەستەوە نادەن.

نێرەر کە هەڵگری چەقی نیشانەکانە، ئاڕاستەی پەیوەندییەکەی لە بەشداربوویێکەوە بۆ بەشداربوویێکی تر دەگۆڕێت، بەمەش بۆ پەیوەندیکردنی ڕووبەڕوو چەند ئەکتەرێک ڕۆڵ دەبینن، کە بنەمای ڕۆڵەکانیان لە نێوان کەسی یەکەم، کە چەقی نیشانەکەیە، کەسی دووەم گوێگرە و کەسی سێیەم ئەوانی ترە(تریفە عومەر عەلی، 2008، 99). بەمەش لە پرۆسەی نووسین و قسەکردندا، خوێنەر و گوێگر، لە نیشانە کەسییەکان بەرانبەری یەکتر دەوەستن و ڕۆلی هاوبەش دەگێڕن.

نیشانە کەسییەکان ڕۆڵی هاوبەش لە ئاخاوتندا دەبینن، کەسی یەکەم قسەکەر و کەسی دووەم گوێگر و کەسی سێیەمیش بۆ کەسی نائامادەبوو، جێناوەکان (سەربەخۆ یان لکاو) یان لە شێوەی پاشگری لکاو یان وشەی ئەرکی (سەربەخۆ) بەدیاردەکەون و کەسەکانیش ئالوگۆڕیان پێدەکرێت. ئاماژەکردن بەخێرایی لەکاتی قسەکردندا لە هاوبەشێکەوە بۆ هاوبەشێکی تر دەڕوات، وەک،

**من دەڕۆم. (من) (ئازاد)**
**من دەڕۆم. (من) (کاروان)**

**1–قسەکەر**

قسەکەر هەڵگری سیستەمی چەقی نیشانەکان، لەوەوە کردەی پەیوەندیکردن دەستپێدەکات، نیشانە کەسییەکان تەنیا جێناوە سەربەخۆکان ناگرنەوە، بەڵکو جێناوە لکاوەکانیش دەگرنەوە.
لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا دوو دەستە جێناوی سەربەخۆمان هەیە، بەم شێوەیە:–
١. کۆمەڵە جێناوی (ئەز – ئەم). لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | ئەز | ئەم |
| دووەم | تو | هوین (هوون) |
| سێیەم | ئەو | ئەو (ئەوان) |

نێرەر لەم کۆمەڵەیەدا بریتین لە (ئەز – ئەم). وەک:
**ئەز هاتم.**
**ئەم هاتین** (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٥، ٥٧)
٢. کۆمەڵە جێناوی (من – مە) تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | مە |
| دووەم | تە | وە |
| سێیەم | وی/وێ | وان |

نێرەر لەم کۆمەڵەیەدا بریتین لە (من – مە). وەک:
**من نڤیسی.**
**مە گولێن جوان کڕین.**(نەریمان خۆشناو، ٢٠١٥، ٦٠)

بەڵام لە کرمانجی ناوەڕاست تەنیا یەک دەستە جێناوی سەربەخۆ هەیە، ئەویش:

(نێرەر)

| کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ |
|---|---|
| من | ئێمە |
| من هاتم. | ئێمە هاتین. |
| من نانم خوارد. | ئێمە نانمان خوارد. |

سەبارەت بە جێناوی لکاو، بە هەمان شێوەی جێناوی سەربەخۆ هەمان ئەرک دەبینن، لە

ئاماژەکردن بە کەسی یەکەم (نێرەر). بەڵام ئەوەی جیاوازبێت تەنیا شێوازی دەرکەوتنیانە، کە دەچنە ئامێزی وشەکە و بە شێوەی لکاو دەردەکەون.

لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، تەنیا یەک کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاومان هەیە( محمد طاهر گوهەرزی، 1999، 77). بەم شێوەیە:-

(نێرەر)

| کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ |
|---|---|
| م | ین |
| ئەز چووم. | ئەم چۆین. |

بەڵام جێناوی لکاو لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی، چوار کۆمەڵەن (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٤، 40-44). بەم شێوەیە:-

**کۆمەڵەی یەکەم:** لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێپەڕ بەکاردێ.

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت | تان |
| سێیەم | ی | یان |

**کۆمەڵەی دووەم:** لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ بەکاردێ.

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دووەم | ین/ی | ن |
| سێیەم | ∅ | ن |

**کۆمەڵەی سێیەم:** لەگەڵ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێ.

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دووەم | یت/ی | ن |
| سێیەم | ا/ات<br>ێ/ێت | ن |

**کۆمەڵەی چوارەم:** لەگەڵ کاری فەرماندان بەکاردێ.

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | / | / |
| دووەم | ە | ن |
| سێیەم | / | / |

١. ڕابردووی تێپەڕ

(نێرەر)

| کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ |
|---|---|
| م | مان |
| خواردم | خواردمان |

٢. ڕابردووی تێنەپەڕ:

(نێرەر)

| کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ |
|---|---|
| م | ین |
| هاتم | هاتین |

٣.

أ.ڕانەبردووی تێپەڕ:

(نێرەر)

| کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ |
|---|---|
| م | ین |
| دەخۆم | دەخۆین |

ب- ڕانەبردووی تێنەپەڕ:

(نێرەر)

| کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ |
|---|---|
| م | ین |
| دەچم | دەچین |

لە زمانی کوردیدا لەو جۆرانەی باسمان کردن، لە جێناوی کەسی یەکەم (نێرەر) لە هەردوو حاڵەتی سەربەخۆ و لکاودا، نێرەر بە دوو حاڵەتی سەرەکی دەردەکەون. چ لە حاڵەتی تاک یان کۆ، هەر یەکێک لەمانە، چ بەشێوەی سەربەخۆ یان لکاو بێت، ئەم نیشانانە ئاماژەن بۆ کەسی قسەکەر، کە سەرەتا و دەستپێکی کردەی ئاخاوتنە، وەک:

من نانم خوارد.        ئەز چووم.

ئێمە نانمان خوارد.        ئەم چووین.

(من- ئەز) جێناوی سەربەخۆیە، بۆ کەسی یەکەمی تاک، ئاماژەیە بۆ کەسی نێرەر.

(ئێمە، ئەم) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، ئاماژەیە بۆ کەسی نێرەر

(م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک، ئاماژەیە بۆ کەسی نێرەر

(مان، ین) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، ئاماژەیە بۆ کەسی نێرەر

**2 وەرگر (گوێگر)**

وەرگر تەواوکەر و پێکهێنەری سیستەم و بازنەی کردار و پرۆسەی ئاخاوتنە، ڕۆڵی کەمتر نییە لە نێرەر، ئەمیش بە هەمان شێوەی نیشانەی کەسی تایبەتی خۆی هەیە و ئاماژەیە بۆ کەسی وەرگر، بەم شێوەیە،

لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا:

دۆخی ڕاستەوخۆ (وەرگر)

| <u>کەسی دووەمی تاک</u> | <u>کەسی دووەمی کۆ</u> |
|---|---|
| تو | هوون |
| تو دگەڵ ئازادی هەڕە. | هوون گەل ئازادی هەڕن. |
| | هنگۆ گەل ئازادی هەڕن. |

دۆخی تیان (وەرگر)

| <u>کەسی دووەمی تاک</u> | <u>کەسی دووەمی کۆ</u> |
|---|---|
| تە | وە |
| تە نان خار. | وە نان خار. |

لە کرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردیدا:

| <u>کەسی دووەمی تاک</u> | <u>کەسی دووەمی کۆ</u> |
|---|---|
| تۆ | ئێوە |
| تۆ بە یەکەم دەرچووی. | ئێوە بە یەکەم دەرچوون. |

بەهەمان شێوەی جۆری یەکەم، جێناوی لکاو لە کرمانجی سەروودا تەنیا یەک دەستەی لکاو هەیە، بە پێچەوانەی کرمانجی ناوەڕاست:

| <u>کەسی دووەمی تاک</u> | <u>کەسی دووەمی کۆ</u> |
|---|---|
| ی | ن |
| تو هاتی ؟ | هون هاتن؟ |

جێناوی لکاو بەهەمان شێوەی جۆری یەکەم لە کرمانجی ناوەڕاستدا، بۆ کەسی دووەمی تاک و کۆ (وەرگر). چەند شێوازێکی هەیە.

ڕابردووی تێپەڕ (وەرگر)

| <u>کەسی دووەمی تاک</u> | <u>کەسی دووەمی کۆ</u> |
|---|---|
| ت | تان |

خواردت. خواردتان.

ڕابردووی تێنەپەڕ (وەرگر)

| کەسی دووەمی تاک | کەسی دووەمی کۆ |
| --- | --- |
| ی | ن |
| نوستی ؟ | نوستن؟ |

هەردوو جۆری تری (ڕانەبردووی تێپەڕ، ڕانەبردووی تێنەپەڕ) شێوازی دەرکەوتنیان بەهەمان شێوەی جۆری یەکەم (ڕابردووی تێنەپەڕە) بۆ کەسی دووەمی تاک و کۆ (وەرگر).

بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆری گوێگر(وەرگر)مان هەیە(ئاڤێستا کەمال محمود، 2009، 26)

**1-وەرگری ڕاستەوخۆ**

ئەو کەسەیە، کە کردەی گەیاندن ڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەی ئەوە، بە یەکێک لە جێناوەکانی (تۆ- ئێوە، تو- هون، تە- وە) دەستنیشان دەکرێن،

لە ڕستەی وەک:-

**تۆ نانت خوارد؟ ئێوە نانتان خوارد؟ تە نان خار؟ وە نان خار؟ تو هاتی؟ هوون هاتن؟**

**2- وەرگری ناڕاستەوخۆ**

ئەو وەرگرەیە، کە کردەی گەیاندن ڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەی ئەو ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی کەسی بەرانبەر یان گوێگری ڕاستەوخۆ، پەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت، وەک:

**تۆش هاتووی؟ ئێوەش هاتن؟ تو ژی هاتی؟ هوون ژی هاتن؟ تە ژی خار؟ وە ژی خار؟**

لێرەدا نێرەر پەیامەکەی بەشێوەی ئاڕاستەی وەرگر دەکات، کە لەپێشەوە کەسانێکی تر، چ تاک یان کۆ پەیامەکەیان ئاڕاستە کراوە، وەرگری ناڕاستەوخۆ لە دوای وەرگری ڕاستەوخۆ کردارەکەی بەسەردا هاتووە. بەشێوەیەک، کە دەڵێن: **تۆش هاتی؟** وامان پیشان دەدات، کە کەسێکی تر لەپێش ئەودا هاتووە.

**3- نائامادە (قسەلێکراو)**

لە زمانی کوردیدا هەندێک نیشانەی کەسی هەن، کە ئاماژە بۆ کەسیک یان چەند کەسێک دەکەن، کە ئامادە نین، واتا لەو شوێنە نین، کە کردەی ئاخاوتنەکەی تێدا ئاڕاستە دەکرێت، بەڵکو لە پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکرێت، لەجیاتی بەکارهێنانی ناویان، ئەم نیشانە کەسیانە بەکاردین:-

لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا

1 - دۆخی ڕاستەوخۆ (نائامادە)

| کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
| --- | --- |
| ئەو | ئەو\ئەوان |
| ئەو هات. | ئەو هاتن؟ |

2 –دۆخی تیان (نائامادە)

| کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
|---|---|
| ئەوی/ وی(نێر) | ئەوان/ وان(نێر و مێ) |
| ئەوێ/ وێ (مێ) | |
| ئەوی نان خار/ وی نان خار | ئەوان/ وان نان خار |
| ئەوێ نان خار/ وێ نان خار | |

لە کرمـانجی ناوەڕاسـتی زمـانی کـوردی تەنیـا یەک حـاڵەتی نیشـانەی کەسـیمان هەیە، بـۆ جێناوی سەربەخۆ:

| کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
|---|---|
| ئەو | ئەوان |
| ئەو هات. | ئەوان هاتن. |

هەرچی جێناوی لکاوە بەم شێوەیەیە:-

کرمانجی سەروو:-

| کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
|---|---|
| ە، ت، یت، ەت. | ن |
| ئەو دنڤیسیت. | ئەو دنڤیسن. |
| دنڤیسن | |

لە کرمانجی ناوەڕاستدا:-

ڕابردووی تێپەڕ (نائامادە)

| کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
|---|---|
| ی | یان |
| خواردی. | خواردیان. |

ڕابردووی تێنەپەڕ (نائامادە)

| کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
|---|---|
| ٠ | ن |
| دەخوات. | دەخۆن. |

هەردوو جـۆری تـری (ڕانەبـردووی تێپەڕ، ڕانەبـردووی تێـنەپەڕ) شـێوازی دەرکەتنیـان بە هەمان شێوەی جۆری یەکەم (ڕابردووی تێنەپەڕە) بۆ کەسی سێیەمی تاک و کۆ(نائامادە).

لە کــردەی گەیانــدنی پراگمــاتیکی ئەم جــۆرەی (نائامــادە) لە ڕێــگەی نیشــانەی کەس بە جێناوەکــانی (ئەو- ئەوان، ئەو- ئەو\ئەوان، ئەوی\وی- ئەوێ\وێ، ئەوان- وان) ئاماژەیــان بــۆ

دەكرێت. هەروەها ئەمجۆرەیان دوو حاڵەتی هەیە(ئاڤێستا كەمال محمود، 2009، 26- 27):-

**1 – قسەلێكراوی ئامادە:** كردەی قسەكردنەكە ڕووبەڕووی قسەلێكراو دەكرێتەوە، لە كاتێكدا خۆی لە شوێنەكە ئامادە دەبێت، بەڵام لە ڕێگەی وەرگری ڕاستەوخۆ ناڕاستەی دەكرێت، وەك، **ئەمانە هەر نایەنە سەر خەت.**

نێرەر نایەوێت ڕاستەوخۆ كردەی ئاخاوتنەكە ئاڕاستەی ئەو كەسانە بكات، كە لە شوێنی ئاخاوتنەكەدا بوونیان هەیە، بەڵكو لەڕێگەی وەرگری ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی قسەلێكراو دەكات.

**2-قسەلێكراوی نائامادە:** كاتێك باس لە كەسێك بكرێت و لە دەوروبەرەكەدا تەنها قسەكەر و گوێگر هەبێت، ئەوا ئەوەی لەنێوان نێرەر و وەرگر ئاماژەی پێدەدەن، قسەلێكراوی نائامادەییە، وەك،

**-دانا (ئەو) لە كوێ بووە؟**

دانا، وەرگری ڕاستەوخۆیە

ئەو، قسەلێكراوی نائامادەیە.

### ٢.٨.٢: نیشانەكانی كات (Time Deixis)

نیشانەكانی كات بە هەمان شێوەی نیشانە كەسییەكان، كۆمەڵە نیشانەیەكن ئاماژە بە كات دەدەن، لەناو گوتندا(نیشانەكانی كات ئەو كەرەستانەن، كە ئاماژە بە كاتێك دەدەن، بە ڕێگەی دەوروبەرەوە دەستنیشان دەكرێن، ئەویش كاتێك وەرگر پشت بە كاتی ئاخاوتن دەبەستێت، كاتی ئاخاوتن دەبێتە سەنتەری نیشانەی كات لە ئاخاوتندا)(شێرزاد سەبری، ٢٠١٢، ٧٩). دەوروبەر لە ئاخاوتندا ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت لە دەستنیشانكردنی نیشانەكانی كات، بەتایبەتی ئەو دەوروبەرەی ئاخاوتنەكەی تێدا دەردەكەوێت، هەروەها نیشانەكانی كات ئەو نیشانانەی، كە كاتی قسەكردن یان گوتن لە بارێكدا دیاردەكەن، نیشانەكانی كات ئاماژە بە كاتێك دەدەن، ڕاڤەكردن و شرۆڤەكردنیان دەوەستێتە سەر ناسینی وەرگر، بۆ ئەو كاتەی نێرەر ئاماژەی پێدەدات. كات چەند جۆرێكی هەیە، لەوانە:

١-كاتی قسەكردن یان گوتن(ڕوودانی كاری گوتن).

٢- ئەو كاتەی پەیامەكە دەگاتە وەرگر.

٣-كاتی ڕوودانی كارەكە.

**وا دێم.** (كاتی گوتن و كاتی ڕوودان یەكن)

**بەیانی دێم.** (كاتی گوتن ئێستایە، بەڵام كاتی ڕوودان داهاتووە)

**هاتووم.** ( كاتی گوتن ئێستایە، بەڵام كاتی ڕوودانی ڕابردووە)

بەپێی ئاستەكانی زمان دوو جۆری كات جیادەكرێنەوە(عبدالواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ١٣٩). ئەوانیش:

**١- کاتی سیمانتیکی:**

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە کات دەنوێنن و لە شێوەی ئاوەڵکاردا دەردەکەون، وەک، (ئێستا، بەیانی، دوێنێ، ساڵی داهاتوو، ساڵی پار، ......) هەندێک دەربڕاوی واتایی کاتیش هەن، تەنیا لە کاتێکی دیاریکراو بەکاردێن، بۆ هەموو کاتێک گونجاو نین و کاتی گوتنەکەی دەستنیشانکراوە، بۆ نموونە:

**بەیانیت باش.**

ئەم گوتنە تاوەکو کاتی نیوەڕۆ ڕێگەپێدراوە، مەگەر کەسێک وەک ئیدیەمێک بەکاربهێنێت.

**بۆخۆتان خۆشبن.**

بە مەبەستی سەرەخۆشی لە کەسوکاری کۆچکردوویێک دەوترێت، ناکرێت لەجیاتی (پیرۆزبێت). کە بۆ پیرۆزبایی و حاڵەتی خۆشی بەکاردێت، بەکاربهێنرێت. هەروەها بەپێی کەلتوری هەر نەتەوە و ئاینێک کۆمەڵە فۆرم و دەربڕاوێک بە مەبەستی گەیاندنی کات بەکاردێن(تریفە عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٠٤). وەک: (بەربانگ، پارشێو، ڕەمەزان، قوربان، ......). ئەمانە دەلالەت لە کات دەکەن. هەروەها لە سەردەمی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی هەر گەلێک یان وڵاتێک کۆمەڵە فۆرمێک ئاماژە بە کات دەدەن، وەک: (شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی گوڵان، ڕاپەڕین، ....). هەریەک لەو فۆرمانە دەلالەت و ئاماژەن بۆ کاتێکی دیاریکراو، بەبێ ئەوەی لە فۆرمی نووسینەکە دەلالەتی ئاماژەیی کات هەبێت، بەمەش دەبێت وەرگر خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی گشتی و شارەزایی مێژووی هەبێت و بزانێت لەچ کاتێک ئەم شۆڕش و ڕووداوانە ڕوویان داوە.

**٢- کاتی ڕێزمانی**: ئەو کاتانەی بە شێوەیەکی ڕێزمانی لە شێوەی مۆرفیمی کاتدا خۆیان پیشان دەدەن(عبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤، ١٣٩). وەک: (ە، وو، ی، د، ا، ت) هەریەک لەم مۆرفیمانە بە مۆرفیمی کات دادەنرێن:-

**ئەمڕۆ ڕۆیشتم.** (ئەمڕۆ) کاتی سیمانتیکی. ڕۆیشت (ت) مۆرفیمی کاتی ڕێزمانی.

**لە ڕووی چالاکی بەکارهێنانەوە نیشانەکانی کات دابەش دەبن بەسەر دوو جۆری سەرەکی:**

**یەکەم: نیشانەکانی کاتی وتن**

نیشانەکانی کاتی وتن لە ڕووی تافەوە بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبن:

١-ڕابردوو ٢-ڕانەبردوو(ا-ئێستا ب-داهاتوو)

**١- ڕابردوو**

پێش ئەوەی باسی نیشانەکانی کاتی ڕابردوو بکەین، پێویستە ئاماژە بە کاری ڕابردوو بکەین وەک پێناسەیەک، چونکە بنچینەیەکە بۆ ئەم جۆرە نیشانانە(کرداری ڕابردوو ئەو کردارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە پێش ئاخاوتنەوە)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،20،2014) واتا ڕوودانی کارەکە بەسەرچووە و ڕویداوە، ئەو ڕووداوەی لە ئێستا باسدەکرێت و دەردەبڕێت لەپێشتر ڕوویداوە، نێرەر لە ئێستادا باسی دەکات. لە زمانی کوردیدا ڕێگەدەدرێت نیشانەکانی کاتی ڕابردوو لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت، لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی

کاتی ڕابردوو نیشانەکانی کاتی وتن دەردەکەون (لە زمانی کوردی فرمانی ڕابردوو بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەکرێت)(عبدالله شالی، ١٩٧٦، ٤) بەم جۆرەش بە لابردنی (ن) کاری ڕابردووی نزیک دروستدەبێت بە لابردنی مۆرفیمەکانی وەک:

(وو-ی-د-ا-ت): چوون (ن) چوو (وو). کڕین (ن) کڕی (ی). مردن (ن) مرد (د). سوتان (ن) سوتا (ا). مرن (ن) مر[1]. جۆرەکانی کاری ڕابردوو لە زمانی کوردیدا چوار جۆری کاری ڕابردوومان هەیە (نوری عەلی ئەمین،1958، ٢٠٢-٢٢٣):

**١. ڕابردووی نزیک:** ئەو کارەیە دەلالەت لە ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی نزیک دەکات، واتا کاتی ڕوودانی کارەکە نزیکە لە گوتن، ئەم جۆرەیان بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەبێت، وەک:

**چوون ⟵ چوو**

**مردن ⟵ مرد**

**٢. ڕابردووی بەردەوام:** ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودان و بەردەوامی کارێک دەکات، لە کاتی ڕابردوو، نیشانەی فۆڕمی ڕابردووی بەردەوام بریتیە لە (دە/ئە)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ٢٠٣). وەک:

**کەوت ⟵ دەکەوتم**

**کردن ⟵ دەمکرد.**

**٣. ڕابردووی دوور:** ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی دوور دەکات، فۆڕمی نیشانەی کاتی ڕابردوو لەم جۆرەیان (بوو)یە، وەک:

**خوارد ⟵ خواردبوو**

**کەوت ⟵ کەوتبوو**

**٤. ڕابردووی تەواو:** ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نە زۆر نزیک و نە زۆر دوور دەکات، فۆڕمی نیشانەی کاتی تەواو لەم جۆرەیاندا بریتییە لە، (وە/ووە-یە/ییە) وەک:

**کڕی    کڕیوە**

**سوتا    سوتاوە**

**کەفت    کەفتییە**

**خوارد    خواردووە**[2]

لە زماندا هەندێک دەربڕاومان هەیە دەلالەت لە ڕابردوو دەکەن و ڕوودانی کارەکە لەپێشدا دەردەخەن، ئەوانیش، (دوێنێ، پێش، چەند، ڕۆژێک، پارساڵ، پێش، ئێستا، .....). وەک: دوێنێ ئازاد هات. پارساڵ وەک ئەمڕۆ. بە هەمان شێوە لە گێڕانەوەی داستانێک یان شۆڕش و بەسەرهاتێک ئەم جۆرەیان دەردەکەون، وەک لە داستانی خواکوڕک پێشمەرگە بە ورەیەکی

[1] لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی لە زۆربەی حالەتەکاندا فۆنیمی (د) لە نووسیندا تێدەچێت: مرن-مر، کرن- کر، خارن-خار
[2] لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی نیشانەی (دە) دەبێتە (د).

پۆلایین سەرکەوت. پێویستە وەرگر ئاگاداری ڕووداوانی کاتی ڕووداو و هەبوونی ڕۆشنبیرییەکی سیاسی و مێژووی بێت، دەربارەی ئەم بابەتە و بزانێت لە چ ساڵێک و لە نێوان کێ و کێ؟ ئەم شەڕە ڕوویدا.

**2. کاتی ڕانەبردوو**

سەبارەت بە کاتی ڕانەبردوو ئەو کاتەیە، کە ڕوودانی کارەکە دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، بەو واتایەی کارەکە ڕووی نەداوە، بەڵام ڕوودەدات، چ لە ئێستا یان داهاتوو. لە زمانی کوردیدا بۆ دروستکردنی کاری ڕانەبردوو پەنا دەبرێتە بەر یاسای: (دە + ڕەگی ڕانەبردوو+ جێناوی لکاو) (ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠١٤، ١٥٢).

**گرتن ←دەگرم**

**خواردن ←دەخۆم**

کاری ڕانەبردوو لەڕووی کاتی ڕووداندا بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت: (ئێستا-داهاتوو). لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا جیاوازی نییە لەنێوان فۆڕمی (ئێستا-داهاتوو) هەردووکیان یەک قاڵبیان هەیە، جیاکردنەوەیان بەهۆی هەندێک باری دەوروبەرەوە دەبێت یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک وشەی تایبەتەوە ڕوون دەبنەوە(ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠١٤، 198).

ا- ئێستا: بەڕێگەی هەندێک وشەی تایبەتی وەک: (وا، ئەوا، ئێستا، تازە، ....) جیادەکرێتەوە لە کاتی داهاتوو، وەک، وا دێم.، ئێستا دێم.، تازە دێم.، بە هەمان شێوە کاتی داهاتوو بەهۆی کۆمەلە وشەیەکی وەک: (سبەی، دووسبەی، ساڵێکی تر ...) دیاردەکرێت، وەک:

**سبەی دەڕۆم.**

**دووسبەی دێم.**

بەڵام لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی بە پێچەوانەی کرمانجی ناوەڕاست نیشانەی تایبەت و فۆڕمی مۆرفۆلۆجی جیاوازیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو جۆری (ڕانەبردوو). لەوانەش(ئێستا-داهاتوو)(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٥، ٩٨):

ا- ڕانەبردووی ئێستا: نیشانەی (د+ڕەگی کار+جێناوی لکاو)

**خارن ←دخۆم**

**شوشتن ←دشۆم**

ب- ڕانەبردووی داهاتوو، نیشانەی (دێ+ ڕەگی کار+جێناوی لکاو)

**خارن ←دێ خۆم**

**نڤستن ←دێ نڤم**

بەو واتایەی لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی مۆرفیمی (د) بۆ کاتی ئێستا و (دێ)بۆ کاتی داهاتوو بەکاردێن.

**دووەم: کاتی مەبەستی ناو ئاخاوتن**

بەپێی ئەو واتا و مەبەستی بەرهەمی دەهێنێت، دەکرێت بە چوار بەشی سەرەکییەوە(ئاڤێستا کەمال محمود، 2009، 32)

١- ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕابردوون و دووبارە نابنەوە:

دەشێت بڵێین ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویان داوە و لە دەسەڵاتمان دەرچوون، بەهەر هۆکارێک بێت، جا ڕودانەکەی چ بە باشی بێت یان خراپی، گرنگ ئەوەیە ڕوویان داوە، بەڵام نێرەر لەکاتی کردەی ئاخاوتندا ئاڕاستەی وەرگری دەکات، لە ڕێگەی پێشگریمانەوە بێت یان ئامۆژگاری و فەرماندان بێت، کە ناکرێت جارێکی تر ئەو ڕووداوە دووبارەببێتەوە. وەک:

**نەڕۆیەوە بۆ یاری.**

نێرەر فەرمان بە وەرگر دەکات، کە چیتر نەچێتەوە بۆ یاری، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە (وەرگر) لەپێشدا چووە بۆ یاری و یاری کردووە.

٢- ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕابردوون بەڵام دەشێت لە داهاتوودا ڕووبدەن:

ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕویان داوە و کاتەکانیان تێپەڕیون، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبدەنەوە و دەشێ جارێکی تر هەمان بارودۆخ و حاڵەتی پێشوو ڕووبداتەوە.

**بەچ ڕوویەک داوای هاوکاری لێبکەمەوە؟**

نێرەر لەپێشدا داوای یارمەتی لە کەسێک کردووە ، پرسیار لە خۆی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەچ ڕوویێک جارێکی تر لە داهاتوو داوای یارمەتی لە هەمان کەس بکاتەوە.

٣- ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕوویان نەداوە، بەڵام ڕوودەدەن:

هەندێک حاڵەت هەن هێشتا نەبوون بە ڕووداو تەنیا پێشبینن، بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا ببنە ڕاستی و ڕووبدەن، ئەمەش بەزۆری لە کاتی ئامۆژگاری کەسی بەرانبەر دەردەکەوێت:

**لە پەنجەرەی هیچ ماڵێک مەچۆ ژوورەوە بەڵکو لە دەرگا بدە.**

ئەمە ئامۆژگاری باوکێکە بۆ کوڕەکەی، کە هێشتا ژیانی هاوسەرگیری پێکنەهێناوە، بۆیە دەیەوێت کوڕەکە بە شێوەیەکی جوان و دوور لە هەموو بەهایەکی نامرۆڤایەتی بۆ کەسێک بچێتە پێشەوە و بیکاتە هاوسەری خۆی.

٤- ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕوویان نەداوە و ڕووشنادەن:

دەبێت ئەمە شتێکی مەحاڵ بێت، بەو واتایەی ئەمە تەنیا پێشبینی کەسێک بێت بۆ کارێک، بەڵام ڕوودانی ئەستەم و مەحاڵە.

**بۆ قەرز دوێنێ وەرەوە.**

ئەمە نووسراوێکی هەڵواسراوی سەر دوکانێکە، دەشێ کڕیارێک بیەوێت قەرز بکات لەم دووکانە، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەم نووسینە، ئەوەی بۆ دەسەلمێت، کە بۆ قەرزکردن دەبێت دوێنێ بێتەوە و بەمەش دوێنێ بۆتە بەشێک لە ڕابردوو و بۆ هەر سبەینێیەک دوێنێیەک هەبووە، کە ئەمڕۆی سبەینێیە.

**٣.٨.٢: نیشانەکانی شوێن**

نیشـــانەکانی شـــوێن بە هەمـــان شـــێوەی (نیشـــانەکانی کەس، نیشـــانەکانی کـــات) کـــۆمەڵە نیشانەیەکن ئاماژە بە شوێن دەدەن، ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی ئەو نیشانانە کار دەکاتە سەر ناسینی وەرگر، بۆ ئەو شوێنەی نێرەر باسی دەکات. (جیهان غیاس محیٚ، ٢٠١٦، ٧٨). ئەو نیشانانەی نێرەر لە میانەی ئاخاوتنەکەیدا ئاماژەی پێدەدات، کە ئاماژەن بۆ شوێن، پێویستە لای وەرگر ڕوون و ئاشکرابن، واتا شارەزایی لەبارەیانەوە هەبێت، ئەگەرنا، تەمومژی و ناڕوونی لەلای وەرگر دروستدەبێت لە تێگەیشتن و مەبەستی نێرەردا.

دوو جۆرە ئاماژەکردن بۆ شوێن هەن: ا-بەناوهێنان: نێرەر وەسفی شوێنەکە بکات و ڕوون و ناسراوبێت لەلای وەرگرەوە.

**دانا لە ژوورەکەیەتی.**

ب- دیاریکردنی شوێن: ئەمەش بە دیاریکردنی ڕاستەوخۆ یان دیاریکردنی شوێنێک لەچاو شوێنێکی تر یان لەچاو خاڵێکی نەگۆڕ. (قەیس کاکل تۆفیق،٢٠٠٢، ٨١).

**بانکەکە لەبەرانبەر نەخۆشخانەی ژینە.**

دیاریکردنی شوێنی(بانک) بە شوێنێکی تر، کە (نەخۆشخانەی ژین)ە.

**گوندەکەمان سەر بە قەزای مێرگەسۆرە.**

(گوند) بە خاڵێکی نەگۆڕ، کە (قەزای مێرگەسۆر)ە دیاریکراوە.

**لێرە شتەکان دابنیٚ.**

(لێرە) بەڕێگای (زمانی جەستە) ئاماژە بە شوێنێکی دیاریکراو دەکات، کە (لێرە)یە. بۆ ئەوەی شتەکان دابنرێت.

چوار جۆر شوێنی بنچینەیمان هەیە، بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوە، کە بەرانبەر بە چوار ڕۆڵی بەشداربوانن. (ئاڤێستا کەمال محمود، ٢٠٠٩، ٣٤) بەم شێوەیە:-

**١- شوێنی نزیک لە قسەکەر(نێرەر):**

نێرەر لەکاتی قسەکردندا ئاماژە بە هەندێک شوێن دەدات، کە لەخۆیەوە نزیکن و شارەزایی لەبارەیەوە هەیە و ئاشنایە پێی، بەمەش ئەو شوێنانەی لەلای وەرگر(جەماوەر)یش ئاشنابن. بۆ نموونە:

**مزگەوتەکە لای ڕاستمە.**

دەشیٚ ئەم ڕستەیە بۆ دوو هاوڕیٚ گونجاوبێت و لە شوێنێک دانیشتبن بیەوێت مزگەوتی پیشان بدات، بەمەش شوێنی نێرەر گرنگە بۆ وەرگر، بەوەی لەڕێگەی زانینی شوێنی نێرەرەوە مزگەوتەکە دەدۆزێتەوە.

**٢-شوێنی نزیک لە گوێگر(وەرگر):**

لێرەدا ئەوەی گرنگە شوێنی وەرگرە، چونکە نێرەر پەیامێک یان پرسیارێک ئاراستەی وەرگر دەکات، دەیەوێت زانیاری لەبارەی شوێنی وەرگر بزانێت. بۆ نموونە:

**نرخی شتومەک لەویٚ چۆنە؟**

لەم ڕستەیەدا لە ڕێگەی (لەوێ) دووری شوێنی وەرگر و نێرەرمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە لە یەکتری دوورن، هەروەها ئاماژەیە بۆ پرسین لە بارودۆخی شوێنی وەرگر.

**٣-شوێنی نزیک لە جەماوەر:**

زۆرجار وادەبێت لەگەڵ جۆری دووەم تێکەڵدەبێت، دەشێت وەرگر تەنیا کەسێک بێت، یان کۆمەڵە کەسێک بن(جەماوەر)بن. بۆ کوردەکان باسکردنی سنووری نێوان تورکیا و سوریا و نزیک شوێنی نیشتەجێبوونیان شتێکی نامۆ نییە، چونکە هەریەک لەمانە لەڕووی سیاسییەوە باکراوندێکی تایبەتیان لای تاکی کورددا دروستکردووە، دەتوانن بە ئاسانی تێیان بگەن(تریفە عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٠٣)

**دوژمنان ئێمەیان دابەشکرد بۆ کوردی سەرخەت و بن خەت.**

دەشێت ئەمە دەربڕاوێکی سەرکردەیەکی بزوتنەوەیەکی کوردی سووری یان تورکی بێت بۆ کوردانی دانیشتوانی ئەو شوێنە، ئەمەش بارودۆخ و هۆکاری ئەم دابەشبوونە (سەرخەت و بنخەت) لەلایانەوە شتێکی ئاشنایە.

٤- شوێنی نزیک لە کەسێک، کە نە جەماوەرە نە گوێگرە، نە نێرەرە:

لەم جۆرەیاندا نێرەر لە ئاڕاستەکردنی پەیامێک بۆ کۆمەلە کەسێک، ئاماژە بە شوێنێک دەکات، ڕەنگە لەلایانەوە ڕوون بێت یان ئاشنایەتییان پێ هەبێت، بەڵام شوێنەکە دووربێت لێیانەوە. وەک:

**با هەمیشە سەرکردەکانتان جێگای شانازیتان بن.**

دەشێ ئەم پەیامە بۆ کۆمەڵە کەسێک بێت، کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بژین و دووربن لێیانەوە. هەروەها ئەو شوێنەی باسدەکرێت، شوێنی ئەو سەرکردەیەیە، کە تێیدا دەژیت، بەڵام دوورە لەو کەسانەی، کە پەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت.

**٤.٨.٢: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان**

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان (بریتین لەو نیشانانەی، کە پلە و پایە و چین و توێژ و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و ڕەگەز و تەمەن و باری خزمایەتی و نزیکی و دووری و یەکسانی و نایەکسانی قسەکەر لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییە زمانییەکان نیشان دەدات)(هۆگر محموود فەرەج، ٢٠٠٠، ١٤١). ئەو نیشانانەی ئاماژە بە جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەدەن لە نێوان نێرەر و وەرگردا، ئایا ئەو پەیوەندییە فەرمییە یان نافەرمییە؟ ئەم جۆرە نیشانانە هەڵگری شێوازی ڕێزگرتن(بەڕێز) و وەسفکردن(قارەمانان). هەروەها دەشێ بۆ بێڕیزیکردن و نیشاندانی وەسفی سیفەتی خراپی کەسانی تری وەک بانگکردن بەڕێگەی ناویان یان بەکارهێنانی ئیدیەم بۆ سیفەتە خراپەکانیان. لە بڵاوترین نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەمانەن:

١- ناوی کۆمەڵایەتی (شێخ، مەلا، حاجی، ....)

٢-ناوی خزمایەتی(مام، کوڕ، پوور، خوشک، ....)

٣-ناوی پیشە(مامۆستا، پێشمەرگە، دکتۆر، ....)

٤-نازناو و ناو و ناتۆره(خۆشناو، گەردی، گەڕی، وشک، ....). دەکرێت جێناوی سەربەخۆ ڕۆڵی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ببینن، وەک، لە زمانی کوردی جێناوی (تۆ) بۆ ئاستێکی نزم و بەپێچەوانەوە جێناوی (ئێوە) بۆ (وەرگری تاک) بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی بەرز بەکاردێت، هەروەها ئەگەر نێرەر خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز یان پۆستێکی دیاریکراو بێت، جێناوی (ئێمە) لەجیاتی (من) بەکاردێنێت، بەمەبەستی ڕێزگرتن لە کەسانی بەرانبەر و خۆکردنە بە بەشێک لە وەرگر(تریفە عومەر عەلی، ٢٠٠٨، ١٠٦-١٠٧). وەک:

**ئێمە هەموومان بەرگری لە دەستکەوتەکان دەکەین.**

بەکارهێنانی (ئێمە) بە مەبەستی ڕێزگرتن بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکارهاتووە. لەلایەکی ترەوە چەند شێوازێکی بەرزڕاگرتنی کەسی بەرانبەر دێتە ناو پەیامی نێرەر، کە ئاڕاستەی وەرگری دەکات، بەوەی نێرەر وەرگر لە خۆی بە گەورەتر دەزانێت لەڕووی تەمەن و پلەو پایە و لەبەرچاوگرتنی ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتییەی لە نێوانیاندا هەیە، وەک: (فەخامەتی سەرۆک، قەداسەت، پاشای گەورە، جەنابی سەرۆک، پایەدار، خاوەنشکۆ، ....) سەبارەت بە پەیوەندییە نافەرمییەکان بانگکردن بە ناوی خودی کەسەکەوەیە، هەروەها دیاریکردنی بابەتی جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان بەشداربووەکانی گوتار بابەتێکی ڕێژەییە لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر جیاوازە لەڕووی نزیکی و دووری نێوان بەشداربوان لە ڕووی ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونی(تارا فرهاد شاکر، ٢٠١٨، ١٠٣-١٠٤). بەکارهێنانی هەندێک ئیدیەم و پارچە شیعر و پەندی پێشینان ئاماژە بە خراپی یان باشی ئاماژەپێدراو دەکرێت و وەک نیشانەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێن.

**زکرەشانی ئێستا چاویان بە پێشکەوتنی ئێمە هەڵنایە.**

(زکرەش) ئیدیەمێکە بۆ دوژمنان بەکارهاتووە، دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چەند مەبەستێکن، لەوانە:-

١- بۆ ئاماژەکردن(خاتوون هات، خانم لە ڕێیە، ...)

٢-دواندن(گەورەم، قوربان، ....)

٣- بانگکردن(فەرموو، گەورەم، کەرەمکە، قوربان، ...)

**٥.٨.٢: نیشانەکانی دەق**

(ئەو خاڵەیە قسەکەر بەتەواوەتی گوتەکەی تێدا بەرهەم دەهێنێت، لە نیشانەکانی دەقدا هەردوو نیشانەی "کات و شوێن" کاردەکەن و نیشانە "کۆمەڵایەتییەکانیش بەپێی مەبەست و کەس و قسەبۆکراو بەکاردەهێنرێن) (ئاڤێستا کەمال محمود، 2009، 37). ئەو نیشانانە لە هەندێک دەربڕاودا گوزارشت لە بەشێک لە دەربڕاوەکان دەکەن، کە پەیوەستە بە چوارچێوەی قسەکردنەکەدا، ئەم نیشانانە ئاماژە بۆ پێش یان پاش خۆیان دەکەن، کە لە ئاخاوتندا باسکراوە یان باسدەکرێن. ئەم نیشانانە بەشەکانی دەقێک یان گوتنێک بەیەکەوە گرێ دەدەن و پەیوەندی گوتنەکە و دەقی دەوروبەری گوتنەکە نیشان دەدەن، ئەم نیشانانە بریتین لە (ئاوەڵکارەکانی کات، ئاوەڵکارەکانی شوێن، نیشانەکانی ئاماژەکردن). وەک: (پێش ئێستا، لەخوارەوە، لە بەشی

ڕابردوو، لە تەوەرەکانی داهاتوو، ...). لە هەندێک باریشدا وشەکانی وەک: (بەڵام، تەنیا، لەگەڵ ئەوەشدا، بەهەرحاڵ، ...). هەروەها هەندێک بە ئامرازی نیشانە و ئاوەڵکاری شوێنی و کاتی، هەندێک نیشانەی تری دەق هەیە، وەک: (ئامرازی بەستن). ئەوانیش: (کەچی، کەواتە، بەهەرحاڵ، ...) ئەمانە گوتنێک بە گوتنێکی تر دەبەستن. (محمد مەعروف فتاح، ٢٠١١، ٢٠٦). لە دەربڕاوێک یان لەناو دەقێک دێن، بۆ مەبەستی جیاواز لە واتای ڕێزمانی بەکاردێن، بۆ نموونە وشەی (بەڵام). کە دوو ڕستەی (ئەرێ و نەرێ) پێکەوە دەبەستێتەوە(تارا فرهاد شاکر، 2018، 103). وەک:

**سەرکەوتبووین، بەڵام خەنجەریان لێداین.**

شتێکی ئاساییە نیشانەکانی کات و شوێن وەک نیشانەی دەق بەکاربێن (هدی عبدالقادر قاسم، 2015، 127). هەروەک دەوترێت:

**هەفتەی پێشوو، بەشی پێشوو، لە پەرتووکی پێشوودا.**

## بەشی سێیەم: شیکردنەوەی ستراتیژییەتی گوتار لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)

### ١.٣: شیکردنەوەی چەند زاراوەیەک پەیوەست بە توێژینەوەکە

#### ١.١.٣: سەربەخۆیی

زۆربەی شـــۆڕش و تێکۆشـــانەکانی گەلە ســـتەمدیدە و بندەســـتەکانی جیهـــان، لە پێنـــاو بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی و هەوڵــدان بــۆ دەســتەبەرکردنی کیــانێکی سیاســی ســەربەخۆ لە سنوورێکی دیاریکراودا بووە، بۆ ئەوەی بتوانن لە ژێردەستەیی و داگیرکاریی وڵاتانی زلهێز ڕزگاربن و بتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن. ئەمیش لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانیان فەراهەمکردنی یەکسانی و خۆشگوزەرانی لەنێوان تاکەکانی ئەم سنوورە جوگرافییە دیاریکراوە و بەکارهێنــانی ســوودوەرگرتن لە ســەروەت و ســامانی نــاوچەیی خۆیــان، بــۆ بەرژەوەنــدی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە. سەربەخۆیی و ڕامانی سەربەخۆیی لە زۆربەی ڕێککەوتن و بەیاننامە و بڕگەکــانی ڕاگەیانــدراوەکانی ڕێکخراوەکــانی کــۆمەڵگەی نێــودەوڵەتی، وەک دەقێکــی گرنــگ ئامــاژەپێکراوە ســەبارەت بە (مــافی بڕیــاردان، مــافی چــارەنووس، مــافی چــارەی خۆنووســین). بیرۆکەی مافی بڕیاردان لە ساڵی (١٩١٨) لەلایەن (Karl Renner) لە پەرتووکێکدا بە ناونیشانی: (Self-Determination of national). مافی بڕیاردانی نەتەوەکان دەخاتەڕوو، ئاماژەی بەوە کردووە، کە (سروشتی یەکسانی مافی تاکەکان و نەتەوەکان دەستەبەر ناکات، بەڵکو ئەم یەکسانییە لە ڕێگەی یاساکانەوە بەرهەمدێت). ئەم بیرۆکەیە بووە دەروازە و پاڵپشتێکی گرنگ بۆ چەسپاندنی ئەم مافە و بووە بنەمایەک بۆ دانپێدانان و جێبەجێکردنی لەناو بەیاننامە و خاڵە بنەڕەتییەکانی هەر بەنــد و پەیمــانێکی نێــودەوڵەتی. هەروەهــا بەرجەســتەکردنی ئەم پرەنسـیپە بەشـێوەیەکی ئاشــکرا و دیــار بــۆ (لینــین) دەگەڕێــتەوە، لە وتارێکیــدا بە ناونیشــانی: (مــافی نەتەوەکــان لە دیــاریکردنی چارەنووســدا) لەڕووی تیــۆرییەوە پشــتگیری لە مــافی بڕیــاردانی گەلان کــردووە، جەختــی لەوە کــردەوە، کە ئەم مــافە دەرفەت بە هەمــوو گەلان دەدات، لە ســایەی (دەوڵەت-نەتەوە)دا یەکبگرن(ئەکرەم ئیسماعیل، ٢٠١٤، ٨). هەروەهــا لە ســاڵی (١٩١٨) ســەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکــا (ودرۆ ولســن) لە دانــانی (١٤) بەنــدەکەی بــۆ ئاشــتەوایی لە نێــوان دەوڵەتــان ئەوەی خســتەڕوو، پرەنســیپی مــافی بڕیــاردان بنەمــایەکە بــۆ ئاشــتەوایی نێــوان گەلان. لەدوای ئەوەی دەرکەوت هۆکاری جەنگ و تێکدانی ئاشتی و پێکەوەژیان و نەگونجانی نێوان نەتەوە و گەلانە لە دەوڵەتەکاندا. ئەم بنەمــایە (مــافی بڕیــاردان) لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا (UN) زیاتر چەسپا، ڕەهەندێکی یاسایی و نێودەوڵەتی وەرگرت، لە بڕگەی (٢)ی مادەی (١-٥٥). بەڕوونی ئامازەپێکراوە هەموو گەلان مافی چارەنووسی خۆیان هەیە، بەپێی ئەم ماددانە بۆیان هەیە بە ئازادی دۆخی سیاسی خۆیان دیاری بکەن (خەلیل عبدوڵڵا، ٢٠٠٥، ٦٨). بەڵام لە دوای ســاڵانی (١٩٧٠) بەدواوە ئەم پرەنســیپە زیــاتر ڕێچــکەی دەســتەبەرکردنی ســەروەری دیموکراســی و ئۆتۆنۆمی و کەمینەکانی وەرگرتووە، یاسای نێودەوڵەتی پرەنسیپەکانی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خــاکی وڵاتــان لە ســەرووی مــافی بڕیــاردانی گەلان دادەنێن، بەهــۆی ئەوەی مــافی جیابوونەوە زۆرجــار دەبێــتە هــۆی نەهێشــتنی هاوســەنگی و هەڕەشــە بــۆ ســەر ئاســایش و ســەقامگیری

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی(علی امیدی، ١٣٨٥، ٢٥٠). ئەگەر ئەم نەتەوە جوداخوازانە خواستێکی بەهێزیشیان هەبێت بۆ جیابوونەوە، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ دەوڵەتی بنەڕەتی خۆیان و لەگەڵیدا ڕێکبکەون (ئەکرەم ئیسماعیل، ٢٠١٤، ٥). بەهەمان شێوەی خواستی سەربەخۆخوازی و جوداخوازی گەلی هەرێمی کوردستان- عێراق و هەرێمی کەتەلۆنیا- ئیسپانیا لە ساڵی (٢٠١٧). بێگومان ڕێگای هەرە یاسایی و دیموکراسی و سەردەمیانەی جیهان، بۆ داواکردنی مافی بڕیاردان و سەربەخۆیی، ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆمە، کە ئامڕازێکە بۆ سەربەخۆیی نەوەک ئامانج.

### ٢.١.٣: ڕیفڕاندۆم

ڕیفڕاندۆم (گشتپرسی) وەک دەستەواژەیەکی تاڕادەیەک نوێ و هاوچەرخ لە ماوەیەکی کورتدا لەنێو فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردیدا پەرەی سەند، بووە وێردی سەر زبانی هەموو کوردێک و دۆست و دوژمنی، سەبارەت بە دەستەواژەی ڕیفڕاندۆم، دەستەواژەیەکی لاتینییە (Gerund). بە واتای ئاماژەکردن دێت، (Gerundive) بەرانبەر بە (Refering)ی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت، بە واتایی هێنانە پاش دێت. (Oxford dict) بە واتای هێنانە پاشی پرسیار بۆ دواوە، یان گەڕاندنەوەی پرسیارە لە دەسەڵاتەوە بۆ خەڵک.

لە زمانی ئینگلیزیدا لەپاڵ دەستەواژەی (Referndum). دەستەواژەی (Plebliscite) بە هاوواتای بەکاردێت و هەمان بەکارهێنانی هەیە( پشتیوان صادق، ٢٠١٣، ٣٩). (الاستفتاء) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای پرسیارێک یان زیاتر ئاڕاستەی ژمارەیەک لە خەڵکی دەکرێت، بە مەبەستی وەڵامدانەوە و زانینی ڕایان لەسەر بابەتەکە (المعانی dic). (گشتپرسی، ڕاپرسی) وەک دوو دەستەواژە بە هاوواتای ڕیفڕاندۆم لە زمانی کوردیدا بەکاردێن، واتا پرسینی ڕای خەڵک، سەبارەت بە پرسێک، کە ئاڕاستەیان دەکرێ(عەبدوللا جەبار، ٢٠٠٧، ٥١).

لەگەڵ پەیدابوونی مێژووی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی شێوازی ژیانیان، بەتایبەتی لە ڕاوکردنەوە بۆ شوانکاری و کشتوکاڵییەوە، مرۆڤەکان بە ئامانجی دەستکەوتنی بژێوی ژیانیان گەلێ ڕێگای هەمەجۆریان تاقیکردۆتەوە، لە نێوان چاک و خراپ، خراپ و خراپ، باش و باش، یەکێکی هەڵبژاردووە و دەستبەرداری ئەویتریان بووە، ئەمیش دواتر لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و شوێنی مانەوە و کۆمەڵ و گروپ و سەرۆک و گەورە، ڕەنگی داوەتەوە. لە ساڵی (٥٠٨)ی پێش زایین جۆرە حکومەتێک لە یۆنان پەیدابوو و پێی دەگوترا (حکومەتی خەڵک بۆ خەڵک). ئەم جۆرە سیستەمە حکومڕانییە پێی دەگوترا (دیمۆکراسیا)[1](داریۆش ئاشوری، ٢٠١٤، ٤٥). لەدوای پێشکەوتنی سیستەمی دیموکراسی و هاتنە کایەی شێوازی نوێی وەرگرتن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، گشتپرسی وەک ئامڕازێکی گرنگی ئەم شێوازە پەرەیسەند، بەتایبەتی لەم ساڵانەی ڕابردوودا لە ئەنجامدا وایلێهات زۆربەی وڵاتانی جیهان لە چەندین هەلومەرجی جیاوازدا سوودیان لەم پڕۆسەیە وەرگرت (عەتا قەرەداغی، ١٩٩٩، ٨). بە ئامانجی

1. دیمۆکراسی: دەستەواژەیەکی لێکدراوی یۆنانییە، (دیمۆ) بە واتای دانانی خەڵک دێت، وشەی (کراسی)، بە واتای دەسەڵات دێت، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، گۆڕا بۆ دەسەڵاتی زۆرینە و پاراستنی مافی کەمینە، ئەم سیستەمەی حکومڕانیەش لە زۆرێک لە وڵاتانی وەک (فەڕەنسا، بەریتانیا، ئەمەریکا،...) پەیڕەودەکرێت.

یەکلاکـردنەوەی پرسـێک، کە ڕای زۆرینـەی لەسـەربێت، پرسـێک بێـت بە چـارەنووس و بەرژەوەندی ئەو خەڵکە یان ئەو گەلە پەیوەست بێت، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣). لە یەکەم هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی بـۆ پێکهێنـانی حکـومەتێکی فیـدڕاڵ لە (٢٠٠٥/١/٣٠). ڕیفراندۆم لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە کرا، کە تایبەت بوو بە هەر سێ پارێزگەکەی هەرێم (هەولێر، دهۆک، سلێمانی). کە (% 98.8) ڕێژەی دەنگدانی (بەڵێ) بـوو، پرسـیارێک ئاڕاسـتەی خەڵکی دەکـات و سـەبارەت بە دەوڵەت و جیـابوونەوە لە عێـراق، بەڵام لەبەر ئەوەی گەلـی کـورد و سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتی کورد، بە ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی، ویستیان ئەزموونێکی نـوێی حـوکمڕانی لەگەڵ ئەو حکومەتە نـوێیە تـاقیبکەنەوە، هەمـوو مافەکـانی گەلـی کـورد زامـن بکرێـت، نـاوچە کێشەلەسـەرەکان بەپێـی دەسـتوور چارەسـەربکرێن، کـورد بەشـێک بێـت لە پرۆسەی سیاسی عێراق، ئەم بابەتی ڕیفراندۆمە گرنگی پێنەدراوە و هیچ ئەرزشێکی ناوخۆی و دەرەکی بۆ دانەنرا. دوای (١٤) ساڵ لە حکومڕانی و بەڕێوەبردنی حکومەت و سەدان هەوراز و نشـێو و گەرمـی و سـاردی لە پەیوەندییەکانیانـدا بەخـۆیەوە بینـی، ئەزمـوونی شـەراکەت و هاوبەشی لە عێراقدا شکستی هێنـابوو، لە سـاڵی (٢٠١٧) سـەرکردایەتی باڵای سیاسـی هەرێمی کوردستان، کە زۆربەی حیزبەکانی تێدا بەشـداربوون، بڕیـاری ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم لە (٢٥ی ٩ی ٢٠١٧)دا، کە (٪٩٣.٧) ی خەڵکی کوردسـتان دەنگیـان بە (بەڵێ)دا بـۆ سـەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، هاوشانی ئەم پرۆسـەیە، ئەم چەمکە وەک وێردێکـی سـەر زوبـان و موقەدەسـاتێکی نەتەوەیـی لەنـاو بەشـێکی زۆری نەتەوەی کـورد جێگـای خـۆی گـرت. ڕیفڕانـدۆم (گشتپرسـی) (بریتییە لە دانپێدانانێکی گشتی، کە هەمـوو خەڵکی وڵات یان هەرێمێکی دیـاریکراو، پرسـیاریان ئاڕاستەدەکرێت، بۆ زانینی ڕایان لەسـەر بابەتێکی سیاسـی، دەسـتووری، کۆمەڵایەتی، یـان هەر بـابەتێکی تـر، کە هەسـتیار و گرنگـی زۆری هەیە بـۆ ئەم وڵاتە یـان ئەم هەرێـمە(Cambridge dictionary). ئەمـیش لە پێنـاو بڕیـاردان لەسـەر چارەنووسـی ئەم بـابەتە، بەوەی پرسـیارێک ئاڕاسـتەی خەڵکـی کـراوە، هەروەهـا بـریتییە لە دەنگـدانی گشـتی لەلایەن دەنگـدەرانەوە، بەشـێوەیەکی گشـتی لەلایەن هاوڵاتیـان، بە دوو شـێوازی(بەڵێ- نەخێـر) وەڵامـی پرسـیاری ئاڕاسـتەکراو دەدرێتەوە، کە لەلایەن لایەنێکی دیاریکراو(دەسـەڵات) ئاڕاسـتەیان دەکرێت(هەژار جەوەر، ٢٠١٧، ٢٠). لەم شـــێوازەدا دەنگـــدەر ڕووبەڕووی دوو هەڵبـــژاردن دەبێـــتەوە، بە هەڵبژاردنی هەریەکەیان، ڕاستەوخۆ ئەویتریان ڕەتدەکرێتەوە، واتا هەڵبژاردنی دانەیەک لە دوو دانە، نەک هەڵبژاردنی دانەیەک لە چەند دانەیەک، بەشێوەیەک ڕێگە بە بۆچوون و هەڵبژاردنی سێیەم نادات، ڕەنگە پرسیارێک بێتە ئاراوە، بۆچی دەسەڵات بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گەل بڕیار لەسـەر پرسێکی لەم چەشنە نـادات؟ ئەمەش بـریتییە لە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆی دەسـەڵات بۆ هەمـوو خەڵکـی وڵات یـان هەرێـم، بـۆ زانینـی بیروڕایان(منصـور جیهـانگیر، ١٩٨٠، ٥٤). لەگەڵ ئەوەی بـابەتەکە پەیوەنـدی بە چـارەنووس و بەرژەوەنـدی هەر تـاکێکەوە هەیە، دەسـەڵات ناتوانێـت لەجیـاتی ئەوان بڕیاربـدات، هەروەهـا بڕیـارێکی لەم شـێوازە، کە خەڵـک بەشـداری تێدابکات، هێزێکـی یاسـایی و جەمـاوەری بەهێـز دەداتە ئەنجـامەکەی، کە پاشـگەزبوونەوە لێـی

کارێکی ئەستەمە، بەمەش ڕا و بۆچوونی خەڵکی بۆ دەسەڵات و گرنگی دەسەڵات لەلایەن خەڵکیەوە دەردەخات.

### ٣.١.٣: دەوڵەت

دەوڵەت وەک چەترێک بۆ پاراستنی گەل، لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو وێنا دەکرێت، دەوڵەت دامەزراوەیەکی مرۆیی لەمێژینەیە، سەردەمەکەی بۆ کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان دەگەڕێتەوە، لە وڵاتانی میزۆپۆتامیا پێش نزیکەی شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە. بە درێژایی هەزاران ساڵ لە چین دەوڵەتی ڕێکخراویی خاوەن بیرۆکراتیەتی مەشقدار بوونی هەبووە، دوای ئەوەی لە ئەوروپا دەوڵەتی نوێ بەدەرکەوت، کاری لەپێشینەی دروستکردنی سوپای گەورە و کاریگەر و سەپاندنی باج بووە، خاوەنی بیرۆکراتیەتی ناوەندی بوو، بەمەش توانی دەسەڵاتەکانی خۆیان پیادە بکەن و سەروەری خۆی بەسەر زۆر ناوچە و هەرێم بسەپێنێت. سەبارەت بە دەوڵەتی هاوچەرخیش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پتەوبوونی دەسەڵاتی ڕژێمە پاشایەتییەکانی وەک: (فەڕەنسا، ئیسپانیا، سوید). کە بۆ پێش چوارسەد تا پێنجسەد ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە پێناسەی دەوڵەت لە زۆر ڕووەوە هەمەلایەنە، پێناسەکراوە بەوەی (کۆمەڵە خەڵکێک بە شێوەی جێگیر، لەسەر پارچە زەوییەک نیشتەجێن و دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەیان دەبات، بەهۆی بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک: (مێژوو، زمان کەلتوور و ئایینی جیاواز). تایبەت بە خۆیان، سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێدابنرێت) (حەسەن مستەفا، ٢٠١٧، ٤٤). هەروەها یەکێکی تر لە پێناسەکان بۆ دەوڵەت بریتییە: (لە کۆمەڵێک تاک پەیڕەوی چالاکییەکانی خۆیان لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراو دەکەن، هەروەها ملکەچی یەک سیستەمی دیاریکراو دەبن). (کەتران زغیر نعمە، ٢٠١٨، ٦). لەهەمان کاتدا هەندێکی تریان بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن، دەوڵەت دیاردەیەکی سیاسی و یاساییە، واتا کۆمەڵێک خەڵک لە جوگرافی دیاریکراودا بەشێوەیەکی بەردەوام و جێگر نیشتەجێ دەبن، هەروەها ملکەچی سیستەمێکی دیاریکراو دەبن، خاوەنی کەسایەتییەکی واتایی و سیستەم و سەربەخۆیی سیاسین.

دەوڵەت لە ڕوانگەی تریشەوە پێناسە دەکرێت، لەوانە:

**یەکەم: لە ڕووی ڕامیارییەوە:** بریتییە لە کۆمەڵە دەزگایەکی ڕێکخراو، کە لە میانەیاندا کۆمەڵە کەسانێک پیادەی دەسەڵات لەسەر هەرێمێکی دیاریکراودا دەکەن، لە پێناو بەدیهێنانی سوود و بەرژەوەندی گشتی.

**دووەم: لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە:** (دەوڵەت بریتییە لە قەوارەیەک، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک لەو هاوڵاتیانەی ژیانی خۆیان تیایدا ڕێکدەخەن و سەر بە ڕژێمێکی دەسەڵاتداری سەروەرن، بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەرێمێکی دیاریکراودا دەژین) (طالب رشید یادگار، ٢٠١١، ١٩٩). لێرەدا ئەوەی دەردەکەوێت، هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەمان قەبارەی دەسەڵاتیان لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، کە بەشێوەیەکی خۆڕسک لەو ڕۆژەی دروستبوون شایستەی

(اهلـيه)يەی ياسـايی خۆيـان وەردەگـرن، ئەم شايسـتەيەش يەكسـانە چ دانپێـدانراوبێت، يـان پێـدانەنراوبێت، لەبەر ئەوەی گرنگـی دانپێـدانان لە پراكتيكـی كردەيـی شايسـتەی ياسـاييدا دەردەكەوێت، نەک لەڕووی ئەوەی، كە چەند دەوڵەت دانيان پێداناوە، بەو مانايەی (ئەمەريكا) و دەوڵەتێكی بچووكی وەک(ڤاتيكان) لە ڕووی ياساييەوە هەمان شايستەی دەنگدان و بڕياردانيـان هەيە.

بەشێوەيەكی گشتی دەتوانين پێناسەی دەوڵەت لەم چەند وشەيەدا پوخت بكەينەوە:

بريتييە لە كۆمەڵە خەڵكێک لەسەر پارچە ڕووبەرێكی جوگرافی دياريكراو، لەژێر سێبەری سيستەمێكی حكومڕانی سياسی دەژين.

دەوڵەت بەشێوەيەكی گشتی و سەرەكی، سێ ڕايەڵە (كۆڵەگە)ی سەرەكی هەيە، كەپێكدێن لە:

**١-گەل**

دەوڵەت بەبێ گەل (دانيشتوان) دروست نابێت، هەربۆيە گەل بە ڕەگەزی بنچينەيی دەوڵەت هەژماردەكرێـت، تـاوەكو سەربەسـتی تاكەكـان و مـافی مـرۆڤ بەدی نەهـات، زاراوەی (گەل- الشعب- Population) بەكارنەهات، بەمەش دانيشتوانی هەر دەوڵەتێک نيشانە و خەسڵەتی تايبەت بەخۆيان هەيە، كە لە دانيشتوانی وڵاتانی تر جيادەكرێنەوە(حەسەن مستەفا، ٢٠١٧، ٣٥).

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەين، كە ناتوانرێت دەوڵەت بەبێ گەل دابمەزرێت يان بونيادبنرێت، بەمەش ژمارەيەكی زۆر يان كەمـی تـاک، كە هـاوڵاتين و ملكەچی دەسـەڵات و ڕێسـا و ياسـای دەوڵەت دەبن و هەڵگری ناسنامەی ئەو دەوڵەتە بن و لەو دەوڵەتەدا ڕۆڵيان هەبێت. قەبارەی ژمارەی دانيشتوان كاريگەری لەسـەر دروستبوونی دەوڵەت نييە، بۆ نموونە لە جيهاندا چەند دەوڵەتێک هەن، ژمارەی دانيشتوانيان لە چەند سەد هەزار كەسێک زياتر نييە، بەڵام كاتێک باس لە هێـزی دەوڵەت و سياسـەتی نێـودەوڵەتی دەكرێـت، ژمـارە و جـۆری دانيشـتوان ڕۆڵـی لە گەيشـتن بە ئامـانج و بەرژەوەندييەكان دەبێت، وێڕای فـاكتەری دانيشـتوان، فاكتەرەكـانی تـری وەک (ئاسـتی خوێنـدەواری، پيشـەوەری، جوتيـاری، خۆشـگوزەرانی، ....) كـاريگەرن لەسـەر بەهێزی دەوڵەت(عبدالعلی قوام، ٢٠٠٩، ٣١).

مەرج نيـيە دەوڵەت لە يەک نەتەوە يـان يەک زمـان پێكبێـت، نەتەوە هەيە زيـاتر لە چەنـد دەوڵەتێكيان هەيە، وەک نەتەوەی عەرەب، نەتەوەش هەيە لە دەوڵەتی سـەربەخۆ بێبەشـە، وەک نەتەوەی كورد، لە ئێستادا چەندين نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جيهاندا بوونيان هەيە و لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆيی تايبەت بە خۆيانن، پاساويشيان ئەوەيە، كە هەر نەتەوەيەک مافی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەيە.

**٢-هەرێم**

تەنيا بـوونی كـۆمەڵەيەكی پەيوەنديـدار بەيەكەوە لە خەڵـک، بۆ بونيادنـانی دەوڵەتێكـی دياريكراو بەس نييە، بێگومان بوونی پارچە ڕووبەرێكی دياريكراوی جوگرافی بۆ جێگيربـوون لەسـەری پێويسـتە، كە چالاكييەكانی خۆيـان بە بەردەوامـی لەسـەری پيادە بكەن، بە ئامـانجی پێكهێنانی دەوڵەت، بەم شێوازەش دەوترێت هەرێمی دەوڵەت.

هەرێم بریتییە لە چوارچێوەیەکی ماددی، کە دەوڵەت تیایدا پیادەی دەسەڵاتەکان و سەروەری خۆی دەکات، گەلێک بە هەمیشەیی و بەبەردەوامی تێیدا دەژین، بوونی سنوورێکی دیاریکراو، کە دەوڵەت تیایدا چالاکییەکانی تیایدا ئەنجام دەدات. ئەمەش دەکرێت سنوورێکی خۆرسک بێت، وەک: (چیا، دۆل). یان سنورە ئەندازەییەکان بێت، وەک شورای (چین). هەروەها ئەوەی گرنگە دیاریکردنی سنووری نێوان دەوڵەتانە بەشێوەیەکی ڕوون، لە پێناو نەهێشتنی ناکۆکی و بەڕێوەبردنیان بە شێوەیەکی تۆکمە.

هەرێم بابەتێکی گرنگە لەڕووی هاتنەکایەی دەوڵەتەوە، چونکە پیادەکردنی دەسەڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە پێویستە لەسەر پارچە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراو پەیڕەوبکرێت، وەکو ئەو خێلە کۆچەریانەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن، بە دەوڵەت دانانرێن، چونکە ڕایەڵی هەرێمیان تێدا نییە، هەروەک چۆن کەمترین ژمارەی دانیشتوان دیارینەکراوە، هەروەها مەرجیش بۆ سنووری هەرێم دیارینەکراوە، کە فراوانی ڕووبەری تا چ ڕادەیەک بێت(خامۆش عمر عبدالله، ٢٠١٢، ٣٢).

بە مەبەستی ئاسانکاری لە کاروباری ئیداری و کارگێڕیی دەوڵەت، بەپێی یاسا و ڕێسای دیاریکراو هەرێمەکەی دەکاتە چەند یەکەیەکی کارگێڕیی و ناوچەیی و سیستەمی یاسایی بۆ هەریەک لەم ناوچانە دادەنێت و بە ناوەندەوە دەیبەستێتەوە، بەهەردوو سیستەمی مەرکەزی و لامەرکەزی بەڕێوەیان دەبات. دەوڵەت بەپێی پرەنسیپی سەروەری هەرێمیی ئەرکی خۆی دەبێت، لە پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری و دادوەری بەسەر هەرێمەکەیەوە.

مەرج نییە سنووری هەرێمەکە بەیەکەوە لکاو بێت و ڕووبەرێکی دیاریکراو بێت، دەوڵەت هەیە دەکەوێتە سەر دوورگەگەلێکی جیاجیا، وەک (ژاپۆن، فلیپین، ئەندەنوسیا، ...). دەوڵەتی تریش هەن ڕووبەری هەریەکەیان چەند کیلۆمەترێکە، وەک: (کۆماری سان مارینۆ، میرنشینی مۆناکۆ) (طالب ڕشید یادگار، ٢٠١١، ٢٤٤).

**٣- دەسەڵاتی سیاسی**

دەوڵەت تەنیا بە بوونی کۆمەڵێک هاوڵاتی و هەرێمێکی دیاریکراو دروست نابێت، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتێک، دەستەیەک یان هێزێکی سیاسی هەبێت، حکومڕانی ئەم هەرێمە دیاریکراوە بکات، تاکەکانی ئەم هەرێمە ملکەچی دەبن، ئەم دەسەڵاتە هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی وەک: (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی). بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار و پاراستنی ئارامی و ئاسایش و سەروەت و سامانی ئەم دەوڵەتە. دەسەڵاتی سیاسی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت، کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی پیادەبکات، پێویستی بە دەسەڵاتێک یان حکومەتێکی ناوەندی هەیە. پەرەسەندنی مافی بڕیاردان، کاریگەری زۆری لەسەر پێوەری حکومەت هەبووە، لە کاتێکدا بۆچوونە تەقلیدییەکان جەختیان کردۆتە سەر سەقامگیریی و بەڕێوەبردنی کردەیی، وەک دوو فاکتەر لە فاکتەرەکانی توخمی حکومەت، لە سەردەمی ئێستادا دوو داخوازی تریان خرایە پاڵ، ئەوانیش: (سروشتی نوێنەرایەتیکردن و دیموکراسیبوونی حکومەت) (طالب ڕشید یادگار، ٢٠١١، ٢٦٦).

(دەســـەڵات) بنەمـــایەکی بنچینەیـــیە بـــۆ هەر سیســـتەمێکی سیاســـی، (دەســـەڵات) بەوە جیـادەکرێنەوە، کە هێزێکـی مـاددی گەورەی هەیە لە دەوڵەت، بەشـێوەیەک هـیچ هێزێکـی تـر ناتوانێت کێبڕکێی بکات، دروستبوونی نائارامی و ناسەقامگیری لە ئەنجامی ململانێی نێوان هێزە جیاوازەکانی دەوڵەت(خـامۆش عمـر عبدالله، ٢٠١٢، ٣٤). بەڵام بـوونی هێزێکـی مـاددی بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو پێویستە هێزێکی واتـایی(مەعنەوی) هەبێت، کە ئەو هەستە لەلایەن هاوڵاتیـان دروستبکات، بەوەی دەسەڵات تەواوی پێداویستیەکانیان بۆ فەراهەم دەکات. لە ڕووی ئاسایشی ماددی و مەعنەوی، تاک خۆی بە خاوەنی دەوڵەت بزانێت، لەکاتی پێویستی یارمەتی بدات و لە پێنـاو دەوڵەتەکەیدا کارەکـانی بەڕێکـوپێکی ئەنجـام بـدات، لە سـەرەتای دروسـتبوونی دەوڵەت بەڵگەنـامەیەک، کە پێـی دەوترێـت (دەسـتوور) شـێوازی بەڕێـوەبردنی دەوڵەت یـان جـۆری سیستەمی سیاسـی دیـاری دەکـات، بەڵام کاتێـک باسـی هێـز و مـامەڵەی دەوڵەتێک لە کۆمەڵگە نێودەوڵەتیەکانـدا دەکرێـت، جـۆری سیســتەمی سیاســی ئەو دەوڵەتە، ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لە دابینکردنی بەرژەوەندی و کارلێکی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەگێڕێت.

### ٢.٣:جۆرەکانی ستراتیژییەتی گوتار لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)

#### ٣-٢-١: ستراتیژییەتی هاوسۆزی

ئەوکاتەی نێرەر لەگەڵ وەرگر لە ئاڕاستەکردنی هزری پەیامەکە هـاوڕا بێت (هاوسـۆز بێـت). بە مەرجێک وەرگر سەر بە هەمان ژینگەی نێرەر بێت، یان ئەوەتا پێویستە تایبەتمەندی لەیەکتر نزیکبوون لەنێوانیاندا هەبێت، وەک تایبەتمەندی (ئایین، ڕەگەزنامە، نەتەوەیی، بـاری ژیـان، ...). ئەوەی پێویستە بوونی پەیوەندییەکی ڕێزدارییە لەنێوان نێرەر و وەرگردا (یونس فظلیە، ٢٠١٠، ٨٧-٨٩). ئەمەش لەبەر ئەوەی نێـرەر هەوڵـدەدات پەیوەنـدی بە وەرگـر و جـۆری پەیوەنـدییەکە بەرجەستە بکات و پەرەی پێبدات، بە مەبەستی کەمکردنەوەی جیـاوازی نێوانیـان و کـاریگەری زیاتر خستنەسەر وەرگر.

ئامانجەکانی ستراتیژییەتی هاوسۆزی

١-لەگەڵ جوانکردنی وێنەی نێرەر بەرانبەر وەرگر، وەگەڕخستنی هاوسۆزی نێوانیشیانە.

٢-دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە و بەدەستهێنانی خۆشەویستی و سۆزی بەرانبەر.

٣-کەمکردنەوەی دەسـەڵاتی نێرەر، بۆ ئەوەی نێـرەر خـۆی نزیـک بکـاتەوە لە پلەی وەرگـر. (بەهار زایر، ٢٠١٦، ١٤٣).

**کەرەستە و میکانیزمە زمانییەکانی ستراتیژییەتی هاوسۆزی**

**١- کەرەستە زمانییەکان**

ا-ناوی کەس و نازناو و خزمایەتی

نێرەر لە کاتی گفتوگۆکردن یان لە حـالەتی بانگکردنـدا نـاوی کەس یـان نازنـاو یـان دەلالەتـی نزیکـی پەیوەنـدی نێـوان نێـرەر و وەرگـر بەکاردەهێنێـت، لە پێنـاو هێنـانەدی سـتراتیژییەتی هاوسـۆزی لەگەڵ وەرگردا نێرەر ئەو ستراتیژییەتە بەکاردەهێنێت، ئەمیش ئەگەر پلەی نێرەر

گەورەتر یان بچوکتر یان هاوتا بوو لەگەڵ وەرگردا، (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا سەبارەت بە ناوی کەس لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە ناوی کەسەکان دەکات، ئەویش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستی پەیامەکەی:

**ساڵی (٢٠٠٦). سەرۆک جۆرج بۆش هات بۆ (قاعدەاسد). لەسەر حدوودی سوریا و ئوردن لە پارێزگای ڕومادی، داوایان کرد منیش بچم. (هەولێر)**

**لە ساڵی (٢٠١٥) لە (واشنتن لە وایت هاوس). لەگەڵ بەڕێز خودی جەنابی سەرۆکی ئەو سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکا، بەڕێز (ئۆباما) ئەو بابەتەمان باسکرد ڕووبەڕوو. (هەولێر)**

**دگەل بەڕێز عەبادی سەرۆک وەزیران موتەفقین. (دهۆک)**

**خۆزگە ئێستا برای بەڕێزم (سەرۆک مام جەلال) تەندروستی ڕێگەی دابا، پێکەوە ئەم ئەرکەمان هەڵگرتبا(سلێمانی)**

سەبارەت بە نازناو (مەسعوود بارزانی) بە تەنیا بۆ تاکە کەسێک نازناو بەکار ناهێنێت، بەڵکو بۆ کۆمەل یان جەماوەر بەکاری دەهێنێت:

**جەماوەری تێکۆشەری سۆران، چۆمان، ڕەواندوز، مێرگەسۆر. (سۆران)**

**شاری هەڵمەت و قوربانی، پایتەختی ڕۆشنبیری. (سلێمانی)**

**جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن. (هەولێر)**

**زاخۆکا دەلال، زاخۆیا دل و ڕووح. (زاخۆ)**

بەکارهێنانی هەریەک لەم دەربڕاوانەی سەرەوە وەک نازناو بەکارهاتوون، بەتایبەتی بۆ جەماوەری ئامادەبوو لەو کاتەی گوتارەکەی تێدا پێشکەش دەکرد.

ب- نیشانە کەسییەکان:

کاتێک نێرەر لەگەڵ وەرگردا لە پلەدا نزمتر، یان بەرزتر، یان هاوپلە بێت، ئەوا لەکاتی گفتوگۆکردن بەکاری دەهێنێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی ستراتیژییەتی هاوسۆزی لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا. (عبدالهادي بن ظافر الشهري، ٢٠١٥، ٢٧٤).

**وە پێویستی بە کەسەکێ نییە بێژیتەوە دەنگێ بدەن. (زاخۆ)**

**ئەز یەک رجایێ ل هنگۆ دکەم. (ئامێدی)**

**گەر هەوە گوهـ لێ بیت نەفەرەک لێرە یان ل وێرێ گەف و گوڕا بکەت. (ئاکرێ)**

**بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد. (سۆران)**

**دەستی ئەو میللەتە خۆش بی، دەستی ئێوە خۆش بی. (هەولێر)**

**ان شاء الله سەروەری و سەربەخۆیی بەشی زۆری بەر ئێوە دەکەوێت. (سلێمانی)**

لەبەر ئەوەی (جەماوەر یان وەرگر) ژمارەیەکی زۆرن، ناتوانرێت ناوی هەموویان بێنێت، ناچار جێناوی سەربەخۆی (ئێوە،وە) بەکارهێنراوە، بەکارهێنانی ئەو جێناوە، بۆ ئێوەیە، ئاماژەی نزیکی و هاوڕێتی و یەک پلەیی وەرگر و نێرەرن یان نزمتر پیشان دەدات.

ج- نیشانەی شوێن:

مەبەست لەو شوێنانەیە چۆنیەتی کارکردنیەتی وەک نیشانەیەکی پراگماتیکی لەلایەن قسەکەرەوە و گەیاندنی واتای ویستراو بەهۆی دەوروبەرەوە گەلێک جار واتای شوێنەکە بەپێی چوارچێوەی باری رۆشنبیری و ژینگە و جوگرافیا دەردەکەوێت. (هۆگر محەممەد فرج، ٢٠٠٥، ٧٤). (مەسعوود بارزانی) لە چەندین شوێندا ناوی چەندین شوێن دەهێنێت، کە ئاماژەن بۆ شوێنێک، ئەویش بەپێی کات و شوێنی جوگرافی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت:

**جەماوەری تێکۆشەری چۆمان، ڕەواندوز، مێرگەسۆر، پڕ بەدڵ سوپاستان دەکەم. (سۆران)**

**هەموو ئەو شوێنانە بۆ من شوێنی پیرۆزن، (سیدەکان، حاجی ئۆمەران، وەرتێ، دۆلی ئاکۆیان، شێخ زادە، خواکورک، بارزان، مێرگەسۆر، مزوری)(سۆران)**

**دەڤەرا ئاکرێ ئێکەل وا شاهیدێت زیندی هەتا دونیا هەیە. (ئاکرێ)**

**ئەزبێژم پارێزگەها دهۆکێ، پێر ل زاخۆ، دوهی ل ئامێدی، ئەڤرۆ ل دهۆکێ، کۆمبوونا جەماوەرێ شێخان و سێمێلێش گەل دهۆکێ، وە بڕیارا خۆدا (دهۆک)**

**جەماوەری شاری سلێمانی و گەرمیان و هەلەبجە. (سلێمانی)**

٢- میکانیزمەکانی ستراتیژییەتی هاوسۆزی

زۆرجار نێرەر بە ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای هەندێک میکانیزم و شێوازەوە مەبەستەکانی خۆی دەپێکێت، وەک:

ا- دەرخستن:

قسەکردن لەگەڵ وەرگر بەڕاستگۆیی، هێمایە بۆ هاوسۆزی و متمانەبوون، جا چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ(بەهار زایر، ٢٠١٦، ١٤٦). (مەسعوود بارزانی) بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بارودۆخی کورد و دۆخی هاوڵاتیان و گوزەرانی ژیانیان چ لە ڕابردوویەکی دوور بێت، یان نزیک، یان لە داهاتوو بۆ وەرگران باس دەکات:

**ئەزموونێکی تاڵمان هەیە (ئاکرێ)**

**ئەمڕۆ شاندێکی هاوپەیمانان، کە لە نێوانیان نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا، باڵیۆزی ئەمریکا و بەریتانیا لە بەغداد، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبوون(زاخۆ)**

**لە ٢٠٠٣ ئێمە هەڵەمان کرد چووینەوە بەغدا(زاخۆ)**

ب- ناوهێنانی خود:

نێرەر بە شێوەیەک باسی خۆی دەکات، وەک ئەوەی باسی کەسێکی تر بکات، جا چ لەڕێگەی بەکارهێنانی ناوی خود بێت، یان بەکاهێنانی جێناوی (من). (مەسعوود بارزانی) لە حەوت گوتارە جەماوەرییەکەی بانگەشەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی (ناوی خودی خۆی) (مەسعوود بارزانی) بەکارنەهێناوە، بەڵام لەجیاتی (ئەو). جێناوی (من)ی لەجیاتی بەکارهێناوە، وەک:

**من بفەر زانی کو ب خزمەتا وە بگەم. (ئامێدی)**

**من داواتان لێدەکەم تەنها ئاڵا، کە لەم مناسەبەتە هەڵبکرێت، ئاڵای کوردستان (سۆران)**

**من دەمەوێت لێرە یەک شت بە خودای خۆم بڵێم، بە ئێوەش بڵێم، من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم. (هەولێر)**

ج- باسکردنی تایبەتییەکانی وەرگر:

بە مەبەست ڕاکێشانی سۆزی وەرگر و سەلماندنی هاوشانی نێرەر لەگەڵ وەرگر، باسی هەندێک تایبەتمەندی وەرگر دەکات، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی ستراتیژییەتی هاوسۆزی لەنێوان وەرگر و نێرەردا. (مەسعوود بارزانی) لە زۆرێک لە گوتارەکانیدا تایبەتمەندی وەرگر ئاماژە پێدەدات، وەک بەڵگەیەک لەسەر هاوشان و لێکنزیکبوونەوە و هاوسۆزی نێرەر (مەسعوود بارزانی) لەگەڵ وەرگر (جەماوەر).

**جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن. (هەولێر)**
**جەماوەری تێکۆشەری: (چۆمان، ڕەواندوز، مێرگەسۆر) (سۆران)**
**بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد بە کردەوە (سۆران)**

د- ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ:

ڕێگایەک بۆ دەربڕینی ڕاستی بۆ بەرانبەر، کە بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: یان بۆ نیشاندانی ڕێزی لەم ڕستەیە، یان دەربڕینی زمانییەکە پڕ ماناتر دەکات، یانیش لەبەر گرنگی هەستیاری بابەتەکە، کە بە ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت. (بەهار زایر، ٢٠١٦، ١٤٧).

**ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتوونەتە سەر خەت، هەندێک ئەفکاریان هێناوە، هەندێک نامەیان هێناوە. (سۆران)**

**بۆ خۆیان چی دەڵێن، با بڵێن، بەڵام بڕیارەکانیان نایەتە کوردستان، لە کوردستان جێبەجێ نابێت. (سۆران)**

**ڕیفراندۆم کۆتایی دونیا نییە، بۆ خاتری خودا، ئەو هەموو فشارە دێنن. (سۆران)**

**کەس سەربەخۆبوون بە دیاری بۆ ئێمە ناهێنێت، کەسیش بۆ ئێمە خۆی تووشی کێشە ناکات. (زاخۆ)**

### ٣-٢-٢ ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردن

ئەم جۆرە ستراتیژییەتە بەوە دێتە ناسین، (ستراتیژییەتێکی ڕاستەوخۆیە نێرەر لە گوتاری خۆیدا بەکاری دەهێنێت، لەم جۆرەیاندا مەبەستی گوتار لەگەڵ دەلالەتی گوتار بە دروستی دەگونجێت، هەروەها هەندێک کار وەک (فەرماندان، داخوازی، بانگکردن، پرسیارکردن، ...) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن) (یونس فظلیة، ٢٠١٠، ٨٧-٨٨). لەم جۆرەیاندا وەرگر ئاڕاستە دەکرێت بە جێبەجێکردنی مەبەستەکانی نێرەرە (دەکرێ ئێمە قسە بکەین وا لە کەسی بەرانبەرمان بکەین لە حاڵەتی ئامۆژگاری کردن یان فەرماندان یان تکاکردن، ... دا بێت). (بەهار زایر، ٢٠١٦، ٤٨). هەر ئەمەش وا لە نێرەر دەکات, بتوانێت گوتارێکی ئاڕاستەکراو بەرهەم بهێنێت. لەگەڵ ئەوەی

کردەی ئاڕاستەکردن بە سیستەمێکی زمانی تێپەڕ دەبێت، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەبێ دەسەڵات، کە هێزی بەدیهاتنی تێدا نایەتەدی، بۆیە (ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردن لە دەسەڵاتی نێرەرەوە سەرچاوە دەگرێت، جۆری دەسەڵاتەکەش جۆراوجۆرە و هۆکارێکیشە بۆ سەرکەوتنی ستراتیژییەتەکەیە). (عبدالهادی بن ظافر الشهری، ٢٠١٥، ٣٢٥). هەر ئەم جۆراوجۆرییەش لە ئەگەری سەرنەگرتنی ئاڕاستەکردنەکەدا، وا دەکات نێرەر پەنا بۆ جۆرێکی تر ببات.

**ئامانجەکانی ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردن**

١-لەگەڵ بوونی جیاوازی لە پلەی مەعریفی یان کۆمەڵایەتی، سووربوونی نێرەرە لەسەر جێبەجێکردنی گوتارەکەی.

٢-حەزکردنی نێرەر لە دەسەڵاتخوازی و بەرزێتی.

**کەرەستە و میکانیزمە زمانییەکانی ئاڕاستەکردن**

١-فەرماندان:

فەرماندان بە یەکێ لە کردەکانی ئاڕاستەکردن دادەنرێت، لە زمانی کوردیدا ڕستەی فەرماندان پۆلێن دەکرێت بۆ جۆرەکانی (داواکردن، داخوازیکردن، تکاکردن، دوعاکردن، دوعالێکردن، ئیزنخواستن، ...). ئەمانە لە ڕستەی فەرماندان دادەنرێت، چونکە نێرەر (قسەکەر) پەیوەست دەکات بە (ڕێزگرتن و دەسەڵات) لە کاتی قسەکردندا، دەتوانین بڵێین فەرماندان بە زۆر ڕێگا بەدی دێت، بەڵام مەرجی دەسەڵات و پلەی نێرەر بە مەرجی سەرەکی بەدیهێنانی ئاڕاستەکردنی فەرماندان دادەنرێت. (بەهار زایر، ٢٠١٦، ١٥٠). لە فەرماندانەدا نێرەر داواکەی بە زۆری بە ئاڕاستەی (ڕێزگرتن) ئەدا دەکات، بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر بە ئاڕاستەی ڕازیکردن ڕابکێشێت:

**ڕێز لە ئاوارە و لێقەومان بگرن. (هەولێر)**

**ڕۆژی (25 ی مانگ) بڕۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسە خۆتان دیاری بکەن، ئەوەی لەگەڵ ئەمە بێ ئەمە سندوقەکان ئەوەی بشترسێت با نەچێت، یان با بڵێت نەخێر.(هەولێر)**

٢-داخوازی:

لە فەرمانی داخوازی (نێرەر) قسەکەر داوا لە لایەنی دووەم (گوێگر) دەکات بە جێبەجێکردنی کارێک، جارێک وا دەبێت گوێگر لە دەسەڵاتی دایە بە بەجێنەگەیاندنی داوای نێرەرەکە، چونکە هەندێکجار نێرەر دەسەڵاتی بەسەردا ناچێت، بەڵام داوای جێبەجێکردنی لێدەکات.

**داوام لێتان هەیە بارودۆخ هەر چۆنێک بێت، گیانی برایەتی و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان بپارێزن (هەولێر)**

**تەوسییەی من بۆ هەمووتان ئەوەیە وەکو چاوی خۆتان بیانپارێزن و ئیحترامیان بگرن. (هەولێر)**

**ئالای حیزبەکان بیینە خوارێ، بەهی پارتیشەوە، تەنها وێنەی شەهید و ئەنفال ئەتوانن بەرزکەنەوە، وێنەی ئەشخاس بەرزنەکەنەوە. (سۆران)**

٣-بانگکردن:

بـانگکردن بە یەکێک لە میکانیزمەکـانی ئاڕاسـتەکردن دادەنرێـت، لەبەر ئەوەی وا لە وەرگـر دەکات، کە کاردانەوەی بەرانبەر نێرەر هەبێت (بەهار زایر ، ٢٠١٦، ١٥٤). بەشێوەیەک نێرەر بە ئاڕاسـتەی بـانگکردن و داواکـردن لە گـوێگران (وەرگـران) بە شـێوازێکی حەمـاس و پـڕ لە سۆزداری، ئەمەش وا دەکات گوێگر کاردانەوەی هەبێت:

**جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن. (هەولێر)**
**خوشک و برایێت بەرکەفتی. (زاخۆ)**
**خوشک و برایێت بەرکەفتی، خوشک و برایێت خۆشتەڤی. (دهۆک)**
**خوشک و برایانی بەڕێز. (سلێمانی)**

٤-پرسیارکردن

پرسیارکردن بە یەکێک لە میکانیزمەکانی ئاڕاستەکردن دادەنرێت، هەر لەبەر ئەمەشـە نێرەر، گوێگر ناچار بە یەک ڕێگا دەکاتەوە، ئەویش وەڵامدانەوەیەتی، بەمەش دەسـەڵاتی نێرەر بەسـەر وەرگردا زاڵ دەبێت، (بەهار زایر، ٢٠١٦، ١٥٣). لە پرسیارکردندا نێرەر دوو ئامـانجی سـەرەکی هەیە، ڕاکێشـانی سـەرنجی وەرگـر بـۆ گرنگـی بـابەتەکە، هەروەهـا بەشـداریکردنی وەرگـر لە پرۆسـەکەدا، بەمەش وەرگـر زیـاتر ملـکەچ و ڕازی دەبێـت و دەچێـتە ژێـر کـاریگەری نێـرەر. (مەسعوود بارزانی) لە زۆر جێگادا پرسیارکردن دێنێتە ناو قسەکانی، **لە ڕرێ□ەی □رسیارکردنەوە** هەولـی دروسـتکردن و چـوونە نـاو پەیوەنـدی لەگەڵ وەرگـر دەدات، ئینجـا ئەو پرسـیارانە بە ئاڕاستەی جەماوەری ئامادەبوو یان نائامادەبوو بکرێتەوە، وەک:

**ئەرێ کامیـان باشـە؟ ئـێمە جیـا ببینـەوە و ببینـە دراوسـێ، یـان ئەم دۆخە بەردەوام بێت؟(هەولێر)**

**ئەرێ تێرنەبوون؟ تێرنەبوون لە سزادانی خەڵکی کوردستان؟ (هەولێر)**
**هنگ زانن خەتا سەوز چیە؟ (دهۆک)**
**خۆشەویستان، بۆ بڕیاری ڕیفڕاندۆم درا؟ (سۆران).**

## ٣-٢-٣: ستراتیژییەتی ڕازیکردن

ڕازیکردن بە یەکێک لە ئامانجەکانی نێرەر دادەنرێت، کە دەیەوێت کاری لەسـەر بکات و بەو شـێوەیە ڕازی بکـات کە نێـرەر دەیەوێـت، بەڵام سـتراتیژییەت (لە دوو سیسـتەمی کـار پێکدێت، هێمـای نازمـانی لە خۆدەگرێـت، ئەوەی بـۆ کـاری ژێـری گونجـاو بێـت، (بەهـانە)یەک دیـارترین ئالیەتی زمانن، نێرەر پێی هەڵدەستێت لەبەر ئەوەی ئامانجی ڕازیکردنی وەرگرە. (عبدالهادی بن ظافر الشـهری، ٢٠١٥، ٤٥٤-٤٥٥). بەو واتـایەی هەمـوو هەولـی نێرەر، بۆ کـاریگەریکردنە سـەر وەرگر، هەوڵی ڕازیکردن و قەناعەت پێهێنـانیەتی لەو بوارەی لێیەوە دەدوێین، بۆیە زۆرێک لە شـارەزایان ڕازیکـردن بە سـیمایەکی گرنگـی گوتـار دادەنێـت، پێیـان وایە زمـان لە کـوێ بێـت، (ارگۆمێنـت) شـارەزایان یـان لێکـۆڵەران لە جیـاتی سـتراتیژییەتی ڕازیکـردن بەکـاری دەهێـنن، (بیرلمـان) لە پێناسـەی ئەرگۆمێنتـدا دەڵێـت: (وەرگـر ڕازی دەکـات بەو شـتەی، کە پێشکەشـی

دەکرێت، یان قەبارەی ئەو ڕازیکردنە زیاتر دەکات) (عبدالهادی بن ظافر الشهری، ٢٠١٥، ٤٥٤-٤٥٥). هەموو ئامانجی ڕازیکردن کاریگەری دروستکردنە، هەر بۆیە سەرگرتنی گوتارەکە پەیوەستە بە سەرگرتنی بەکارهێنانی زیاتری ئەرگۆمێنت.

**ئامانجەکانی ستراتیژیەتی ڕازیکردن**

کاریگەری دروستکردن و ڕازیبوونی وەرگر، ئامانجی هەر گوتارێکە، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە: (بەهار زاير، ٢٠١٦، ١٥٦)

١-لەگەڵ ئەوەی کاریگەرییە پراگماتیکییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر وەرگر هەیە، هاوکار دەبێت لەسەر ڕازیبوون بە پەیامەکەی، هەر لەبەر ئەمەشە ڕازیبوون بە سیمایەکی گرنگی گوتار دادەنرێت.

٢-دەسەڵاتی نێرەر بەندە بە ڕازیبوونی گوێگر لە گوتارەکەدا، کاتێک نێرەر دەسەڵاتی شیاوی دەبێت، کە وەرگر بە گوتارەکەی ڕازی بێت، بە پێچەوانەوەشەوە.

٣-بە زۆری کار لەسەر عەقڵ دەکرێت، چونکە هەر عەقڵ لێکی دەداتەوە، بەمەش ڕێژەی کاریگەربوون و ڕازیبوون زیاتر دەبێت. کەرەستە و میکانیزمە زمانییەکانی ستراتیژییەتی ڕازیکردنن.

**کەرەستە و میکانیانیزمەکانی ستراتیژییەتی ڕازیکردن**

**١- کەرەستە زمانییەکان**

ا- دووبارەکردنەوە:

زۆرجار دووبارەکردنەوەی وشەیەک لە شوێنێکدا، بە دیارترین شێوازی زمانی ئەرگۆمێنت هێنانەوە دادەنرێت، نێرەر بۆ سەلماندنی گوتارەکەی پشتی پێ دەبەستێت، بەمەش کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر وەرگر دروست دەکات. سەبارەت بە دووبارەکردنەوەی وشەکان، (مەسعوود بارزانی) زۆر کەم وشەی دووبارە کردۆتەوە، بگرە دووبارەی نەکردۆتەوە، لە زۆر شوێن (ئەی) بەکارهێناوە، بەڵام بەو مانایە ناهێت، کە ئێمە باسی دەکەین.

**ئەی خەڵکی بە شەرەفی شاری سۆران و دەوروبەری (سۆران)**

ب- ئاوەڵناو

لەمیانەی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) زۆرجار ئاوەڵناوی بەکارهێناوە، ئەویش بۆ وەسفکردن و زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و ناسینی:

**پێشمەرگە قارەمانەکان، شەهیدە سەربەرزەکان، خەڵکی خۆڕاگر.....**

**٢- میکانیزمە ڕەوانبێژییەکان**

بەکارهێنانی (شیعر و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و گێڕانەوەی سەربووردە). کە دەچێتە ناو بواری ئەرگۆمێنت، زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە و نیشاندانی بەهێزی پەیامی گوتارەکەیە، ئەمانە لەمیانەی قسەکردندا بە دەربڕینێکی کورت، مانایەکی زۆر دەدەن و لە ماوەیەکی کورتدا ئامانجی گوتارەکە لەلای وەرگر دەچەسپێت و ناچار بە ڕازیبوونی دەکەن، لە کەرنەڤاڵی جەماوەری شاری زاخۆ، (مەسعوود بارزانی) بە بەکارهێنانی شیعرێکی (مەلای جزیری) کۆتایی

بە گوتارەکەی دەهێنێت و لەگەڵ داوای پاڵپشتی خەڵک بۆ سەربەخۆیی، هەروەها خۆڕاگری و قارەمانیەتی خەڵکی کوردستان و خودی نێرەر، کە (مەسعوود بارزانی)یە دەیسەلمێنێت:

**پشتی نادین دوو هەزار خەنجەر و تیر و ڕم و خشت**
**مە سەر دانایە ڕێ و ب خوەدێ بەستیە پشت. (زاخۆ)**

هەروەها بەکارهێنانی بڕگەیەکی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ بە زمانی عەرەبی لەمیانەی گوتارەکەیدا، کە زۆرجار ڕەخنە دەگیرا لە بە دەستووری نەبوونی ڕیفراندۆم، بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی و ڕاستی و دروستی بابەتەکە (مەسعوود بارزانی) ئەم بڕگەیەی وت:

**(أن الألتزم بهذا الدستور يحفظ العراق اتحاده الحر) (ئامێدی)**

هەروەها گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداو لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەکارهاتوون، بە ئامانجی ڕاستگۆبوون لەگەڵ جەماوەر و کاریگەری زیاتر خستنەسەر وەرگر:

**ساڵی (٢٠٠٦). سەرۆک جۆرج بۆش هات بۆ (قاعدەاسد). لەسەر حدوودی سوریا و ئوردن لە پارێزگای ڕوومادی، داوایان کرد منیش بچم. (هەولێر)**
**لە ساڵی (٢٠١٥) لە (واشنتن لە وایت هاوس). لەگەڵ بەڕێز خودی جەنابی سەرۆکی ئەو سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکا، بەڕێز (ئۆباما) ئەو بابەتەمان باسکرد ڕووبەڕوو. (هەولێر )**
**بەری کو ئەز بێم بۆ خزمەتا وە، وە فداکا مەزن نک من بوون ل سحێلا. (زاخۆ)**

## ٣.٣: ستراتیژییەتە کارەکییەکان لە گوتارەکانی مەسعوود بارزانی

### ١.٣.٣: دیاریکردنی سنوور

سنوور بریتییە لە هێڵێکی دیاریکراوی جیاکراوە لە نێوان دوو کیشوەر، یان دوو وڵات، یان دوو شار و گوند و ماڵ، ئەمیش لە پێناو چەسپاندنی یاسا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکردنی ئەرک و مافەکانی دانیشتوانی ئەم سنوورە. بوونی سنوورێکی دیاریکراو، کە دەوڵەت تیایدا چالاکییەکانی ڕادەپەڕێنێت، ئەویش سنووری دەستکرد بێت، وەک چیا، یاخود سنوورە ئەندازەییەکان بێت. (حسن مستەفا، 2017، 40). ئەم سنوورە دەکرێت خاڵی یەکلاکەرەوە و جیاوازی بوونی نێوان دەوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتێکی تر بێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەت پەیڕەوی سەروەرییەکانی خۆی تەنیا لە سنووری خۆیدا دەکات، دەسەڵاتەکانی تەنیا لە چوارچێوەی سنووری خۆی دەبێت، لەدوای ئەو سنوورەوە سەروەری دەوڵەتێکی تر دەستپێدەکات. (کەتران زغير نعمة، 2018، 30). دیاریکردنی سنووری نێوان وڵاتان لابردن و نەهێشتن و ڕێگەنەدان بە ڕوودانی ناکۆکی نێوان وڵاتان سوودی زۆری هەیە. یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەوڵەتی هەرێمە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتەکانی خۆی لەو ناوچە جوگرافییە دیاریکراوانە پیادە بکات، لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیدا بێت، بتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانی بکات، سوود لە دەرامەت و بەرهەمەکانی ئەو ناوچانە وەربگرێت. (مەسعوود بارزانی) لە زۆربەی گوتارەکانیدا ئاماژە بە دیاریکردنی سنووری

دەوڵەتی کوردستان دەدات، ئەویش لە پێناو دروستکردنی سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەو ناوچانەدا، ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم بەتایبەتی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، گرنگی زۆری هەبوو بۆ زانینی بۆچوونی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، ئایا دەیانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بن، یان لەگەڵ دەوڵەتی نوێی کوردستان، ئەمیش خاڵی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورە.

**ئەم دێ کەڤینە گفتوگۆیەکا جدی، دۆستانە بۆ هندێ تحدیدا سنورا بێتە کرن، سەر مەسەلا ئاڤێ، سەر مەسەلا نەفت و غازێ. (دهۆک)**

**داوای ئێمە ئەوەیە لە بەغدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دوای (25)ی ئەیلول وەرن با گفتوگۆیەکی جدی بکەین لەسەر ناوچەکان و لەسەر نەوت و غاز. (هەولێر)**

**بە گفتوگۆ ئێمە سنورەکان دەستنیشان ئەکەین. (سۆران)**

**ئەم حازرین دەرگەهێ گفتوگۆیەکا دۆستانە ڤەکەین، کو بگەینە ڕێکەڤتنێت زۆرێت ڕێکوپێک، سەر مەسەلا سنورا، سەر مەسەلا ئاڤێ، سەر مەسەلا نەفت و غازێ. (ئاکرێ)**

هەروەها لە میانەی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) ئەو بیرۆکەیە، کە دەبێت کورد و هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە بۆ (هێڵی سەوز).

**نوکە دێ بێنە مە لازمە ئەگەر هەدێ ڕیفڕاندۆمێ کەن، لازمە ڤەگەڕێنەڤە بۆ خەتا کەسک. (ئامێدی)**

**سنورێ خەتێ سەوز ئەو سنورە بوو بەینی خەتی تەماس، بۆ بەینی پێشمەرگە و سوپای عێراقیی سەردەمی سەدام. (سۆران)**

**بگەڕێنەوە بۆ خەتی سەوز.(هەولێر)**

گەڕانەوە بۆ هێڵی سەوز، پێشنیازی حکوومەتی عێراقە لە ئەگەری ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم. لە وەڵامدا (مەسعوود بارزانی) زۆر بەتووندی ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە.

**نە قابیلی قبولە، ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بۆ یەک دەقیقەش، ئێمە مناقشەی سنووری کوردستان لەگەڵ هیچ لایەنێک بکەین، لەسەر خەتی سەوز. (هەولێر)**

**ئەم د حازر نینە یەک دەقیقەش مناقشێ ل سەر ڤ سنورەی بکەین. (ئامێدی)**

**قەتعەن ئێمە حازر نین مناقشەی سنوور، کە ئەوان ئەڵێن خەتی سەوز بکەین، ئەوە نە سنووری کوردستانە، نە سنووری کوردستانیش دەبێ. (هەولێر).**

(مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئامانجی یەکەمی ڕیفڕاندۆم دیاریکردنی سنوور نییە.

**ڕیفڕاندۆم سنورێ کوردستانێ تحدید ناکەت. (دهۆک)**

**ڕیفڕاندۆم سنوور دەستنیشان ناکات. (سۆران)**

بەڵام هەر لە درێژەی گوتارەکانیدا (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بە ئامانج و هەدەفی ڕیفڕاندۆم دەدات، بەوەی:

**ناوچێت دەرڤەی سنوورێ هەرێما کوردستانێ، ئەو ناوچێت کوردستانێ ئازادن، ئەم هیچ**

**زۆریەکێ ل وان ناکەین، ئەو بخۆ دێ بڕیار ل چارەنڤیسا خۆ دەن. (دهۆک)**

ئەم دەربڕینەی(مەسعوود بارزانی) ئاماژەیە بۆ سەربەستکردنی دانیشتوانی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، لە بڕیاردان لە مانەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق، یان دەوڵەتی نوێی کوردستان، بەمەش دەکرێت دانیشتوانی شارۆچکەیەک یان شارێکی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبێت، بەمەش لەسەر داوای دانیشتوانی ئەم ناوچانە، ناکەونە ناو سنووری دەوڵەتی نوێی کوردستان، لەم ئەگەرەشدا (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بەوە دەدات، کە:

**ئەم دێ کەڤینە گفتوگۆیەکا جدی و دۆستانە بۆ هندێ تەحدیدا سنورا بێتە کرن. (دهۆک)**
**بە گفتوگۆ ئێمە سنوورەکان دەستنیشان دەکەین. (سۆران)**

بڕیارنەدانی یەکلاکەرەوەی (مەسعوود بارزانی) لەو گوتارانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چاوەڕوانی بڕیاری گەل دەکات، کە ئایا ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێم یاخود نا، هەروەها بەپێشنەکەوتنی ڕووداوەکانە و چاوەڕوانیکردنی ئەنجامەکانە، بەمەش هەم دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕای خەڵکیان بۆ دەردەکەوێت، هەر لەبەر ئەمەشە (مەسعوود بارزانی) لە شاری هەولێر ئاماژە بەوە دەدات، کە:

**ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆیەکی زۆر جدی، بە دڵێکی ساف، بە مێشکێکی کراوە، بەڵام دوای (25)ی ئەیلول.(هەولێر)**

### ٢.٣.٣: بەڵگە

لە هەر گوتار و کردەیەکی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، تاکەکان و مامۆستا و کەسە سیاسییەکان و توێژەران،..... لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەڵگە پشت بە زانیاری کەسانی تر و بنەما و دەقی ئایینی و ئەدەبی و دەستووری،.... دەبەستێت، ئەمەش لە پێناو کاریگەری خستنەسەری زیاتر بۆ کەسانی بەرانبەر و هەوڵدان بۆ باوەڕپێهێنیان، سەلماندنی ڕاستی و دروستی و ئەو هەنگاوانەی، کە دەیان هاوێژن، بە پشتبەستن بە بەڵگە و ئەزموونی کەسانی تر. مرۆڤ بونەوەرێکی گێڕەرەوەیە، لە ڕێگای بەرهەمهێنانی ڕستەوە کۆمەڵێک ڕستەی بێشومار بەرهەمدەهێنێت، هەر دەربڕاوێک بۆ گەیاندنی پەیام و بۆچوون و هەستی کەسەکەیە بۆ بەرانبەر، قسەکەر لە ڕێگەی بەستنەوەی قسەکانی خۆی بە بەڵگە و دەق و تێکهەڵکێشی لەگەڵ بابەتەکانی تردا، بە مەبەستی ئەوەی قسەکانی خۆی بەهێزبکات، بەڵام مەرجیشە ئەو دەقەی یان ئەو بەڵگەیەی، کە نێرەر لەگەڵ خودی بابەتەکە پشتی پێدەبەستێت، گونجاو و تەواو نزیکبن، تەواوکەر و دەوڵەمەندکاری بابەتەکە بێت، جێگای ڕەزامەندی کەسانی وەرگربێت. (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا، لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەڵگەی دەقاودەق و پەیوەست بە خودی بابەتەکە، هەوڵی داوە قسەکانی دەوڵەمەندتربکات و بەڵگە بۆ قسەکانی بهێنێتەوە، بە ئامانجی نەهێشتنی دوودڵی و ڕاڕایی لەسەر پرسەکان و بابەتەکان. (مەسعوود بارزانی) سەبارەت بە دەستووریبوونی ئەنجامدانی

ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، پشت بە دەقێکی ناو دەستووری حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ دەبەستێت، کە لە زۆربەی گوتارەکاندا ئاماژە بەو دەقە دەکات، بە بەڵگەی ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەقە دەستوورییە، ڕێگا بە هەرێمی کوردستان دراوە ڕیفراندۆم ئەنجام بدات.

**ان التزام بهذا الدستور يحفظ العراق اتحاده الحر. (هەولێر)**
**ان التزامه بهذا الدستور يحفظ العراق اتحاده الحر. (سلێمانی)**
**ان التزامه بهذا الدستور يحفظ العراق اتحاده الحر. (زاخۆ)**

ئەمە دەقێکی ناو دەستووری عێراقی فیدڕاڵە، لەلایەن (مەسعوود بارزانی)وەک بەڵگەیەک بەکاردەهێنرێت، بۆ دەوڵەمەندکردنی قسەکانی و کاریگەری زیاتر دەخاتە سەر جەماوەر، هەروەها وەڵامدانەوەی پرسیار و دەنگۆی نادەستووریبوونی ڕیفراندۆمە لەلایەن هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن کۆمەڵێک لایەن و حکومەتی عێراق. بەمەش (مەسعوود بارزانی) خودی ئەو چەمکەی ڕێگە بە هەرێم دەدات ڕیفراندۆم ئەنجام بدات، ئەو چەمکەش وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و ڕێگە دەگرێت لە لێکدانەوەی هەڵە و بۆچوونی جیاواز:-

**ئەڵێ (اتحاد الحر) یەعنی پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە. (سلێمانی)**
**(اتحاد الحر) یەعنی پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە. (زاخۆ)**

(مەسعوود بارزانی) بە تەنیا واز لەو شیکردنەوەیە ناهێنێت، بەڵکو زیاتر ڕوونکردنەوە دەدات و ڕێ لە هەموو بۆچوون و ئایدیایەکی دژی ئەو دەقە دەستورە دەگرێت و دەڵێت:-

**نالێت (وحدته). یەعنی پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە. (هەولێر)**

لەلایەکی ترەوە، بە ئاماژەدان بە متمانەبوون و پشتبەستن بە خۆیان و بڕواپێهێنان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان، (مەسعوود بارزانی) پەنا دەباتە بەر دەقێکی ئەدەبی، وەک بەڵگە و پاڵپشتیکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد:

**پشت نادەین دوو هزار خەنجەر و تیر و ڕم و خشت،**
**مە سەرێ دانایە ڕێ و ب خودێ بەستیە پشت.**

هەروەها (مەسعوود بارزانی) لە شاری سلێمانی، بە دەستکاریکردنی دەقێکی ئەدەبی، کە تایبەتە بە گوزارشتکردن لە شاری سلێمانی، ئاماژە بە خۆڕاگریی و بەرخودان و ڕەتکردنەوەی خزمەتکاری لایەنی دەرەکی دەدات.

**من دڵنیام سلێمانی قەت قبووڵ ناکات، نە مەحکومی کەسبێت، نە سوخرەکێشی کەس بێت. (سلێمانی)**

ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی دێرە شیعرێکی شاعیری گەورەی نەتەوەی کورد (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بووە، کە دەڵێ:

**وەبیرم دێ سلێمانی دار و مولکی بابان بوو.**
**نە مەحکومی عەجەم و نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

(مەسعوود بارزانی) شارەزایی و تێڕامانی زۆرباشی لەسەر ئەدەب و زانیاری لەسەر نووسەر و بەرهەمەکانی و سەردەم و کات و شوێنە جیاجیاکان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە ناوی خودی خاوەن دەقەکە دەدات.

**دوماهییێ ئەز دێ ئیشارەت دەمە شیعرەکا زانایێ مەزن، مەلایێ جزیری.(زاخۆ)**

سەبارەت بە ئاماژەدان بە کەلتوری کورد و فەرهەنگی پێکەوەژیان، وەک ئاماژەیەک فەرهەنگی گەلی کوردستان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە لەڕووی قسەی نەستەق و دابونەریت و دیاردەی کۆنی کوردەواری، (مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی ئاماژەدان بە دابونەریتێک، دیاردەیەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی کوردیش بوونی هەیە، وەک بەڵگەیەکی واقیعی دەخاتەڕوو بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی عێراق.

**دوو براش وەختێ پێک نەکەن، دێ مالا خۆ جوداکەن. (ئاکرێ)**
**نەبوویە هەتا دوو برا ئەگەر پێک نەکەن لە یەک ماڵدا، دێ مالا خۆ کەن و جودا بن. (زاخۆ)**

لەلایەکی ترەوە وەنەبێت (مەسعوود بارزانی) تەنیا پشت بە بەڵگە و داب و نەریت و مێژوو و ئەدەبی کوردی ببەستیت، بەڵکو بۆ زیاتر گەیاندنی پەیامەکەی پەنا دەباتە بەر دەستەواژەی زمانی عەرەبی.

**ئێوە ڕیفڕاندۆمی خۆتان ئەنجام دا و تەواوتان کرد، ئەمە لوتکەیە، وەک عەرەب گوتەنی (تەدویری ڕیفڕاندۆمتان کرد). (سلێمانی)**

بە ڕای توێژەر لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی گوتارەکانیدا (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بە تاوانکاری و حکوومەتی عێراق و دەسەڵاتدارانی دەدات، بەڵام هێشتاش بە ڕای (مەسعوود بارزانی) هەموو خەڵکی عەرەب خراپ نین و بەشێکیان دژی کوشتار و سزادانی خەڵکی کوردستانن، بۆ ئەمەش فەرهەنگی دەوڵەمەندی نەتەوەی عەرەب وەک لایەنێکی باش و پێشکەوتوو، دەوڵەمەند تەماشا دەکات و لە قسەکانیدا پشت بە دەستەواژەکانی ئەو زمان و فەرهەنگە دەبەستێت.

**ئەم زانین گەڵەک برایێت مەبێت خودان ویژدان، نە دگەڵ ڤێ فەرهەنگێ دانە، نە دگەڵ ڤان بۆچونانە دانە. (زاخۆ)**

لەگەڵ ئەوەشدا (مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی هونەری لێکچواندن، خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بە وێنەیەکی هونەری گوزارشتی لێدەکات.

**ئەو باغێ کو ب خوینا هزارەها شەهیدا هاتیە ئاڤدان، وەختە بەرێ و باغ بچینین و وەختێ چنینا و باغەیی یێ هاتی.(زاخۆ)**

(مەسعوود بارزانی) لە کات و شوێنی گونجاودا، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی شێوەی زمانی و تایبەتمەندی هەر ناوچەیەک، دەرفەتی لەدەستنەداوە و لە هەر شوێنێکدا بووبێت، ئاماژەی بە ڕۆڵ و تایبەتمەندی ئەو شوێنە داوە. لەو ناوچانەی شێوەی ئەخاوتنیان شێوەی کرمانجی سەرووە، (مەسعوود بارزانی) بەو شێوازە قسەی کردووە و وشە و دەستەواژەی ئەو زارەی

بەکارهێناوە، وەک بەکارهێنانی (نووکە، کەسک، تبیا، .......) لەو ناوچانەی لە کرمانجی سەروون، هەروەها وشەکانی (ئێستا، سەوز، پێویستە،.......) لەو ناوچانەی لە کرمانجی ناوەڕاستن.

### ٣.٣.٣: دراوسێ

دراوسێ بریتییە لە بوونی دوو ماڵی سەربەخۆ، دوو کیانی سەربەخۆی ئازاد، لە ڕووی یاساییەوە سنوور شوێنی جوگرافی و هەرێمی هەر لایەنێک دیاری دەکات، دەسەڵاتی هەر وڵاتێک یان هەرێمێک، لە سنووری خۆی کۆتایی پێدێت، لەو سنوورە دەسەڵات و سەروەری دەوڵەتێکی دیکە دەستپێدەکات. (کەتران زغیر نعمة، ٢٠١٨، ٣٠). هەر وڵاتێک یان هەرێمێک، دەسەڵاتی تا ئەو ڕادەیەیە، کە سنوور بۆی دیاری دەکات، لەوێوە تێپەڕناکات و سەروەری و دەسەڵاتێکی هەرێمێک یان دەوڵەتێکی تر دەستپێدەکات، سنوور مەسەلەیەکی گرنگە، بۆیە دووریش نییە ململانێ لەنێوان دەوڵەتەکان ڕووبدات، بۆیە زۆرجار دیاریکردنی سنووری دەوڵەت لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە دەبێت لە نێوان وڵاتە دراوسێیەکان، کە پەیوەندیداربێت بەو مەسەلەیەوە. (خامۆش عمر عبدالله، 2012، 32). بەڵام بوونی پەیوەندی نێوان وڵاتان چ لەڕووی دراوسێیەتییەوە بێت، چ لە ڕووی بەرژەوەندی هاوبەش، شتێکی ئاساییە و هەر دەوڵەتێک ماف و ئەرکی بەسەر دەوڵەتی دراوسێوە هەیە، لە ڕووی هاوکاریکردنی یەکتر لە پاراستنی سنوورەکان و ئەمن و ئاسایش و سەروەری هەر وڵاتێک، هەر دەوڵەتێک پێویستە ڕێز لە سەروەری و سیادە و دەسەڵاتی دەوڵەتی دراوسێی خۆی بگرێت، بەهیچ شێوەیەک دەستوەردانی سەربازی و سیاسی نەکات. لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئیدارییەوە، وەک هەرێمێکی فیدڕالی سەر بە دەوڵەتێکی ناوچەیی(عێراق)ە، کەوتۆتە سەر سنووری سێ دەوڵەتی دراوسێ، ئەوانیش: (ئێران، تورکیا، سوریا). پەیوەندی بازرگانی و هاتوچۆی تاکەکان و بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا ئاماژە بە بوونی پەیوەندی لە نێوان وڵاتە دراوسێیەکان دەکات، لە ئەنجامدانی ئەرکی دراوسێیی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە وڵاتانی دراوسێ، ئەویش لە پاراستنی سەروەریان، بەرقەرارکردنی ئەمن و ئاسایش. پەیمانی بەردەوامیدان بەم سیاسەتەش لەلایەن (مەسعوود بارزانی) بە دراوسێیەکان درا:

**نسبەت جیرانێت مە، مە دڤێت باشترین عیلاقات مە هەبن، مە نڤێت عیلاقاتێت مە تێک بچن. (دهۆک)**

**لەگەڵ دراوسێکانمان ئێمە زۆرمان پێ خۆشە، هەروەکو ئەم ئەزموونەی (25)ساڵەی ڕابردوو، ئێمە فاکتەری خێربووین، فاکتەری ئەمن و ئاسایش بووین، لەمەودواش، پێمان خۆشە هەروابێ، پەیوەندیمان دۆستانە بێ. (سۆران)**

**ئەڤە (25)سالە مە ئیسپات کر، کو ئەم دۆستین وە، ئەم عاملێت ئیستیقراڕێینە بۆ خۆ و بۆ وان، وە ئەم دێ هەل سەوێ سیاسەتێ چین. (زاخۆ)**

(مەسعوود بارزانی) لە ئاماژەدان بە (25)ساڵ بەرانبەر بە دراوسێیەکانی، کە هۆکاری

ئاشتی و ئارامی بوون، بەڵگەیە لەسەر دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991). دامەزراندنی یەکەم پەرلەمان و حکومەتێکی نوێی کوردی لە ناوچەکەدا، کە لە کاتی دامەزراندنییەوە تاوەکو ساڵی (2017). لایەنگری ئاشتی و خێر و خۆشیبوون بۆ دراوسێیەکانیان:

**ئەمە (25)ساڵە ئایا بەس نییە بۆ ئەوەی بۆتان دەربکەوێت، کە ئێمە عاملی تەهدید نین بۆ ئێوە. (هەولێر)**

**ئەڤە (25)سالە مە ئیسپاتکرد کو ئەم عاملێ ئاشتییینە و پێکڤەژیانیینە، ئەم تەهدید نینە بۆ کەسەکی.(دهۆک)**

لە هەمان کاتدا (مەسعوود بارزانی) چەند داوایەک لە دراوسێیەکانی دەکات:

**بۆ پێکەوە دانەنیشین، هەرچی گرفت و مەترسی کە هەیە بەلابنێین، بۆ بە زمانی تهدید قسەمان لەگەڵ دەکەن، چ سوودێکی هەیە؟ (هەولێر)**

**من دۆستانە داوا لە دراوسێیەکانمان دەکەم، بە زمانی تەهدید قسەمان لەگەڵ نەکەن، چونکە تەهدید لە کەس قبووڵ ناکەین. (سۆران)**

(مەسعوود بارزانی) تەنیا ئاماژە بە وڵاتە دراوسێیەکانی: (ئێران، تورکیا، سوریا)نادات، بەڵکو دەیەوێت لەپال ئەوانیش، پەیام بە (حکوومەتی عێراق)بدات، پێیان بڵێت: دوای ئەو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییە، با ببین بە دوو دراوسێی باش.

**وەرن دا ببینە جیرانێت باش، برایێت ئێک بین، هاوکارێت ئێک بین. (دهۆک)**

**ئاییندێ کو ئەز بینم، تەنها ئەز وێدا دبینم، ئەم و بەغدا ببینە دوو جیران و ببینە تەواوکەرێت ئێک و دوو.(زاخۆ)**

**(100)ساڵە داواتان لێئەکەین شەریک بین، برا بین، ئێوە قبوڵتان نەکرد، ئێستاش با جیرانی یەکتر بین. (سلێمانی).**

### ٤.٣.٣: متمانەبەخۆبوون

متمانەبەخۆبوون بە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکان دادەنرێت، بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجە وەدینەهاتووەکان، هەر کەس و گروپ و کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، کۆمەڵە خەونێکی هەیە و دەیەوێت پێی بگات، بەڵام لە ئامادەنەبوونی ئازایەتی و متمانەنەبوون بە خۆیان، ئەو خەونە لەناو دەبات، (یەک هەنگاوی بوێرانە، لەوانە داهاتووت بۆ هەتا هەتایە بگۆڕێت، ئەو مرۆڤانەی بە شێوازێکی دروست بیردەکەنەوە، دەزانن ئامانجیان چییە، ئەو ئامانجانە بەرەو چەند کارێک دەیانبات، لە کۆتایدا دەگاتە ئەو شوێنەی، کە خۆیان دەیانەوێت، لەوێوە وردتر و دوورتر دەڕوانێت و دووردتر دەبینێت)(ئیبراهیم فەقێ، 2014، 23). لە مێژووی گەلانی ناوچەکە و کەلتور و فەرهەنگی ناوچەکە، نە شکانی ئیرادە و هەستانەوە و متمانە بەخۆبوون، بە بەرگی نەتەوەیی کورددا ئالێنراوە، زۆر ناخۆشی و نائومێدی مەرگ و لەناوبردن و چەوسانەوە، بەشێکی زۆری ژیانیانی داگیرکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم متمانەیان بە خۆیان هەبووە و

دەستبەرداری نەبوون. (مەسعوود بارزانی) لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستان و ئەندامی کارای دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان، متمانەیەکی زۆری بە خودی خۆی و میللەتی کورد و دۆزە ڕەواکەی هەبووە، لە دوای بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی (مەسعوود بارزانی). وەک ڕابەر و سەرمەشقی ئەو ڕەوتە جەماوەریە دەرکەوت بە پاڵپشتی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، بووە سەرمەشق و جڵەوی ئیرادەی گەلی کوردستانی گرتە دەست بۆ سەربەخۆیی. لەپشت هەر گوتارێکەوە هەست بە هێزێکی متمانەبوونی بێسنوور لە خودی خۆی و جەماوەر و هەر تاکێکی کورد بەدی کرا، بە ڕای توێژەر ئەمیش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:-

١- بڕوابوونی تەواو بە دۆزی ڕاستەقینە و ڕەوای گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی.

٢- پشتگیری و پاڵپشتی لە ڕادەبەدەری جەماوەری گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بۆ خودی (مەسعوود بارزانی) و دۆزی ڕەوای گەلی کورد.

توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەربڕاوی (مەسعوود بارزانی) کە دەلالەت و ئاماژەدانیەتی بە خۆڕاگریی و متمانە بەخۆبوون بخاتە ڕوو.

**جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن. (هەولێر)**

ئەم دروشمەی سەرەوە ئاماژەیە بۆ خۆڕاگریی و بەردەوامیدان بە متمانەی گەلی کوردستان و شاری هەولێر، لە ڕابردوو، لە ئێستادا ئەو متمانە و خۆڕاگرییە هەر زیندووە، و بەرەنگاری و ڕەتکردنەوەی بیری داگیرکاریی و چەوسانەوەی گەلی کورد دەخاتەڕوو، نێرەر ئاماژە بە زیندوویی و ئامادەبوونی لە ناخی هەر تاکێک دەدات.

**جەماوەری پارێزگا دهۆکا خۆڕاگر.(دهۆک)**

خۆڕاگریی و خۆنەچەماندنی گەلی کورد و شاری دهۆک لەبەردەم هێرشی داگیرکاری و بەرپەرچدانەوەیان، بەرگەگرتنی بە لێشاوی لە ڕادەبەدەری ئاوارە و لێقەوماوانی نەتەوەکانی تر و کوردانی پارچەکانی تر، بۆ ئەو پارێزگایە پیشان دەدات.

**وەختێ هندێ یێ هاتی، کو ئیدی گەلێ کوردستانێ بێژی ئیدی بەسە، جەزائیر یان لۆزان، یان سایکس بیکۆ، چارەنڤیسا مە دیاری ناکەن. (ئاکرێ)**

بەرگەگرتنی گەلی کورد گەیشتە خاڵی کۆتایی، لە ئەمڕۆوە ڕێگە نادرێت کەسێک یان لایەن و ڕێککەوتننامەی نێوان وڵاتانی زلهێز، بڕیار لەسەر چارەنووسی گەلی کورد بدەن، بەڵکو کورد دەبێت ئیتر بڕیاری خۆی بدات، وەک نێرەر ئاماژە دەدات بەوەی:

**ئیدی ئەو دێ چارەنڤیسا خۆ دیار کەن. (ئاکرێ)**

ئەو متمانە بەهێزەی ئیرادەی (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا دەردەکەوێت، بەشێکی زۆری لە هێزی پۆلاینی جەماوەر و گەلی کوردستان و پێشمەرگە سەرچاوەی گرتووە، نێرەر ئاماژە بەو سەرچاوەیە دەدات، کە پشتی پێبەستووە:

**پشت نادەین دوو هزار خەنجەر و تیر و ڕم و خشت.**
**مە سەرێ دانایە ڕێ و ب خودێ بەستیە پشت. (زاخۆ)**
**مە پ هنگۆش بەستیە پشت. (زاخۆ)**
**ئەز باوەڕم بەس ئیرادا وە زاخۆیا دەلال، تێرا هەم کوردستانێ هەیە.(دهۆک)**
**قەت و قەت ئیرادا مە ناشکێ بەرانبەر ئیرادا هیچ کەسەکی. (دهۆک)**
**خۆشەویستان بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد. (سۆران)**
**بەڕاستی ئیمڕۆ بیروباوەڕەکەی منتان بەهێزتر کرد، مەعنەویەتی ئێمەتان بەرزکردەوە. (سلێمانی)**

هەریەک لەو دەربڕاوانەی سەرەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان پشت پێ بەستنی متمانە و وەرگرتنی هێز و ئیرادەیە لە جەماوەر. (مەسعوود بارزانی) لەپای ئەو متمانەیەی بە جەماوەر هەیەتی، ڕۆڵێکی گرنگ بە جەماوەر و وەرگر دەبەخشێت و بە بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەی بڕیاری چارەنووسسازی گەلەکەی دایاندەنێت، بەمەش جەماوەر بە لایەنێکی بەهێز و ئیرادە پۆلاینە بەرانبەر بە دوژمنان.

**مادام ئەو معارزێ بکەن، ئەمیش هندە حسابێ بۆ ڕەئیا یەک بەشەر ناکەین. (ئامێدی)**

ئەم دەربڕاوەی (مەسعوود بارزانی) لە شاری ئامێدی، لێکدانەوەی جۆراوجۆری بە دوای خۆیدا هێنا، ڕاستی پشت پەردەی و لایەنی شاراوەی ئەم دەربڕاوە، بۆ ڕۆژێک پێشتری ئەو ڕۆژەی ئەم دەربڕاوەی تێدا دەربڕی دەگەڕێتەوە، لە ڕۆژی (٩/١٤) لە شاری زاخۆ ئاماژە بەوە دەکات، کە:

**ئەڤرۆ بەری کو ئەز بێم بۆ خزمەتا هەوە، وەفدەکا مەزن نک من بوو ل سحێلا، نوێنەرێ سەرۆکێ ئەمەریکا، سەفیرێ ئەمەریکا ل بەغدا، سەفیرێ بەریتانیا ل بەغدا، نوێنەرێ سکرتێرێ گشتی un. (زاخۆ)**

لە ڕۆژی (9/١٥) لە شاری ئامێدی (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بەو دەربڕاوەی سەرووتر دەکات، کە ئەم وەفدە نامەیەک دەدەنە (مەسعوود بارزانی). (لە نامەکەدا داوای دواخستنی ڕیفراندۆم کرابوو، بۆ ماوەی دوو یان سێ ساڵ، ئەگەر دوای ئەو ماوەیە کوردستان ڕیفراندۆم بکات، ئەوکات ئەمەریکا ئیحترامی ئەنجامەکە دەگرێت، (مەسعوود بارزانی) داوا دەکات، لەبری وشەی (ئیحترام- ڕێزگرتن- Respect). وشەی ( -پاڵپشتی- support). لە نامەکەدا بنووسرێ، وەفدی میوان دەڵێن گۆڕینی ئەم وشەیە زەحمەتە و ناکرێ، لە بەرانبەردا (مەسعوود بارزانی)یش پێیان ڕادەگەیەنێت، ئەگەر ئێوە نەتوانن یەک وشە بگۆڕن، ئەی ئێمە چۆن دەتوانین ئیرادەی میللەتێک بگۆڕین). بەپێی ئەم بەڵگەیە بێت، (مەسعوود بارزانی) ڕازی بووە بە دواخستنی ڕیفراندۆم، بە مەرجێک دوای دوو یان سێ ساڵ ئەمەریکا پشتگیری ئەنجامەکە بکات، نەک ڕێزی بگرێت، بەڵام وەفدی میوان بەم داوایەی (مەسعوود بارزانی) ڕازی نەبوون و (مەسعوود بارزانی)یش بە ئیرادەیەکی پۆلاین بە داوای ئەوان ڕازی نابێت، ئەمەش جگە لەوەی ئیرادە و متمانە و خۆڕاگری (مەسعوود بارزانی) دەردەخات، چۆن گۆڕینی تەنیا وشەیەک بۆ

ئەمەریکی کاریگەری قورس بێت، گۆڕینی ئیرادەی میللەتی کورد لەلایەن (مەسعوود بارزانی) کاریگەری قورستر و مەحاڵە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بارزانی پشت لە دونیای دەرەوە دەکات و ڕوو لە جەماوەر دەکات، کە دەڵێ:

**من دەمەوێت لێرە یەک شت بە خودای خۆم بڵێم، بە ئێوەش بڵێم، من ئەو کەسە نیم، خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم. (هەولێر)**

ئەم دەربڕاوەی بارزانی دەرخەری گەورەیی و پێگەی جەماوەرە بەرانبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز.

**ئێستاش ڕیفراندۆم لە دەستی من و حیزبەکان دەرچووە و کەوتۆتە دەستی ئێوە. (هەولێر)**

(مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی ئەم دەربڕاوە، پەیام ئاڕاستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، سەبارەت بە دواخستنی ڕیفراندۆم، پێیان دەڵێت: بڕیاری دواخستنی ڕیفراندۆم لە دەستی ئێمە و حزبەکان نییە، کە ئێوە سەردانی ئێمە و حزبەکان دەکەن و گوشار دەکەن، بەڵکو بڕیاری ڕیفراندۆم لە دەستی جەماورە، جەماوەر بڕیار دەدات. بە ڕای توێژەر (مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی ئەم دەربڕینە دوو ئامانجی هەبووە:

١-خۆ ڕزگارکردن لە بڕیارێکی قورسی لەم شێوەیە، کە ناتوانێت ئەم بڕیارە بدات و خۆی شەرمەزاری گەلی کورد بکات.

٢- دڵنیابوونییەتی لە ئیرادەی جەماوەر و خەڵکی کوردستان، بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی.

لە کۆی هەردوو ئامانجەکەش، ئەوە دەردەخات، کە ڕیفراندۆم ئەنجام دەدرێت و پاشگەزبوونەوە لێی مەحاڵە. (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بە ئاگاداری و وشیاری جەماوەر دەکات، سەبارەت بە پرس و بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ، سەبارەت بە بڕیاری سیاسی و بابەتە گەرمەکانی ئەو ڕۆژانە:

**هنگ زانن خەتا سەوز چییە؟ (دهۆک)**

**حەتمەن ئێوەش گوێتان لە تەهدیداتی جۆراوجۆر دەبێت. (سلێمانی)**

**ئەگەر هەوە گوهـ لێ ببیت، نەفەرەک لێرە یان لوێرێ گەف و گوڕا بکەت. (زاخۆ)**

ئەوەندەی (مەسعوود بارزانی) متمانە و باوەڕبەخۆبوون و هێز و ئیرادە لە جەماوەر وەردەگرێت، ئەوەندە لە وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەولەتی و لایەنەکانی تر وەرناگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە بڕیاری گەلی کوردستان لە سەرووی هەموو بڕیارەکانەوەیە، لە شەرعیەتدان بە ڕیفراندۆم و ئەنجامی پرۆسەی ڕیفراندۆم، هەر لەو بارەشەوە (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بەوە دەدات، کە:

**شەرعیەتا ڕیفراندۆمێ ئەم دێ ل جەماوەرێ کوردستانێ وەرگرین، ئەم ل خوینا شەهیدێت خۆ وەردگرین، نەک خەلکێ دی. (دهۆک)**

### ٥.٣.٣: پێکەوەژیان

لە هەموو کۆمەڵگەکانی جیهان و لە هەموو دەوڵەتێکدا، تەنیا یەک بیروباوەڕی ئایینی و کەلتوری جیاواز، بوونی نییە، بەڵکو فرە کەلتوور و هەمەڕەنگی ئایین و بۆچونەکانە، تاکەکان بەبێ جیاوازی مەزهەب و ئایین و کەلتوری جیاواز و نەتەوەی جیاواز خزمەتدەکرێن، هەریەکەشیان بەشدارن لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و بڕیاری چارەنووسساز و بنیاتنانی داهاتوو لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش، لەو شوێنەی تێیدا دەژین. هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو نموونانەی، کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، بۆتە سیمبوولی پێکەوەژیان و ئاشتیانە لە ناوچەکەدا، (سنووری ئەم پرسە گەیشتۆتە ئاستی تێکەلبوونی کەلتور و ئایینی نێوان نەتەوە جیاوازەکان، ئەمانە هەمووی بە دیاردەیەکی سروشتی هەژمار دەکرێن، ئەم دیاردە جڤاکییە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت و بۆتە مەلتی کەلتور)(ناسک سەعید، 2018) هەر کەسێک لە هەڵبژاردنی هەر بیروباوەڕێکی ئایینی یان ڕێبازێکی ئایینی، یان ڕەتکردنەوە و ملنەدان بەهیچ بیروباوەڕێکی ئایینی و ڕێبازێکی ئایینی، دەبێ سەربەست بێ و لە هیچ لایەنێکەوە نابێ بخرێتە ژێر تەوژم و گوشارەوە، بە ئامانجی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی خۆی پاشگەزبکەنەوە، یان شتێکی تری بەسەردا بسەپێنن، ئەوەی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان بێت، هەر تاکێک سەبارەت بە ئایین و بیروڕا و بۆچوون سەربەستە، لە چۆنیەتی پیادەکردنی بیروباوەڕی خۆی، دەسەڵاتی سیاسی و خزمەتگوزاری، بەپێی توانا و پێویستی خزمەتگوزاری بۆ شوێنە پیرۆزەکان و ئەو ناوچانەی خەڵکی جیاجیای لێدەژیێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش، هەموو شوێنە پیرۆزەکان سەروماڵی ئەو پێکهاتانە لەلایەن پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان پارێزرا، ئەمیش پیشاندانی نموونەی بەرهەمداری پێکەوەژیانی چەندین سەدەی گەلی کورد و پێکهاتەکانی ترە لە ناوچەکەدا. (مەسعوود بارزانی) لە هەموو گوتارەکانیدا، یەکێک لە تەوەرەکانی ئاماژەدان بووە بە ئەرک و ڕۆڵ و مافی تەواوی پێکهاتەکان بووە، وەک ئەمانەتێکی فەرهەنگیی نەتەوەی تەماشاکراون، بەشێکن لە شانازی و ئاشتیانەی پێکەوەژیانی برایەتی لە نێوان گەلانی ناوچەکە.

**مەسەلا پێکڤەژیانێ، برایەتیا مە وەکی مللەتێ کورد و عەرەب و تورکمان، ئازادیا دین و ئاینا موسلمان، مەسیحی، ئێزدی، ئەڤە بەشەکن ل فەرهەنگێ مە و تەئریخا مە و لازمە بمینن، بەشەکن ل خوینا مە هەتاکو ژیان د گیانێ مە دابیت، لازمە ئەم پابەندی ئەڤ بنەمایا بین.(ئامێدی)**

**برایەتیا کورد و عەرەبا، کورد و تورکمانا، کورد و ئاشوری و کلدان و سریان و ئەرمەنا، ئازادیا هەم دین و مەزهەبا، لازمە بێتە پاراستن. (ئاکرێ).**

**لە ناوخۆماندا، کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان و سریان و ئەرمەن، ئێمە برای یەکین، ئەبی دین و هەموو مەزهەبێک جیاواز بێت.(سۆران)**

**کوردستان بۆ هەموویانە، بۆ هەموو نەتەوەکان، بۆ هەموو ئاین مەزهەبەکان. (سلێمانی)**

هەر لە میانەی پاراستنی گیانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە کوردستان، (مەسعوود بارزانی)

جگە لەوەی جەخت لە برایەتی و دڵسۆزی نێوان پێکهاتەکان دەکاتەوە، زۆریش جەخت لەسەر پاراستنی ماف و ئەرک و ڕۆڵی ئەو پێکهاتانە دەکات، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات، کە ئەو فەرهەنگە بپارێزن، کە خۆی و گەلی کوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارییەتەوە، بۆ پاراستنیان.

**پێتڤیە خوشک و برایێت بەرکەفتی، ئەو فەرهەنگێ دەولەمەندێ خەلکێ کوردستانێ پێهاتیە ناسین، جهێ شانازییەکا مەزنە فەرهەنگێ پێکڤەژیان، فەرهەنگێ یەکدوو قبولکردن، فەرهەنگێ ئازادیا هەم دین و مەزهەبا، فەرهەنگێ قبوڵکرنا برایەتییێ، گەل هەم قەومێت دی، لازمە ئەو فەرهەنگە بێتە پاراستن. (دهۆک)**

**تبیا ئەم بەردەوام بین ل ئازادیا دین و مەزهەبی، موسلمان و مەسیحی و ئێزدی و هەر دین و مەزهەبەکێ دی، نابی ب هیچ ڕەنگەکی نە بێڕێزی بەرانبەر هیچ کەسەکی بێتەکردن. (زاخۆ)**

(مەسعوود بارزانی) لە ئاماژەدان بە دەستووری داهاتووی دەوڵەتی کوردستان، کە پێویستە دەوڵەتێکی دیموکراسی، فیدراڵی، پەرلەمانی، مەدەنی بێت، ئاماژە بە پاراستنی ماف و پێگە و ئازادی هەموو نەتەوە و بیروڕا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەدات، دەبێت ئەو مافانە لە دەستووردا جێگیر بکرێن و وەک دەقێکی گرنگ لەناو دەستووردا، مافی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بێت.

**ئەوەی پێشنازکراوە، ئەبێ دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، مەدەنی بی، مافی هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی پارێزراو بێت. (سۆران).**

**دەوڵەتا داهاتی، دەوڵەتا هەم پێکهاتا دێبیت، دەوڵەتا کوردا، عەرەبا، تورکمانا، ئاشوریا، کلدانا، سریانا، ئەرمەنا، هەم دین و مەزهەبا بێ فەرق و جودایی، و چ زەمانەتەکیش بڤێتن، ئەم حازرین و زەمانەتا بۆ دابین بکەین. (دهۆک)**

بەهۆی هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکانی شارەکانی عێراق و پارچەکانی تری کوردستان، بۆ ناو هەرێمی کوردستان، (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا، ئاماژە بە زەرورەتی ڕێزگرتن لەوانە دەدات، بە برای خۆیان دادنێن، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات، یارمەتیان بدەن و ڕێزیان لێبگرن.

**برا عەرەبەکان هاتوون و ئاوارەبوون، لە کوردستانن، برای ئێمەن، میوانی ئێمەن، ئیحترامیان بگرن. (سۆران)**

**پێویست زانم سوپاسییێت بێ پایان پێشکێشی وە بکەم، خەلکێ دەڤەرا دهۆکێ، پارێزگەها دهۆکێ، بۆ ئەڤ ڕۆڵێ مرۆڤایەتییێ ب دروستی وە دیتی، ل پێشوازیا ئاوارا. (دهۆک)**

بە ڕای توێژەر ئەو گرنگیدانی (مەسعوود بارزانی) بە ئایین و ئاینزا و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، وەنەبێت شتێکی تازە بێت، بەڵکو فەرهەنگی چەندین ساڵەی پێشووە، کە لە فەرهەنگی دەوڵەمەندی گەلی کوردستان و مێژووی باب و باپیران ماوەتەوە، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە پاراستنی کوردستان و خەباتی پێکەوەژیانانەی ئاشتیانە. هەرچی سەبارەت بە

ئاوارەکـانە، وەک (مەسـعوود بـارزانی) ئامـاژەی پێـدەدات، کە ئەمە ئەرکێکـی مرۆڤـایەتییە و دواتـریش ئەوان بە بـرای گەلـی کـورد دادەنێـت، ئەمەش ئامـاژەیە بـۆ نەبـوونی کێشـە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب، بەڵکو کێشەی کورد لەگەڵ عەقڵیەتی حاکمی ئەو نەتەوە و ناوچانەیە بەرانبەر بە کورد. هەروەها توێژەر وای بۆ دەچێت (مەسعوود بارزانی) لە هەستپێکردن و پەرۆشـی بۆ ئاوارەکـان زیـاتر تێدەگات، چـونکە خۆی و بەشـێکی زۆری میللەتـی کـورد، لە سـاڵانی پێشـوو ئاوارەی وڵاتان و ناوچە جیاجیاکان بوونەوە، ئەمەش زیـاتر وایکردووە لە درێژکردنـی دەسـتی برایەتی بۆ ئاوارەکان سل نەکەنەوە.

## ٤.٣: نیشانە لە گوتارەکانی مەسعوود بارزانیدا

### ١.٤.٣: نیشانە کەسییەکان

وەک پێشـتر ئاماژەمـان بە نیشـانە کەسـییەکان کـردووە، کە ئەوەمـان خسـتەڕوو، کە ئەو نیشـانانەن ئامـاژە بەو کەسـانە دەدەن، کە بەشـداری لە ئاخاوتنـدا دەکەن، ئەم نیشـانانە بەپێـی دەوروبەر، هەر جارێک بۆ کەسێک، یان ڕووداوێک، یان شتێک دەگەڕێنەوە، بە هاوبەشی لەگەڵ وشـــەکانی تـــر دەلالەت لە کەس دەکەن و ئامـــاژە بـــۆ ئەو کەســـە دەکەن، کە بەشـــداری لە ئاخـــاوتنەکەدا دەکەن، ڕۆڵـــی ئەو کەســـانەی، کە هاوبەشـــن لە قســـەکردندا نیشـــان دەدەن (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2004، 132).

نیشانە کەسییەکان ڕۆڵی هاوبەش لە ئاخاوتندا دەبینن، کەسی یەکەم (نێرەر). کەسـی دووەم (گـوێگر) و کەسـی سـێیەم (نائامـادە). لەم ڕوانـگەیەدا تـوێژەر کاردەکـات لەمیـانەی گوتـارە جەماوەرییەکانی (مەسعوود بارزانی) لە بانگەشەی سەرخستنی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، ئەم نیشـانانە بە هەمـوو شـێوازە بەکارهاتووەکـان لەمیـانەی قسەکردندا دەربخات.

#### ١. نێرەر

نێرەر هەڵگری سیستەمی چەقی نیشـانەکانە، لەوەوە کـردەی پەیوەنـدیکردن دەسـتپێدەکات، جێناوە لکاوەکان و جێناوە سەربەخۆکان بۆ کەسی یەکەمی تاک و کەسی یەکەمی کۆ ئاماژە بە قسەکەر دەکەن.

لەمیانەی گوتاردانی (مەسعوود بارزانی) لەنـاو ئاپۆڕای خەڵکی کوردسـتان لە (7) ئـاهەنگی جەماوەری لە شارە جیاجیاکانی کوردستان، نیشـانە کەسییەکان، بەتـایبەتی نیشـانەکانی کەسـی یەکەم چ تاک بێت یان کۆ، دەلالەت لە قسەکەر (مەسعوود بـارزانی) بەکارهـاتوون، ئەمەش چ بە شـێوەی لکـاو بێـت، یـان بە شـێوەی سـەربەخۆ، کاردەکرێـت بـۆ ئەوەی هەردوو شـێوازی دەرکەوتنی نیشـانە کەسـییەکان چ بە سـەربەخۆ چ لکـاو، لەنێویشـیاندا چ بە تـاک یـان کـۆ بێـت، بەجیا بخرێتەڕوو.

سـەبارەت بە نیشـانە کەسـییەکان بە تـایبەتی جێنـاوە سـەربەخۆکان، بە چەنـد شـێوازێک دەردەکەون، ئەمیش بە گوێرەی جیاوازی نێوان شێوازەکان، بۆ نموونە لە کرمـانجی سـەرووی

زمـانی کوردیـدا، دوو دەسـتە جێنـاوی کەسـی سـەربەخۆ هەن، دەرکەوتنیـان بەپێـی دۆخـی ڕاستەوخۆ و دۆخی ناڕاستەوخۆ دەبێت.

(مەسـعوود بـارزانی) بە تـایبەتی لەو گوتـارانەی لە سـنووری زمـانی بەکارهێنـانی کرمـانجی سەروو ئەو دوو شێوازەی بەکارهێناوە:

1-لە دۆخی ڕاسـتەوخۆدا بۆ کەسـی یەکەمـی تـاک (ئەز)ە ،بۆ کۆش (ئەم)ە ،زۆر بەڕوونـی بەکارهاتوون، وەک:

**ئەز یەک رجا دێ ل هنگۆ کەم. (ئامێدی)**

**نزانم چەوا تەعبیرێ ل خۆشحالیا خۆ بکەم، کو ئەز وە تبینم. (دهۆک)**

**ئەز پێویست نابینم بێژمە وە بێژن بەلێ، چونکی وە گۆت بەلێ. (دهۆک)**

**ئەز ناچمە سەر فەترا بووری. (ئاکرێ)**

بەکارهێنـانی جێنـاوی سـەربەخۆی (ئەز) لە دۆخـی ڕاسـتەوخۆدا، گوزارشـتە لە خـودی (مەسعوود بارزانی). بەڵام زۆرجار ئەم نیشانەیە وەک دەربڕینی (زانیاریەک دەربارەی بابەتێک، کە گوێگر زانیاری زۆری لەبارەیەوە نییە، یان بۆچوونی خودی نێرەر). هەروەهـا نێرەریش لەو بارەیەوە زۆر دڵنیا نییە، وەک:

**ئەز بێژم هەتا ئەڤرۆ بەدیلێ کو جیێ ریفراندۆمی بگرێتەوە، بۆ مە ئەو بەدیل نەهاتیە.(دهۆک)**

**ئەز بێژم ریفراندۆم ئیدی لازم نیە. (دهۆک)**

**ئەز ڤێ باوەڕێ دامە و من چ شک نینە. (زاخۆ)**

**ئەز باوەڕم، کەسەکێ خودان غیرەت بن دەستیێ قبول ناکەن. (زاخۆ)**

هەروەهـا لە دۆخـی ڕاسـتەوخۆدا بـۆ کەسـی یەکەمـی کـۆ (ئەم) لە گوتارەکانـدا بەڕوونـی بەکارهاتووە، وەک:

**ئەگەر ئەم چاڤەڕێ بین خەلکێ دی بهێن سەربخۆبوونێ ب دیاری بۆ مە بهینن چ جارا ئەم وێ نابینین. (ئاکرێ)**

**ئەم چ گەف و گوڕان ناکەین. (ئاکرێ)**

**(10) سالا ئەم خەریک بووین، پەڕلەمانا عیراقێ کو یاسایەک بۆ پێشمەرگەی بێتە دانان. (زاخۆ)**

**ئەم هاتینە ئەنفالکرن، کیمیاباران کرن. (زاخۆ)**

**ئەم ئارەزوومەندانە چووین. (زاخۆ)**

**ئەم نە مەجبوورین ڤێ سیاسەتێ قبوول بکەین. (زاخۆ)**

**ئەم دۆستێن ئێک و براێن ئێک. (ئامێدی)**

**ئەم دحازر نینە یەک دەقیقەش مناقشێ لسەر ڤ سنورەی بکەین. (ئامێدی)**

**ئەمیش خزمەتکاریێ قبوول ناکەین. (دهۆک)**

لێرەدا (مەسعوود بارزانی) بە شێوەی (تاک) قسە ناکات، بەڵکو خۆی بە بەشێک لە کۆمەڵگە و خەڵکی کوردسـتان دادەنێت، بە دەمڕاسـت و نێـرەری (ئەم). کە لە بەرانـبەر یـان (حکومەتی

عێراق، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ) دەردەکەوێت، وەنەبێت ئەم نیشانەیە تەنیا بۆ گەلی کوردستان بەکارهاتبێت، زۆرجار لە گوتارەکاندا (مەسعوود بارزانی) ئەم نیشانەیە لەسەر زاری کەسانی تر بەکاردەهێنێت، وەک:

**ئەم دژی ڕیفراندۆمێ نینە.**

**ئەم دژی مەبدەئێت ڕیفراندۆمێینە.**

**ئەم پشتەڤانێت ڕیفراندۆمێینە.**

**ئەم پشتەڤانێت مافێ ڕەوایێ گەلێ کوردستانینە.(دهۆک)**

هەریەک لەم نیشانانە (ئەم). کە کەسی یەکەمی کۆیە بەکاری هێناوە، بەڵام نەوەک بۆچوونی گەلی کوردبێت و لەجیاتی ئەوان بەکاری بهێنێت، بەڵکو بۆچوونی حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، کە نێرەر بۆچوونی ئەوان بۆ وەرگر (جەماوەر) ڕوون دەکاتەوە.

سەبارەت بە دۆخی ناڕاستەوخۆ (نێرەر) بە هەمان شێوەی دۆخی ڕاستەوخۆ لە کرمانجی سەروو بە گوێرەی پێویستی شوێنی وتن بەکاری هێناون.

بەکارهێنانی (من) بۆ کەسی یەکەمی (تاک/ نێرەر) لە کرمانجی سەروو و ناوەڕاست بە هەمان شێوەیە، تەنیا جیاوازییەکە لە بەکارهێنانی کەسی یەکەمی کۆ بە گوێرەی جوگرافیای شوێنی بەکارهێناندایە.

لە هەموو گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەکارهێنانی (من) بەرچاو دەکەوێت، وەک:

**من جارێکی تر دەستخۆشی لە هەموو ئەو حزب و لایەنانە دەکەم، کە ئەو بڕیارەیان دا. (هەولێر)**

**چ ڕۆژێک لەو ڕۆژە خۆشترە بۆ من. (سلێمانی)**

**من ڕاستگۆیانە پێتان بڵێم، بەغدا تا ئەو حەدە نەهاتووتە پێش. (سۆران)**

**تەوسیا من بۆ هنگۆ هەمیا، مەسەلا برایەتیا میلەتا بێتە پاراستن. (ئاکرێ)**

**بەری چەند ڕۆژا من خۆ تەماشەی تەلەفزیۆنێت کر. (زاخۆ)**

ئەمەی دەردەکەوێت بەکارهێنانی (ئەز-من) لە کرمانجی سەروو و ناوەڕاست لەلایەن (مەسعوود بارزانی) بۆ چەند هۆکارێک بووە:-

1-دەربڕینی بۆچوونی تایبەتی خودی لە (مەسعوود بارزانی). وەک:

**من ئەو کەسە نیم، خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم. (هەولێر)**

2-بەکارهێنانی (من) بە مەبەستی خاوەندارییەتی، وەک:

**حەرەسێت من شەهیدبوون، بریندار‌بوون. (ئامێدی)**

3-بەکارهێنانی (من) وەک جێناوێک لەجیاتی ناوی خۆی، وەک:

**واز لە خەڵکی کوردستان بێنن، وەرن من سزا بدەن. (هەولێر)**

4-بەکارهێنانی وەک قسەکردن بە ناوی کەسێک یان کۆمەڵێک، وەک:

**من لێرە بە ناوی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە، بە ناوی گەلی کوردستانەوە، بە مەجلسی ئەمن**

**ئەلێم. (هەولێر)**

5-زۆرجار وەک بەڵگە بەکارهاتووە، وەک:

**من خۆم شاهێدم لە شەڕی زوممار (7) پێشمەرگە شەهیدبوونە. (سلێمانی)**

**ئەز ب خۆ (53) ڕۆژا ل بەغدا مامەڤە. (ئامێدی)**

هەروەها بەکارهێنانی (مە، ئێمە) هەمان چەمکی یەکتریان هەیە لە هەردوو کرمانجی سەروو و ناوەڕاست، تەنیا ئەوەی جیاوازە شێوازی گۆکردنیانە.

**مە دوو ڕێکێل پێش. (ئامێدی)**

**ئێمە لەبەردەم دوو ڕێیانیک داین. (هەولێر)**

**ئێمە ئەمانەوێت جارێکی تر گەلی کوردستان ئەنفال نەکرێت. (سلێمانی)**

**مە نەشڤێتن دوژمنایەتی دروست ببن. (دهۆک)**

**بەپێی ئەو دەستورە ئێمە مافی ڕیفراندۆممان هەیە. (سۆران)**

سەبارەت بە جێناوی لکاو لە زمانی کوردیدا، هەمان شێوە بەکارهێنانی جێناوە سەربەخۆیان هەیە، بەڵام دەچنە ئامێزی ناوەوەی وشە و بە وشەکەوە دەلکێن، هەریەک لەم نیشانانە ئاماژەن بۆ کەسێک، چ بە کۆ بێت یان تاک.

لە کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست لە ڕووی هێزەوە چوار جۆر جێناوی لکاومان هەیە،

لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەکارهێنانی ئەم نیشانانە هاوتان بە نیشانەکانی تر و بەکارهێنانی هەیە، هۆکارێکە بۆ ئابووریکردن.

(م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی (تاک/ نێرەر). دەچێتە سەر وشە و دەلالەت لە تاکی نێر دەکات. وەک:

**زۆر سوپاسیا وەت کەم بۆ رەخساندنا ڤێ دەرفەتێ. (ئاکرێ)**

**ئەز نەهاتیمە زاخۆ کو داخازێ لەوە بکەم، دەنگێ بدەن بۆ سەرخوەبونا کوردستانێ. (زاخۆ)**

**ئەز باوەڕناکەم جەیشەک دنیایێ دا ب و چەک بکاریت دوژمنەکی وکی داعش بشکینیت. (دهۆک)**

**من دڵنیام ئێمرۆش ئێوە پێشەنگ دەبن.(سلێمانی)**

**من ئەو کەسە نیم، خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم. (هەولێر)**

بێگومان هەریەک لەو جێناوە لکاوانە ئاماژەن بۆ (مەسعوود بارزانی) لەناو گوتاردا، ئەویش هاوشانی هەریەک لە جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاک (ئەز، من) بەکاردێت.

سەبارەت بە جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ (نێرەر) بۆ کۆمەڵەی یەکەم، هەمان بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک (نێرەر)ی هەیە، بەڵام ئەم نیشانەیە بۆ کەسی یەکەمی کۆیە، نێرەر تەنیا تاکەکەسێک نییە، بەڵکو کۆمەڵێکن یان بە ناوی کۆمەڵە کەسانێک قسە دەکات، ئەم جێناوە دەچێتە ئامێزی دواوە و ئەو ئاماژەیە، بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کرمانجی

ناوەڕاستی زمانی کوردی بە شێوەیەکی چاوگ کار دەکات، (مەسعوود بارزانی) لەمیانەی گوتارەکانیدا بە تایبەتی ئەوانەی لە شێوەی زمانی بەکارهێنانی کرمانجی ناوەڕاستن، ئەم نیشانانە بەکاردەهێنێت، وەک:

**زۆر هەوڵماندا لەگەڵ هەموو لایەنەکان، لەگەڵ خودی بەغدا چارەسەرێک بدۆزیتەوە. (هەولێر)**

**هەموو ڕێگاکانمان تاقیکردەوە. (سۆران)**

**من دۆستانە داوا لە دراوسێکانمان دەکەم، بە زمانی تەهدید قسەمان لەگەڵ نەکەن. (سۆران)**

**هەموومان لە یەک پاپۆڕداین. (سلێمانی)**

**ئێمە لە (2003) هەڵەیەکی گەورەمان کرد، گەڕاینەوە بۆ بەغدا، ئێمە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبوو. (سلێمانی)**

لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی ئەو جێناوەی بتوانێت شوێنی جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ (مان) بگرێتەوە، جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ (مە).

**مادا (140) مە قەبوول کر.**

**ئێمە ماددەی (140)مان قەبوول کرد.**

هەرچەندە (مە) بە هەمان شێوەی (ئێمە) بەکاردێت، بەڵام دەتوانێت ئەو بۆشایەی جێناوی لکاو لە ڕووی ماناوە لە کرمانجی سەروو پڕ بکاتەوە.

جۆرێکی تر لە جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی (تاک و کۆ) کۆمەڵەی دووەم و سێیەم لەم جۆرەیاندا (جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک) (نێرەر) هەمان بەکارهێنان و ڕۆڵی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک (نێرەر) (م)ی هەیە، بۆیە توێژەر نایەوێت دووبارە باسی بکاتەوە، ئەوەی جیاوازە کەسی یەکەمی کۆیە، کە جیاوازە لەگەڵ جۆری یەکەم، جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ (ین). لە ڕووی ماناوە هەمان شێوەی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی هەیە، بەڵام (ین) لەگەڵ سێ جۆری تر بەکاردێت، ئەوانیش (ڕابردووی تێنەپەڕ، ڕانەبردووی تێپەڕ، ڕانەبردووی تێنەپەڕ). لەبەر درێژبوونی باسەکە توێژەر نایەوێت هەریەکەیان پۆلێن بکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسیان دەکات.

ئەم جێناوە لە هەردوو کرمانجی سەروو و ناوەڕاست بەکارهێنانی هەیە، ئەمیش ئاماژەن بۆ بێژەر، بەڵام نێرەرێکی کۆ، کە نێرەرەکە لە کەسێک زیاتردەکرێت کۆمەڵەیەک یان گرووپێک یان نەتەوەیەک بن.

(مەسعوود بارزانی) لە میانەی گوتارەکەیدا ئەو نیشانانەی بەکارهێناون:

**چۆن ئێمە ئەو سنورە قەبووڵ ئەکەین. (سۆران)**

**یان دێ بن دەستێ قەبوول کەین، یان دێ بەرەڤ سەربخۆبوونی چین. (ئامێدی)**

**ئەم دێ ڕیفراندۆما خۆ کەین. (زاخۆ)**

**بۆ سەربەخۆیی هەموومان یەکین، هەموومان یەک حیزبین، هەموومان یەک دەنگین. (سلێمانی)**

هەروەک چـۆن ئەوە دەرکەت، کە جێنـاوی لکـاوی کەســی کۆ(مــان) هاوشــانی جێنــاوی سـەربەخۆی کەسـی یەکەمی کۆ بێت، بە هەمـان شـێوەش جێنـاوی لکاوی کەسـی یەکەمی کۆ دەبێت هاوشانی جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی کۆ بێت، چونکە ناکرێت لە ڕستەیەکدا بە جێناوی سەربەخۆی کۆ دەستپێبکات، بەڵام لە هاوشانیدا جێناوی لکاوی کەسی تاک بەکاربێت، بە پێچەوانەشەوە:

***ئێمە ئەبینم***

**من ئەبینیت***

هەردوو ڕستەکە ناڕێزمانین.

زۆرجاری وا دەبێت جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەک ئێوە بوونی نییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بوونی هەیە، بەڵام جێناوی لکاو دەبێت بوونی هەبێت:

**زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم.**

**من زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم.**

**٢. وەرگر**

وەرگر تەواوکەر و پێکهێنەرێکی سەرەکی سیستەم و بازنەی کردارە، لە پرۆسـەی ئاخاوتندا ڕۆڵی لە نێرەر کەمتر نییە، ئەمیش بە هەمان شێوەی نێرەر و نیشانەی کەسی تایبەت بە خۆی هەیە و ئاماژەیە بۆ کەسی وەرگر، بە هەمان شێوەی نیشانەکەیان، کە ئاماژەن بۆ بێژەوە، ئەو نیشـانانەی ئامـاژە بە وەرگـرەکەوە لە کرمـانجی سـەروو و ناوەڕاسـتدا دەکەن جیـاوازن، بەم شـێوەیە لە کرمـانجی سـەرووی زمـانی کـوردی لە دۆخـی ڕاسـتەوخۆدا (وەرگـر) بـۆ کەسـی دووەمـی تـاک (تۆ) و بۆ کەسـی دووەمـی کۆ (هـون، هنگۆ) بەکاردێت. (مەسـعوود بـارزانی) لە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا، ئەم نیشانانە  بەکاردەهێنێت، بۆ ئاماژەکردن پێیان، چ بۆ تاک بێت یان کۆ بێت.

بەکارهێنـانی جێنـاوی سـەربەخۆی کەسـی دووەمـی تـاک لە لایەن (مەسـعوود بـارزانی) بەکارهێنانی کەمترە لەچاو ئەو نیشانانەی تر، ئەویش بەهۆی ئەوەی دامەزراندنی پەیوەندی (مەسعوود بارزانی) لە ئاڕاستەکردنی پەیام بۆ جەماوەر و کۆمەڵ بووە نەک، تاک:

**تۆ داوای سەربەخۆیی بکەی، موجازەفەی تێدایە. (هەولێر)**

**چاوەڕوان بی، کا چ دەبی، یا خەڵکی تر بڕیار لە چارەنووسی تۆ بدات، ئەو موجازەفەیە مردنە. (هەولێر)**

**مەرگ سەد جار خەتەرترە لەوەی تۆ موجازەفە بدەی و بڕیاری خۆت بدەی. (هەولێر)**

**قبووڵنەکردنی ڕاپرسی، بەڕاستی ئەمە مەعنایەکی زۆری هەیە، یەعنی ئینکاری مافی (تۆ) دەکەن. (سلێمانی)**

**ئەڤ ناوچانە تبیا تو بەردەیی. (ئامێدی)**

**تو لازمە دەعوا حەقی خۆ بکەی. (ئامێدی)**

وەک لەپێشتر ئاماژە پێدرا، بەکارهێنانی جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک (تو- تۆ) بەکارهێنانی کەم بووە، ئەوەی بەکاریش هاتووە، تەنیا شیکردنەوەی کۆمەڵێک هاوکێشە و مەترسی بووە، نەک لەوەی لە یەک کەس داوا بکرێت، بەڵکو ڕوونکردنەوەی ئەو توانایە و هەبوونی ئیرادەی تاکی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆ جاڕنامەی مافی مرۆڤ بەوەی هەر تاکێک مافی خۆی هەیە، ئەمەش لەم نموونەیە زیاتر دەردەکەوێت:-[1]

**یەعنی ئینکاری مافی تۆ دەکەن. (سلێمانی)**

توێژەر پێی وایە ئەگەر (ئێوە). یان (ئێمە) لەجیاتی (تۆ) لەم دەربڕینە بەکارهاتبا، لەوانەیە کاریگەرییەکە کەمتر بووبا، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە، سزادان یان سەپاندنی بڕیارێکی بە کۆمەڵ، کاریگەری کەمترە لە سزادان یان سەپاندنی بڕیار بەسەر یەک کەسدا، لێرەدا تاکەکان هەریەکەیان لە ئاست خۆی هەست بەو سزا و ئینکاری مافی (تۆ)ی تاک دەکات، ناچارە خۆی لێ ڕزگار بکات و بەرەنگاری بێتەوە، نەوەک قبووڵی بکات.

(مەسعوود بارزانی) تەنیا دوو جار جێناوی سەربەخۆی (تو- تۆ) بۆ کەسی دووەمی تاک (وەرگر) بەکاردەهێنێت، کە ئاماژەن بۆ دوو کەسی دیاریکراو.

**قەت برایەتی (تۆ) و ڕۆڵی گەورەت لەبیر ناکرێ. (سلێمانی)**

لەبەر ئەوەی لەپێشتر (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکەیدا، لە شاری سلێمانی سڵاو و دوعای خێر بۆ هاوخەباتی خۆی (سەرۆک مام جەلال) دەنێرێت، لە درێژەدان بە باسکردنی خەبات و تێکۆشانی جێناوی سەربەخۆی (تۆ) بەکاردەهێنێت، کە ئاماژەیە بۆ (جەلال تاڵەبانی).

(مەسعوود بارزانی) لە گوتارێکدا لە شاری زاخۆ، باس لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لەنێوان کەسێکی عەرەب و پێشکەشکارێکی کورد دەکات، کە ئەو کەسە عەرەبە سوکایەتی بە گەلی کورد دەکات، (مەسعوود بارزانی) لە پێگەی کۆمەڵێک بەڵگەی فەرهەنگیی نەتەوەیی عەرەب وەڵامی دەداتەوە، بۆیە (تو) بۆ ئەو کەسە بەکاردەهێنێت:

**ئەڤەیا حەزارەتا (تو) خۆ پێ هەلکێشی. (زاخۆ)**

بەکارهێنانی (تو) لە لایەن (مەسعوود بارزانی) لەم دەربڕاوەدا، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

1-بایەخنەدان بە قسەکانی ئەو کەسە و سەیرکردنیەتی بە چاوێکی نزم.

2-لەوانەیە (مەسعوود بارزانی) نەیویستبێت ناوی کەسەکە بێنێت، نەوەک ڕووداوێکی نەخوازراو ڕووبدات، ئۆباڵەکەی بکەوێتە ئەستۆی کورد.

3-بەکارنەهێنانی (ئێوە- وە- هنگۆ) بۆ نەتەوەی عەرەب، لەجیاتی (تو) بۆ تاکەکەسێک، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خودی نێرەریش ئاماژە بەوە دەکات، هەموو نەتەوەی عەرەب خراپ نین:

---

1. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاک لە کرمانجی سەروو و ناوەڕاست یەک بەکارهێنانیان هەیە، تەنیا لەو لایەنەوە جیاوازن، بەوەی (تو) بەکارهێنانی لە کرمانجی سەرووە و (تۆ) بەکارهێنانی لە کرمانجی ناوەڕاستە.

**ئەم زانین گەلەک بریێت مەییێت خودان ویژدان، نە دگەل ڤێ فەرهەنگێ نە.(زاخۆ)**

ئەوەی جێگای سەرنجە، وەک ئاماژەمان پێیدا جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک (وەرگر) (تو – تۆ) کەم بەکارهاتووە، بەڵام لە دۆخی ناڕاستەوخۆ لە کرمانجی سەروو جێناوی سەربەخۆی (تە) بۆ کەسی دووەمی تاک بەکاردێت، بەڵام (مەسعوود بارزانی ) بەکاری نەهێناوە.

بەهەمان شێوەی جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک، لە زمانی کوردی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست بە دوو شێواز جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی کۆ (وەرگر) بەکاردێت و ئەوانیش: لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی لە دوو حاڵەت بەکاردێت، لە دۆخی ڕاستەوخۆدا جێناوی سەربەخۆی (هوون- هنگۆ- هەوە) بەکاردێت، بەڵام لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا جێناوی سەربەخۆی (وە) بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێت، بەڵام لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی جێناوی سەربەخۆی (ئێوە) بۆ کەسی دووەمی (وەرگر) بەکاردێت. (مەسعوود بارزانی) بە هەمان شێوەی نیشانەکانی تر، بە گوێرەی جوگرافیای زمانی، شێوەزاری ئەو ناوچەیەی گوتارەکەی تێدا داوە، ئەم نیشانانەی ئاڵوگۆڕ پێکردووە و لە پارێزگای دهۆک و دەوروبەری نیشانەی کرمانجی سەرووی بەکارهێناوە، هەروەها لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی نیشانەی کرمانجی ناوەڕاستی بەکارهێناوە. لە ڕاستیدا بەکارهێنانی هەریەکەیان هەمان مانای هەیە، بەڵام بە گوێرەی سروشتی ئەو شێوەزارە دەگۆڕێت.

**وە پێویستی بە کەسەکێ نییە، بێژیتەوە دەنگێ بدەن. (زاخۆ)**
**ئەز یەک رجا یەک هنگۆ کەم. (ئامێدی)**
**گەر هەوە گوە لێ بیت، نەفەرەک لێرە یان ل وێرێ گەف و گوڕا بکەت. (ئاکرێ)**
**بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد. (سۆران)**
**دەستی ئەو میللەتە خۆش بی، دەستی ئێوە خۆش بی. (هەولێر)**
**ان شاء الله سەروەری و سەربەخۆیی بەشی زۆری بەر ئێوە دەکەوێت. (سلێمانی)**

(مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا جێناوی سەربەخۆی (ئێوە، هون، هنگۆ، هەوە، وە..) تەنیا بۆ ئامادەبووان و جەماوەری بەردەمی بەکارناهێنێت ، بەڵکو لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی پرسیار و ناردنی پەیام و وەڵامدانەوەی دۆست و دوژمنانی گەلی کورد، ئەو نیشانانە بەکاردەهێنێت، وەک ئەوەی:

**(100) ساڵە داواتان لێ ئەکەین، شەریک بین، برا بین، ئێوە قبووڵتان نەکرد. (سۆران)**
**هنگۆ نانێ کوردستانێ برِی، هنگۆ ب کام دەستور هنگۆ ڤە قەرارەدا. (ئامێدی)**
**ئیرادا میللەتێ کورد ب هنگۆ ناهێتە شکاندن. (ئاکرێ)**
**هون کەوتنە بەر دەستێ گەلێ کوردستانی، مە هنگ حەواندن و قەدرێ وە گرت. (زاخۆ)**

بەکارهێنانی ئەم نیشانانە بۆ کەسانی نائامادەبوو، تەنیا بۆ کەسانی دەسەڵاتدارانی بەغدا نەبوو، بەڵکو هەر لەڕێگەی ئەو نیشانانەوە ئاماژە بە وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات.

**جەنابی سەرۆک وەڵڵا ئەوەی بەغدا بە سەری ئێمەی هێناوە، واشنتۆن بە سەری ئێوەی تکساسی هێنابا، بە حەیاتت نەدەچوویەوە واشنتۆن. (هەولێر)**
**ئەوە (25) ساڵە ئایا بەس نییە بۆتان دەربکەوێت، کی ئێمە عاملی تهدید نین بۆ ئێوە؟ (هەولێر)**

**هنگ دێ بێژنە مە ڕیفراندۆمی تەئجیل کەن، چ بەدیلاش نەینن، کا مەبادئێت هنگۆ؟ کا ئەو دیعایا هنگۆ مافی مرۆڤا؟ کا ئەو دیعایا هنگۆ حقوقی ئینسانا؟ کا ئەو ئیدیعاییێت هنگۆ دیموکراسییێ؟ (ئامێدی)**

بەکارنەهێنانی جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی کۆ (ئەو- ئەوان...) لەلایەن (مەسعوود بارزانی)لە گوتارەکانیدا، بۆ کەسانی نائامادەبوو (کە بەغدا و وڵاتانی دراوسێی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) ، و لە بەرانبەریدا بەکارهێنانی جێناوی کەسی سەربەخۆی (هنگۆ، ئێوە، هەوە،...) بۆ کەسی دووەمی کۆ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نێرەر (مەسعوود بارزانی) خۆی و جەماوەری ئامادەبوو، لە هەر یەکێک لەو گردبوونەوانەدا، دەخاتە بەرەیەک ،کە بەرەی نێرەر (قسەکەر)ە، ئەوان دەخاتە بەرەی وەرگر (گوێگر) ئامادەبووان لە گوتاردا، بەمەش هەم پیشاندانی گوتاری یەکگرتووی کوردییە، هەمیش بەشداری و ڕۆڵپێدانی جەماوەری گەلی کوردستانە، هاوشان بە دەسەڵاتی سیاسی، بۆ بەرگریکردن و بڕیاردان لە مافی خۆیان. بەم هاوکێشەیە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:-




بەو واتایەی وەرگر لە بازنەی خۆی دێتە دەرەوە و دەچێتە بەرەی نێرەر و کەسانی نائامادە (عەرەب، دراوسێ، کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی ) دەچنە بازنەی وەرگر.
سەبارەت بە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک و کۆدا، بەهەمان شێوەی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک و کۆ لە زمانی کوردی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاستدا بە دوو شێواز بەکاردێت، لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا تەنیا یەک دەستە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک و کۆ هەیە، بە هەمان شێوەش لە کرمانجی ناوەڕاستدا لە جۆری کۆمەڵەی دووەم و سێیەم وەکیەکە، ئەوانیش:
جێناوی لکاوی (ت) بۆ کەسی دووەمی تاک و جێناوی لکاوی (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێت، بە هەمان شێوەی نیشانەکانی جۆری یەکەم(نێرەر) (مەسعوود بارزانی) ئەم نیشانانەی لە میانەی گوتارەکانیدا بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کەسانی بەرانبەر (وەرگر)دا بەکارهێناوە.

**برا عەرەبەکان هاتوون، ئاوارە بوون، لە کوردستانن، برای ئێمەن، ئیحترامیان بگرن.(سۆران)**

**ئەمیش دێ بینە وان قەرارێن وە ناگەهنە کوردستانێ و خۆ ماندی نەکەن. (ئامێدی)**
**باش تەخمینا خۆ تێدا بکەن.(زاخۆ)**

سـەبارەت بە جێنـاوە لکاوەکـانی (ت-تـان) لە کرمـانجی ناوەڕاسـتی زمـانی کـوردی بەکارهێنـانێکی بەرچاویـان هەیە، (مەسـعوود بـارزانی) لە جوگرافیـای زمـان و شـێوەزاری کرمـانجی ناوەڕاسـت، بەتـایبەتی لە پارێزگـای هەولێـر و دەوروبەری و پارێزگـای سـلێمانی بەکاردەهێنێت.

**خۆشەویستان بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد. (هەولێر)**
**ڕاستگۆیانە پێتان بڵێم، بەغدا تا ئەو حەدە نەهاتۆتە پێش. (هەولێر)**
**بەڕاستی ئیمڕۆ بیروباوەڕی منتان بەهێز کرد، ئەوەندەی تر مەعنەویاتی ئێمەتان بەرز کردەوە. (سلێمانی)**
**بە پێویستی ئەزانم چاوپێکەوتنێکی خۆم لەگەڵ سەرۆک بۆش بۆتان باس بکەم. (هەولێر)**

بە هەمان شێوەی جێناوی سەربەخۆی (ئێوە- هنگۆ- وە-...) بۆ کەسی دووەمی کۆ، کە (مەسعوود بارزانی) بەم ئامرازانە پەیام ئاڕاستەی کەسانی نائامادە (بەغدا، وڵاتانی دراوسێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) دەکات، بە هەمان شێوەش بۆ جێناوی لکاوی (ین)ی کەسی دووەمی کۆ (وەرگر) پەیامی ئاڕاستە دەکات.

**ئەمیش دێ بێینە وان، قەرارێت وە ناگەهنە کوردستانێ، خۆ ماندی نەکەن. (ئامێدی)**
**ئیرادا میللەتێ کورد ب هنگۆ ناهێتە شکاندن. (ئاکرێ)**
**ئەمە (100) ساڵە گەلی کوردستان سزا ئەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ تێر نەبوون لە سزادانی خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر پێتان خۆشە بگەڕێنەوە بۆ سزادان، واز لە خەڵکی کوردستان بێنن، وەرن من سزا بدەن. (هەولێر)**

بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە گوێگرمان (وەرگر) هەیە: (ئاڤێستا کەمال مەحموود،2009، ٢٦).

1-وەرگری ڕاستەوخۆ

ئەو کەسەیە، کە کردەی گەیاندن ڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەی ئەوە بە یەکێک لە جێناوەکانی (تۆ، ئێوە، تو، هون،...) دەستنیشان دەکرێت.

(مەسعوود بارزانی) وەک لەپێشتریش ئاماژەمان پێدا، پەیام ئاڕاستەی دوو وەرگر دەکات، لێرەدا لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)دا ئاماژە بەو وەرگرە ڕاستەوخۆیە دەکرێت.

**قەت برایەتی تۆ و ڕۆڵی گەورەت لەبیر ناکرێ. (سلێمانی)**
**ئەڤەیە حەزارەتا تو خۆ پێ هەلکێشی؟ (زاخۆ)**
**ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد. (هەولێر)**

2-وەرگری ناڕاستەوخۆ

هەرچی جۆری دووەمە ئەو وەرگرەیە، کە کردەی گەیاندن ڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەی ئەو

ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی کەسی بەرانبەر، یان گوێگری ڕاستەوخۆ پەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت.

**پێمان بڵێن ئێستا و ئایندەش، هەموو داواکارییەکی ئێوە قبوڵ نییە، پێمان بڵێن بگەڕێنەوە بۆ خەتی سەوز، (هەولێر)**

حکومەتی بەغدا بە هێزەکانی پێشمەرگەی گوتووە، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ (خەتی سەوز). کە پێشتر لێی بوون.

**ئەمیش دێ بێینە وان، قەواریێت وە ناگەهنە کوردستانێ و خۆ ماندی نەکەن.**

ناردنی پەیامەکە بۆ پەرلەمانی عێراق و دەسەڵاتدارانی لەڕێگەی جەماوەر و هەر هۆیەکی تری گەیاندن بێت، بەمەش (قەوارەکانی) بەغدا و پەرلەمان، دەبنە گوێگری ناڕاستەوخۆ.

**٣. نائامادە**

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵە نیشانەیەکی کەسی هەن، ئاماژە بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسانێک دەدەن، کە ئامادە نین لەو شوێنەی ئاماژەی پێدەدەن، واتا وەرگر نین، بەڵکو کردەی ئاخاوتنەکە ئاڕاستەی ئەوان دەکرێت، ئەمیش لەمیانەی پەیوەندی نێوان وەرگر و نێرەردا. لە کرمانجی سەروو و ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نیشانەی کەسی سەربەخۆ (نائامادە) لە دۆخی ڕاستەوخۆدا وەکیەکە، بە شێوەیەک جێناوی سەربەخۆی (ئەو) بۆ کەسی سێیەمی تاک نائامادە و جێناوی سەربەخۆی (ئەو،ئەوان) بۆ کەسی سێیەکی کۆ (نائامادە) بەکاردێت. بەکارهێنانی (ئەو) (وا) وەک نیشانەی کەسی سەربەخۆ، بۆ کەسی یەکەمی تاک (نائامادە) لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)دا وەک چەمکی (تاک). کە ئاماژە بۆ یەک کەس بکات، بەکارهاتووە.

**ئەوێ کو نەڤێت ڤێ شەرەڤێ بەشدار بیتن، ئەو ب کەیفا خوویە. (ئامێدی)**
**ئەو لیژنەیەی کە دائەنرێت بۆ دەستوری وڵات. (سۆران)**

لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا لە کرمانجی سەروو نیشانەی کەسی (تاک و کۆ) بە گوێرەی ڕەگەز دەگۆڕێت، بە شێوەیەک (ئەوی /وی) بۆ تاکی نێر، (ئەوێ/وێ) بۆ تاکی مێ، هەروەها (ئەوان/وان) بۆ تاکی نێر و مێ بەکاردێت.

**ئەوێ کو نەڤێت ڤێ شەرەڤێ بەشداربیتن، ئەو ب کەیفا خۆیە. (ئامێدی)**

بەکارهێنانی جێناوی (ئەوێ) بۆ کەسی سێیەمی تاک (نائامادە) بۆ ڕەگەزی مێ بەکارهاتووە، بەڵام ئەم جێناوە لە کۆی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی). تەنیا بۆ یەک جار بەکارهاتووە، چونکە ئاڕاستەی پەیامەکە بۆ کۆمەڵە کەسێکە، نەک یەک کەس. هەر بۆیەش بەکارهێنانی نیشانەی کەسی سێیەمی کۆ (ئەو، وا، وان، ئەوان) بە زۆری بەرچاو دەکەون.

**ئێمە چووین بۆ ئەوەی ببینە شەریک و برا لەگەڵیان لە بەغدا، ئەوان قەبوڵیان نەکرد. (سۆران)**

**ئێمە عومقی ئەوان دەبین و ئەوان عومقی ئێمە دەبن. (سۆران)**
**ئەو ڕێگەیە ئەوان نەخشاندوویانە. (سلێمانی)**

**ئەوێت دەعوا تەعبیر تەئجیلا ڕیفراندۆمی تکەن، بلا پشتی ڕیفراندۆمی گفتوگۆیا دگەل مە بکەن. (ئاکرێ)**

**ئەو ب خۆ دێ تەحەمولا مەسولیەتێ کەن، ئەو ب خۆ دێ پەشیمان بن. (ئاکرێ)**

**مە بۆچوونا خۆ بۆ وا بەحس کر. (زاخۆ)**

**نە گەف و گوڕێت وا چ قیمەت هەیە، نە واش چ قیمەت هەیە. (ئاکرێ)**

لە کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک سفرە، یان هەندێک جار (ە-ت-یت-ەت)ە، بەڵام بۆ کەسی سێیەمی کۆ (ن)ە. لەبەرئەوەی پەیامەکانی نێرەر (مەسعوود بارزانی) بۆ کۆمەڵ بووە، نەک بۆ تاکەکەس، هەر بۆیەشە ئاماژە بە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک نەکراوە .

بەکارهێنانی هەریەک لەم نیشانە لکاوانە لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) شانبەشانی جێناوە سەربەخۆکان بۆ کەسی سێیەمی تاک و کۆ، بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت.

**وان پێشنیارێت خۆ هەبوون، بۆچوونێت خۆ هەبوون. (زاخۆ)**

**ئەگەر ئێستا قبوولی نەکەن، ئەی پاش دوو ساڵی تر چۆن قبوولی دەکەن؟ (سۆران)**

**وا شەراکەت قبوول نەکر، مادام هنگ قبوول نەکەن، یا دێ ڕێکێش بەر نەدەن، خۆ نە ڕازی نەکەن. (ئامێدی)**

سەبارەت بە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی (کۆ). بەکارهێنانێکی زۆری هەیە، بە تایبەت لە جوگرافیای زمانی کرمانجی ناوەڕاست، کە ئاماژەیە بۆ کەسی (نائامادە).

**بروایان بە پێکەوە ژیان نییە، بڕوایان بە وە نییە لایەنی تر قبوولی بکەن. (سۆران)**

**شەراکەتیان قبوول نەکرد، دەستوریان پێشێل کرد. (سۆران)**

**هەرچی بە ئێمەیان گوت، گوتمان بەڵێ باشە، زۆر وەعدیان بە ئێمەدا، هیچ وەعدێکیان بەجێ نەهێنا. (هەولێر)**

**هەموویان بۆ سەربەخۆیی خەباتیان کردووە، ئەو ڕێگەیە ئەوان نەخشاندوویانە. (سلێمانی)**

هەروەها (مەسعوود بارزانی) لەمیانەی قسەکردنیدا لە جیاتی بەکارهێنانی نیشانە کەسییەکان، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناوەکانیان دەدات.

**جەماوەری شاری: (شێخ مەحمود و نالی و پیرەمێرد و بێکەس و مەحوی و سالم) (سلێمانی)**

**گەنجانی سلێمانی، مەردانە لەبەردەم (سەدیق مستەفا) وەستان. (سلێمانی)**

**لە ساڵی (1943) (بارزانی) لە سلێمانیەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، بە هاوکاری و پشتیوانی شێخی نەمر و مەلیکی گەورەمان (شێخ مەحمود) (سلێمانی)**

**(سەید عەبدوڵلای نەهری، شێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەدی بارزانی، شێخ محمودی حەفید، شێخ سەعید، سەید ڕەزا، قازی و بارزانی) هەموویان بۆ سەربەخۆیی خەباتیان کردووە.**

**ڕۆڵی گەورەت لەبیر ناکرێت برای خۆشەویستم (سەرۆک مام جەلال). (سلێمانی)**

**به پێویستی دەزانم چاوپێکەوتنی خۆم لەگەڵ سەرۆک بۆش بۆتان باس بکەم.(هەولێر)**
**لە ساڵی (2015) لە واشنتۆن لە وایت هاوس لەگەڵ خودی جەنابی سەرۆکی ئەو سەردەمەی سەرۆکی ئەمریکا بەڕێز ئۆباما ئەو بابەتەمان باس کرد. (سۆران)**
**ئەز دگەل بەڕێز عەبادی سەرۆک وەزیران موتەفیقین کو ئەم تەنسیق و هاوکاریا بەینا پێشمەرگە و بەینا جەیشێ بپارێزین. (دهۆک)**

لەگەڵ ئەوەشدا (مەسعوود بارزانی) کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنێت، کە دەلالەتن لە کۆمەڵێک پرس و بابەت، بەڵام لەڕێگەی ئەو وشانە، ئەم بابەتە پوخت دەکاتەوە، وەک: (بەغدا، عەقلیەتا بەغدا، عەقلیەتا حاکم، پەرلەمان، زۆرینەی یاسایی، حەشدی شەعبی، شۆڤێنی، ڕژێمی بەعس،...) هەموو ئەمانە دەلالەتن لە ئاماژەکردن بە دەسەڵاتداران و سەرکردەکانی حکومەتی عیراق، کە باس لە (بەغدا) دەکرێت، مانای وا نییە تەنیا بەغدا دژی گەلی کوردستانە، بەڵکو ناوچەکانی تریش دژایەتی دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەغدا پایتەختە و بڕیاری سیاسی لەوێ دەردەچێت، بۆیە ناوی دەهێنرێت، زۆرجاریش پەیوەندی نێوان (هەولێر و بەغدا) باس دەکرێت، هەروەها (هاوپەیمانان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دراوسێ، وڵاتانی ئیقلیمی، ئەنجومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتی) لەمیانەی گوتارەکانیدا بەکارهاتوون.

سەبارەت بەم دەستەواژانەی، کە پرسی سەرەکین لە کۆمەڵگەی کوردیدا (مەسعوود بارزانی) زۆر جەخت لەسەر وشەکانی وەک (پێشمەرگە، خەتی سەوز، کیمیابارانکردن، ئەنفالکردن، خاپورکردنی گوند و ناوچەکان، بودجە، ...)

بەشێوەیەکی گشتی دوو حاڵەتی قسەلێکراومان هەیە، ئەوانیش:

1-قسەلێکراوی ئامادە: لەم کردەیەدا نێرەر نایەوێت ڕاستەوخۆ کردەی ئاخاوتنەکە ئاڕاستەی ئەو کەسە بکات، کە لە شوێنی ئاخاوتنەکەدا بوونیان هەیە، بەڵکو لەڕێگەی وەرگری ڕاستەوخۆ پەیامەکە ئاڕاستەی قسەلێکراو دەکات.

**ڕۆژی (25 ی مانگ). برۆنە سەر سندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن، ئەوەی لەگەڵ ئەمە بێ، ئەمە سندوقەکان، ئەوەی بشترسێت، با نەچێت، یان با بڵێت نەخێر.**

لێرەدا (مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی وەرگری ڕاستەوخۆدا پەیام ئاڕاستەی کۆمەڵەیەکی تر دەکات، کە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە نین، یان لە ئەنجامدانی دەترسن، ڕەنگە خودی کەسەکانیش لەناو جەماوەردا بن، بۆیەش بە قسەلێکراوی ئامادە دادەنرێت، بەشێوەیەک پەیامیان ئاڕاستە دەکرێت، بەوەی ئامادەن، بەڵام قسەیان لەبارەیەوە دەکرێت.

2-قسەلێکراوی نائامادە: لە گوتاردا لەنێوان وەرگر و نێرەردا، ئاماژە بە کەسێکی تر، یان چەند کەسێکی تر دەدرێت، یان چەند کەسێکی تر دەدرێت کە لەو دەورەبەرەدا بوونیان نییە، بەڵام لە لای نێرەر و (وەرگر)دا ئاشنان و هەردووکیان زانیارییان لەبارەوە هەیە.

(مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا ئەم قاڵبە زۆر بەڕوونی بەکاردەهێنێت، بەوەی هەم ڕۆڵ بە ئامادەبووان دەدات، کە زانیاریان لە بارەی ئەو پرسە، هەیە کە باسی لێدەکات، هەمیش لە ڕێگەی ئابووریکردنی زمانەوە، نایەوێت دووبارە ناویان بهێنێتەوە، تەنیا جێناوە لکاوەکان

لەجیاتیان بەکاردەهێنێت.

**تەوسیەی من بۆ هەر هەمووتان، وەک چاوی خۆتان بیانپارێزن. (سلێمانی)**
**شەریکاتیان قبول نەکرد، دەستوریان پێشێل کرد. (سۆران)**
**ئەنفال کرین، کیمیاباران کرین، گوندێن مە وێران کرن، هێشتا وان نەڕازینە. (ئامێدی)**
**ئەو لایەنێت کو پێنگاڤێ تاڤێن، ئەو ب خۆ دێ تەحەمولا مەسولیەتێ کەن. (ئاکرێ)**
**ڤەگەڕیانا ڤە بۆ بیدعەیەکا تازە، کو د بێنێ زۆرینەیا سیاسی. (زاخۆ)**

بێگومان بەکارهێنانی هەر یەک لە جێناوی لکاو و سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک و کۆ لەلایەن (مەسعوود بارزانی) لەجیاتی بەکارهێنانی ناویان، بۆ چەند مەبەستێک بووە، یان ئەوەتا لەپێشتر باسی ئەو کەسانە کراوە، کە لە دواتر لەجیاتی ناو، یان ئەو جێناوانە بەکارهاتوون، یان بەهۆی هەبوونی شارەزایی جەماوەر و ڕۆڵپێدانی لەلایەن نێرەرەوە، وەک نەبوونی یان هەبوونی زانیاری لەلایەن وەرگرەوە بۆ بابەتەکە، کە لە شوێنی جێناوی لکاوی کەسی سێیەم بەکارهاتووە، لەلایەکی تریشەوە دەکرێت ناونەهێنانیان بە مەبەست بووبێت لەلایەن (مەسعوود بارزانی). ئەویش لەبەر دوو هۆکار:-

**یەکەمیان**: هێنانی ناویان، هیچ گرنگییەکی نییە، نە لەلایەن نێرەر نە لەلایەن وەرگر.

**دووەمیان**: لەوانەیە ناونەهێنانیان بە مەبەست بووبێت، بۆ ئەوەی لەلایەن جەماوەرەوە ئاشکرا نەبێت و بەنهێنی لەلایەن نێرەرەوە بمێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر بەکاریش هێنرابێت، بەڕێگەی پێگەی سیاسی یان پۆستی ئیداری ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە، وەک:

**دوێنێ بڕیارەک دەرکرد دێ پارێزگاری کەرکوکێ لادەن، چونکی هەلویستەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی نیشاندا.(زاخۆ)**

(مەسعوود بارزانی) لەڕێگەی بەکارهێنانی پۆستی کەسەکە، ئاماژە بەو کەسە دەکات، کە ئەویش (د.نەجمەدین کەریم) پارێزگاری کەرکووکە، هەروەها بە هەمان شێوە لەڕێگەی ئاماژەدان بە پۆستی سیاسییان، وەک:

**بەری ئەز بێم بۆ خزمەتا وە، وەفدەکا مەزن نک من بوون. (زاخۆ)**

**نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا، باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا، باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا، نوێنەرێ سکرتێرێ گشتیun. (زاخۆ)**

بێگومان لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو (مەسعوود بارزانی) ئاماژەی بە ناوی هەریەکەیان دابا، لەوانەیە ئەو وەفدە بۆ جەماوەر دەرنەکەوتبا، چونکە ئەوەندەی پێگەی ئەو پۆستە بۆ جەماوەر گرنگە، ئەوەندە کەسەکان گرنگ نین.

### ٢.٤.٣: نیشانەکانی کات

ئەو کەرەستانە ئاماژە بە کاتێک دەدەن، بەڕێگەی دەوروبەرەوە دەستنیشان دەکرێت، ئەویش کاتێک وەرگر پشت بە کاتی ئاخاوتن دەبەستێت، کاتی ئاخاوتن دەبێتە سەنتەری نیشانەی کات لە ئاخاوتندا. ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی نیشانەکانی کات دەوەستێتە سەر ناسینی وەرگر، بۆ ئەو کاتەی نێرەر ئاماژەی پێدەدات. کات بەپێی ئاستەکانی زمان بۆ دوو جۆر جیا دەبێتەوە:-

١-کاتی سیمانتیکی:

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە کات دەنوێنن، لە شوێنی ئاوەڵکاردا ئەو وشانە بەکارهێنانیان لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرچاو دەکەوێت.

**خۆشەویستان بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد، بە کردەوە ئەوەی چەند ڕۆژ پێش لە پارێزگای دهۆک و ئەمڕۆ لە کەرکووک و ئێستاش لەگەڵ ئێوەی بەڕێز. (سۆران)**

**لەگەڵ هەموو لایەنەکان باسی ڕیفراندۆم کراوە، چەند ساڵ پێش ئێستا. (سۆران)**

**پارساڵ دروست لەو مانگە، وا بزانم هەر لەو ڕۆژە بوو یان سبەینێیە، دیسان ئەبێتە یەک ساڵ، کە بە وەفدێکی گەورەوە چووینە بەغدا. (سۆران)**

**چەند ساڵێکە ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتە، کە ئیتر ئێمە لەگەڵ بەغدا ناتوانین چیتر بژین. (هەولێر)**

**ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆیەکی زۆر جدی، بە دڵێکی ساف، بە مێشکێکی کراوە، بەڵام دوای (٢٥)ی ئەیلول. (هەولێر)**

**(٢٠٠٣) ئەز نووکە دبێژم، مە هەلەکر ئەم چووین. (زاخۆ)**

**هەتا پارساڵ، کە بە وەفدێکی گەورەوە چووین بۆ بەغدا. (سلێمانی)**

هەریەک لە وشەکانی (چەند ساڵ پێش ئێستا، پارساڵ لەو مانگە، هەر لەو ڕۆژە، دوای ٢٥ی ئەیلوول، ٢٠٠٣، پار ساڵ، ...). کە (مەسعوود بارزانی). لە میانەی گوتارەکانی بەکاری هێناون، نیشانەی کاتن و ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی کات دەکەن، هەریەک لەمانەش کاتی سیمانتیکین، لەبەر ئەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەردەمە جیاجیاکان تووشی گەلێک هەوراز و نشێویی و گەرمی و ساردی بۆتەوە، کورد ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە ڕاوەدونان و ڕووخاندنی ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکان و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکاری ناوچەکەیان، هەر بەهەمان شێوەی خەبات و تێکۆشان و مێژووی هەر وڵاتێک، لە فەرهەنگی زمانی کوردیشدا کۆمەڵە فۆڕمێک ئاماژە بە کات دەدەن، ئاماژە بە کاتی هەڵگیرسان و دەستپێکردنی ئەو ڕووداوانە دەدەن، (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا ئاماژە بەو فۆڕمانە دەدات، بەبێ ئەوەی زانیاری زیاتریان لەبارەیەوە بدات، چونکە دەزانێت ئەو ڕووداوانە لەلای خەڵکی کوردستان ئاشنا و زیندوون.

**لەبەردەمم ئەبینم، سەری بەرد، حەسەن بەگ، سەر تیز، زۆزک، هندرێن و کوڕەک، یادی شۆڕشی ئەیلول، کە زۆر لەو قارەمانانەی کە بە خوێنی خۆیان ئەو شاخانەیان پاراست.(سۆران)**

**ئەو ناوچەیە ناوچەی مەڵبەندی شۆڕش و خاوەنی سەدەها شەهیدی قارەمانە.(سۆران)**

**ئەم ئەوین بێت وە مە ئەنفال کری، کیمیا باران کری، کۆمەڵکوژ کری، شار و گوندێت مە وێران کری. (زاخۆ)**

بێگومان بەکارهێنانی هەریەک لە فۆڕمەکانی (شۆڕشی ئەیلوول، ئەنفالکردن، کیمیابارانکردن، کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی گوندەکان، ...). هەریەکەیان ئاماژە بە کاتێک دەدەن، دەلالەت و ئاماژەن بۆ کاتێکی دیاریکراو، بەبێ ئەوەی هەریەک لەو فۆڕمە دەربڕاوانەی وەک: (شۆڕشی ئەیلول، ئەنفال، کیمیاباران). دەلالەتی ئاماژەییان هەبێت بۆ کات، بەڵام لەلای هەر تاکێکی کورد شارەزایی و باکگراوندێکی مێژوویی لەو بارەیەوە هەیە، بەمەش بۆ تێگەیشتن لەو فۆڕمانە، دەبێت وەرگر خاوەن ڕۆشنبیری گشتی و شارەزایی مێژوویی هەبێت، بزانێت لە چ کات و ساتێک ئەم شۆڕش و ڕووداوانە ڕوویانداوە.

٢-کاتی ڕێزمانی:

مەبەست لە کاتی ڕێزمانی، ئەو کاتانەن بەشێوەیەکی ڕێزمانی لە شێوەی مۆرفیمی کاتدا خۆیان دەنوێنن، هەریەک لە مۆرفیمەکانی (-وو، -ی، -د، -ا، -ت) بە مۆرفیمی کات دادەنرێن. لە ڕووی چالاکی بەکارهێنان نیشانەکانی کات بەسەر جۆری (ڕابردوو و ڕانەبردوو) دابەش دەبن:

١-ڕابردوو:

(کاری ڕابوردوو ئەو کارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە پێش ئاخاوتنەوە، واتا ڕوودانی کارەکە بەسەرچووە و ڕوویداوە) (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٤، ٨٢). (بەو واتایەی ئەو کردارەیە، کە پرۆسێسی ڕوودانەکەی پێش ئاخاوتن بکەوێ) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٢٠٠). واتە ڕوودانی کارەکە بەسەرچووە و ڕوویداوە ئەو ڕووداوەی لە ئێستا باس دەکرێت و دەردەبڕێت لەپێشتر ڕوویداوە، لە زمانی کوردیدا چوار جۆر کاری ڕابردوو هەیە:

١-(ڕابردووی نزیک، ئەو کارەیە دەلالەت لە ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نزیک دەکات) (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤، ٨٢). واتە کاتی ڕوودانی کارەکە نزیکە لە گوتن، ئەم جۆرەیان بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەبێت.

لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) ئەم جۆرەی کارە بەرچاو دەکەوێت:

**پشتی (٢٠٠٣) مە تەسەوڕ کرد دەرفەتەکا تازەیە. (ئاکرێ)**

٢-ڕابردووی بەردەوام، ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودان و بەردەوامی کارێک دەکات لە کاتی ڕابردوو، نیشانەی فۆڕمی ڕابردووی بەردەوام بریتییە لە (دە + ڕابردووی نزیک)

**زۆرێکیان وایان تەسەوڕ دەکرد، یان هەندێجار ئەیانگوت بۆ دەرباز بوونە لە قەیرانی ناوخۆ. (سلێمانی)**

**زۆرێک لەو دۆستانەی دەهاتنە لام. (هەولێر)**

٣-(ڕابردووی دوور، ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی دوور دەکات) (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤، ٨٥). فۆڕم و نیشانەی کاتی ڕابردوو (بوو)ە.

**بڕیار بوو دەوڵەتێکی مەدەنی فیدراڵی دروست بکرێ. (هەولێر)**

٤-(ڕابردووی تەواو، ئەو کارەیە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوور و نە زۆر نزیک دەکات) (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤، ٨٢). فۆڕمی نیشانەی کاتی تەواو لەم جۆرەیاندا بریتییە لە (وە/ یە - ووە/ ییە)

**بەڵێ ئێمە چووینە بەغدا (هەولێر)**

**بنیەتەکا پاکژ، دلەکێ پاکژ چووینە بەغدا. (ئامێدی)**

٢-کاتی ڕانەبردوو:

(سەبارەت بە کاتی ڕانەبردوو ئەو کاتەیە، کە ڕوودانی کارەکە دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، بەو واتایەی کارەکە ڕووینەداوە، بەڵام چ لە ئێستا بێ یان داهاتوو ڕوودەدات) (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤، ٨٢). لە زمانی کوردیدا بۆ دروستکردنی کاری ڕانەبردوو پەنا دەبرێتە بەر یاسای (دە + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاو). کاری ڕانەبردوو لە ڕووی کاتی ڕوودانەوە بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت، ئەوانیش: (ئێستا، داهاتوو). هەر دوو جۆری کارەکە لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا یەک قاڵبیان هەیە، بەڵام جیاکردنەوەیان بەهۆی هەندێ باری دەوروبەرەوە دەبێت.

أ- ڕانەبردووی ئێستا: ئەم جۆرەیان بەڕێگەی هەندێک وشەی تایبەتی، وەک: (وا، ئێستا، ئەوا، تازە، ...) جیادەکردێتەوە.

**وا دێم.**

**ئێستا دێم.**

**ئێستا ڕیفراندۆم لە دەستی من و حیزبەکان و هەمووی دەرچووە، کەوتۆتە دەستی ئێوە. (هەولێر)**

ب- ڕانەبردووی داهاتوو: ئەم جۆرەیان بەهۆی هەندێ ئاوەڵکاری کاتی جیا دەکرێنەوە: (بەیانی، دوایی، لەپاشان، سبەینێ، هەفتەیەکی تر، مانگێکی تر، ...هتد)

**دوایی دەچم.**

**سبەینێ دەڕۆم.**

لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردی بە پێچەوانەی کرمانجی ناوەڕاست نیشانەی تایبەت و فۆڕمی مۆرفۆلۆجی جیاوازیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو جۆری ڕانەبردوو. (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٥، ٩٨)

١-ڕانەبردووی ئێستا (د + ڕەگی کار + جێناوی لکاو).

**دخۆم.**

٢-ڕانەبردووی داهاتوو (دێ + ڕەگی کار + جێناوی لکاو).

**دێ خۆم.**

لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەزۆری جۆری دووەمی کاری ڕانەبردوو (ڕانەبردووی داهاتوو) بەکارهاتووە.

**دێ ڤان ڕۆژا بەردەوام د دگفتوگۆیا دابین. (زاخۆ)**

**مە دوو ڕێک ییێل پێش، یان دێ بن دەستیێ قەبوولکەین، یان دێ بەرەڤ سەر بخۆبووینێ چین. (ئامێدی)**

**دێ بەردەوامیش بین ل شەرێ داعش. (ئاكرێ)**

ئەوەی جێگای سەرنج بێت، چۆن دەستپێکردنی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) شێوازێکی ئیسلامیانە بەکارهاتووە، لە کاتی ئاماژەدان بە داهاتووش فۆڕمێکی ئایینی بەکارهاتووە.

**ئەڤە یەکەمجارە ئەز بێم بینم، ان شاء الله دێ هەرهۆ بینین. (زاخۆ)**

**ان شاء الله دەولەتا داهاتی دەولەتا فیدڕاڵی دیموکراتی دێ بیت.**

**ان شاء الله دێ گیانێ شەهیدێت خۆ شاد کەین. (ئامێدی)**

کاتی مەبەستی ناو ئاخاوتن بەپێی ئەو واتا و مەبەستەی بەرهەمی دەهێنێت، کاتی مەبەستی ناو ئاخاوتن دەکرێت بە چوار بەشی سەرەکییەوە:-

١-ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕابردوون و دووبارە نابنەوە. ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە و لە دەسەڵاتمان دەرچوون، لەبەر هەر هۆکارێک بێت، جا ڕوودانەکەی چ بەباشی بێت یان بەخراپی، ئەوەی گرنگە ڕووداوەکە ڕوویداوە، بەڵام نێرەر لەکاتی کردەی ئاخاوتندا ئاڕاستەی دەکات، بەڕێگەی پێشگیرمانەوە بێت یان ئامۆژگاری و فەرماندان.

**ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ئەزموونێکی شکستخواردوو. (هەولێر)**

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت (ئێمە). کە مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانە، نایانەوێ جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ئەزموونێکی تاڵ، بۆیە وا دەردەکەوێت کە کورد و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان پێشتر چوون بۆ بەغدا و ئەزموونێکی خراپیان لەگەڵ یەکتری هەیە.

**ئاڵای حیزبەکان بینە خوارێ، بە هی پارتیشەوە تەنها وێنەی شەهید و ئەنفال ئەتوانن بەرزکەنەوە، وێنەی ئەشخاس بەرزنەکەنەوە. (سۆران)**

(مەسعوود بارزانی) فەرمان بە جەماوەر دەکات، وێنەی شەهید و ئەنفالکراوان بەرزبکەنەوە، لە ڕێگەی پێشگریمانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە جەماوەر ئاڵای حیزبەکان و سەرکردەکانی بەرز کردۆتەوە، بەمەش دوای ئەو دەربڕینەی نێرەر، ئەو حاڵەتە نەما.

٢-ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕابردوون، بەڵام دەشێت لە داهاتوو ڕووبدەن. ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە و کاتەکانیان تێپەڕیون، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی تر ڕووبدەنەوە. (مەسعوود بارزانی) لەکاتی گوتاردانیدا لە بانگەشەی ڕیفراندۆم یەکێک لە تەوەرەکانی بابەتی گوتارەکەی جەختکردنەوە بوو لەو تاوانانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون، لەهەمان کاتدا ترسیشی لەوە هەیە، دووبارە ئەو ڕووداوانە بەسەر گەلی کوردا بێنەوە.

**دەنگا وە دێ دوماهیێ ب ئەنفالێ هینی، جارەکا دی ئەڤ میللەتە کرن، ناهێتە کیمیاباران کرن، گوندێت مە ناهێنە وێران کرن. (ئاكری)**

ئەوەی لەم دەقەی سەرەوەدا دەخوێندرێتەوە، پێشتر گەلی کورد ئەنفالکراوە، کیمیابارانکراوە، گوندەکانیان وێرانکراوە، توێژەر وای بۆ دەچێت (مەسعوود بارزانی) پێشبینی ئەوە بکات، کە ئەگەر ئەو کەسانەی ئەو ڕووداوەیان بەسەر گەلی کورد هێناوە، لە دەستیان بێت دووبارە ئەنفال و کیمیاباران دەکرێنەوە، بۆیە ئەو دیمەنە جەرگبڕانە دەکاتە کەرەستەیەک بۆ ئەوەی هانی وەرگر بدات و دەنگ بدەن، بۆ ئەوەی ڕێگریان لێ بکرێت. هەر بۆیەشە لە میانەی گوتارێکدا لە (زاخۆ) دەڵێ:

**ئەز زانم من چ شکیش تێدا نینە، وەڵاهی نیەت هەوە ئەڤا دەستکەفتا تێکبدەن، ئەڤا دەستفکەفتانە لەمە بستینەوە. (زاخۆ)**

٣-ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕوویان نەداوە، بەڵام ڕوودەدەن. هەندێک حاڵەت هەن هێشتا نەبوون بە ڕووداو، تەنیا پێشبینین، بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا ببنە ڕاستی و ڕووبدەن. (مەسعوود بارزانی) لە وێناکردنی دەستووری داهاتووی دەوڵەتی کوردستان ئەم چوارچێوەیە لە گوتارەکانیدا بەکاردەهێنێت:-

**سیستەمی ئایندەمان سیستەمی ئێمە بەشێوەیەک دەبێ، کە ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کوردستان دەوڵەمەندتر بکرێت، دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان دەبی، دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان و نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان دەبی، دەوڵەتی فیدراڵی دیموکراتی پەرلەمانی دەبی. (هەولێر)**
**ان شاء اللە دەولەتا داهاتی دەولەتا فیدراڵی دیموکراتی دێ بیت بۆ هەمیا بێ فەرق و جودایی یەکسانی. (ئامێدی)**

٤-ئەو ڕووداوانەی کاتەکانیان ڕوویاننەداوە و ڕووشنادەن. دەکرێت ئەمەش شتێکی مەحاڵ بێت، بەو واتایەی ئەمە تەنیا پێشبینی بێت و ڕوودان و بەجێهێنانی مەحاڵ بێت. (مەسعوود بارزانی) بەشێوەیەکی تەواو متمانەبەخۆبوو باس لە ئیرادەی گەلی کوردستان دەکات، بەشێوەیەک باسی دەکات، کە نە لە ڕابردوو نە لە ئێستا و نە لە داهاتووش ڕوونادات.

**ئەم پەیمانێت دەینە گەلێ کوردستانێ، بخوینە شەهیدێت خۆ، قەت و قەت ئیرادا مە ناشکێت بەرانبەر ئیرادا هیچ کەسەکی. (دهۆک)**

هەروەها لەمیانەی گوتارێکیدا سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی گەلان بەتایبەت گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، (مەسعوود بارزانی) ئاماژە بە شتێکی مەحاڵ دەکات، وەک بەڵگەیەک بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلەکەی بۆ سەربەخۆیی بەکاردەهێنێت.

**منێ گۆتی هەمی وەختەکی، کەسەک و دەولەتەک لە دەرڤە ناهێتن بێتە مە ئەڤە سەربەخۆ بوون بە دیاری بۆوە. (دهۆک)**
**کەسەک ناهێت سەرخوەبوونێ دیاری بۆ مە بینیت، کەسیش خۆ تووشی مشکیلات ناکات بۆ مە، تەبیا ئەم داوا حەقێ خۆ بکەین. (زاخۆ)**

### ٣.٤.٣: نیشانەکانی شوێن

نیشانەکانی شوێن ئەو نیشانانەن، کە ئاماژە بە شوێن دەدەن، بەڵام ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنیان دەوەستێتە سەر ناسینی وەرگر بۆ ئەو شوێنەی نێرەر باسی دەکات، ئەو نیشانانەی نێرەر لەمیانەی ئاخاوتنەکەیدا ئاماژەی پێدەدات، لەسەر نێرەر پێویستە بۆ ئەوەی پەیامەکەی بەڕوونی بگات، دەبێت ئەو شوێنەی ئاماژەی پێدەدات، لەلای وەرگر ڕوون بێت و شارەزایی بەو شوێنە هەبێت، زۆرجار جەختکردنەوە لە شوێن لەپێناو ئاشناکردنی زیاتری وەرگرە بەو شوێنەی باسی دەکات.

نێرەر لە کاتی ئاخاوتندا، دەتوانێت لە ڕێگەی وەسفکردنەوە شوێنەکە دیاری بکات، ناوی ئەو شوێنە بدات، واتا (بەناوهێنان). لەلایەکی ترەوە دەکرێت نێرەر بە دیاریکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، شوێنێک لەچاو شوێنێکی تر، یان لەچاو خاڵێکی نەگۆڕ ئاماژەپێبدات، واتا بە (دیاریکردنی شوێن). (مەسعوود بارزانی) بەشێوەیەکی بەرچاو جەختی لە شوێن کردۆتەوە، ئەمەش بە ڕای توێژەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەی نێرەر شارەزاییەکی تەواوی لەو ناوچانە هەیە، کە باسی دەکات، هەروەها لە هەر شوێنێک گوتاری تێدا  پێشکەشکردبێت، ئاماژەی بە شوێنی نزیک و پەیوەند بەو شوێنە داوە، ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە، لە ڕووی گرنگیدان بە جەماوەری ئەو شوێنە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیاتر کاریگەری خستنە سەر وەرگر و کاریگەری لەسەر دانان، وەرگر بۆ ئەوەی زیاتر بکەونە ژێر کاریگەری نێرەر و قەناعەتی تەواویان لەلا دروست بکات.

**جەماوەری تێکۆشەری چۆمان، ڕەواندوز، مێرگەسۆر، پڕ بەدڵ سوپاستان دەکەم. (سۆران)**

**هەموو ئەو شوێنانە بۆ من شوێنی پیرۆزن، (سیدەکان، حاجی ئۆمەران، وەرتێ، دۆلی ئاکۆیان، شێخ زادە، خواکوڕک، بارزان، مێرگەسۆر، مزوری). (سۆران)**

**دەڤەرا ئاکرێ ئێکە ل وا شاهیدێت زیندی هەتا دونیا هەیە. (ئاکرێ)**

**ئەز بێژم پارێزگەها دهۆکێ، پێرێ ل زاخۆ، دوهی ل ئامێدی، ئەڤرۆ ل دهۆکێ، کۆمبیونا جەماوەرێ شێخان و سێمێلێش گەل دهۆکێ، وە بڕیارا خۆدا. (دهۆک)**

**جەماوەری شاری سلێمانی و گەرمیان و هەلەبجە. (سلێمانی)**

(مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا ئاماژە بە هەندێک شوێن دەدات، بەبێ ئەوەی ناوی ئەو شوێنانە ببات، ئەویش لەڕێگەی چەند دروشمێکی تایبەت بە هەر ناوچەیەک و شارێک، ئەمەش ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەت و زیادکردنی گەرموگوڕی لەلای جەماوەر.

**جەماوەری شاری هەڵمەت و قوربانی.(سلێمانی)**

لە فەرهەنگی نەتەوەیی گەلی کورد(شاری سلێمانی) بە شاری هەڵمەت و قوربانی ناوی دەرکردووە، لەبەر ئەمەشە (مەسعوود بارزانی) لەجیاتی بەکارهێنانی ناوی شاری سلێمانی، ئەو دەربڕاوەی بەکارهێناوە، کە خەڵکی شاری سلێمانی شانازی بەو نازناوە دەکات.

**جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن.(هەولێر)**

لە لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی شاری هەولێر، بەزاندن و ڕەتکردنەوەی داگیرکاریی (هۆلاکۆ) و لەشکرەکەی ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها دەستەواژەی (قەڵا و منارە) دوو شوێنی گرنگی ئەم شارەن، لەلایەن (یونسکۆ)وە، وەک کۆنترین شار دەستنیشانکراوە، (مەسعوود بارزانی) لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم نازناوە لەجیاتی شاری هەولێر ئەم نازناوە و دروشمانەی بەکارهێناوە.

**ئێکە ل خۆشترین ڕۆژێت من، کو جارەکا دی بێمەڤ زاخۆکا دەلال، بەس باوەڕ بکەن من بریا وەکر و من ڤیا بێم هەوایێ زاخۆ هەلمژم. (زاخۆ)**

(دەلال) وەک پاشناوێک بۆ ناو و شوێنە دێرینەکانی زاخۆ، بەتایبەتی (پردی دەلال). هەروەها لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، ئاو و هەوای زاخۆ چەندان قارەمان و شۆڕەشگێڕی پێ پەروەردە بووە، ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکانە لە گوتارەکانی نێرەر، لەپاڵ ئاگاداربوونیەتی لە مێژوو و خەبات و گرنگی ئەم ناوچەیە، هۆکارێکیشە بۆ دەربڕینی هەستی خۆشی و ئومێد و بەخشی (مەسعوود بارزانی) وەک لە کۆتایی گوتارەکەیدا لە شاری زاخۆ، بەوپەڕی حەماسەتەوە، دەڵێ:

**سلاڤ ل وە بن جەماوەرێ عەزیز و خۆشتڤیێ زاخۆ، زاخۆیا دل و ڕوح.(زاخۆ)**

لەمیانەی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)دا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتێک، بە بەکارهێنانی نیشانەکانی شوێن، شوێنێک لە چاو شوێنێکی تر دیاری دەکات، ئەمیش لە پێناو پێدانی زانیار زیاتر بە وەرگر و بەرچاوڕوونی بۆ تێگەیشتنی زیاتر و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

**خەتا سەوز ئەو خەتا تەماسێ، کو وەختێ خۆ بەینا پێشمەرگەیی و سوپایێ عێراقێ، وەختێ ڕژێما بەعس، یەعنی بێینەڤ ئالۆکا (دهۆک)**

(مەسعوود بارزانی) ئەو دەقەی سەرەوەی لە شاری دهۆک ئاڕاستەی جەماوەری دهۆک کرد، (ئالۆکا) شوێنێکی نزیکی شاری دهۆکە بە چەند کیلۆمەترێک، هەموو دانیشتوانی شاری دهۆک ئاشنایەتییان بەو شوێنە هەیە، بەمەش دهۆک خاڵێکی نەگۆڕە بۆ ئەو کاتەی گوتارەکەی تێدا پێشکەش دەکات، (ئالۆکا) شوێنێکە بە مەودای نزیکی و ئاشنایی لە شاری دهۆک دەستنیشانکراوە.

**خەتی سەوز، خەتی تەماسی کۆنە بەینی پێشمەرگە و سوپای عێراقی لە زەمانی سەدام، یەعنی بگەڕێینەوە بۆ نزیک قوشتەپە، هەرکات بیانەوێت بە تۆپخانە لە هەولێر بدەن. (هەولێر)**

لەبەر ئەوەی (مەسعوود بارزانی) لە دوو کات و ساتی جیاواز باسی خەتی سەوز دەکات، بۆیە هەوڵیداوە ڕوونکردنەوەیەکی واقیعی و بەرچاو بە وەرگر بدات، بەمەش ئاماژەکردن بە (قوشتەپە). کە ناحیەیەکی سەر بە هەولێرە، بۆ جەماوەری شاری هەولێر ئاشناییە، ئەمەش هاوکاریکردنی جەماوەرە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە کرۆکی بابەتەکە.

توێژەر پێی وایە (مەسعوود بارزانی) لە هەلبژاردنی ستراتیژییەتی دیاریکردنی شوێن، زۆر سەرکەوتوو بووە، بە مەبەستی پیشاندانی نموونەیەکی واقیعی و کاریگەری زیاتر بخاتە سەر

جەماوەر، لە دروستکردنی قەناعەتی زیاتر و درککردنێکی بابەتیانەی جەماوەر بۆ بابەتەکە. (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا نیشانەکانی شوێنی کردۆتە ئامرازێک، بۆ ئاماژەدان بە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتێک یان هەرێم و ناوچەیەک، ئەم نیشانەیەش جگە لەوەی ئاماژەیەکە بۆ ئەو شوێنە، لە هەمان کاتدا ئاماژەشە بۆ دەسەڵاتی ئەو شوێنە.

**بۆیە ئەم بڕیارە درا، چونکە بەغدا شەراکەتی نەهێشت. (سلێمانی)**

**ئێمە وامان زانی بەغدای تازەش، ئەم کارەساتە قەرەبوو دەکاتەوە بۆ گەلی کوردستان.(هەولێر)**

**ئەم زۆر دڵسافی چۆینە بەغدا. (زاخۆ)**

بێگومان بەکارهێنانی بەغدا لەم دەربڕینانەی سەرەوە، ئەوەندەی زیاتر مەبەستی دەسەلاتی سیاسی حکوومەتی عێراقە، لە ئێستا و لە ڕابردوو، ئەوەندە مەبەستی خودی شاری بەغدا نییە لەلایەن نێرەرەوە، لەگەڵ ئەوەی (بەغدا) پایتەختی شاری عێراقە، هەروەها لە کەناڵە ڕاگەیاندنە کوردییەکان و عێراقییەکانەوە، ئەوەندەی دەستەواژەی پەیوەندی نێوان (هەولێر و بەغدا)بەکاردێت، ئەوەندە جەخت لە دەستەواژەی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا ناکرێتەوە، ئەمیش بە هۆکاری بوونی دوو دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتێک و هەرێمێکی سەر بەو وڵاتە.

**مە نەڤێت چ نەخۆشی بەینا مەو جیرانێت مە ڕووبدەن. (دهۆک)**

**دراوسێکانمان ئەمە (٢٥) ساڵە ئایا بەس نییە بۆ ئەوەی بۆتان دەربکەوێت، کە ئێمە عاملی تهدید نین بۆ ئێوە. (هەولێر)**

(دراوسێ-جیران) دوو دەستەواژای هاوواتان، کە (مەسعوود بارزانی) وەک ئاماژەیەک بۆ وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنێت، کە ئەوانیش: (ئێران، تورکیا، سوریا)ن. (مەسعوود بارزانی). کە باس لە ڕووداوێک یان بەسەرهاتێک دەکات، زۆر جەخت لە شوێنێ دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی، کە بەلای وەرگر ئاشنا نین.

**ساڵی (٢٠٠٦). سەرۆک جۆرج بۆش هات بۆ (قاعیدەی ئەسەد). لەسەر حدوودی سوریا و ئوردن لە پارێزگای ڕوومادی، داوایان کرد منیش بچم. (هەولێر)**

**لە ساڵی (٢٠١٥) لە (واشنتۆن لە وایت هاوس). لەگەڵ بەڕێز خودی جەنابی سەرۆکی ئەو سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکا، بەڕێز (ئۆباما) ئەو بابەتەمان باسکرد ڕووبەڕوو. (هەولێر )**

**بەری کو ئەز بێم بۆ خزمەتا وە، وە فداکا مەزن نک من بوون ل سحێلا. (زاخۆ)**

توێژەر پێیوایە گرنگیدانی (مەسعوود بارزانی) بە ئاماژەکردنی شوێن بۆ وەرگر، جگە لەوەی وەک پێشتریش ئاماژەمان پێیکرد، گرنگی پێگەی وەرگرە لەلای نێرەر، هەروەها دەرخەری ڕاستگۆیی و نیەتپاکی نێرەرە لەگەڵ وەرگر، ئەمیش بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر جەماوەر گرنگی نەبێت و ڕاستگۆیانە لەگەڵیان نەدوێت، (مەسعوود بارزانی) لە ئاماژەدان بە (سحێلا). کە شوێنێکی نزیک زاخۆیە، جێگای حەوانەوەی بووە، کاتێک سەرپەرشتی ڕووبەڕووبوونەوەی

چەکدارانی داعشی دەکرد، لەبەر باری ئەمنی ئاماژەی بەو شوێنە نەدەدا، بەڵام ئەمە دەرخەری پەرۆشی و ڕاستگۆیی نێرەرە بەرانبەر وەرگر. نێرەر لە هەندێک باردا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوەڵکارەکانی وەک: (لێرە، لەوێ). ئاماژە بە شوێن دەدات.

**ئەگەر هەوە گوهـ لێبیت، نەفەرەک لێرە یان لوێرێ، یان ل سەر شاشەکا تەلەفزیۆنی بێ گەف و گوڕابکەت. (ئاکرێ)**

(لێرە) ئاماژەیە بۆ کوردستان و (لوێرێ) ئاماژەیە بۆ شارەکانی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە.

**لێرەدا من سوپاسی هاوپەیمانان دەکەم. (هەولێر)**

**دەمەوێ لێرە یەک شت بە خوای خۆم بڵێم، بە ئێوەش بڵێم، من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم. (هەولێر)**

لە چوارچێوەی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) زۆر بەڕوونی هەست بە سەرەتا و ناوەڕۆک و کۆتایی گوتار دەکرێت.

(مەسعوود بارزانی) دوای سڵاوکردن و دەربڕینی هەستی خۆی بەرانبەر بە جەماوەر، بە دوای نزیکترین دەرفەتدا دەگەڕێت بۆ دامەزراندنی پەیوەندی و چوونە ناو بابەتی باسەکە، ئەویش لە ڕێگای پرسیارکردنەوە بێت، یان ڕاستەوخۆ باسکردنی باسەکە.

هەرچی سەبارەت بە کۆتایی گوتارەکانە، لە زۆربەی گوتارەکاندا لە ڕێگەی دەستەواژەی: (لە کۆتایدا، ل دوماهیێ). ئاماژە بە نزیکبوونەوە لە کۆتاییهێنان بە گوتارەکەی دەدات.

**دوماهیێ سلاڤێت گەرم بۆ هەم جەماوەرێ کوردستانێ، بۆ وەبێت خۆشتڤی. (دهۆک)**
**لە کۆتایدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان. (هەولێر)**
**لە کۆتایدا بەقەد قورسایی ئەم چیایانە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان. (سۆران)**

لە نیشانەکانی شوێندا، چوار شوێنی بنچینەیی هەن بەرانبەر بە چوار ڕۆڵی بەشداربووان:-

١- شوێنی نزیک لە قسەکەر (نێرەر):

نێرەر لە کاتی قسەکردندا ئاماژە بە هەندێک شوێن دەدات، کە لەخۆیەوە نزیکن و ئاشنایەتی پێیان هەیە.

لەبەر ئەوەی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) لە شوێنی جیاجیای کوردستان بوون، لە هەر شوێنێک لەو شوێنانەش ئاماژەی بە شوێنی نزیک لە خۆی و جەماوەر داوە.

**لەبەردەمم ئەبینم، سەری بەرد و حەسەن بەگ و سەرتیز و زۆزک و هندرێن و کوڕەک. (سۆران)**

سروشتی هەڵکەوتەی شاری سۆران وا هەڵکەوتووە، بەو شوێنانەی سەرەوە دەورە دراوە، هەروەها لە خودی نێرەریش دیار و بەرچاون و ئاشنایەتی پێیان هەیە.

٢-شوێنی نزیک لە وەرگر:

لەبەر ئەوەی نێرەر و وەرگر لە یەک شوێنن و لەیەکتری نزیکن، وەنەبێت مەبەست لە نێرەری نائامادە بێت، بەڵام وەرگری ئامادە، کە لە نێرەر نزیکە، هەمان شوێنە نێرەر باسی دەکات و لێیەوە نزیکن، بۆ وەرگریش هەمان بارودۆخە، ئەمیش بەهەمان جۆری یەکەمە.

٣-شوێنی نزیک لە جەماوەر:

لەبەر ئەوەی بۆ هەر دەربڕاوێک دەریدەبڕێت، دەبێت وەرگرێک هەبێت. بەمەش دەشێت وەرگر کەسێک بێت، یان کۆمەڵە کەسێک بێت، زۆر جار لەگەڵ جۆری یەکەم و دووەم تێکەڵ دەبێت. بێگومان بۆ جەماوەری شاری هەولێر و دهۆک باسکردنی (ئالۆکا و قوشتەپە) شوێنێکی نامۆ نییە. (مەسعوود بارزانی) بەم ڕێگایە توانیویەتی بە کەمترین ماوە و دەربڕین، مەبەستی پەیامەکە بگەیەنێت بە وەرگر.

**ڤەگەڕینەڤە بۆ جنوبی هەڤلێریێ، کەرکوک هیچ، خانەقین هیچ، شنگال هیچ، زوممار هیچ، مەخمور هیچ. (هەولێر)**

بێگومان ئەو شوێنانەی (مەسعوود بارزانی) باسیانیکردوون، لەوانە، (کەرکوک، خانەقین، شنگال، زوممار، مەخمور). چ بۆ جەماوەری ئامادە، چ بۆ جەماوەری نائامادە، ئەگەر کوردیش نەبێت، ئەو شوێنانە جێگای ئاشنان و شارەزاییان پێ هەیە.

٤-شوێنی نزیک لە کەسێک، کە نە جەماوەرە، نە نێرەرە، نە وەرگرە:

لەم جۆرەیاندا نێرەر لە ئاڕاستەکردنی پەیامێک بۆ کۆمەڵە کەسێک، ئاماژە بە شوێن دەدات، ڕەنگە لە لایانەوە ڕوون بێت، یان ئاشنایان پێ هەبێت، بەڵام شوێنەکە دوورە لە نێرەر و وەرگر و جەماوەر.

**ساڵی (٢٠٠٦) سەرۆک جۆرج بۆش هات بۆ قاعیدەی ئەسەد لەسەر حدوودی سوریا و ئوردن، لە پارێزگای ڕوومادی، داوایان کرد منیش بچم. (هەولێر)**

ئەو شوێنەی (مەسعوود بارزانی)باسی دەکات، بێگومان لە نێرەر و جەماوەر و وەرگرەوە دوورە، بەڵام لەوانەیە لەلای بەشێک لە جەماوەر ئاشنا بێت، یان لە ڕێگەی وردەکارییەکانی نێرەرەوە ئاشنایی پەیدا دەکات.

### ٤.٤.٣: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەو نیشانانەن، ئاماژە بە جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان نێرەرو وەرگر دەدەن، لە ڕێگەی ئەم نیشانانە فەرمیبوون و فەرمینەبوونی ئەو پەیوەندییە نیشان دەدەن، ئەم نیشانانە هەڵگری شێوازی ڕێزگرتن و نازناو و پیاهەڵدانە، کە ئاماژەن بۆ فەرمیبوونی پەیوەندییەکان لە نێوانیاندا، لە بەرانبەردا بانگکردن لە ڕێگای بانگکردن بە ڕێگای ناو، یان جێناو یان دەربڕینێکی ئاماژە نزم و بەکارهێنانی ئیدیەم، جۆری پەیوەندییە نافەرمیەکان پیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی هاوڕێیەتی و پلەوپایە و تەمەن و نازناو پیشان دەدات.

سـەبارەت بە نیشـانە کۆمەڵایەتییەکـان، لە گوتارەکـانی (مەسـعوود بـارزانی)دا، تـوێژەر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەکی و وەرگرتنی چەند نموونەیەک بۆ هەر یەکێک لە حاڵەتەکان شییان دەکاتەوە.

لەو (حەوت) گوتـاره جەمـاوەرییەی تـوێژەر وەریگرتـوون، هەر لە یەکەم کـردەی پەیوەنـدیکردنی (مەسـعوود بـارزانی) لەبەردەم جەمـاوەر و وەرگـردا سـەرەتای دەسـتپێکردنی شێوازێکی کەلتوری ئیسلامی بەکاردەهێنێت، لە هەموو گوتارەکاندا سەرەتای دەستپێکردنی بەم شێوازەیە:

**بناڤێ خودێیێ مەزن و دلۆڤان. (ئاکرێ)**

**ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان. (دهۆک)**

**سلاڤێت خودێ ل وە بن. (دهۆک)**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. (سۆران)**

ئەم جـۆرە پێشکەشـکردنە بە شـێوازێکی ئیسـلامی ناسـراوە (هاوکـار حەمە فەرەج، 2019، 22). ئاڕاستەکردنی پەیامی نێرەر و ئاشـناکردنیان بە گوتـارەکە، بە ڕێگـای ئیسـلامیانە نییە، کە کـۆی گوتـارەکە لە قـاڵبێکی ئـایینی بێـت، بەڵکـو دەسـتپێکردنەکەی شـێوازێکی ئیسـلامیانەیە بـۆ چوارچێوەیەکی نیشتمانپەروەری، دامەزرانـدنی پەیوەنـدی لە نێوان نێـرەرو وەرگـردا، خـاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی نێرەر دەروازەیەک پەیدا بکات و لەوێوە بتوانێت سـەرەتایەکی باش دروست بکـات. (مەسـعوود بـارزانی) لە دوای دەسـتپێکردن بە شـێوازێکی ئیسـلامیانە، لە ڕێگـای نیشـانە کۆمەڵایەتییەکانی بە تایبەتی خزمایەتی سڵاوکردنە بەکاردەهێنێت، لە جەماوەر و وەرگر، وەک:

**خوشک و برایێت خۆشتەڤێ. (ئاکرێ)**

**خوشک و برایێت بەرکەفتی. (زاخۆ)**

**خوشک و برایێت بەرکەفتی، خوشک و برایێت خۆشتەڤێ. (دهۆک)**

**خوشک و برایانی بەڕێز. (سۆران)**

**خوشک و برایانی بەڕێز. (سلێمانی)**

بەکارهێنـانی هەریەک لە نیشـانە کۆمەڵایەتییەکـانی وەک (خوشـک ، بـرا،...) لە سـەرەتای پەیوەندیکردندا دۆزینەوەی دەرفەتێکە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی باش و نزیکی نێرەرە لە وەرگر لە ڕێگای پەیوەندیەکی خزمـایەتی. ئەم دەربڕاوانەی سـەرەوە دەروازەیەکن، بۆ ئەوەی نێـرەر هەنگـاو بە هەنگـاو بەرەو پەیوەنـدیکردن بچێـت، (مەسـعوود بـارزانی) لە دوای ئەم دەربڕاوانە بە دوو شێواز چووەتە پێشتر لە پەیوەندیکردندا.

أ-لە ڕێگەی سڵاوکردن: بە شێوەیەک سڵاو ئاڕاستەی جەماوەر دەکات.

**سلاڤێت خودێ ل وە بن. (دهۆک)**

**سلاڤێت خودێ ل وە هەمیا بن. (ئامێدی)**

ب-دەربڕینی هەستی خۆشی و سوپاسکردن:

**نزانم چەوا تەعبیرێ ل خۆشحالیا خۆ بکەم. (دهۆک)**

**پڕ بە دل سوپاستان دەکەم. (سۆران)**

**ئەڤرۆ تێکەل خۆشترین ڕۆژێت من. (زاخۆ)**

**چ ڕۆژێک لەم ڕۆژە خۆشترە بۆ من. (سلێمانی)**

لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)دا بەکارهێنانی نازناو و وەسفکردنی جەماوەر، بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، کە ئەمانەش نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، وەک:

**جەماوەری تێکۆشەری سۆران، چۆمان، ڕەواندوز، مێرگەسۆر. (سۆران)**

**شاری هەڵمەت و قوربانی، پایتەختی ڕۆشنبیری. (سلێمانی)**

**جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن. (هەولێر)**

**زاخۆکا دەلال، زاخۆیا دل و ڕووح. (زاخۆ)**

بێگومان بەکارهێنانی هەریەک لەو نازناوانە، کە هەریەکەیان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیفاتی تایبەت بە خۆیان، لەو ناوچەیە یان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕەنگدەدەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرخەری شارەزای تەواوی نێرەرە بۆ تایبەتمەندی ئەو ناوچە و خەڵکی ئەو ناوچانە. لەگەڵ ئاماژەکردن بە (پیشە) لە گوتارەکاندا، شانازیکردن و وەسفکردنی ئەو پیشەیە، زۆر بەرچاو دەکەوێت، بە تایبەتی لە پیشەی (پێشمەرگایەتی). کە وەک پیرۆزی نەتەوەیی و قەڵغانی پاراستنی کەرامەت لە لایەن (مەسعوود بارزانی) سەیر دەکرێت.

**پێشمەرگە قارەمانەکانی داعش بەزێن. (سلێمانی)**

**پێشمەرگە قارەمانەکان. (سۆران)**

**پێشمەرگێت قارەمان. (دهۆک)**

(ئیدیەم) وەک پێناسەیەکی پراوپڕی کۆکراوەی چەند سیفەتێک لە وشەیەکدا یان گرێیەکدا کۆدەکرێتەوە بۆ بابەتێک، (مەسعوود بارزانی) لە میانەی گوتارەکانیدا (ئیدیەم) بەکاردەهێنێت، ئەوانیش:

**چەند سالا مە هەوارکر. (زاخۆ)**

مەبەست لە (هەوارکرن) لەو دەربڕینەدا، گەیاندنی نیگەرانی و مەترسییە بۆ کەسی بەرانبەر.

**ئەم زۆر دلسافی چوینە بەغدا. (زاخۆ)**

بەکارهێنانی (دڵسافی) وەک پیشاندانی نیەتپاکی و دووبارە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەکارهاتووە.

**(پاشماوەی ئەنفال). (هەولێر)**

مەبەست لێی کەس و کاری ئەنفالکراوی کوردە، کە دوای ئەوان بەجێ ماون.

**عەقڵیەتی حاکم ئەو عەقلیەت نییە شەریکاتیێ قبول بکەت. (ئاکرێ)**

لێرەدا مەبەست لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەغدایە، کە حوکمی عیراق دەکەن.

**مێشکێ مە دێ یێ ڤەکری بی دلێ مە دیێ ڤەکری بی. (ئاکرێ)**

لێرەدا مەبەست لە کرانەوە، گفتوگۆکردنی لەسەر هەموو بابەتێک، هەموو کێشەیەکی کردووە.

**بەداخەوە لەگەڵ فەرهەنگێک ڕووبەڕوو بووینەوە. (سۆران)**

بوونی عەقڵیەتێکی نەگۆڕ لە دێر زەمانەوە، بەرانبەر بە میللەتی کورد.

**نەک بۆ ملشکاندنی یەکتر، خەنجەرلێدان لە پشتەوە. (سلێمانی).**

مەبەست لە (ملشکاندن). دروستکردنی گرفت و شکاندنەوەی لایەنی بەرانبەر، هەروەها (خەنجەرلێدان). مەبەست لێی خیانەتکردنی گەلی کورد و حیزبەکانە لەگەڵ یەکتری.

**نان برینا ملەتەکی تاوان نییە؟(دهۆک)**

**بڕینی بودجە و موچەی خەڵکەی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق. (زاخۆ)**

**نوکە ڤان زمان درێژێت ژەیدابووی ل بەغدا. (ئاکرێ)**

**کەسەکی وەفا نەبی، دەستا ژی بشۆ. (ئامێدی)**

**زک برسیێت دوینێ و زک تێرێت ئەڤرۆیە. (زاخۆ)**

بەکارهێنانی هەریەک لە (زماندرێژ). ئەو کەسانەن هەستی بەرپرسیاریەتی ناکەن و چ هاتە سەر زمانیان دەیڵێن، هەروەها (دەستا ژی بشۆ). بە مانای متمانەی پێ مەکە، (زک برسی و زک تێر). ئەو کەسانەی، کەوا بەگوێرەی بارودۆخ خۆیان لەبیر دەچێتەوە، لەم گوتارانەدا بەم شێوەیە بەکارهاتوون. کاتێ نیرەر جێناوی کۆ (ئێمە) بەکاربێنێ و پەیوەندی بە (نێرەر) و(وەرگر)ەوە هەیە، کاتێک نێرەر یان وەرگر (تاک) بێت، بەڵام بەشێوەی (کۆ) قسە بکات. (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2014، 150). (مەسعوود بارزانی) لە زۆربەی هەرە زۆری گوتارەکانیدا بە شێوەی (کۆ) قسەی کردووە، ئەمەش دەرخەری خۆهێنانە ڕیزی جەماوەر و بوونی پەیوەندی هاوسۆزی و پلەیەکی یەکسانییە لەگەڵ وەرگردا.

**مە زۆر وەعد گو لێبووی چ وەعدیش ناهێتەجێ. (ئامێدی)**

**ئەم دێ بەرەف ڕیفراندۆمێ چین. (ئامێدی)**

**پێمان گوتن: برادەرینە شەراکەت شکستی هێنا. (سلێمانی)**

**مەعنەویاتی ئێمەتان بەرزکردەوە. (سلێمانی)**

**ئێمە وامان دەزانی دوای (2003) دەرفەتێکی تازەیە. (هەولێر)**

لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند شوێنێکدا (مەسعوود بارزانی) وەک کەسێکی غەیرە کورد لێدوان دەدات، پەیام و پرسیار ئاڕاستەی حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، وەک:

**ئایا چ گوناحێکی تێدایە میللەتێک بڵێ من دەمەوێ ڕێگەم بدەن سەربەخۆ بم؟ (هەولێر)**

**لێیان گەڕێن با ڕەئی خۆیان دەرببڕن. (هەولێر)**

لێرەدا (مەسعوود بارزانی) وەک دوو کارەکتەر دەرکەتووە:
1-بەشێکە لەو میللەتە، کە میللەتی کوردە.
2-وەک کەسێکی غەیرە کورد ئامۆژگاریکەر و ڕێنمایی دەکات، کە ڕێگە بە کورد بدەن.

بەڵام (مەسعوود بارزانی) نە هیچ یەکێک نە هیچ شوێنێکی گوتارەکانیدا ناوی کەس و کاری تری بە مەبەستی سوکایەتی بەکارنەهێناوە، تەنانەت لە کاتی پرۆسەی ڕیفراندۆمدا، لەگەڵ هەبوونی پەیوەندیەکی سارد و کێشە لەگەڵ بەغدا، ناوی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات (حەیدەر عەبادی) بە (بەڕێز عەبادی) دەبات.

**دگەل بەڕێز عەبادی سەرۆک وەزیران موتەفقین. (دهۆک)**

**مـن ڕووبەڕوو دگەل سـەرۆکی ئەمریکا بەڕێز باراک ئۆباما ئەڤ مەوزوعە منێ بەحس کری. (دهۆک)**

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە بەکارهێنانی ناو و ناتۆرە لە قسەکردندا، بە مەبەستی سوکایەتی بەکاردێت، بەشێوەیەک تەنیا ناوی یەک کەس بهێنێ، بەبێ بەکارهێنانی هیچ نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی، وەک: (بەڕێز، کاک، ...هتد). لەگەڵ ئەوەشدا (مەسعوود بارزانی) کۆمەڵێک دەستکەوت و شانازی، کە لە مێژووی گەلی کوردا هەن، خۆی لێ بێبەری دەکات و وەک سەروەری و شانازی بۆ (ئێوە) میللەتی کورد باس دەکات.

**لە ساڵی (1991) سێ فەیلەقی جەیشی عێراق تەسلیم بە ئێوە بوون، جەماوەری کوردستان بە ئیحترام ناردتانەوە، بەڵام ئێوە ڕەوشتێکی ئەوەندە بەرزتان پیشاندا، کە هەموو دونیا سەرسام بوو بەو ڕەوشتەی ئێوە. (سۆران)**

هەروەها بەکارهێنانی پارچە شیعر و پەندی پێشینان و دەقێک، دەکرێت وەک ئاماژەی خراپ یان باش ئاماژە پێبدرێت، وەک نیشانەی کۆمەڵایەتی هەژماربکرێت. (مەسعوود بارزانی) لە زۆربەی گوتارەکانیدا پشت بە بڕگەیەکی ناو دەستوری عێراق دەبەستێت، کە ڕێگە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی دەدات بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەپێی دەستوور، کە دەڵێت:

**(ان الالتزام بهذا الدستور يحفظ العراق اتحاده الحر)**

هەروەها لە دەستپێکی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا لە شاری سلێمانی (مەسعوود بارزانی) بە گۆڕانکاریکردنێکی کەم لە شیعرێکی(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە وەسفی خەڵکی سلێمانیدا ئاماژە دەکات بەوەی:

**من دڵنیام سلێمانی قەت قبوول ناکات**
**نە مەحکومی کەس بێت نە سوخرەکێشی کەس بێت (سلێمانی)**

ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێناسەیەکی خۆڕاگری و وەستانەوەی دژی داگیرکاری خەڵکی سلێمانییە، کە لەم هەڵمەتەدا وەک پشتیوانێک و دڵنیاکردنەوەیەک بەکارهاتووە. هەروەها لەمیانەی نزیکبوونەوە لە کۆتاییهێنان بە گوتار، دەکرێت بە ڕێگەی هۆنراوەیەکەوە بابەتەکە

کۆتــایی پێبهێنــێ، هەروەک (دیــل کــارنگی) ئامــاژە بەوە دەکــات، لە ڕاســتیدا ئەگەر پــارچە هۆنراوەیەکیش دەستبکەوێت لەگەڵ کۆتایی گوتارەکەدا وێک بێتەوە، شتێکی نموونەییە، چونکە تام وچێژی زۆر بە وتارەکە و ڕێز و جوانکاریش بە خۆی دەبەخشێ. (دیل کارنگی، 2015، 172). هەر بۆیەشە لە دوو گوتاری (مەسعوود بارزانی) لە کۆتایی گوتارەکانیدا لە شارەکانی (زاخۆ و دهۆک). ئاماژە بە چەند دێرێکی مەلای جزیری دەدات، کە دەڵێت:

**پشت نادەین دوو هەزار خەنجەر و تیر و ڕم و خشت**
**مە سەرێ خۆ دانایە، ڕێ و بخودێ بەستیە پشت**

لەگەڵ ئەمەشدا لە کۆتایی گوتارەکاندا، (مەسعوود بارزانی) هەوڵیداوە لە ڕێگەی قسەیەکی باو یان نەستەقی ئەو شوێنەی، کە گوتارەکەی تێدا دەدات، ئاماژە پێبدات، وەک:

**سلاڤ بۆ جەماوەرێ عەزیز و خۆشتڤیێ زاخۆ، زاخۆیا دل و ڕووح. (زاخۆ)**

**بەڕاستی ئیسپاتتان کرد، شاری هەڵمەت و قوربانین، شاری تێکۆشان و بەرخودانن. (سلێمانی)**

**جارێکی تریش ئەڵێین، شەرەفمەندن هەولێر هەر هەولێرە. (هەولێر)**

### ٥.٤.٣: نیشانەکانی دەق

ئەم نیشانانە پارچەکانی ئاخاوتن بەیەکەوە گرێ دەدەن، تیایدا ئاماژەکردن بۆ پێش خۆی بێت، یان بۆ پاش خۆی بێت، هەندێک جار نیشانەکانی دەق لەناو گوتندا ئاماژە بۆ دەرەوەی دەق دەکەن (شێرزاد سەبری، 2014، 175). نیشانەکانی کات و شوێن لەم جۆرەیاندا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵ دەبینن، هەروەها نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیش بەپێی مەبەست و کەس و قسەبۆکراو بەکاردێن. لەمیانەی گوتارە جەماوەرییەکانی (مەسعوود بارزانی) بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفڕاندۆم، ئەم نیشانانە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵیان هەبووە لەناو ئاخاوتنەکانیدا، هەریەکەیان بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکەکەی لە چوارچێوەی دەقی گوتارەکاندا کاردەکەن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نیشانەکانی دەق، پێکەوە گرێدانی بەشەکانی دەقێک یان گوتنێک و نیشاندانی پەیوەندی گوتنەکە و دەقی دەوروبەری گوتنەکە بەیەکەوە. (مەسعوود بارزانی) بۆ بەیەکەوە گرێدانی بەشەکانی ئاخاوتن و گوتن لە چوارچێوەی گوتارەکانیدا، کۆمەڵێک نیشانەی دەق بەکاردەهێنێت، ئەوانیش:

**بۆیە ئەم بڕیارە درا، چونکە بەغدا شەراکەتی نەهێشت، دەستوری پێشێل کرد. (سلێمانی)**

**وا شەراکەت قەبول نەکر، مادام هنگ قەبول نەکەن، پادێ ڕێکێش بەردەن، خۆنەڕازی نەکەن. (ئامێدی)**

**مە تڤێتن دەستێ برایەتیێ بۆ هەمی لایەکی درێژبکەین، ئەمما ئەگەر کەسەکی بڤێتن خۆ تەجروبە بکەتن و ب زۆری ئیرادا ملەتێ مە بشکێنی، ئەڤە مەیدان بلا خۆ تەجروبە بکەت(ئاکرێ)**

**لەگەڵ بەغدا اختیارمانکرد پێکەوە بین، عێراقێکی مەدەنی دروست بکەین، بەڵام بەداخەوە**

**ئێستا ئەبینین دەوڵەتێکی نە مەدەنییە، نە فدراڵییە، نە دیموکراتییە، دەوڵەتێکی مەزهەبییە. (هەولێر)**

بێگومان بەکارهێنانی ئەم نیشانانە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکترن، بەشێوەیەک بەشی دووەم پێچەوانەی بەشی یەکەمە، واتا کاتێک بەشێکی دەقێک بە ئاڕاستەی ئەرێنی بێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو نیشانانە، پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەو دەقەی پێشەوە دەردەخات.

**وان مە کیمیاباران کرین، ئەنفالکرین، ئەمما ئەم هەم چۆینە وە بەغدا. (زاخۆ)**

ئەم دوو دەربڕاوەی سەرەوە، کە بە ڕێگای نیشانەی دەقی (ئەمما) بەیەکەوە بەستراون، بەشی یەکەمی دەقەکە بارێکی نەرێنی و دوژمنکارانەی لایەنێک پیشان دەدات، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای ئەم نیشانەیە بەشێکی تری دەقێک، کە پێچەوانەی بەشی یەکەمە دەردەبڕێت، ئەویش درێژکردنی دەستی برایەتی و پێکەوەژیانە لەلایەن لایەنی بەرانبەر، کە کوردە. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی نیشانەی دەقی (چونکە، لەبەرئەوەی،......)هۆی ئەنجامدانی یان ڕوونکردنەوەی زانیاری دەربارەی دەقی پێش ئەم نیشانەیە دەدات.

**وەرن با ببین بە دراوسێی باش، چونکە شەراکەت شکستی هێنا. (سۆران)**

هۆکار چییە، کەوا پێشنیازی بوون بە دراوسێی باش دەخرێتە بەردەم لایەنی بەرانبەر؟ چونکە شەراکەت و برایەتی و پێکەوەژیان شکستی هێناوە، ئەمیش ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو پێشنیازەیە، بەمەش ئەو دەربڕاوەی پاش ئەو نیشانە دەقییە بەکاردێت، دەبێتە پاڵپشت و بەڵگەیەکی پشت ئەستوور بۆ ئەو پێشنیاز و بۆچوونە. لەڕێگای بەکارهێنانی نیشانە دەقییەکان، بەردەوامی بە ئاڕاستەی بۆچوونی دەقەکان بەدوای یەکتر دراوە، ئەو نیشانانە بەردەوامی بە ئاخاوتنی نێرەر دەدەن، (مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی ئەو نیشانانەی بەکاری هێناوە، هەم بەردەوامی بە ئاخاوتنەکانی داوە، هەمیش لە ڕێگەی ئەو نیشانانە بیر و زەینی وەرگری کۆنترۆلکردووە، کە ئاماژەیە بەوەی نێرەر دەیەوێت لە دوای ئەم دەربڕاوە پەیامێکی تریان ئاڕاستەبکات، بەمەش وەرگر پەرۆشە بۆ بەدەستگەیشتنی ئەو پەیامە، کە لەدوای ئەو نیشانانە دەردەبڕدرێن.

**ئەمەیە خۆشترین ڕۆژ لە ژیاندا، خۆشەویستان بۆ بڕیاری ریفراندۆم درا؟ (سۆران).**

**سوپاسیا وە د کەم، وە سەرێ مە بلندکر، خوشک و برایێت خۆشتڤی، بڕیارا ڕۆژا 7 ی حوزەیرانێ بڕیارا گەلێ کوردستانێ یە. (دهۆک)**

**ناهێلن یەک دەستکەفتێ گەلێ کوردستانێ هەی بمینی، دێ هەمیا ل مە ستیننەڤە جارەکادی، خۆشەویستینە، ریفراندۆم وەسیلەیە، نەک هەدەف. (زاخۆ)**

**ئەم د حازر نینە یەک دەقیقەش مناقشێ ل سەر ڤ سنورەی بکەین، خوشک و برایێت بەرکەفتی، مە دوو ڕێکێل پێش.(ئامێدی)**

**نابێ ئەم دیمەنانە دووبارە ببنەوە لەم وڵاتە، بەڕاستی جەماوەری تێکۆشەری سلێمانی و حەلەبجە و ڕاپەڕین، ئێمە لە (2003) هەڵەیەکی گەورەمان کرد گەڕاینەوە بەغدا. (سلێمانی)**

بەکارهێنانی ئەم نیشانانە لەلایەن (مەسعوود بارزانی) بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێرەر و وەرگرە لە لایەک و ئاماژەیە بۆ چوونە ناو بابەتێکی تری پەیوەست بە چوارچێوەی گشتی گوتارەکە. سەبارەت بە بەکارهێنانی نیشانەکانی کات و شوێن و ئاوەڵکارەکانی کاتی و شوێنی لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) وەک نیشانی دەق، بەڕوونی بەرچاودەکەون، ئەمیش بۆ ئاشنایی زیاتری وەرگر بۆ بابەتەکە و ڕاکێشانی سەرنجی بۆ کات و شوێنی پەیوەست بە بابەتەکە (مەسعوود بارزانی) بە چەند شێوازێک ئەم نیشانانەی بەکارهێناوە، بەکارهێنانی نیشانەکانی کات و شوێن دەکرێت بۆ کات و شوێنێکی دیاریکراو بێت، واتا تەنیا دەلالەت لەو شوێنە یان لەو کاتە بکات، کە گوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدات.

**دوینێش وەفدەک نک من بوو، سەر وی بابەتی. (ئامێدی)**

بەکارهێنانی (دوینێ) لەلایەن (مەسعوود بارزانی) دەلالەتە بۆ ڕۆژی (2017/9/14). کە وەفدێک سەردانی کردوون، ڕۆژی ئەو قسەیەی کردووە (2017/9/15)بووە.

**هەروەکی بەری دوو سێ ڕۆژا قانوون دەرکر و بڕیار دەرکر دژی ڕیفراندۆمێ. (ئامێدی)**

بێگومان بەکارهێنانی (دوینێ) لە دەربڕاوی سەرووتر، زۆر ڕوونتر و دەقیقترە لە بەکارهێنانی (بەری دوو سێ ڕۆژا) لە دەربڕاوی سەرەوە، کە کاتەکەی لەچاو جۆری یەکەم ڕوون و ئاشکراتر نییە.

**لێرەدا پێویست زانم، سوپاسیا خۆ بۆ هەم ئەو پێشمەرگێت قارەمان پێنێرم، کو کەرامەت و شەڕەفا گەلێ کوردستانێ پاراستی. (دهۆک)**

بەکارهێنانی نیشانەی دەقی، کە نیشانەیەکی شوێنییە، ئاماژە بەو شوێنە دەکات، کە نێرەر(مەسعوود بارزانی)ی تێدایە، لە ڕێگای ئەو نیشانەیە، کە ئاماژەیە بۆ شاری دهۆک و لەناو جەماوەری شاری دهۆک سلاویان بۆ دەنێرێت. لەلایەکی ترەوە (مەسعوود بارزانی) لە هەندێک شوێندا ئەو نیشانەیە بەکارناهێنێت، کە ئاماژەن بۆ ئەو شوێنەی ناوبراو تێیدایە.

**سلاو دەنێرین بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان. (سۆران)**

لەو دەربڕاوەی سەرەوەدا ئەو دەستەواژەی (لێرە). کە ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنەی نێرەری تێدایە، بەکارنەهاتووە، ئەمەش زیاتر گرنگی نیشانەکانی دەقمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە (مەسعوود بارزانی) لەکاتی گێڕانەوەی هەر بەسەرهاتێک یان دیدارێک، هەوڵیداوە زۆرترین زانیاری سەبارەت بە کات و شوێنی ڕووداوەکە بۆ جەماوەر بخاتەڕوو.

**ساڵی (٢٠٠٦) سەرۆک جۆرج بۆش هات بۆ (قاعیدەی ئەسەد) لەسەر حدوودی سوریا و ئوردن، لە پارێزگای ڕوومادی، داوایان کرد منیش بچم. (هەولێر)**

**لە ساڵی (٢٠١٥) لە واشنتۆن لە وایت هاوس لەگەڵ خودی جەنابی سەرۆکی ئەو سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکا بەڕێز ئۆباما ئەو بابەتەمان باسکرد. (سلێمانی)**

بەدەستەوەدانی ئەو هەموو زانیاری و ڕوونکردنەوەیە لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر، جگە لەوەی هەبوونی بایەخی زۆری جەماوەرە لەلایەن نێرەر، هەروەها ڕاستگۆیی و پەرۆشی

نێرەرە بۆ زیاتر کاریگەری خستنە سەر وەرگر و باوەڕپێهێنانی. بەکارهێنانی کۆمەڵێک نیشانەی دەق، کە ئاماژەن بۆ کات و ژمارە، لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەڕوونی دەبینرێن، کە ئاماژەی گرنگیدانی زۆری نێرەرە بە کات و ژمارە و وردیی و دەقیقی لە ماوەی ڕوودانی.

**بڕیاری ڕیفڕاندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە، هی هەموو حزبە تێکۆشەر و خەباتکەرانە، کە لە ڕۆژی (7/6) بڕیاریاندا ڕیفڕاندۆم بکرێ. (سۆران)**

**ساڵی (1925). ساڵی (1930). ساڵی (1963). تەحەدای (سدیق مستەفا)یان کرد. (سلێمانی)**

**ئێمە وامانزانی وێرانکردنی (٤٥٠٠)گوند، بزرکردنی (12000)گەنجی فەیلی، (8000)بارزانی، (182000)ئەوانەی ئەنفالکران، لە ساڵی (1988)کیمیابارانی هەلەبجە...(هەولێر)**

**هەر لەم شەڕەی داعش، تا ئەمڕۆ (1789) قارەمان شەهید بوون، (10199)قارەمان بریندار بوون. (هەولێر).**

**ئەمە (100)ساڵە گەلی کورد سزا ئەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ (هەولێر)**

**ئەڤە (25)ساڵە مە ئیسپاتکر کو ئەم عاملێ خێرێینە. (دهۆک)**

بەکارهێنانی نیشانەکای دەق لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەتایبەتی لە نیشانەکانی کات، ئەوەی جێگای سەرنجە، هەندێک لەو نیشانانە بە دوو شێواز بەکاردەهێنێت، کە لە ڕواڵەتدا یەک شێوەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بۆ دوو مەبەست بەکارهاتوون. لە نموونەی (ئەمڕۆ)لە گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بە دوو شێواز بەکارهاتوون.

**ئازیزان ئیمڕۆ لێرە کۆبووینەوە لە پایەتەختی کوردستان، بۆ ئەوەی بەیەک دەنگ بە ناوی هەموو گەلی کوردستان بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی. (سلێمانی)**

**بەڕاستی ئیمڕۆ بیروباوەڕەکەی منتان بەهێزتر کرد. (سلێمانی)**

**ئەڤڕۆ بەری کو ئەز بێم بۆ خزمەتا وە، وەفدەک نک من بوو ل سحێلا. (زاخۆ)**

هەریەک لەم (ئەمڕۆ)یانە، لەو دەربڕاوانەی سەرەوە، لەلایەن (مەسعوود بارزانی) دەلالەتن لەو ڕۆژەی، کە ئەو گوتارەی تێدا پێشکەشکردووە، بەڵام لە زۆر شوێنی تر، هەمان دەستەواژەی بەکارهێناوە، بەڵام هەمان دەلالەتی هەمان دەستەواژەی سەرەوەی نییە.

**هەموو قارەمانەکان ئیمڕۆیان بۆ ئێمە دروست کرد. (هەولێر)**

**بەغدا شەراکەتی نەهێشت، دەستوری پێشێلکرد، ئیمڕۆ کە باسی ئەو دەستوورە دەکەن، هەر ئەو دەستورە ڕێگەی بە ئێمە داوە، کە ڕیفراندۆم بکەین. (سلێمانی)**

**ئیمڕۆ هەموومان لەژێر چەتری حیزبی کوردستانین. (سلێمانی)**

**هەر گاڤا دەستێ ڤی تاخمی کو ئەڤڕۆ حوکمت کەن، دەستێ وان بچیت، ئەڤا هەی ناهێلن. (زاخۆ)**

**من دڵنیام ئیمڕۆ و ئایندەش پێشمەرگە قارەمانەکان ناهێلن کوردستان بکەوێتە دەست دوژمنان. ( هەولێر)**

بەکارهێنانی هەریەک لەم (ئەمڕۆ)یانەی نیشانەکانی کات، لەو دەربڕاوانەی پێشەوە، لەلایەن

(مەسعوود بارزانی) دەلالەت نییە بۆ تاکە ڕۆژێک، ئەو ڕۆژەی گوتارەکەی تێدا ئاڕاستە کردووە، بەڵکو دەلالەتە لەو ماوەی ڕابردوو و ئێستا بە شێوەیەکی گشتی، بۆ نموونە:

**هەر گاڤا دەستێ ڤی تاخمێ کو ئەڤڕۆ حوکمت کەن.**

لەم ڕستەیەدا (ئەڤڕۆ) دەلالەت نییە لە ڕۆژی (2017/9/14). بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیەی ئەو دەسەڵاتەی دەسەڵاتدارن لە بەغدا. (مەسعوود بارزانی) لە گوتارەکانیدا دەستەواژەی (ئێستا) بە هەمان شێوەی دەستەواژەی (ئەمڕۆ) بەکاردەهێنێت.

**ئێستا ملاحزەیەکیان بۆ من ئینا، ناوی سیدەکانت لەبیرچوو. (سۆران)**

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە لەم دەربڕاوەی سەرەوەدا، ئاماژەیە بۆ ماوەیەکی کورت لەو ساتەی (مەسعوود بارزانی) گوتارەکەی ئاڕاستەی وەرگر دەکات.

**ئێستاش کە بینییان یەک هەڵوێستی هەیە. (هەولێر)**
**ئێستا لە هەموو کات پێویستیمان بە یەکڕیزی و برایەتی هەیە. (هەولێر)**
**نوکە بیراڤانا ل دەستورێ تێتەڤە. (زاخۆ)**

بەکارهێنانێ هەریەک لەم (ئێستا، نوکە) لەم دەربڕاوانەی سەرەوە، جیاوازە لەگەڵ ئەوی تریان، بەوەی لە دەربڕاوی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ساتەی خودی نێرەر تێیدایە، بەڵام لە دەربڕاوەکانی تر ئاماژە نییە بۆ تەنیا ئەو ساتەی نێرەر تێیدایە، بەڵکو کاتەکە گشتگیرتر و دوور مەوداترە لە جۆری یەکەم. هەندێک لە نیشانەکانی دەق لەناو گوتندا لە هەندێک کاتدا ئاماژە بە دەرەوەی دەق دەدەن. (مەسعوود بارزانی) ئەو نیشانانەی ئاماژە بە دەرەوی دەق دەدەن، زۆر بەڕوونی بەکارهێناون.

**جارێ بەری هەر تشتەکی بڕیارا ڕیفڕاندۆمێ بڕیارا گەلێ کوردستانییە. (ئاکرێ)**

**ئەز ناچمە سەر فەترا بووری و باسی مێژوویا ڕابردوویا پەیوەندییێت کوردستانێ دگەل بەغدا ناکەم. (ئاکرێ)**

**جارێکی تریش ئەڵێم مومارەسەی مافی خۆمان ئەکەین. (ئاکرێ)**

**ئەنجام**

1- بــرەودان بە ســتراتیژیەتی هاوســۆزی لە گوتــاردا، گرنگــی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی قسەکەر و وەرگر هاوڕان، بەتایبەت لە تایبەتمەندیەکانی وەک: (ئایین، ڕەگەزنامە، باری ژیان، لایەنی کۆمەلایەتی، ....). ئەمەش دەروازەیەکی گرنگە، کە قسەکەر لەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانی خۆی وەدەست بخات. هەروەها (مەسعوود بارزانی) لە ڕێگەی ستراتیژیەتی هاوسۆزییەوە، دەسەڵاتی خۆی هاوشانی وەرگر و جەماوەر دەکات، بە ئامانجی خۆ نزیککردنەوە لە پلەی وەرگر، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشانە پراگماتیکیەکان، لەنێویشیاندا نیشانە کەسییەکان.

٢- کورتی و پوختی سیمای گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی)یە، ئەو حەزی لێیە کورت و پوخت قسەبکات و درێژدادڕی نەکات، وشەی سادە بەکاردەهێنێت، کە هەموو خەڵک لێی تێبگات.

٣- لەهەموو گوتارەکانیدا (مەسعوود بارزانی) هەمیشە پەیامی هەیە بۆ خەلک و پەیامێکی سیاسیش بۆ لایەنێک یان وڵاتێک یان کەسێک هەیە.

٤- بابەتێکی گرنگی ناو گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) بەتایبەت لە کاتی بانگەشەی سەرخستنی ڕیفراندۆم، ئیرادە و بڕوابەخۆبوونی میللەتە، کە ناوبراو هەمیشە خەختی لێکردۆتەوە.

٥- لە ڕۆژانی کۆتایی بانگەشەی ڕیفراندۆم، شێوازی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) توندتر و یەکلاکەرەوەتر بوو، چونکە ململانێکە ببوو شەڕی ئیرادە، ئایا میللەتی کورد خاوەن ئیرادەی خۆیەتی؟ یان بە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی دەورووبەر دەترسێت و پاشگەزدەبێتەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

٦- گوتاری دەسەڵاتی سیاسی کورد بە گشتی و (مەسعوود بارزانی) بەتایبەتی، هەلگری بەهایەکی: (ئەخلاقی، دادپەروەری، مرۆڤدۆستی و یەکسانیی)ە.

٧- (مەسعوود بارزانی) بەدوای نزیکترین دەرفەتدا گەڕاوە، بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ وەرگر و چوونە ناو کرۆکی بابەتەکە، بەزۆریش لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە چوەتە ناو بابەتەکە.

٨- ڕۆڵی جەماوەر لە پاڵپشتیکردن و ورەبەرزی لە ئاکار و گوفتاری (مەسعوود بارزانی)دا، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا (مەسعوود بارزانی) ڕۆڵی بە جەماوەر داوە لە بڕیاری چارەنوسسازدا.

٩- ڕۆڵی زمانی جەستە و تۆنی دەنگ و هێز و ئاوازەی وشە و ڕستە دەربڕاوەکان لە گوتاردا لە لایەن (مەسعوود بارزانی) ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو، هەم لە گەیاندنی مەبەستی زیاتری پەیامەکە، هەمیش لە وروژاندنی هەستی جەماوەر و دروستکردنی جۆش و خرۆشی لە ڕادەبەدەر.

١٠- پاڵەپەستۆ و فشاری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و ماندووبوون لە سیما و شێوازی ئەداکردنی گوتار لە لایەن (مەسعوود بارزانی) بەتایبەتی لە گوتاری جەماوەری شاری ئامێدی، بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، ئەویش بەهۆی زۆری فشار و پاڵەپەستۆی دەرەکی، وایکرد یەکێک لەو تەوەرانەی، کە لە زۆربەی گوتارەکاندا ئاماژەی پێدەدات و لە ناوەڕۆکدا هاوشانی

تەوەرەکانی تر ئاڕاستە بکات، لەدوای کۆتایی هێنان بە گوتار و لە ساتەکانی کۆتایی ئاماژەی پێدەدات، ئەویش شێوەی داهاتووی دەستوری دەوڵەتی کوردستان و ماف و ئەرکی پێکهاتەکان.

١١- (مەسعوود بارزانی) بە ئامانجی قەناعەتپێهێنانی زیاتر بە جەماوەر و لایەنەکان، پشتی بە نموونە و بەڵگەی زیندوو، حاشا هەڵنەگرتوو بەستووە، ئەو نمونانەش لە ڕووداو، بەسەرهات و کارەسات و ......، کە بەسەر میلەتی کورد هاتوون یان ئەو کۆبوونەوانەی خۆی تیدا بەشداربووە، لەپاڵ ئەمەشدا گرنگیەکی زۆری بە دەقاودەقی کات و شوێن و بەروار داوە، بۆ زیاتر ئاشناکردنی جەماوەر بەو ڕووداوانە و دروستکردنی متمانەی زیاتر لەلایان.

١٢- (مەسعوود بارزانی) بەگوێرەی ئەو ناوچە زمانییەی گوتارەکەی تێدا ئاڕاستەکردووە، شێوازی قسەکردنی لە زارێکەوە بۆ زاریکی تر لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا گۆڕیوە، ئەمەش توانایەکی زۆری دەوێت بۆ کۆنترۆلکردن و بەردەوامیدان بەو شێوەزارە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە.

١٣- لەگەڵ ئەوەی شێوازی دەستپێکردنی گوتارەکانی (مەسعوود بارزانی) مۆرکێکی ئیسلامیانەی پێوەدیارە، لە ئاماژەدان بە ئەنجامدانی کارێک یان پرۆسەیەک لە داهاتوودا بەهەمان شێوە کۆمەڵێک دەستەواژەی ئیسلامی بەکاردەهێنێت.

١٤- ئاماژەدان بە شوێن بەگوێرەی ئەو دەوروبەرەی (مەسعوود بارزانی) گوتارەکەی تێدا ئاڕاستەدەکات، ئاماژە بە کۆمەڵێک شوێنی تری نزیک لەو شوێنە دەدات، ئەمیش هەم شارەزایی قسەکەر بۆ ئەو شوێنە دەردەخات، هەمیش زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە بۆ جەماوەر بە نیشانکردنی بەو شوێنە.

١٥- لە میانەی گوتارەکانیدا (مەسعوود بارزانی) ئیدیەمی بەکارهێناوە، هەم بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، هەمیش بە مەبەستی ئابووریکردن لە دەربڕیندا، لە لایەکی تریشەوە بە مەبەستی پاراستنی ناوی کەسەکان، یان دیاردە و ڕووداوەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


1. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف(٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
2. ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
3. ئالان محەمەد ئەوڕەحمان(٢٠١٥)، پەرچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
4. ئیبراهیم فەقێ(٢٠١٤)، هێزی متمانە بەخۆبوون، وەرگێڕانی: کارزان عزیز، چاپی دووەم.
5. ئەرشەد شوکری ئیسلام(٢٠١٤)، پراگماتیک و فلتەرکرنا زانیارییان د ڕاگەهاندنێدا، نامەی ماستەر، فاکۆلتیا زڵگانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ.
6. ئەکرەم ئیسماعیل فەقێ(٢٠١٤)، ئاستەنگە سیاسی و دەستورییەکانی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
7. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی). بەشی دووەم(جێناو). ڕێکخستن و پێداچوونەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
8. بەدرخان سلیمان علی (٢٠١٦)، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.
9. بیان ملا حمدامین(٢٠١٣)، ڕێبازی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق- بۆ چوونەکانی "دیل هایمز" بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
10. بەشدار عەبدولڕەحمان عەزیز(٢٠١٧)، نواندنی گوتار بە فۆڕمی زمانی جیاواز لە بەیاننامەی سیاسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
11. بەهار زایر محەمەد(٢٠١٦)، ستراتیژیەتی گوتار لە دوو چامەکەی (نالی) و (سالم)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٦.
12. تالیب حوسێن عەلی(٢٠١١)، واتاسازی- چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
13. تریفە عومەر ئەحمەد(٢٠٠٨)، مەبەستی پراگماتیک لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

14. تەلان محەمەد عومەر(٢٠١٧)، شیکردنەوەی دەقی گوتارە ئاینییەکانی ڕۆژی هەینی لە شار هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

15. جیهان غیاس محێ(٢٠١٦)، ڕەهەندێ پراگماتیکیێ پرسیارێ د ئاخافتنا خەلکێ گۆڤەرا بەهدینیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژا پەروەردا بنیات. زانکۆیا دهۆک.

16. حەسەن مستەفا (٢٠١٧)، پرەنسیپە گشتییەکانی سیستەمە سیاسییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەحمەدی خانی، سۆران.

17. خامۆش عمر عبدالله(٢٠١٢)، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی سیاسی لە عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

18. خەلیل عەبدوڵلا(٢٠٠٥)، عێراق لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، چاپی یەکەم، مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی.

19. دارا حمید محمد(٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئالۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

20. دیار علی کمال(٢٠١٠)، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

21. دیل کارنگی(٢٠١٥)، هونەری وتاردان، وەرگێڕانی: مەشخەل کەولۆسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

22. دەشتی بەهجەت محەمەد(٢٠١٦)، لێڵی لە گوتاری سیاسی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە و ڕامیاری چەمچەماڵ، سکولی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

23. ڕووپاک شازادە ڕەفیق(٢٠٠٨)، کاریگەری ستراتیژییەتی فێربوونی هەرەوەزی لە بابەتی ویژەی کوردی لەسەر دەستکەوت و بیرمانەوەی خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

کەسەکێ، وە هیچ ئیعتیبارەک ل ئەڤرۆ پێدا هیچ ئیعتیبارەک بۆ بریارێت پەرلەمانی شۆفینێ عیراقێ نینە ل هەرێما کوردستانێ، هەر وەختەکی منێ گوتی هەمی وەختەکێ ئو کەسەک دەولەتەک ل دەرڤە ناهێت بێتەمە ئەڤە سەربخۆبوون ب دیاری بۆوە گەلێ کوردستانێ، گەلی خوشک و برایا بزانن مە دوو ڕێکێل پێش یان بن دەستی یان سەربخۆبوون، ئەم خیانەتێ ل خوینا شەهیدێت خۆ ناکەین، ئەم بن دەستییێ قەبول ناکەین، شەڕە ئیرادەیە وە ئەز باوەڕم ئیرادا ڤ گەلەی ئیرادا ڤ جەماوەرەیی ل هەمم چەک و هێزەکێ ب هێزترە، چاڤەڕییا مە، گەل دەولەتێت دۆست و هەڤپەیمانان، دیسا بەحسێ ڕیفڕاندۆمێ یی هاتیەکرن، نەل نوکە بەلکی هەیڤا 5 سالا 2015، من ڕووب ڕوو د گەل سەرۆکێ ئەمریکا بەڕێز (باراک ئۆباما) ئەڤ مەوزوعە منێ بەحس کریی ل وایت هاوس، وەت د گەل هەمم ئەو دەوڵتێت دییێت ئەوڕوپی، دەولەتێت دەرڤە، دەوڵەتێت ئیقلیمی، تەبیعی هەڵوێستێت جودا یێت هەی، هەڵوێسێ کو بێژن ئەڤەنە وەختێ ڕیفڕاندۆمێ  یە هەتا د گەتە و هەڵوێستێ کوت بێژن ئەم دژی ڕیفڕاندۆمێ ینەک هەتا  هەڵوێستێ کود بێژن ئەم دژی مەبدەئێت ڕیفڕاندۆمێ ینە، تەوەقعامە ل دۆستێت مە ل دەرڤە  ئەو بووی، کو بێن چونکی وەختێ کو تێن گاڤەکا خۆش دێ بەحسی قەهرەمانیا پێشمەرگەی کەن قەهرەمانیا گەلێ کوردستانێ کەن، زۆرباشە ئەم مەمنونین، ئەما ئەم چاڤەرێینە ل وا کو قەدرێ خوینا شەهیدێت مە بگرن، قەررێ زەحمەت و ماندیی بووینا گەلێ کوردستانێ بگرن، ئەگەر سیاسەتێت وان بەرژەوەندییێت وان ڕێکێش نەدەن عەلەنی و ب ئاشکرا بێژن ئەم پشتیڤانێت ڕیفڕاندۆمێ نە، ئەم پشتیڤانێت مافی ڕەوای گەلێ کوردستانێ ینە، ئەو کەیفا وانە، بەس وەختێ بۆ ڕازیبووونا ڤلای یان لایێ دی بەرپرسەکێ دەرڤەبێت ببێژیت ئەڤە نەیا شەرعیە و نەیا دەستووری یە، قەتعەن ئەم ڤێل کەسەکێ قبۆل ناکەین، شەرعیەتا ڕیفڕاندۆمێ  ئەم ل جەماوەرێ کوردستانێت وەرگرێن، ئەم ل خوینا شەهیدێت خۆ وەردگرین، نەل خەلکەکێ دی، دەولەتا داهاتیا کوردستانێ ان شاللە دێ دەوڵەتەکا مەدەنی بیت، دەولەتا هەمم پێکهاتا دێ بیت دەوڵەتا کوردا، عەرەبا، تورکمانا، ئاشوریا، کلدانا، سریانا، ئەرمەنا، یا هەمی دین و مەزهەبا بێ فەرق و جودایی وە چ زەماناتەکیش بڤێن ئەم حازرین وا زەماناتا بۆ دابین بکەین، مە چ موشکیلێت قەومی نە موشکیلێت دینی نە موشکیلێت مەزهەبی گەڵ کسەکێ نینە، موشکیلامە گە دەوڵتێت حاکم بووینە ، نە ئەو دەولەتێت کو هاتیە سە حوکم ل عیراقێ، ئەو حکومەتێت کو هاتیە سە حوکم مشکیلامەت گەل وان بوویە، بەر هندێ پێتڤیە خوشک و برایێت بەرکەفتی، ئەو فەرهەنگێ دەوڵەمەندێ کو خەلکێ کوردستانێ پێ هاتیە ناسین، جهێ شانازیەکا مەزنە فەرهەنگێ پێکڤە ژیان، فەرهەنگی یەک دوو قەبوویل کرن،  فەرهەنگێ ئازادیا هەمی دین و مەزهەبا، فەرهەنگێ قەبوول کرنا برایەتیێ، گەل هەمی قەومێت دی، لازمە ئەو فەرهەنگە بێتە پاراستن، ئو ڕیجاییل وەت کەم چ سفکاتی نەهێنەکرن بەرامبەر چ پیرۆزیت مللەتێت دی، چ بێریزی نەهێنە کرن بەرامبەر ب ئالاییێت چ ولاتەکێ، باوەڕ بکەن ئەگەر مە قەناعەت هەبا ئو باوەری هەبا کە ئەڤ وەزعێ هەرێمێ دێ هو مینیت، ڕەنگە ڕۆژا 7 حوزەیرانی ئەو بڕیار نەهاتبا دان، بەس وە قەناعەت هەبیت، یێت هەی ئەڤرۆ ل بەغدا هەمم بەرنامێ وان ئەوە، کو ئەڤ وەزعێ کوردستانێ تێکبدەن و ئەو دەسکەفتێت کو هەی جارەکادی

ل مللەتی کورد بستیننەڤە، ویجا بەرێ ئەو وێ پلانی بەرامبەر خەلکێ کوردستانی جی بجی بکەن، خەلکێ کوردستانێ بڕیارا خۆدا، ئەمیش چی دی قەبوول ناکەین بن دەستیێ، ئەم قەبوول ناکەین پلانگێڕیێ دژی ئایندێ مە، ئەم زمانی تەهدیدێ بکارنایینین بەرامبەر کەسەکێ، وە ئەم حەزیش ناکەین کەس زمانی تەهدیدێ بەرامبەر مەب کاربینیت، ئەم دێ بێژین بەسە، ئەم دێ مافێ بەرگریێ ل خۆ کارئینین، نەکو ئەم دێ دەست درێژیێ کەینە سەر هیچ لایەکی، دیسا نوکە خالەکا دیا زۆرا گرنگ، کو دبێژن لازمە ڤەگەرینەڤە بۆ خەتا سەوز، ئایا هنگ دزانن خەتا سەوز یانی چ؟ خەتا سەوز ئەو خەتە تەماسێ کو وەختێ خۆ ل بەینا پێشمەرگەی و سوپایی عێراقێ وەختێ رژێما بەعس، یەعنی بێینەف ئالوکا هەچی گاڤا عەقلێ وان بری و دلێ وان خاست سێ چار گولە توپێت هاونێت دهۆکێ وەرکەن، بێنە بن هەڤلێری هەچی گاڤا عەقلێ وا بری سێ چار سارۆخا ت هەڤلێرێ وەرکەن، ئو تەهدیدا ل مەبکەن، بەڵێ، بەڵێت بێژن ڤەگەرین بۆ سنورێ خۆ یەعنی سنورێ کوردستانێ ئەو خەتێ سەوزە، هەیی هەیی !!! ئەم دحازرنینە یەک دەقیقەش مناقشەی ل سە ڤ سنوورەی بکەین چونکی ڤە نە سنورێ کوردستانێ یە، ڕیفراندۆمیش سنورێ کوردستانێ تحدیت ناکە، ڕیفراندۆم وەسیلەیە بۆ تەعبیرێ ل ڕەعیا خۆ، ئەگەر د حازربن د ڕازی بین ئەم دێ کەڤینە د گفتۆگیەکا جدی و دوستانە بۆهندێ تحدیدا سنوورا بێتەکرن، سە مەسەلا ئاڤێ، سە مەسەلا نەفت و غازێ سەڤ هەمم مەسایلا، زۆر ب جدی هاروکار و هاوکار بین، ناوچێت دەرڤەی سنورێ هەرێما کوردستانێ ئەو ناوچێت کوردستانی ئازادن ئەم هیچ زۆریەکێ ل وان ناوچا ناکەین، ئەو بخۆ دێ برياری ل چارەنڤیسا خۆدەن، ئەوێت کو ڤا دیعایەتا بلاڤ دکەن ئەم دێ ئیرادەیەکا معەیەن فەرز کەین ل سەر پێکهاتەیت دی، حەقیقەت نە ئەسل بۆ هەیە و نە ئەساس بۆ هەیە، نسبەت دەر و جیرانا، نسبەت جیرانێت مە، مەد ڤێت باشترین عیلاقات مە هەبن مە نەڤێت علاقاتێت مە تێک بچن، وە ئەم تەوەقعێش ناکەین ئەو دژی حەق و حقوقێت مە راوەستن، ئەڤە 25 سالە مە ئیسپاد کر کو ئەم عاملێ ئاشتیێ و خۆشیێ و خێرێینە پێکڤە بۆ وا و بۆمەش، بەس خۆزی من زانی با، ئەڤە کەنگی هۆ پەرۆش بووینە بۆ یەک پارچەیا خاکا عیراقێ؟ بۆ دەستوورێ عێراقێ؟ بۆ قانونێت عیراقێ؟ کو بەس ڤە من زانی با دا زۆردا باش بیت، گەڵ جیرانا مەدڤێت مە باشترین پەیوەندی هەبن، مە نەڤێت چ نەخۆشی بەینا مە و جیرانێت مە ڕووبدەن، ئەڤە 25 سالە مە ئیسباد کر، کو ئەم عاملێ خێرێینە ئەم عاملێ ئاشتیێینە پێکڤە ژیانێینە، ئەم ئەم تەهدید نینە بۆ کەسەکێ، بەس تشتێ سەیر ل نک من خۆزی من زانی با کەنگی وەرە هندە پەرۆشن بۆ یەک پارچەیا خاکا عێراقێ؟ سیادا عێراقێ، دەستوورێ عێراقێ؟ ئەڤە ل نک من یا سەیرە، ڤان ڕۆژا هندە موهیم بویە ل نک جیرانێت مە، سوپاسا هەڤپەیمانات کەین بۆ وان هاروکاریا وان بۆ مەکری، وە ئەم تەکیدێش د کەین ئەم دێت بەردەوام بین، ئەم سوپاسیا هەڤپەیمانات کەین ئەمریکا و هەمم هەڤپەیمانێت وان، بۆ وان هاریکاریا وان بۆ مەکری ل شەری داعش، ئو لێرەدا ئەز پێویست دزانم سوپاسێت خۆ بۆ هەمم ئەو پێشمەرگێت قەهرەمان پێرم کو کەرامەت و شەرەفا گەلێ کوردستانێ پاراستی، ئەو چەکێ پێشمەرگەی شەڕ پێکری داعش پێ شکاندی، ئەز باوەر ناکەم جەیشەک دنیایی دا ب و چەک بکاریت دوژمنەکێ وەکی داعش بشکێنیت، ئەم سوپاسیا هەڤپەیمانات کەین بۆ ئەو

هاروکاریا کو بۆپێشمەرگا کریک وەختێ کو گەلێ کوردستانێ تووشی هێرشا دڕندانەیا داعش بوویی، ئەم سوپاسیا وان دکەین یا ئەمریکا و هەم هاوپەیمانێت وان و ئەم چ جارا هەلۆیستێت وا لبیرناکەین، ئەما د عینی وەختیشدا بۆ هەمم دونیایێ ئیسپاد بووی پێشمەرگێت قارەمان چەکەکێکێ زۆرێ کێم ئستورا داعش تێکشکاند و ئەڤە فەخرو شانازیە بۆ گەلێ کوردستانێ، من د ڤێت ئەز ئیشارەتێ بدەمە ویش هەر زرووفەکێ دا و د هەر وەزعەکێدا، تەنسیقا بەینا پێشمەرگەیی و جەیشا عێراقێ دێ بەردەوام بی، ل دژێ تیروریێ، هەر تەتەوراتێت بێنە پێش ئەو تەنسیق و ئیستیجاما کو دروست بوویی بەری نوکە، مەدڤێ ئەم وێ بپارێزین، ئو ل ڤێ ئەز دگەل بەرێز عەبادی سەرۆک وەزیران موتەفقین، کو ئەو تەنسیق و هاروکاریا بەینا پێشمەرگەی و بەینا جەیش بپارێزین، ئەڤە هەم د مەسلەحەتا عێراقێ دایە و هەم ل مەسلەحەتا کوردستانێ دایە، وەخت یێ هاتی، وەختە ئیدی بێژین ئیدی بەسە، مە نەڤێت جارەکادی بێینە ئەنفالکرن، بێینە کیمیابارانکرن، بێینە کومەلکووژکرن، مە دڤێت جیلێ داهاتی ئازادی ب خۆشی و بەختەوەری بژیت، ئەو باغێ کو بخوینا هزارەها شەهیدا هاتیە ئاڤدان وەختە بەرێ و باغ بچنین، وەختێ چنینا بەرێ و باغەی یێ هاتیی، دویمایی من ڤێت ئەز بێژم هەتا ئەڤرۆ ئەو بەدیلێ کو جیێ ڕیفراندۆمێ بگریتەڤە بۆمە ئەو بەدیل بۆمە نەهاتیە، ل بەر هندێ ڕۆژا 25 ئەیلولێ هەرنە سە سندوقا و بڕیارا خۆبدەن، ئو لێرەدا ب پێویست د زانم سوپاسیا خوشک و برایت مەییێت عەزیز و بەرکەفتی کوردێت تاراوگەی بکەم، کو ئەویش مل ب ملێ جەماوەرێ کوردستانێ دا یێت خزمەتا نیشتمانێ خۆت کەن و وە عەدالەتا دۆزا گەلێ خۆ ل ئەورووپا و ل جیهانێ ب خەلکێ جیهانێت گەینن، دویمایێ سلاڤێت گەرم بۆ هەمم جەماوەرێ کوردستانێ بۆ وەییێت خوشتڤی، سلاڤ بۆ گیانێ شەهیدێت قەهرەمان، سلاڤ بۆ پێشمەرگێت قەهرەمان، بەختەوەربیت گەلێ کوردستانێ، ئو دێ جارەکادی ڤەگەڕیمەڤە بۆ شەعرەکا جزیری کوت بێژیت: پشت نادەین دوو هزار خەنجەر و تیر و رم خشت

مە سەرێ دانیە ڕێ و ب خودێ بەستیە پشت.

https://www.youtube.com/watch?v=3t32sV

**گوتاری مەسعوود بارزانی لە سۆران**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، خوشک و برایانی بەڕێزجەماوەری تێکۆشەری جەماوەری تێکۆشەری چۆمان، ڕەواندوز، مێرگەسۆر، پڕ بەدل سوپاستان دەکەم، ئیمرۆ یەکێکە لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم، چونکە ئیمرۆ لەگەڵتان کۆدەبینەوە، بەلاَم لە بەر دەمم ئەبینم سەری بەردی و حەسەن بەگ و سەرتیز و زۆزک و هەندرێن و کۆڕەک، یادی شۆڕشی ئەیلول، کە زۆر لەو قارەمانانەی کەبەخوێنی خۆیان ئەو شاخانەیان پاراستوە لەسەرتاسەری کوردستان هەموو قارەمانەکان ئیمرۆیان بۆ ئێمە دروست کرد، خوشەویستان بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمی خۆتان کرد، بە کردەوە ئەوەی چەند ڕۆژ پێش لە پارێزگای دهوک و ئەمرۆ لە کەرکوک و ئێستاش لەگەڵ ئێوەی بەڕێز لە دامەنی زۆزک و هندرێن و گۆڕەز، ئەمە ڕیفراندۆمە ئەی ئەمە چیە؟ ئەو ناوچەیە ناوچەیی مەڵبەندی شۆڕش و خاوەنی سەدەها شەهیدی قارەمانە،

بۆیە کە جەماوەری ئەم دەڤەرانە بێن لێرە کۆببنەوە، بەو حەماسەتەوە بەڕاستی ئەمەیە سەروەری، ئەمەیە خۆشترین ڕۆژ لە ژیاندا، خوشەویستان بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم درا؟ جارێ ئەبی ئەوە بزانین بڕیاری ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە هی هەموو حزبە تێکوشەر و خەبات کەرانە، کە لە ڕۆژی 6/7 بڕیاریاندا ڕیفراندۆم بکرێ، بڕیارێکی بوێر وە بڕیارێکی مەسولانەبوو، دەست خۆشی لە هەموو ئەو حزبانە دەکەم بڕیاری گەلی کوردستانە، یەک تاقە کەس و تاکە حزب و چەند حزبێک نیە هی هەموومانە، بۆیە بڕیاری ڕیفراندۆمدرا، چونکە هیچ ڕێگایەکی تر لە بەردەماندا نەمایەوە، هەموو ڕێگاکانمان تاقیکردنەوە لە لامەرکەزی بگرە تا دەگاتە ئۆتونۆمی و تا فدراڵی، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ فەرهەنگێک رووبەروو بوینەوە کە بڕوایی بە هیچێک لەمانە نەبوو، بڕوایان بە پێکەوە ژیان نیە بڕوایان بەوە نیە لایەنی تر قبوڵ بکەن، پێشی ئەوەی من بێمە سەر بابەتەکە من داواتان لێدەکەم تەنها ئاڵای کوردستان لەم مناسباتە هەڵکەن، ئاڵای حزبەکان بیینە خارێ بە هی پارتیشەوە، وە تەنها وێنەی شەهید و ئەنفال ئەتوانن بەرز کەنەوە وێنەی اشخاس بەرزنەکەنەوە، ئێستا ملاحەزەکیان بۆ من ئینا دەڵێن ناوی سیدەکانت لەبیر چووە من ناوی سیدەکانم لەبیر نەچووە، وەکو قەزا حسابم کرد چۆمان و مێرگەسور، ئەگینا هەموو شوێنەکان بۆ من شوێنی پیرۆزن سیدەکان، حاجی ئومەران وەرتێ دۆڵی ئاکۆیان، شێخ زادە، خواکورک، بارزان مێرگەسور، مزوری، هەمووی وەکو یەکە، خۆشەویستان هەموو هەوڵێکماندا بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێک لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ هەموو لایەنەکان باسی ڕیفراندۆم کراوە چەند ساڵ پێش ئێستا، زۆر هەوڵماندا بگەینە ڕێککەوتنێک لە ساڵی 2015 لە واشنتن لە وایت هاوس لەگەڵ خودی جەنابی سەرۆکی ئەو سەردەمەی سەرۆکی ئەمریکا بەرێز ئۆباما ئەو بابەتەمان باس کرد ڕووبەڕوو، پار ساڵ دروست لەو مانگە وابزانم هەر لەم ڕۆژە بوو یان سبەینێیە، دیسان ئەبێتە یەک ساڵ کەبە وەفدێکی گەورەوە چووینە بەغدا لەگەڵ خۆدی جەنابی سەرۆک وەزیران لەگەڵ تحالفی نیشتمانی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تری سیاسی عیراقی پێمان گووتن: برادەرینە شەراکەت شکستی هێناوە، وەرن با جورئەتی ئەوەمان هەبێ پێکەوە بڕیار بدەن، ببین بە دراوسێی باش، چونکە شەراکەت شکستی هێنا ئەو کاتە زۆر نەرم بوون، حەتا من لە بیر مە یەکێک لە سەرکردەکانیان گوتی ئێمە حەزناکەین بگاتە ئەو حەدە، بەڵام ئەگەر هەرچارە نەبوو (با تسریح و بل أحسان) دروست ئەمەی بەکارهێنا بە خۆشی لێک جیا ببینەوە، بۆیە ئەو بڕیارەدرا، چونکە شەراکەتیان قبوڵ نەکرد، دەستووریان پێشێل کرد، تەوافق نەمان، تەوازن نەما، بڕیار بوو بوجە و تەقەمەنی بەشی پێشمەرگە بدەن، یەک فیشەکیان بۆ پێشمەرگە نەنارد، بەڵام بینیتان بە دوو سێ سعات پەرلەمانی عێراقی فیدراڵی کە ئێمە بە فیدراڵی نازانین، پەرلەمانێکە تەقسیمە بووە بەینی مەجموعەیەک تاقمێکی مەزهەبی، وە تاقمێکی شۆڤینی بە دوو سعات یاسایی حەشدی شعبیان تێپەراند، بەڵام 10 ساڵ ئەو دەست و ئەو دەستیان کرد یاسایی پێشمەرگەیان تێنەپەراند، بوجەی هەرێمیان قەتع کرد، بڕینی بوجەی هەرێم ئەنفالێکی تر بوو، نیتەکە وەکو ئەنفالێکی تر بوو کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بهێنن، ئەمانە هەموو وایان کرد کە بیربکەینەوە، ئێمە عیلاجێکی تر بکەین باوەربکەن ئەگەر دڵنیا باینا، ئەگەر زانیمانبا ئەو وەزعە وەکو خۆیی

دەمێنی، دیسا ئێمە ڕازی بووین بەڵام بەوەش ڕازی نابن، بە ئێمە ئەڵێن ئەبی بگەڕێنەوە بۆ سنووری خەتی سەوز, سنوری خەتی سەوز ئەو سنووره بوو بەینی خەتی تەماس بۆ بەینی پێشمەرگە و سوپایی عێراقی سەردەمی صدام، وللە ئەمە خۆشە سنووری کوردستان خەتی سەوز دابنێن، ئەمە سنووری کوردستانە، یەعنی بە هاوەن لە هەولێر بدەن بە هاوەن لە دهوکیش بدەن، چۆن ئێمە ئەو سنورە قبوول ئەکەین؟ چونکە حەقیقەت سنووری کوردستان نیە لەهەمانکاتدا ڕیفڕاندۆم سنوور دەست نیشان ناکات، بە گفتوگۆ ئێمە سنوورەکان دەست نیشان ئەکەین، بەڵام قەتعەن ئێمە حازرنین مناقشەی سنووری کە ئەوان ئەڵێن خەتی سەوز بکەین، ئەوە نە سنووری کوردستانە و نە سنوری کوردستانیش دەبی، هەڵوێستی کومەڵگەیی نێودەوڵەتی و بەغدا لەسەر ڕیفڕاندۆم من بە دەرفەتی ئەزانم هەم بۆ ئێوە وە هەم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ڕوونیبکەمەوە ئێمە لەگەڵ زۆرێک وڵاتانی جیهان ئەو بابەتەمان باسکردووە وەکو پێش ئێستاش لەگەڵ بەغداش باسمانکردبوو، هەموویان زۆر نەرم بوون بەڵام ئەو فەترەیی دوایی، وەکو ئەبینین گۆڕانێک بە سەر هەڵوێستان هاتووە، پرسیار ئەمەیە بۆ ئەم گۆڕانە بە سەر ئەو هەڵوێستە داهات؟ جاران کەس بەجدی وەری نەگرتبوو کە ئەمە بڕیارێکی جدیە و جێبەجێ دەکرێ، نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نە بەغدا هەندێک دەیان گوت ئەمە کارتی فشارە، هەندێک دەیان گوت، بۆئەوەیە لە قەیران دەربازبین، هەریەکە و بۆخۆی تەفسیرەکی دەکرد، پاشان دڵیان بەوە خۆشکرد کە وللە لەناوخۆیاندا تەبابین ڕێک ناکەون ناهێڵن ڕیفڕاندۆم ببی، لەبەر ئەوە با ئیهمالیان بکەین، بەڵام بڕیاری گەلی کوردستانە تاکە شەخس نیە، یەک ڕێزی گەلی کوردستان گەڕایەوە، پەرلەمان کاراکرایەوە، کە زۆرجار بەهانەیان بەوە دەگرت، ئێستا هەموو جیهان ئەزانی بەڵێ بڕیاری ڕیفڕاندۆم بڕیاری هەموو خەڵکی کوردستانە، وە سوورە لەسەر بڕیاری خۆیی، وە ئێستا زۆر باسی دەستووری عێراقی دەکرێ ئەو دەستوورەی کە هەر زۆر زوو پێشێلیان کرد، بەڵام بەپێی ئەو دەستوورە ئێمە مافی ڕیفڕاندۆمان هەیە، ئەوانەی کە ئێمە تۆمەت بارەکەن، کە ئێمە خەرقی دەستوورمان کردووە، و هەنگاوێکمان ناوە و ناگونجێ لەگەڵ دەستوور، لە دیباجەیی دەستوورەکەدا هاتووە ئەڵێ (أن التزامه بی هز الدستوور یعفچو عیراق الاتحادهو حر). ئەوانەی عەرەبی زانن، باش تێدەگەن (اتحادە حر) یەعنی پێکەوە ژیانێکی ئارەزوومەندانە، ئێمە ئارەزوومەندانە لەگەڵ بەغدا أختیارمان کردپێکەوەبین، عێراقێکی تازە عێراقێکی فیدراڵ، عیراقێکی دیموکراتی، عیراقێکی مەدەنی دروست بکەین، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەبینین دەوڵەتێکی نە مەدەنیە نە فدراڵیە نە دیموکراتیە دەوڵەتێکی مەزهەبیە، هەروەها ڕیفڕاندۆم وایکرد کە دۆزی گەلی کوردستان جارێکی تر بچێتە لوتکەی ئەولەویەتی ئەجندایی نێودەوڵەتی، هەموو جیهان ئێستا هاتووتە سەر خەت، خوشەویستان ڕیفڕاندۆم ئامرازە نەک هەدەف، ئێمە ڕیفڕاندۆم ناکەین بۆ ئەوەی بڵێن ڕیفڕاندۆمیان کرد، ڕیفڕاندۆم بۆ ئەوەیە بە هەموو جیهان بگەینین، ئێمە سەربەخۆیمان دەوێ، هەمیشە گوتوومانە ئەگەر بەدیلێک هەبی جێی ڕیفڕاندۆم بگرێتەوە بۆمان هیچ مشکیلەمان نیە، بەڵام ئەگەر بەدیلێک نەبێ وەکو ڕیفڕاندۆم مەحاڵە ڕیفڕاندۆم دوابخرێت، ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتوونەتە سەرخەت هەندێ ئەفکاریان هێناوە هەندێ نامەیان هیناوە حەقیقەت

زمـــانەکە فەرقە لەگەڵ جـــاران بەو پەری ئیحتـــرام و ئیهتمـــام بە دوزی گەلـــی کوردســـتان سیاغەکراون بەڵام مشکیلەی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نیە، مشکیلە لەگەڵ بەغدایە، ئەبی لەگەڵ بەغدا ئێمە بەگەینە نەتیجە، ئەویش بەم شێوەیە دەبی ئیتفاقەکی دوو قەڵی بەینی هەولێر و بەغدا ئەگەر ئیتفاقەکە کرا بە شێوەیەک کە جێی ڕیفڕاندۆم بگرێتەوەە ئەو وەختە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمریکا، ئەوروپا، یو ئێن، پشتیوانی لەو ئیتیفاقە بکەن وە گەرەنتی بدەن کە ئەو ڕێکەوتـنە جـێ بەجـێ دەکـرێ، ئەوە جێـی ڕیفڕانـدۆم دەگـریتەوە بەڵام تـا ئێسـتا مـن ڕاستگۆیانە پێتـان بڵـێم بەغـدا تـا ئەو حەدە نەهـاتووتە پـێش، ئەگەر خوشەویسـتان خوشـک و برایان، ئەگەر دوو سێ ڕۆژی تریش ئەو بەدیلەمان بە دەست گەیشت، خۆ ڕۆژی 25 ئەیلول ئاهەنـگ ئەگێـڕین، ئەگەر ئەو بەدیـلەش بە دەسـتمان نەگەیشـت ڕیفڕانـدۆمی خۆمـان ئەکەیـن، هەرچەندە ڕیفڕاندۆمتان کرد، مـافی خۆمـانە، مـافی خۆمـانە ئەمجارە ئەبی گەرەنتی کونکریتی هەبی چونکە ساڵانی ڕابردوو بە ئەزموونێکی زۆر تاڵدا تێپەریوین، مـافی خۆمـانە بـڕوا بە هـیچ وەعدێکی شەفەیی نەکەین یا بە هیچ نامەیەک مەتاتی ئەبی زۆر بە زمانێک بنووسێ کە کەس نەتوانێ کە نە لێ ڕابکا نە تەفسیری بۆ بکات، ئێمە سـەربەخۆیمان دەوێ، گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوە نیە ئەو وەزیرەمان بۆ بگێڕنەوە، لێرە مودیر عامیک بۆمان لێرە هین کەن و لێرە بودجە بدەن، ئەو قوناغە تێپەڕی و تەواو بوو، بەڕاستی من ئێستا هەستی پێ ئەکەم، لە دوایی 2003 پـاش ئەو هەمـوو ئەنفـال و کیمیابـاران و کۆمەڵکوژی، هەڵەمـان کـرد 2003 چـوینەوە بەغدا, هەڵەبوو، بەڵام بە نیەتێکی پاک بە دڵێکی ساف چووین ئێمە، بەڵام وەرنەگیرا ئێمە یەک پارچەیی عیراق مان تێک نەداوە، خۆیـان تێکیانـدا ئێمە چـووین بۆ ئەوەی ببینە شـەریک و بـرا لەگەڵیان، لە بەغدا ئەوان قبووڵیان نەکرد، ئێمەش خزمەتکاری کەس نـاکەین، هەڵەی دووەم کە بودجەی هەرێمیـان بـڕی تەواو دەبوایە ئەو وەختە ئیعلانی بکەین، بەڵام حەقیقەت ئەو وەختە نیمچە غەلەتێک بوو، چونکە شەڕی داعش مان بەسەردا سـەپێندرا، پێرانەگەیشـتین ئەگینا دەبوا ئەو وەختە ئیعلانی بکەین، بەداخەوە هێشتا فەرهەنگی ئەنفال و قبـووڵنەکردنی شـەراکەت لەگەڵ نەتەوە و پێکهاتەکانی تر هێشتا زاڵە لایی زۆرێک لە بەغدا، مافی خۆمانە داوایی گەرەنتی تەواو بکەین، مافی خۆمانە ئەو پرسـیارە بکەیـن، ئەگەر ئێسـتا ڕیفڕاندۆم قبوڵ نەکەن، ئەی پـاش دوو سـاڵی تـر چـۆن قبـۆول دەکەن؟ تـا وەختـیش بـڕوات لە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نـیە، فەرمـوون تەماشـایی بڕیارەکـانی پەرلەمـانی بەغـدا لەگەڵ مەحکەمەی أتحـادی بکەن، هەمـووی دژی گەلی کوردستانە، تەبعەن بۆخۆیانە، چ دەڵێن با بڵێن بەڵام بڕیارەکانیان ناهێتە کوردستان، لە کوردسـتانیش جێبەجـێ نـابی، بەڵام نـیەتەکە پێشـان ئەدات، کە نیەتیـان چـیە بەرامـبەر بە کوردسـتان، ئەمە گـرنگە، لەگەڵ دراوسـێیەکانمان ئـێمە زۆرمـان پـێ خۆشـە هەر وەکـو ئەم ئەزمونەی 25 ساڵی ڕابردوو ئێمە فاکتەری خێربووین، فاکتەری ئەمن و ئاسایش بووین، لەمەو دواش پێمان خۆشە هەروابی پەیوەندیمان دۆستانەبی، وە ئێمە تەهدید نین بۆ کەس وە ناشبین بە تەهدید بۆ هیچ کەسێک، من دۆستانە داوا لە دراوسێکانمان دەکەم، بە زمانی تەهدید قسەمان لەگەڵ نەکەن، چونکە تەهدید لەکەس قبووڵ ناکەین، ڕیفڕاندۆم کوتایی دونیا نیە بۆ خاتری خوا، ئەو هەمـوو فشـارە دێـنن و ڕیفڕانـدۆم فرسـەتێکە بـۆ ئەم گەلە ڕەخسـاوە، بۆئەوەی تەعبیـر لە

ڕەیی خۆیی بکات، دوایی ئەوە فەرموو وەرن ئەکەوینە گفتوگۆ، چ وەختێک پێویستە ئێمە ئەو وەختەش ئەدەین هەموو گرفتەکان چارەسەرئەکەین، شەراکەت شکستی هێنا جیرانیەتیەکی دۆستانە برایانە دادەمەزرێنین، پەیوەندی ئایندەمان لەگەڵ بەغدا، ئێمە عومقی ئەوان دەبین ئەوان عومقی ئێمە دەبن، بەردەوام دەبین لەهەموو هاوکاریەک لەگەڵ یەکتری، بەڵام ئینکاری حەقی میللەتی ئێمە لەوەی تەعبیر لە ڕەیی خۆیی بکات زۆڵمێکی گەورەیە، قبول ناکرێ، دەبی هەرێم و بەغدا بە گفتوگۆ چارەسەری مشکیلەکان بکەن، ئێمە دژی توندوتیژین بیریش لەوە ناکەیتەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هێز بەکاربینین دژی هیچ کەسێک، بەڵام ئێمە جارێکی تریش ئەڵێم ممارەسەی مافی خۆمان ئەکەین، ئەگەر تەعەدا لە ئێمەکرا بەرگری لە خۆمان ئەکەین، شێوەی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان تەبعەن ئەوە ئەمینیتەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە دائەنرێت بۆ دەستووری دەوڵەت، هەروەها بۆ ڕەیی گەلی کوردستان، بەڵام ئەوەی کە پێشنیار کراوە ئەبێ دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، مەدەنی بێ مافی هەموو پێکهاتەکانی ئاینی و نەتەوەی پارێزراوبی، من تەوسیەشم ئەوەیە بۆ ئێوە و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئیحتماله هەندێک توندڕە و لەناو عەرەبەکان  قسەی ناشرین بکەن، بە زمانێکی نزم یا حەتا مومکینە تەعەدا لە هەندێ کوردی فەقیری بێ دەستەڵات لە بەغدا یان لە کوت لە شوێنێکی وابکەن، رجاتان لێدەکەم ئەو ئەخلاقە بەرزەی کە پیشانی هەموو جیهانتاندا، لە ساڵی 91 سێ فەیلەقی جەیشی عیراقی تەسلیم بە ئێوە بوون جەماوەری کوردستان بە ئیحترام نارتانەوە، ئەو جەیشەبوو ئەنفالیان کردن، کیمیا بارانینیان کردن، دێهاتەکنیان سوتاند، هیچ نەما نەیکەن، بەڵام ئێوە ڕەوشتێکی ئەوەندە بەرزتان پیشاندا کە هەموو دونیا سەرسام بوو بەو ڕەوشتەی ئێوە، ئێستاش زۆرێک لە عەرەبەکان، برا عەرەبەکان هاتوون ئاوارەبوون لە کوردستانن برای ئێمەن میوانی ئێمەن ئیحترامیان بگرن، ڕێگە نابی بدرێتن بە هیچ شێوەیەک، ئەگەر کاری هەڵە بەرامبەر کورد کرا لە شوێنێکی تر لە عێراق لێرە ڕەتفعلێکی وا پیشان بدەن، ئەمە نابی بە هیچ شێوەیەک ڕەوشتی بەرزی خۆتان بپارێزن، ئەگەر مشکیلە لەگەڵ حکومەتێک هەیە، مشکیلە بەینی دوو مللەت نیە ئێمە و عەرەب و تورک و فارس هەموو برای یەکین، لەناو خۆماندا کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان وسریان و ئەرمەن و ئێمە برای یەکین، ئەبێ دین و هەموو مەزهەبێک ئازادبی، ئەمەیە کە ئێمە سەردەخاتن و ئیحترامی دونیاش بە دەست دێنین، لە کۆتاییدا بە قەد قورسایی ئەم چیایانە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان، سڵاو دەنێرین بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان وە سڵاو بۆ ئێوەی خوشەویست، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و هەر شاد و سەرکەوتوو و سەرفرازبن.

https://www.youtube.com/watch?v=fKX458w3goc

**گوتاری مەسعوود بارزانی لە هەولێر**

بەناوی خوایی گەورە و میهرەبان, خوشک و برایانی بەڕێز سوپاسی بێ پایان بۆ ئێوەی خوشەویست، جەماوەری شاری هۆلاکو بەزێن، شاری ڕەسەن، ببورن ئەزانم ئەمە چەند سعاتێکە ئێوە لەبەر ئەو گەرمایە لێرە چاوەڕوانن، بەڵام بۆ سەربەخۆیی هەموو فیداکاریەک

ئاسانه، سوپاسی ماندووبونتان دەکەم، ئازیزان ئیمرو لێره کۆبوینەوه، له پایتەختی کوردستان بۆ ئەوەی به یەک دەنگ، بەناوی هەموو گەلی کوردستان بلێین: (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی). ڕەنگه زۆر کەس ئەو پسیاره بکەن بۆ گەلی کوردستان بڕیاری ڕیفراندۆمیدا؟ چەند ساڵێکه ئێمه گەیشتینه ئەو قەناعەته که ئیتر ئێمه لەگەڵ بەغدا ناتوانین چیتر بژین، زۆر هەوڵماندا لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەگەڵ خودی بەغدا، که چارەسەرێک بدۆزینەوه، که هەم ئیلتیزام به دەستوور بکرێ شەراکەت قبول بکەن، که أتفاقی لەسەر کرا بوو، بەڵام بەداخەوه نه شەراکەت ما، نه دەستوور ما، وه له دەستووریشدا هاتووه (أن التزامه بهذا الدستوور يعفض عيراق الاتحادهو) نالێت (وحدەتەهو) یەعنی پێکەوەژیانێکی ئارەزومەندانه، ئێمه وامان دەزانی دوایی (2003) دەرفەتێکی تازەیه بۆ هەموو خەڵکی عێراق، که عێراقێکی تازه دروست کەینەوه، وه خەڵکی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیان بینی، ئێمه وامانزانی وێران کردنی (4500) هەزار گوند، بزرکردنی (12000) هەزار گەنجی فەیلی، (8000) هەزار بارزانی، (182000) هەزار ئەوانەی ئەنفال کران, له ساڵی (1988) کیمیابارانی هەڵەبجه و سەرتاسەری کوردستان، ئێمه وامان زانی ئەم هەموو کارەساته به سەری گەلی کوردستان هاتووه، ویژدانی جیهانی هەژاندووه و بەغدای تازەش ئەم کارەساتانه قەرەبوودەکاتەوه بۆ گەلی کوردستان، بەڵام بەداخەوه، هەر پاش ماوەیەکی زۆر کورت بۆمان دەرکەوت که زۆرێک لەوانەی دەستهەڵاتدارن ئیمڕۆ له بەغدا، نەک هەموویان بەڵام زۆربەیان تەنها دەمووچاویان گۆڕاوه، ئەگینا هەڵگری هەمان عەقلیەتی ئەنفال و کومەڵکوژیەکانن، له 2003 تا 2005 دوایی ئەوەی دەستوورێک نووسرایەوه، بۆ هەموو عێراق به ڕەغمی هەموو کەموکوریەکانەوه، بەڵام گەلی کورد ئەو دەستوورەی ڕزگار کرد له دەنگدان، ئێمه پێی ڕازی بووین، بەڵام بەغدا ایلتزامی پێ نەکرد، شەراکەت نەما، دەستوور نەما، ماددەی 140 جێ بەجێ نەکرا، دەبوایه چەک و بوجەی پێشمەرگه بێ، به پێی دەستوور، بەڵام یەک فیشەکیان بۆ پێشمەرگه نه نارد، بڕینی بوجه، که ئەویش به شێوەی خۆی ئەنفالێکی بەسەر گەلی کورستانیاندا ئینا، بڕیار بوو دەوڵەتێکی مەدەنی، فدڕاڵی، دیموکراتی دروست بکرێ، بەڵام پسیار له هەموو کەسێک دەکەم، تخوا ئایا ئیمڕو دەوڵەتێکی مەدەنی و فدڕاڵی و دیموکراتی له عیراق حاکمه یا دەوڵەتێکی مەزهەبی؟ تا ئیمڕوش له کاتێکدا پێشمەرگەکانی قارەمان لەو پەری ناخوشی و سەختی دابوون له شەڕێکی سەختدا بوون دژی تیرۆرستانی داعش، ئەگەر بارێکی فیشەک هاتبا بۆ پێشمەرگه، دەبوایه بچێت بۆ بەغدا، لەوێ تفتیش بکەن ئەگەر بەغدا ڕازی نەبووبا یەک فیشەکیش نەدەهات بۆ پێشمەرگه، ئەوه بوو حالی ئێمه بەدەست بەغدا، کاتی باسی ڕیفراندۆم کرا، نەک له ڕۆژی 7/6 کرا ئەو بڕیاره درا، پێشتر زۆر باسکرا لەگەڵ هەموو لایەنەکان، پێمان گوتن به جدی وەری بگرن ئەمه مەسەلەیەکی جدیه، ئێمه بێ تاقەت بووین، ماندووبووین، ناتوانین بەردەوام بین بەم شێوه پەیوەندیه لەگەڵ بەغدا، بەڵام بەهەند وەریان نەگرت زۆررێکیان وایان تەسەوڕ دەکرد، وایان دەزانی ئەمه کارتی فشاره، یان هەندێ جار دەیان گوت ئەمه بۆ دەرباز بوونه له قەیرانی ناوخۆ، کاتی له ڕۆژی 7/6 ئەو بڕیاره درا که بڕیارێکی بوێر و نیشتمان پەروەرانه بوو، وه من جارێکی تر دەست خۆشی له هەموو ئەو حزب و لایەنانه دەکەم که ئەو بڕیارەیاندا، ئینجا هەموو لایەنەکانی

دەرەوە وە لە بەغداش هەندێک پێیان وابوو، کە لەناو خۆماندا دوو بەرەکی دروست دەبێت، هەر خۆبەخۆ ناهێڵین ئەو پرۆسەیە سەر بگرێت، بۆیە دیسان جارێکی تریش بە هەندیان وەرنەگرت و ئیهتمامیان پێ نەدا، ڕۆژی کە بڕیارەکە درا ئەو لایەنانەی کە گلەیمان لێدەکەن و هەندێک تهدیدمان دەکەن، نەهاتن بپرسن بڵێن ئەرێ بۆ ئەمەتان کرد؟ ئەرێ ڕێگە چارەیەکی تر هەیە؟ بەڵام کەوتنە تەهدید و وە داوایی نەهێشتنی ریفراندۆم، ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەکان و هەمووی دەرچووە و کەوتووتە دەستی ئێوە، پێشان هەڵوێستی نێودەوڵەتی زۆر نەرم بوو، زۆر سەیرە لای من کە ئێستا، تا ئێستا کەس ناڵێن ئێمە دژی ڕیفراندۆمین، ئەلێن کاتەکەی موناسب نیە، بەڵام بە ڕاستی ئێمە نازانین ئەو ڕۆژەی کە موناسبە کەیە؟ ڕۆژی بەختی کوردستان کەیە؟ ئەمە سەد ساڵە ئەو ڕۆژە نەهات، بەغداش تشجیع بوو بەو هەڵوێستەی دەرەوە، ئەگینا پار ساڵ وەکو ئەم ڕۆژانە چووین بۆ بەغدا، لەگەڵ وەفدی گەورە هەڵوێستی هەموو لایەنەکانی سیاسی زۆر نەرم بوو, ئێستاش بۆتە قەزیەی لە دەست ئەشخاس و أحزاب دەرچووە، داوایی تاجیل کردنی ڕیفراندۆم لە ئێمە دەکرێ شەو و ڕۆژ فشار بەردەوامە، وە ئەلێن ڕیفراندۆم تاجیل بکەن، پاشان گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ بەغدا دەست پێ بکەن، ئێمە ناگەرێینەوە بۆ ئەزمونێکی شکست خواردوو، ئێمەش دەڵێین ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆیەکی زۆر جدی بە دڵکی ساف بە مێشکێکی کراوە، بەڵام دوایی 25 ئەیلول، تازە زۆر درەنگە، کات بۆ ئەو جۆرە قسانە نەماوە، سەرەڕایی هەموو ئەو هەولانەش، من دەمەوێ لێرە یەک شت بە خوایی خوم بڵێم، بە ئێوەش بلێم (من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری مللەتی خۆم بکەم). ئێستا حساب بۆ خواستی گەلەکەمان نەکەن، کە زۆر زۆر بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە تەنها داوایی ئەوە دەکات ڕێگەم بدەن دەنگی خۆم بدەم، چم دەوێت؟ حەتا ئەوەش پێمان ڕەوا نابینن، چەندی بیری لێدەکەمەوە بۆ قبوولی ناکەن؟ والله تەنها ئەوەیە بە ڕەیی من دەیانەوێت ئیرادە و کەرامەتی ئێمە بشکێنن، ئەگینا هیچ شتێکی تر نیە، ئایا چ گوناحی تێدایە مللەتێک بڵێ من دەمەوێ ڕێگە بدەن سەربەخۆبم، نابێ ئەوەش بڵێی، پاشان ڕیفراندۆم بۆ دەستنیشانکردنی سنور نیە، بۆ فەرزی ئەمری واقع نیە، هەنگاوی یەکەمە گەلێک ئەڵێ من دەمەوێت سەربەخۆبم، خواستی ئێمە داوایی ئێمە ئەوەیە لە بەغدا وە لە کومەڵگەی نێودەوڵەتی، دوایی 25 ئەیلول وەرن با گفتوگۆیەکی جدی بکەین لەسەر سنوور، لەسەر ناوچەکان، لەسەر نەوت، لەسەر غاز، لەسەر ئاو، لەسەر هەموو شتێک، بەڵام پێمان بڵێن ئێستا و لە ئایندەش هەموو داواکاریەکی ئێوە قبول نیە، پێمان بڵێن بگەرێنەوە بۆ خەتی سەوز، بۆ معلوماتی ئێوە خەتی سەوز خەتی تەماسی کۆنە بەینی پێشمەرگە و سوپای عێراق زەمانی صدام، یەعنی بگەرێنەوە بۆ نزیکی قوشتەپە هەرکات بیانەوێت بە توپخانە لە هەولێر بدەن، نە ڕیفراندۆم سنووری هەرێم دەستنیشان دەکات نە قابیلی قبوڵە ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بۆ یەک دەقیقەش ئێمە مناقشەی سنووری کوردستان لەگەڵ هیچ لایەنێک بکەین لەسەر خەتی سەوز کە خویان پێدەڵێن، ئێمە ئامادەین وە بە جدی بەردەوام دەبین لە هاوکاری تەواو لەگەڵ سوپای عیراق، لەگەڵ هاوپەیمانان لە دژی تیرۆرستانی داعش وە لێرەدا من سوپاسی هاوپەیمانانیش دەکەم، لەکاتی شەڕی ئێمە لەگەڵ داعش یارمەتی ئێمەیان داوە، بەڕێزان معانات و کارەسات گەلی ئێمە

چیرۆکێکی زۆر قوڵە، لەوەتەی دەوڵەتی تازەی عێراق دامەزراوە، ئێمە هەر ئەڵێین براین، با برا بین، با شریک بینن لەکوێی دونیا دیوتانە مللەتێک( 182) هەزار کەس، بەشی هەرە زۆری ژن و منداڵن بێ سەر و شوێن کران، گەنجەکانیان، گەنجەکانی فەیلی و بارزانیەکان بردیانن بۆ عکاشات و قایم تجروبەی چەکی کیمیاوی لەسەریان کراوە، لە کوێی دونیا هەیە دەوڵەتێک مللەتی خۆی بە ژەهر کیمیای ئیبادە کردبێ، ئینجاش بچینەوە و پێیان بڵێین ئێمە برایی یەکین دەستی برایەتیان بۆ درێژدەکەین، پێمان بڵێن ملتان بشکێنن بڕۆن ئێوە نانی ئێمە دەخۆن، هەر لەم شەڕەی داعش تا ئیمڕۆ (1789) قارەمان شهید بوون(10 هەزار 199)قارەمان بریندار بوون زۆریان وایان لێهاتووە کە ژیانیان لێتاڵ بووە ناتوانن بژین هەندێک پەکیان کەوتووە وەکو شهید وان، زۆرێک لەو دۆستانەی دەرەوە کە دەهاتنە لام نیو سعات هەر مەدح و سەنایی پێشمەرگەیان دەکرد، پێشمەرگە قارەمانە و پێشمەرگە وایە وە بە حەقیقەتیش وایە ئەوەی پێشمەرگە کردی من تحدا دەکەم سوپایەکی تر لە هەموو جیهان بەو چەکەی پێشمەرگە ئەو دوژمنە بشکێنێ، کوا دەبابەی بە ئێمەیانداوە، کوا مدەرەعەی بە ئێمەیانداوە، کوا تۆپی گەورەی بە ئێمەداوە، ئەوەی هەمان بوو ئەوە بووە کە لە جەیشی صدام دەست کەوتووە، ئەویش هەمووی کۆنە و بێ کەڵکە، بەڵام پێشمەرگە بەکاری هێناوە، ئەستوری داعشی تێکشکاند، ئێمە مللەتێکی بەوەفاین، لێرەدا جارێکی تر ئەڵێم سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین بۆ ئەو دەعمەی کە بۆ ئێمەیان کرد، بەڵام ئیستا قبوڵ ناکەن دایک و کەسوکاری شهیدانی شەری داعش، شەهیدانی ئەنفال پاشماوەی ئەنفال، کیمیابارن، فەیلیەکان، بارزانیەکان هەموو خەڵکی کوردستان، قبوڵ ناکەن بێت تەنها ئەوەندە بڵێن بەڵێ ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆبین لێیان گەرێن با ڕەیی خۆیان دەڕببڕن، پاشان ئەنفالێکی ترمان کەنەوە من لێرەدا بە پێویستی ئەزانم چاوپێکەوتنێکی خۆم لەگەڵ سەرۆک بۆش بۆتان باس بکەم، ساڵی 2006 سەرۆک جورج بۆش هات بۆ قاعدە اسد لەسەر حدودی سوریا و ئوردن لە پارێزگای ڕومادی، داوایان کرد منیش چووم بۆ ئەوەێ هەموو قیادەی عێراقیش هاتبوون زۆر قسەی کرد پاشان ڕووی لە من کرد گوتی: ئێمەی خەڵکی تکساس و ئێوەی خەڵکی کوردستان زۆر وەکویەکین هەردووکمان ئازاین، نەوتمان هەیە، ئالای خۆمان هەیە، مەردین، بەڵام هەردووکیشمان عاقڵین ئێمە بینیمان ئەگەر لەگەڵ واشنتن بین بەهێز تر دەبین ئێوەش بینیتان لەگەڵ بەغدا بن بەهێزتر دەبن، پێم گوت جەنابی سەرۆک واللە ئەوەی بەغدا بە سەری ئێمەی هێناوە، واشنتون بەسەری ئێوەی تکساس هێنابا بە حەیاتت نەدەچوویەوە واشنتن، بەڵێ ئێمە چووینەوە بەغدا، بەڵام ئێستا فەرهەنگێکیان دروست کردووە کە نزیکی هەڵبژاردن دەبن کامەیان زیاتر جنێو بە کوردستان بدا، تهدید بکات، نکۆڵی لە مافی خەڵکی کوردستان بکات، دەنگی زیاتر دێنێ، دەوەرە لەگەڵ کومەڵگەیەکی وا پێکەوە بژی، لە 2003 یەوە هەرچی بە ئێمەیان گوت گوتمان بەڵێ، باشە زۆر وعودیان بە ئێمەدا هیچ وەعدێکیان بەجێ نەهێنا، هەمووشی بە زەرەری ئێمە تەواو بوو، ئێستاش چەند دوابکەوین ئێمە زەرەرمەندین، بۆیە هەرچی زووترە دەستی ئەو میللەتە خۆشبی، دەستی ئێوە خۆشبی، ڕۆژی 25 مانگ بڕۆنە سەر صندوقەکان، چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن، ئەوەی لەگەڵ ئەمەبی ئەمە صندوقەکان ئەوەی بش ترسیت بانەچی، یان با بڵێیت نەخێر،

لە بەیانی مجلس ئەمندا هاتووە کە نیگەرانن لەوەی کە تەرکیز لەسەر شەڕی داعش نامێنی، هەروەها ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە من لێرە بە ناوی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە بە ناوی گەلی کوردستان وە بە مجلس ئەمن ئەڵێم ئێمە تەئکید دەکەینەوە، ئێمە سورتر دەبین لە شەڕی دژی داعش وە زیاتر لە جارانیش زیاتر شەری داعش دەکەین، بەنسبەت ئاوارەکانیش ئەو ئاوارانەی کە لە کوردستانن برایی ئێمەن میوانی ئێمەن، تەوسیەی من بۆ هەر هەمووتان وەکە چاوی خوتان بیپارێزن، ئیحترامیان بگرن، مشکیلە ئاوارەکانی کوردستان نیە لە فەلوجە لە تکریت لە بەغدا یە با لەوێ بگەڕێنەوە ئەگینا ئێمە چ مشکیلەمان نیە، دراوسێیەکانمان براردەرینە ئەمە 25 ساڵە ئایا بەس نیە بۆئەوەی بۆتان دەرکەوێت کە ئێمە عاملی تهدید نین بۆ ئێوە؟ بۆ پێکەوە دانەنیشین و هەرچی گرفت و مەترسی کە هەیە بەلابنێین، بۆ بە زمانی تهدید قسەمان لەگەڵ دەکەن چ سودێکی هەیە، زۆرێک ئەپرسن، بەڵێ وەڵاهی تۆ داوایی سەربەخۆی بکەی موجازفەی تیدایە، بەڵام وەڵاهی دانیشی و چاوەروان بی کا چ دەبی یا خەڵکی تر بریار لە چارەنووسی تۆ بدات ئەو موجازفەیە مردنە، مەرگە سەد جار خەتەر ترە لەوەی تو موجازفەبکەی و بڕیاری خۆت بدەی، سیستمی ئایندەمان سیستمی ئێمە بە شێوەیەک دەبێ کە ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کوردستان دەوڵەمەندتر بکرێت، دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان دەبی هی هەموو نەتەوە و ئاینەکان و مەزهەبەکان و دەبێ دەوڵەتی فیدراڵی دیموکراتی پەرلەمانی دەبێ، کە مافی هەموو لایەنەکان زامنبێ، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکان بکەم، پێشمەرگە قارەمانەکانی چ ئەوانەی شەهید بوون، ئەوانەی بریندار بوون یا ئەوانەی ئیمڕۆ لە سەنگەرەکانی پێشەوە دەستیان لەسەر کلیلی تفەنگە، کە بۆ ئەوەی ئێمە هەموو ئەو بۆنەکان بە ئازادی پێکەوە کوبینەوە، من دلنیام هەر ئەو قارەمانانە چوون لە 61 کەوە تا ئیمڕۆ نەیان هێشت کوردستان بکەوێتە دەستی دوژمنان، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش کەوتبێتە دەست دوژمنان بەڵام نەیانهێشتووە دوژمن ئیسراحەت لە کوردستان بکات، من دڵنیام ئیمڕۆ وە ئایندەش پێشمەرگە قارەمانەکان ناهێڵن کوردستان بکەوێتە دەست دوژمنان، قارەمانێتی پێشمەرگەکان خۆڕاگری ئێوە جەماوەری کوردستان لە هەموو هێزێک بە هێزترە، بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەبێ ئامادەبین بۆ هەموو باجێک، چونکە ئێمە لەبەردەم دوو ڕێیانێکین یان ژیانی بن دەستی هەڵدەبژێرین یان ژیانی سەربەستی و سەربەخۆیی، ژیانی بن دەستی لە دەستدانی ئیرادە و کەرامەتە، بەڵام ئەژی باجی سەربەخۆی و سەربەستی و سەرفرازی و شەرەفە، بەڵام مومکینە بمرین، لەم ڕۆژانەی ئەخیر حەتمەن ئێوەش زۆر گوێتان لە تهدیداتی جۆرا و جۆر بووە، تهدید دەکرێ بەوەی سزامان ئەدەن، وەڵامی من ئەمەیە ئەمە 100 ساڵە گەلی کوردستان سزا ئەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ تێر نەبوون لە سزادانی خەلکی کوردستان؟ ئەگەر پێتان خۆشە بگەڕێنەوە بۆ سزادان واز لە خەڵکی کوردستان بێنن، وەرن من سزابدەن. سوپاسی هەموو حزب و لایەنەکان ئەکەم، هەموو پێکهاتەکان ئەکەم بۆ ئەو جۆش و خرۆشە، کە من ئەبینم بۆ ئەو هەڵوێستە نیشتمان پەروەرانەیە. سوپاسی ئێوە جەماوەری خۆڕاگر، بەڕاستی ئێوە ڕیفراندۆمتان کرد، ئەمە ڕیفراندووەمە، لە کۆتایدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدان بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان، بۆ

ئێوەی خوشەویست و هەموو جەماوەری کوردستان هەربژی هەر ساخبن، جارێکی تریش ئەلێم: شەرەفمەندین هەولێر هەر هەولێرە.

https://www.youtube.com/watch?v=DUBWlAc6UdU

**گوتاری مەسعود بارزانی لە سلێمانی**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان خوشک و برایانی خۆشەویست، جەماوەری شاری (شێخ محموود و نالی و پیرەمێرد و بێکەس و مەحوی و سالم). شاری هەڵمەت و قوربانی، پایەتەختی ڕۆشەنبیری. چ ڕۆژێک لەم ڕۆژە خۆشترە بۆ من، چ شانازییەک لەوە گەورەترە، ئیمڕۆ لەم شارە خۆشەویستە بەم شێوەیە پێکەوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، من هەمیشە دڵنیابووم، کە سلێمانی هەمیشە پێشەنگە، پێشەنگە لە خەبات و تێکۆشان. لە ساڵی (١٩٢٥) لە ساڵی (١٩٣٠) لە ساڵی (١٩٦٣). تەحەدای (سدیق مستەفا)یان کرد، گەنجەکانی سلێمانی، مەردانە لەبەردەم(سدیق مستەفا)وەستان، مردنیان هەڵبژارد، بەلاَم قبوڵیان نەکرد لەبەر چاوی دوژمنێک سوکایەتی بە وێنەی (مەلا مستەفای بارزانی) بکرێت، سلێمانی مەڵبەندی کوردایەتییە، لە ساڵی (١٩٤٣) (بارزانی) لە سلێمانیەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، بەهاوکاری و پشتیوانی شێخی نەمر و مەلیکی گەورەمان (شێخ محمود). من دڵنیام ئیمڕۆش ئێوە پێشەنگ دەبن، کە لە (٢٥ی مانگ) بڵێین: ( بەلێ بۆ سەربەخۆیی). من دڵنیام سلێمانی قەت قبووڵ ناکات (نە مەحکومی کەسبێت، نە سوخرەکێشی کەس بێت). بەڕێزان بابەتی ڕیفراندۆم، ئیمڕۆ بابەتێکی سەرەکیە، بۆتە ئەجێندای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەبینین لە کۆبوونەوەی (جمعیەیی عمومی ( UNباس باسی هەرێم و کوردستانە، ئەمە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، ڕەنجی ئێوەیە، ئەمە ئەنجامی یەکڕیزی خۆمانە، وە ئیرادەی بەهێزی گەلەکەمانە. ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە، بڕیاری یەک حیزب و دوو حیزب و سێ حیزب نیە، بەلاَم بۆ ئەو بڕیارە درا؟ بۆیە ئەم بڕیارە درا چونکە، بەغدا شەراکەتی نەهێشت، دستوری پێشێل کرد، ئیمڕۆ کە باسی ئەو دەستوورە دەکەن، هەر ئەو دستوورە ڕێگەی بە ئێمە داوە، کە ڕیفراندۆم بکەین، لە دیباجەی دستورەکەیاندا هاتووە کە بێژی (أن التزامە بهذا الدستوور یعفضو عیراق الاتحادهو حرە). ئەڵێ (اتحاد الحر) یەعنی پێکەوە ژیانێکی ئارەزوومەندانە بوو، ئێمە دوای (٢٠٠٣) بە ئارەزووی خۆمان چوینەوە بەغدا، بۆ ئەوەی عێراقێکی فیدڕاڵی دیموکرات، دەوڵەتێکی مەدەنی دروست بکەین، بەلاَم بە داخەوە هیچ ئیلتزامێکیان بەو هەموو ڕێکەوتنەوە نەکرد، ئیلتزامیان بە دەستوور نەکرد. بۆ یە گەلی کوردستان ناچار بوو کە بڕیاری تر بدات، بڕیار بوو لە عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدڕاڵ دروست بکرێت، بەلاَم بەداخەوە ئیمڕۆ ئێمە ئەبینین، دەوڵەتێکی دینی مەزهەبی حاکمە لە عێراق، کە ئەمە ناگونجێ لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئێمە لەسەری ڕێککەوتبووین، خەڵکێک دەیان گوت، ڕیفراندۆم ڕەی دوو حیزبە و سێ حیزبە، ڕەی هەموو گەلی کوردستان نیە، لە دەستپێکدا وایان تەسەوڕ دەکرد، کە ئەمە وەک کارتێکی فشارە بەکاردێت. بۆیە زۆر ئیهتمامیان پێ نەدا، ئەگینا زۆر لە مێژە ئەم بابەتە باس دەکرێت، لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەتا پار ساڵ کە بە وەفدێکی گەورەوە چوین بۆ بەغدا، پێمان گوتن برادەرینە شەراکەت شکستی هینا، وەرن با

ببـین به دراوسـێی بـاش لەگەڵ یەکتـری، ئەو وەخـتە ڕەی هەموویـان زۆر نەرم بـوو، بەڵام هەندێکیان توشی وەهم ببون وایان دەزانی ئێمە لەناو خۆمان تەبا نین، دووبەرەکی دروست دەبێ، بەڵام هەموو لایەک بەهەڵە داچوون، زانیان کە خەڵکی کوردستان، جەماوەری کوردستان بـۆ بـۆ پرسـە نەتەوەیـیەکە، بـۆ سـەربەخۆیی هەموومـان یەکـین، هەموومـان یەک حیـزبین، هەموومان یەکدەنگین، ئیمڕۆ هەموومان لە ژێر چەتری حیزبی کوردستانین، ئێستاش کە بینیان یەک هەڵوێستی هەیە، یەک ڕیزی هەیە، پەڕلەمان کاراکرایەوە، ئیتر هیچ بەهانەیەکیان نەماوە، نیەتی هەموو لایەک دەرکەوت، کە بەغداش بینیان هەڵوێستی نێودەوڵەتی تۆزێ توندتر بووە، کە هەموو پێشنیارێک ڕەتدەکەنەوە، ئەگینا ڕیفڕاندۆم ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆز، ئەویش سەربەخۆییە، هەمیشە کۆمیتەی باڵای ڕیفڕاندۆم، هەمیشـە بـاس لەوە کراوە، کە ئەگەر بەدیلێکی باشتر هەبێ لە ڕیفڕاندۆم گەلی کوردستان قبووڵی ئەکات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو بەدیلە نەهاتۆتە دەست، ڕیفڕاندۆم هەنگاوێکی ئاسایی و یاساییە، تاوانێک نیە، گەلێکی غەدر لێکراو داوای سەربەخۆیی دەکات، پاش (١٠٠) ساڵ غەدر و زوڵمەی لە گەلی کورد کراوە، ئێمە پێمـان وایە ڕەنگە زۆریـان بە هەڵە تێگەیشـتبن، ڕیفڕانـدۆم کۆتـایی دوونیـا نـیە، بڕیـاری گەلـی کوردسـتانیش نـیە بـۆ ئەوەی کۆتـایی بە هەمـوو شـتێک بێنـێ، بەڵام نـابێ ڕێـگە لە خەڵکـی کوردسـتان بگیـرێ، کە نەتـوانێ تەعبیـر لە ڕەی خـۆی بکـات، ئـێمە ئامـادەین دوای ڕیفڕانـدۆم بکەوینە گفتوگۆیەکی زۆر جدی، زۆر دۆستانە، زۆر ڕاستگۆیانە لەگەڵ بەغدا لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، یـان بە پشـتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بـۆ ئەوەی هەمـوو کێشـەکان چارەسـەر بکەین، وە ئەگەر وەختیشی پێویست کرد ساڵێک ئەو پەڕی دوو ساڵ، ئەتوانین لە ماوەی ئەم یەک دوو ساڵە هەموو گرفتەکان چارەسـەر بکەیـن، ئینجـا بە خۆشـی و بە برایەتی بڵێین خـودا حافیز. (١٠٠)ساڵە داواتان لێئەکەین شەریک بین، برا بین، ئێوە قبووڵتـان نەکرد و ئێستاش بـا جیرانـی یەکتـر بین، خـوا حـافیز، برای ئێوەین، دۆسـتی ئێوەین، وە عـومقی ئێوەین و ئێوەش عـومقی ئـێمە بـن، بەڵام قبـوڵنەکردنی ڕاپرسـی، بەڕاسـتی ئەمە مەعنـایەکی زۆری هەیە: یەعنـی ئینکـاری مـافی تـو دەکەن، ئـێمە ئەمانەوێـت جـارێکی تـر گەلـی کوردسـتان ئەنفـال نەکرێـت، کیمیاباران نەکرێت، جارێکی تر حەلەبجە و غەیری حەلەبجە شـەهید نەکرێت، قەت و قەت نـابی ئەو دیمەنانە لەبیربکەین کە دایک بەسەر منداڵەکەیدا کەوتووە، بەژەهری کیمیاوی شـەهیدبوون، نـای ئەم دیمەنـانە دووبـارە ببـنەوە لەم وڵاتە. بەڕاسـتی جەمـاوەری خـۆڕاگر و تێکۆشـەری سلێمانی حەلەبجە و ڕاپەڕین، ئێمە لە (٢٠٠٣) هەڵەیەکی گەورەمان کرد گەڕاینەوە بۆ بەغدا، ئـێمە وەک دەوڵەتێکـی سـەربەخۆمان هەبـوو، بەڵام بە نیەتێکـی پـاک کە عێراقێکـی دیمـوکراتی فیـدڕاڵ دروسـتبکەین، بەڵام بەداخەوە تەنیـا دەمووچـاو گـۆڕاون لە بەغـدا، ئەگینـا فەرهەنگـی قبووڵنەکردنی لایەنەکانی تر هەمان فەرهەنگە. خوشک و برایانی بەڕێز خوێنی لاوانی ئەم گەلە ڕەنجی ئەم گەلە هەر لە دەسـتپێکی سـەدەی ڕابـردوو، سـەدەی پێش سـەدەی ڕابـردووش، بـۆ سەربەخۆیی بووە. (سەید عەبدوڵڵەی نەهرییە، شێخ عبدالسلام و شێخ احمدی بارزانی، شێخ محموودی حەفید و شێخ سـەعید و سـەید ڕەزا، قـازی و بـارزانی) هەموویان بـۆ سـەربەخۆیی خەباتیان کردووە و ئەو ڕێگەیە ئەوان نەخشـاندوویانە، خۆزگە ئێستا برای بەڕێزم (سـەرۆک

مـام جەلال) تەندروسـتی ڕێـگەی دابـا، پـێکەوە ئەم ئەرکەمـان هەڵگرتبـا، کە زۆر ئاسـانتر و سەرکەوتوو تر دەبوو، من لێرەوە تەمەنایی شیفای بۆ دەکەم، پێی دەڵێم قەت برایەتی (تۆ) و ڕۆڵـی گەورەت لەبیـر نـاکرێ بـرای خۆشەویسـتم (سـەرۆک مـام جەلال). هەمووومـان لەیەک پاپۆڕداین، ڕاستە جیاوازییە سیاسییەکان زۆر زۆر ئاساییە، زۆریش خۆشە ئەگەر بۆ ئەوەی کـامە زیـارتر و زۆرتـر خـزمەی گەلەکەی بکـات، بەڵام نەک بـۆ شـکاندنی یەکتـری، نەک ڕێـگە خۆشکردن بۆ دووژمنان و ناحەزان بۆ ئەوەی درز دروست بکەن و بێن خەنجەری خۆیان لە پشـتەوە لێمـان بـدەن. ئێسـتا لە هەمـوو کاتێـک پێویسـتیمان بە یەکڕیـزی و برایەتـی هەیە، کوردستان بۆ هەمووویانە، بۆ هەموو نەتەوەکان، بۆ هەموو ئاین و مەزهەبەکان. من لە کۆتایدا یەک دونیا سوپاسی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست دەکەم، من هەمیشـە بیروباوەڕم بە کـورد و کوردستان بەهێز بووە، بەڵام بەڕاستی ئیمڕۆ بیرو بـاوەڕەکەی منتان بەهێزتـر کـرد، ئەوەندەی تر مەعنەویاتی ئێمەتان بەرزکردەوە، پەیامێکە ئەو گردبوونەوەی ئێوە، ئەم جەماوەرە پیرۆزە، خوا بتان پارێزی، پەیامێکی ئەوەندە بەهێزە بـۆ نـاوەوە و بـۆ دەرەوە، أن شـاء الله سـەروەری سـەربەخۆیی کوردسـتان بەشـی زۆری بەر ئێـوە ئەکەوێ، بەڕاسـتی مـن ئەمە بە ڕیفڕانـدۆم ئەزانـم، ئەمە ڕیفڕانـدۆمە، ئێوە ڕیفڕانـدۆمتان ئەنجـام دا، وە تەواوتـان کـرد، ئەمە لـوتکەیە وەک عەرەب گـوتەنی(تەدویری ڕیفڕانـدۆمتان کـرد). جەمـاوەری خـۆڕاگری سـلێمانی، حەڵەبـجە و ڕاپەڕین، سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان. سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی داعش بەزێـن، کە سـەلماندتان پێشـمەرگەی کوردسـتانن لەشـەڕی داعـش، وە ئەمەش سـەرکەوتنێکی گەورە بـوو بـۆ گەلـی کوردسـتان. کە پێشـمەرگە لەیەک سـەنگەردا پێکەوە شـەهید دەبوون، کە جاران دەیان گوت ئەمە پێشمەرگەی فلان حیزبە یـان ئەوی تریـان هـی فلان حیزبە، من خـۆم شاهیدم لە شـەڕی زوومـار (٧) پێشـمەرگە شـەهیدبوون، پارچە گۆشتیان تێکەڵ بوو، بـا بڵێین ئەوە یەکەی (٧٠) ئەمانە یەکەی (٨٠) بوون، بەڵام پێکەوە بوون لەیەک سـەنگەردا شـەهیدبوون. سـڵاوی گەرم بـۆ ئێـوەی خۆشـەویسـت، دەسـت و چـاوی هەمووتـان مـاچ دەکەم، یەک دوونیـا سوپاسـتان دەکەم، سـەری ئێمەتـان بەرز کـردەوە، ئومێـدێکی زۆرتـان بە ئـێمە دا، بەڕاسـتی ئیسپاتتان کرد، شاری هەڵمەت و قوربانین، شـاری تێکۆشـان و بەرخـودانن. ئومێدمان بە ئێوە زۆرە، خوا بتان پارێزی.

https://www.youtube.com/watch?v=y8WOZOI74f

**الملخص**

هذه الرسالة بعنوان (تحليل إستراتيجية الخطاب في خطابات رئيس إقليم كوردستان ''مسعود البارزاني'' أستفتاء الاستقلال أنموذجا) محاولة لتطوير تحليل إستراتيجية الخطاب كموضوع حديث و هام لحد ما، إتخذت النماذج من خطابات رئيس إقليم كوردستان (مسعود البارزاني) في عملية الدعاية لأستفتاء الاستقلال، يتم تحليلهم و تفسيرهم.

الهدف من هذا البحث، على الرغم من معرفة تحليل و الاستراتيجية و الخطاب هناك العديد من المفاهيم لاخرى التي يهتم بتحليل إستراتيجية الخطاب لذلك أن الاستراتيجيات التي ينبغي و بالضروري ان يوجد في الخطاب، يتم تحليلهم ،كذلك قمنا بتحليل الخطابات الجماهيرية ل(مسعود البارزاني) لأنتصار عملية الاستفتاء في مناطق مختلفة في إقليم كوردستان مثل (عقرة، زاخو، آميدي ،دهوك،سوران،السليمانية،أربيل) . يتم تحليل الإستراتيجية كمشروع منظم و مخطط ، و كذلك في ضوء الخطابات يهتم بإشارات التداولية، كمساعدة لإزدياد إبراز الإستراتيجية في الخطابات، رغما للإهتمام بالمفاهيم المتعلقة.

تتوزع الرسالة على ثلاثة مباحث رئيسية

المبحث الأول: يحلل فيها نطاق البحث.

المبحث الثاني: يحتوي على مفهوم و تعريف الخطاب وأنواعها، الاستراتيجية وأنواعها، التحليل و سياقه وأنواعه وعناصره، أسباب تحديد إستراتيجية الخطاب اوعلامات التداولية.

المبحث الثالث: تحليل مصطلحات ( الاستقلال، الاستفتاء، الشعب، الدولة). عناصر إستراتيجية الخطاب و تحليل إستراتيجية الخطاب في مفاهيم (تحديد الحدود، الدليل ،الجوار،الثقة بالنفس، و التعايش) إشارات البراكماتيكية في خطابات (مسعود البارزاني). و من ثم يتحدث عن الاستنتاج و قائمة المصادر و الملحقات.

**Abstract**

This research titled (Analysis of the Diacours Strategy in the Speeches of the President of Kurdistan Region, Masoud Barzani, the Independence Referendum as an Example) is an attempt to develop the analysis of the speaches strategy as a recent and somewhat important topic. The samples were taken from the speeches of the President of Kurdistan Region (Masoud Barzani) in the process of publicizing the independence referendum. It is analyzed and interpreted.

The aim of this research, despite knowing the analysis and strategy and speeches, is many other concepts that we analyzed, so the necessary strategies that should be existence in the speeches is analyzed, and we also analyzed the speeches of masses to (Massoud Barzani) to win the referendum process in different areas in the Kurdistan Region Such as (Akri, Zakho, Amedi, Duhok, Soran, Sulaimaniyah, Erbil). The strategy is analyzed as an organized and planned project, as well as in the light of the speeches concerned with pragmatic references, as an aid to highlight the strategy in speeches, despite the interest in related concepts.

The research consists of three main sections

The first section: it analyzes the scope of the research.

The second section: Contains the concept and definition of speeches and its types, strategy and types of analysis and context its types and elements, the reasons for defining the speeches strategy and pragmatic signs.

The third section: Analysis of the terms (independence, referendum, people, state), elements of the sermon strategy and analysis of the sermon strategy in the concepts of (defining borders, proof, neighborhood, self-confidence, and coexistence) pragmatic references in (Masoud Barzani) speeches, then conclusion, list of sources and appendices.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تحليل إستراتيجية الخطاب في خطابات رئيس إقليم كوردستان ''مسعود البارزاني'' أستفتاء الاستقلال أنموذجا

مقدمه الى مجلس كليه التربيه الاساسيه فى جامعه صلاح الدين-اربيل وهى جزء من متطلبات نيل درجه الماجستير فى اختصاص اللغه الكرديه

من قبل
فواد جاسم ابراهيم
بكالوريوس فى جامعه صلاح الدين- ٢٠١٦

باشراف
ا.م.د. نريمان عبدالله خوشناو

اربيل- كوردستان
كانون الثانى-٢٠٢٠

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Analysis of the Speech Strategy in the Speeches of the President of Kurdistan Region, Masoud Barzani, the Independence Referendum as an Example

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Basic Education
Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements
for the Degree of Master of Arts in Kurdish Language

**BY**
**Fouad Jasim Ibrahim**
B.A. – Salahaddin University-2016

**Supervised BY**
**Asst. Prof. Dr. Nariman Abdulla Khoshnaw**

Erbil - KURDISTAN
January -2020